تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

پەندی پێشینیان

کەلەپووری کوردی

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کۆکردنەوەی:
محەممەد عارف مودەرریسی

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

بسم الله الرحمن الرحيم

کەلەپووری کوردی

کەلەپووری کوردی

کۆ کردنەوەی:

محەممەد عارف مودەڕڕیسی

کتێب فرۆشی شێخی

سنە

کەلەپووری کوردی

✓ ناوی کتێب (نام کتاب):	کەلەپووری کوردی
✓ کۆ کردنەوەی: (گردآوری)	محەممەد عارفی مودەرریسی
✓ کەرەتی چاپ (نوبت چاپ):	یەکەم (اول): ۱۳۸۴
✓ ژمارەی چاپکراو (تیراژ):	۲۰۰۰ دانە (جلد)
✓ ژمارەی لاپەڕەو قوارە (تعداد صفحه و قطع):	۲۲۴ صفحەی وزیری
✓ بلاوکەرەوە (ناشر):	کتێب فرۆشی شێخی (کتابفروشی شیخی)

نرخی:
۲۲۰۰ تمەنە

ناوەندی بڵاو کردنەوە :

کتێب فرۆشی شێخی، تەلەفون: ۲۲٥٤۱٥۲

پێڕست

سوپاس و پیّ زانین .... الف

پێشەکی .... ب

بەشی یەکەم (پەندی پێشینان)

پیتی (ئەلف) ٥

پیتی (ب) ١٢

پیتی (پ) ٢٠

پیتی (ت) ٢٥

پیتی (ج) ٣٣

پیتی (چ) ٣٦

پیتی (ح) ٣٩

پیتی (خ) ٤١

پیتی (د) ٥١

پیتی (ر) ٦٢

پیتی (ز) ٦٨

پیتی (ژ) ٧٢

پیتی (س) ٧٦

پیتی (ش) ٧٩

پیتی (ع) ٨٥

پیتی (غ) ٨٩

پیتی (ف) ٩٠

پیتی (ق) ٩١

پیتی (ك) ٩٧

پیتی (گ) ١٠٩

پیتی (ل) ١١٥

پیتی (م) ١٢٤
پیتی (ن) ١٣٦
پیتی (و) ١٤٤
پیتی (ھ) ١٥٠
پیتی (ی) ١٥٨
بەشی دووھەم
دەوای پێشینانی خۆمان ١٦٢
بەشی سێھەم
سروودی نەورۆز ١٦٦
بەشی چوارەم
چوار وەرزی ساڵ و دوانزە مانگە ١٦٨
بەشی پێنجەم
کات و ساتی نوێژ ١٧٢
بەشی شەشەم:
ڕێ پێوان لە ڕێی خوادا ١٧٥
بەشی حەوتەم:
باس و بابەتی جۆر بە جۆر ١٧٧
دەرخستنی دەرد و بەڵای تریاك ١٧٨
ڕۆژوو دەوای نەخۆشی بەدەنە و ھۆی ڕەزای خوایە ١٧٩
سکاڵای دێھاتی ١٨٠
سکاڵای مناڵە عازەبەکانمان لەکوڕو لەکچ ١٨٢
سکاڵا بۆ دەربەدەری کورد و ناکۆکی بەینی خۆیان ١٨٣
ناسینی ھەورامی ١٨٥
موناجاتی مەلا ئەبووبەکری چۆڕی ١٨٦
دەستووری مردوو بەڕێ کردن بۆ قەبر ١٨٧
سکاڵا بۆ بەدحاڵی مەلا ١٩٠

بەناوی خوای میری مەزن

سوپاس و پیزانین

به پێویستی ئەزانم سوپاس و پیزانینی خۆم ئاراستەی ئە و کەسانە بکەم کە لە کۆکردنەوەو نووسینەوەی ئەم کتێبەدا ئامۆژگارییان کردووم و یارمەتیان داوم و بە هانامەوە هاتوون، بە تایبەت ئەم حەوت کەسەی خوارەوە:

- ✓ یەکەم: گەورە و ڕێزدار جەنابی «مەلامحەممەدی خوداجوو» کوڕی خوا لیخۆشبوو «مەلامحەممەد ئەمینی ئەسپەرێزی» ناسراو بە «باشماخی».
- ✓ دووهەم: برای زۆر بەڕێزو خۆشەویست کاك «عیسای ئەحمەدزادە» کوڕی «مەلامحەممەد صادق نگلی».
- ✓ سێهەم: هاوسەرو هاوڕێی هەر دوو دنیام، «حاجیە ڕوقیە خاتوونی دادگوستەر» کچی «مامۆستا مەلامحەممەد ئەمینی دەرەمەڕی» کە یارمەتی داوم لە ڕێكخستنی پەندەکاندا، بە تایبەت پەندە هەورامییەکان.
- ✓ چوارەم: جەنابی کاك «حیرەت سەجادی» کوڕی «رکن الاسلام» لە شاری سنە.
- ✓ پێنجەم: کاك «حبیب الله ئاریانژاد» کە لە بێهداشتی مەریواندا زەحمەت ئەکێشێ و لە ویرایشدا هاوکاری کردووە.
- ✓ شەشەم: کاك «ڕەزا پێنجوێنی» خاوەنی کامپیوتەری «زەڕنگار»ی مەریوان کە لە کاتی پیتچنیندا زۆربەی هەڵەکانی ڕاست کردۆتەوە.

✓ حەوتەم: کاك «ئاری عەبدی» کە زەحمەتی پێدا چوونەوەی ئەم کتێبەی کێشاو بە جوانی ڕازاندیەوە.

✓ هەشتەم: سوپاسی مەلا «ڕەفێق ڕۆستەمی» ئەکەم کە پێدا چوونەوەی کۆتاییەکەی بە ئەستۆگرت و هەڵەکانی بژار کردو وشە کوردییەکان و پەندە هەورامییەکانی ڕاست کردەوەو ئەوەی کە پێویست بوو لای بردو ئەوەیش کە بە باشی ئەزانی پێی زیاد کردو بە ڕێك و پێکی ئامادەی چاپی کرد.

خوا جەزای هەموویان بداتەوە.

***

بە سوپاسەوە

براتان/ عارف مودەڕڕیسی

١٣٨٥/٣/٢٠ کۆچی هەتاوی ٢٧٠٦/٣/٢٠ کوردی

بِسمِ اللهِ الرّحمنِ الرّحيم

سەرەتا

حەمد و سەنا بۆ یەزدان
هەتا ماوم فەراوان
دروود بۆ پێغەمبەران
لە بۆ هەموو ڕەهبەران
تایبەت پێغەمبەر خۆمان
ئال و ئومەت و یاران

***

گەنجینەی کوردان، پەدی پێشینیان
بۆ پیرو لاوو منالْ و وردان
پەندی پێشینیان بگرینە گوێمان
با لە دیوارا نووسرابیْ بۆمان
قسەی نەستەق و پەندی پێشینیان
باشترە بۆمان لە ئاوو لە نان
پەندی پێشینیان، گەنجینەی کوردە
هەر یەکە، دەنگی زانایێ کوردە
پەندی پێشینیان جێماوە بۆمان
میرات خۆمانەو ببەین بۆ خۆمان
من نەمنووسیوە، هەر کۆم کردوەتۆ
زویر مەبە لیێم، هەروا لە خۆتۆ
ئەگەر بۆ ناوو شۆرەتم پرسی
«محەممەد عارف»،هۆز«مودەرڕیسی»
هەزارو سێسەدو حەفتاو حەوت شەمسی
زۆر بە دلْ گەرمی ئەمانسەم نووسی

***

پێشەکی ڕێزو سلاووم هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم کتێبە ئەخوێننەوەو بە وردی و بە چاوی ڕەخنەوە لیێ ئەڕوانن و بە سەرنجەوە موتالای ئەکەن.

داوایشیان لیٚ ئەکەم کە ڕەخنەو تێبینم سەبارەت بەم کتێبە، بۆ بنێرن، کە ئەمەش ئەبێتە مایەی دڵ گەرمیو خۆشحاڵی ئەم برایەتان. هیوادارم لە کاتی خوێندنەوەدا ئەم خاڵانەی خوارەوەتان لە بەرچاو بێت:

١- لە هەموو هەڵەکانی ئاگادارم بکەنەوە.

٢- بە پێی تواناو ویسعەتی خۆتان بە پەندی پێشینیان ڕەفتار بکەن و هەوڵیش بدەن بۆ پەرە پێدان و گەیاندنیان بە هەمووان.

٣- ئەگەر هەر کام لەم پەندانەتان نەبیستووە، مەڵێن وا نیەو فلانی لە خۆیەوە هێناویە و دایتاشیوە، چونکە زۆرێك لەم پەندانە ئیشارەیە بە ئایەتی قورئانی پیرۆز، یان حەدیس و فەرمایشی پیاوەگەورەکانە.

٤- بە پێی ڕێنووسی ئەلف و بێی کوردی، پەندەکانمان نووسیوەتەوە و ژمارەشمان بۆ سەرجەم پەندەکان داناوە.

٥- ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەیە کە پەندی پێشینان هەر ئەمانە نین و بیٚگومان زۆرترن. بە کوردی و بە کورتی من هەر ئەمانەم بۆ کۆکراوەتەوە و نووسیومن، بۆیە دەستەوداوێنی ئەوانە ئەبم کە زۆرتر لەم بابەتەوە ئەزانن و ئەیانخەنە سەر کاغەز با ون نەبن.

٦- ئیمامی شافیعیﷺ هەژدە ساڵی تەواو بە ناو خێڵە عەرەبەکاندا گەڕاوە و دیٚ و شارو دەواری وڵاتە عەرەبیەکانی لە ژێر پیٚ ناوە تاوەکو زانیاری لەسەر داب و نەریت و فەرهەنگ و کەلەپووری عەرەبی، کۆ کردوەتەوە و بە زانیاری باشەوە موتاڵای ئایەت و حەدیسی کردووە و شەرح و تەفسیرو پەراوێزی بۆ نووسیون. جا بۆیە منی کەمتر لە ئەو زاتە

گەورەیەش، بە ڕێگای ئەودا ڕۆیشتووم و ئەوا چوار ساڵە خەریکی کۆ کردنەوەی ئەم پەندانەی بەردەستی ئێوەی ئازیزم و ئەوەش بزانن کە زۆربەیانم لە ئایەت و حەدیس و ئامۆژگاری پیاوەگەورەکان وەرگرتووە.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبەشم کردووە بە حەوت بەشەوە:

بەشی یەکەم: پەندی پێشینیان کە بە تەرتیبی ئەلف و بێی کوردی کە ٢٧ پیتە و لە «ئەلف»ەوە دەست پێ ئەکات و بە «ی» کۆتاییان دێت. «ڤێ» کەمە تەرکمان کردووە.

بەشی دووهەم: هەندێك گوڵ و گیاو ڕووەکی کوردەوارین و بۆ بڕێك لە نەخۆشیەکان بەکار ئەبرێن. وە بە ئەزموون و تەجروبە دەرکەوتووە کە زۆر بە کەڵك و بەجێن و لە مێژەوە وەك داوو دەرمانی ناوچەکانی کوردەواری ئەناسرێن.

بەشی سێهەم: سروودی نەورۆزی کوردەواری‌یە و پێشکەشە بە کوڕو کاڵ و پیرو منداڵی کوردەواری کە بە دڵی پڕ لە هیواو هومێدەوە ئەچنە بەرەو پیری نەورۆزو بەهارەوە.

بەشی چوارەم: تایبەتە بە چوار وەرزو دوازدە مانگی ساڵ.

بەشی پێنجەم: کات و ساتی نوێژ بە میزانی شەرعی و بە پێی ئەزموون و تەجروبەی پێشینانی خۆمان.

بەشی شەشەم: گرینگی و جۆرەکانی ڕێ پێوان لە ڕێگای خوادا.

بەشی حەوتەم: باس و بابەتی جۆر بە جۆرە.

***

ئەبێ بزانین کە گەڕانن بە شوێن پەندی پێشینیاناو خۆ ماندو کردن لەگەڵیاو گوێ ڕاگرتن بۆیان، عیبادەتێکی گەورەیە بە گوێرەی ئایەت و حەدیس. بۆ نموونە من لێرەدا یەك ئایەت و دوو حەدیس ئەنووسم:

«سا تۆ بە عەبدەکانی من موژدە بدە کە عەبدی من کەسانێکن کە گوێ بۆ هەموو قسەیەك ئەگرن و بە شوێن چاکەکانیانا ئەڕۆن، ئەوانە خوا ڕێگەی بۆلای خۆی پێ پێشان داون و ئەوانە خاوەن ئاوەزن» (ئایەتی ١٩ سورەی زومەڕ)

حەدیسی یەکەم:

«کەلیمەیەك کە ڕێگەی ڕاست و درووست کاری پێ بدۆزیتۆ، گوم بووی موسوڵمانە؟ حەقی هەیە بە تێکۆشانی باشەوە بگەڕێ بە شوێنیاو لە هەرکوێ پەیدای بکا ماڵی خۆیەتی و لە هەموو کەسێ زۆرتر حەقی هەیە بیبا بۆ خۆی و کەس ناتوانێ لێی بسێنێتۆ» (تاج الاصول، بەرگی ئەووەڵ، لاپەڕەی ٥٦ «کتاب العلم»)

حەدیسی دووهەم:

«دین نەسیحەتە.» (کتێبی «ریاض الصّالحین» لاپەڕەی ٤٩ بابەتی نەسیحەت، حەدیسی ١٨٣)

واتە: دین ئامۆژگاری کردن و مۆجگاری وەرگرتنە لە خواو لە پێغەمبەرو لە ئیمامەکان و لە موسوڵمانە ساکارەکان. واتە دین بەم نەسیحەتە بەردەوام و بەرقەرار ئەبێ.

«اَبْجَدْ»، «هَوَّز»، «حُطّی»، «کَلَمَنْ»، «سَعْفَصْ»، «قَرَشَتْ»، ئەم شەش وشەیە تەفسیری خازن لە سوورەی ئەعرافدا ئایەتی ٧٧ نووسیویەتی،

هەریەکی ناوی شایێ بوون لە یەمەنا کە «کَلَمَنْ» لە زەمانی حەزرەتی شوعەیبا بووەو خەزوورەی حەزرەتی مووسا بووە «دروودی خوایان لە سەر».
«ثَخَذْ»، «ضَظّغْ» ئەم دوو کەلیمەیەش بۆم پەیا نەبوون مەعنایان چیە، پەیدا کردنیان لە سەر ئێوەی بەڕێز. ئەمانە ٢٨ پیتی ئەبجەدن و پێیان ئەڵێن «حرووفی حیسابی جەمەل» بەم جۆرە:

ئەم نۆدانە ئاحادن، واتە: تاکەکان	ط	ح	ز	و	ه	د	ج	ب	ا
	٩	٨	٧	٦	٥	٤	٣	٢	١
ئەم نۆدانە عەشەراتن، واتە: دەییەکان	ص	ف	ع	س	ن	م	ل	ك	ی
	٩٠	٨٠	٧٠	٦٠	٥٠	٤٠	٣٠	٢٠	١٠
ئەم نۆدانە میئاتن، واتە: سەدییەکان	ظ	ض	ذ	خ	ث	ت	ش	ر	ق
	٩٠٠	٨٠٠	٧٠٠	٦٠٠	٥٠٠	٤٠٠	٣٠٠	٢٠٠	١٠٠
بە تەنیا غ ئولوفە، واتە: هەزارەکان									غ
									١٠٠٠

ئەم ٢٨ پیتە حروفی ئەلفو بێی عەرەبینو کەلیماتی عەرەبی لەمانە پێك هاتوون.

بەشی یەکەم

پەندی پێشینان

پیتی ‹ ئەلف ›

پەندی پێشینان

١. ئاخر بەچکە گورگ هەر بە گورگ ئەبێ | با لەگەڵ بەشەر پەروەردە بووبێ
٢. ئاخر تەمەنمە و ئەوەڵ دنیاری | بە شوێن جوانیدا تیر ئەیکەم زاری
٣. ئادەم باوکی هەموومان، کە باوکو دایکی نەبوو | هیچ سەرت سوورِ نەمێنێ کە عیسا باوکی نەبوو
لە تەنیا پیاوێ حەوا درووس بوو | لە تەنیا ژنێ عیسا درووس بوو
ئەم بوونەوەرە مەیی خودایە | بازێ وەسیلەی زاهیری تیایە

٤. ئارد ئەتەقێنێ و قنگ ئەلەقێنێ.
٥. ئاردی ورد لە ماڵی ساحێبیەوە دێتەدەر.
٦. ئازا ئەو کەسەیە کە لە کاتی تووڕەییدا، هۆشی لە خۆی بێتو نەیقەومێنێ.

«حەدیسە»

٧. ئازار لە دارو بەرد کەوێت | بەشەر بەرگەی ناگرێت
٨. ئازاری مەدە دڵ قەوم و عەشرەت | لەبەر دڵداری و دڵخۆشی ئافرەت
٩. ئازیزو کەسێ پەی کەسێ چێشا | هەرکەس بە تەمای ئازیزو وێشا
خودا خودامەن کەی ڕۆ مەبۆوە | شەمامەی ئازیز کەرو بە بۆوە
لایە ئەم دونیا، بیخە ئەولاوە | سەفا وا بەلای ئەوە دونیاوە

ئەم سێ شیعرە پێشووە ویردی سەر زوبانی مامۆستا مەلا باقر بووە. خوا پلەو پایەی لە بەهەشتا بەرزتر بکاتەوە.

١٠. ئاسمان دوورو زەوی سەخت | چی بکەین لە بەشەر بەدبەخت

١١. ئاسمان و ڕێسمانە. واتە: هەر لە ناودا نزیکن و لە مانادا زۆر لە یەك دوورن.

١٢. ئاش بەتاڵ ئاشەوان بەتاڵ. هەرچی ڕەواجی نەمێنێ، وای پێ ئەڵێن. سەبارەت بەم پەندە داستانێك هەیە کە ئەڵێن: ڕۆژێك باڵوڵ بە هارونە ڕەشیدی وت: کەس ناتوانێت نوێژی بێ خەیاڵ بکات. هارونە ڕەشید وتی: من ئەتوانم. نوێژی دابەست و بە خەیاڵ

کەوتە بیری ئاش نانەوە و دۆڕاندی. باڵوێیش بە خەیاڵەکەی زانی و وتی: ئاش بەتاڵ ئاشەوان بەتاڵ.

١٤. ئامەیی و ئیقاڵ ڕووی کردە کەسێ	لە دایك و باب و باپیرناپرسێ

١٣. ئاش‌پەز کە بوون بە دوو، ئاشەکەیان، یان سوێر ئەبێت، یان بێ خوێ.

١٥. ئاشتی کتك و مشك، پرسەی بەقاڵە	دووکان چۆڵ و هۆڵ خاڵی و هەواڵە

١٦. ئاش نانەوە چیە؟ ناکەی و پاکەی و کوناکەی. «کەسێك کاری دژوار بە ئاسان بگرێت، وای پێ ئەڵێن».

١٧. ئاش و ماش بە بەختە، جاری وا هەیە بە ئاسان و جاری واش هەیە بە دژوار دەس ئەکەوێ.

١٨. ئاشەوان و موجەوەر کەهاڵ نوێژن، کەچی ئەسبابی نوێژیشیان ئامادەیە.

١٩. ئاشەوانی، هەر کەس ساڵێك بیکات، ئەبێ حەوت ساڵ موجەوەری مزگەوت بکات تا گوناحی ئەو ساڵەی پاك ببێتەوە.

٢٠. ئاشەولێس مەبە. «واتە: بێ قەناعەت مەبە».

٢١. ئاغا ئەو کەسەیە کە خزمەت‌گوزاری خەڵکە.

٢٢. ئاغا و مامۆستا سەرکەن بە یەکا	تەواو ئاوایی ئەدەن بە یەکا
بە حوکمی شەرع، ئەم بە زۆر بازوو	دنیا گشت ئەکەن بە مێشی مازوو

«هەر مازوویەك کونێکی هەیە و لە کونەکەدا مێشێکی بێ زەرەر هەیە، بەو مێشە ئەڵێن مێشی مازوو».

٢٣. ئافتاوە و لەگان حەوت دەس، شام و نەهار هیچ.

٢٤. ئاگای لە خشەی مارو مێروو هەس	با غافڵ نەبین یەك نیوە نەفەس

٢٥. ئامان ئامان خانمەکە، دەست ئەسووتێ نان مەکە. «لە خۆشەویستی‌یا بە کچی چکۆلە وا ئەڵێن».

٢٦. ئاو بوێستێ، ئەو ناوێستێ.

٢٧. ئاو بە ئاوەدانیا ئەچێتە خوارەوە. «واتە: تا تێر نەبی ئاو ناخۆیتۆ».

٢٨. ئاو بە نەرمی و دەوام، بەرد کون ئەکات. «تۆیش کۆشا بە».

٢٩. ئاور تا زووتر بچیت بە دەمیەوە، زووتر ئەکوژێتەوە. «شەڕیش هەر وایە».

٣٠. ئاو لیلّ ئەکات و ماسی ئەگرێ. «واتە: خەلّك تێك ئەدات و بەهرە وەرئەگرێ».

٣١. ئەچم بوجێیێ کە کەس نەمناسێ   خۆم هەلّئەکێشم پڕ بە کراسێ

٣٢. ئەر بڕوا ئەکەیت بە منی فەقیر   بە ئەشقی ژنۆ خۆت مەکە زەنیر

٣٣. ئەبێ هەر بمری، بچیتە ژێر خاك   جوابی خۆت بەیتۆ لە خراپ و لە چاك

٣٤. ئاو و ئاور ئامانیان نیە. «هۆشیار خۆت بە مەکەوە بەر هەلّمەتیان».

٣٥. ئاوی بێ لەغاوی خواردوەتۆ.

٣٦. ئای لە دلّەکەی من چەنێ بێعارە   تازە بە تەمای ژنی شوودارە

٣٧. ئای لە دلّداری چەندە ستەمە   ئای لە دلّداری چەندە ستەمە
بە گوێی من ئەکەی دلّداری مەکە   دلّ گۆشتە، تووشی خەمباری مەکە

٣٨. ئای لە دەس بەخت و تالّەی ناخاسم   لە ئەزەلّ کۆتا بڕیا لیباسم
بەڕۆژوو نیم، ژینم هەر واسە   خواردنم خەمە و بەرگم پلاسە

٣٩. ئاوی دوای هەنار، وەسە ژەهری مار. «ئەم واتەیە لە هەورامییەوە وەرگیراوە کە تەواوەکەی ئەمەیە ئەلّێن: ئاوی دماو هەناری پێسەنە ژەهرو ماری، ئاوی دماو ساوێ پێسەنە ماسڕو گاوێ، ئاوی دماو بەیێ پێسەنە ماسڕو مەیێ. (ساو: سێف)».

٤٠. ئۆخەی ئۆخەی خۆشمانە، نان و لەتێ بەشمانە. «یا: نان و کەرە بەشمانە».

٤١. ئۆخەی ئۆخەی گەدایی، جار جار بەکار مییایی. «بەکار دێت».

٤٢. ئۆخەی، ئۆخەی ئۆخەی لە خۆم   ئۆخەی، ئۆخەی ئۆخەی لە خۆم

٤٣. ئۆخەی خوا خۆی دارۆغەی ناوێ   عیلمی ڕەسایە و جاسووسی ناوێ

٤٤. ئەچم بۆ پێنجوێن، پێنجم پێ ئەچێ   وادەم بۆ دانای تاقەتت نەچێ

٤٥. ئەچمە باوان خەم کەمۆ کەم، کەچی لەوێ خەم جەم ئەکەم.

٤٦. ئەچمە بەرۆ ئاو ئەمبات، دواوەش ئەچم ئاور ئەمسووتێنێ. «لەم بەینا گیرم کردووە».

٤٧. ئەدات لە نالَ و ئەدات لە بزماریش. «دوو ڕووە».

٤٨. ئەر ساحێب مالّی هەر وەکو قاڕوون
ئەر ساحێب عیلمی هەر وەکو قالوون
ئەبیّ هەر بمری دنیا جیّ بێلّی
بۆ ئەونە بیّ‌خەم، بۆ ئەونە وێلّی بیکە

٤٩. ئەر لە ئەجیننە و شەیتان ئەترسی
بە ویردت «آیة الكُرسی»

«نامی»

٥٠. ئەسپ و هێسر لەقە لەیەك نادەن لەبەر ئەوە قەومن.

٥١. ئەسپ پێشکەشی، دەمی ناکرێتۆ.

٥٢. ئەسپیّ لەڕ، لە تەوێلّەیە کەر، باشترە.

٥٣. ئەشرەفی چکۆلەیە و قیمەتی زۆرە.

٥٤. عەقلّ لە جووان خاسی باشترە.

٥٥. ئەگەر ئەپرسی حالّ منی هەژار
دووم کردوە بەسیّ، دووی‌تریش بەچوار

٥٦. ئەگەر ئەپرسی لەمن بە ڕاسی
دونیا گەر درۆی زۆرە لە ڕاسی

٥٧. ئەگەر ئەترسی، لە خوا بترسە
کە لەو نەترسی، لە کەس مەترسە

٥٨. ئەگەر ئەتەوێت یەکێکی دۆزەخیت چاو پیّ بکەوێت، یەکێك پەیا بکە دانیشتبێت و خەلّك لە بەردەمیا بە پێوە وەستابێتن بۆ تەعزیم. «حەدیسە»

٥٩. ئەگەر ئەتەویّ زوو بە زوو بری
بەی بخۆ بە ناشتاو سێویش بە تێری

٦٠. ئەگەر ئەتەویّ نەکەویّ کۆست
ڕازو نیازت مەلّیّ لای دۆست
ئەوڕۆ کە دۆستی خۆشەویس تۆیە
سۆزی دوژمنی سەرسەختی تۆیە

٦١. ئەگەر ببی بە پۆلاّ
دونیا بدەی بە کۆلاّ
ئەبیّ بڕزی لە خۆلاّ
لە قەبری چۆلّ و هۆلاّ

٦٢. ئەگەر بتبیّ، دەورت پڕە
با لیباسەکانت چلّکن و شڕە

٦٣. ئەگەر برسیتە پێخۆرت بۆ چەس
ئەگەرخەوت‌دیّ، ژوورسەرت بۆچەس

٦٤. ئەگەربەختەکەم چاكو خاس‌ئەبوو
نیشانەی چەپم لەلای ڕاس ئەبوو

٦٥. ئەگەر بێت و تاوانبار بگرن، کەس نیە بیّ تاوان بیّ و نەیگرن.

٦٦. ئەگەر پشیلە بالّدار بوایەت چۆلەکەی لە دنیا ئەبڕی. ئەگەر کەریش شاخدار

بوایە، کەس نەیئەوێرا نزیکی بکەوێت.

٦٧. ئەگەر تۆ پیاوی بەکەڵك و باشی — خۆت لادە لەوەی نەزان و ناشی

٦٨. ئەگەر تۆ نەبی لە ماڵما سەگ ئەتڕێ بە حاڵما.

٦٩. ئەگەر تۆ یەك مەنی، من دوو مەنم، بێجگە لە ساقی گەردەنم.

٧٠. ئەگەر حەکیمی سەرخۆت دەوا کە — جا ئیتر دەوا بۆ خەڵك پەیا کە

٧١. ئەگەر دۆستەکەت جارێك تۆی خلەتاند، خودا بیگرێت. ئەگەر بوو بە دووجار خوا خۆت بگرێت.

٧٢. ئەگەر دەوڵەمەند بی، دوژمنیشت هەر دۆستە.

٧٣. ئەگەر ڕێی ڕاستت لە بیر نەماوە — شوێن ڕاسان کەوە، کارت تەواوە

٧٤. ئەگەر سەبر کەی، لە ئاوی لیمۆ، هەڵوا درووست ئەکەی.

٧٥. ئەگەر شووانی ببوایێ بە عەیب — مووسا نەیئەکرد شوانی بۆ شوعەیب

شوانی سوننەت پێغەمبەرانە — تەمرینی شوانی ئۆممەتەکانە

٧٦. ئەگەرشووکردن لەبەر نان ئەبوو — ژن لە ماڵ باوکیا نانی قات نەبوو

٧٧. ئەگەر کاوێژی کردایێ، گۆشتی بۆ خواردن ئەبوو. «وەکو کاوڕ».

٧٨. ئەگەر کەس نەیخواستم، شوو ئەکەم بە تۆ.

٧٩. ئەگەر گورگ نەبێ سەگ گەڵ ئەمانخۆن.

٨٠. ئەگەر گەرەکتە دێر پیربی کاکە! — ئەمانەی ئەڵێم، بیکەی زۆر چاکە

خۆراکی کەم و خواردنی میوە — لەگەڵ بێ خەمی تەڵایە، زیوە

شۆخی ئینسان و گاڵتە کردنی — دەوایە لەبۆ دووری مردنی

٨١. ئەگەر موو بە بەخت ئەبوو، بزن لەسەر تەخت ئەبوو.

٨٢. ئەگەر موو بە بەخت ئەبوو، هەر کەچەڵ بەدبەخت ئەبوو.

٨٣. ئەگەر نابەڵەدی خاڵۆ وەڵەدی.

٨٤. ئەگەر نان گەنممان نەخواردووە، خۆ بە دەس خەڵکەوە دیومانە.

٨٥. ئەلحەمد و کولل و کەوچك — سێقە تاڵە و سرینچك

خواردی و بردی شەلەمین — «ولاالضالین» ئامین

«نەفەرێك چوو بۆ لای فەقێیەك فاتیحای پێ ڕەوان بکات، هەوڵی زۆری لەگەڵ داو ڕەوانی نەکرد، ئەویش ئەو دوو شیعرەی پێشووی پێ ڕەوان کرد».

٨٦. «الحمد لله» سەد شوکری پێوە نەجات بوو لە دەرس هەستە پارشێوە
ڕەمەزان ڕۆیی زۆر بە دڵ ڕازی لە ئەهلی ڕۆژوو خوا ببێ ڕازی

٨٧. ئەڵێن: ئەوانە کە مەئمووری گیان کێشانن ئەڕۆن بۆ شکات بۆ حوزووری خوا و ئەڵێن: ئێمە مەئمووری گیان کێشانین کەچی زۆرێك لەوانە کە ئەڕۆین گیانیان بکێشین، بەر لەوە بڕۆین، دوکتۆری ناشی بە دەوا مەسموومیان ئەکەن و ئەمرن. خوا ئەفەرمێ: خەم مەخۆن، ئەوانیش لە دەسم دەرناچن و جەزایان لێ ئەسێنم.

٨٨. ئەڵێن ئەوانە لە دنیادا هەڵنەپەڕیون لە بەهەشتا لە زەماوەندی لەیلێ و مەجنووندا هەڵئەپەڕن.

٨٩. ئەڵێن ژنێ کە زووتر حیز بووبێ، کە پیر بوو ئەبێ بە دەلاڵ لە بەینی دوو نامەحرەما.

٩٠. ئەڵێن هەر ژنێ گێج و تەتەڵەی خەلە نەزانێ، مارەیی نایێ. «لە دێدا ئەمەیانە وتووە بۆ هەڵنانی ژن لەبەر فێر بوونی ئەم دوو کارە».

٩١. ئەڵێیسێفێکن بوون بە دوو لەتۆ هیچکەس ناتوانێ لە یەکیان کاتۆ

٩٢. ئەڵێی کەر ناو جۆگەیە لە هەر دوو لاوۆ ئەلەوەڕێ.

٩٣. ئەڵێی کەری جووتیاری، هەر قوتە ئەکەیت.

٩٤. ئەڵێی نانی بەسەر ساجۆ سووتاوە، ئەونە پەلەی ژن هێنانیەتی.

٩٥. ئەڵێی هەنگی لە قوڕوڵە گوێزدا دۆزیوەتۆ.

٩٦. ئەم ڕۆژگارە، ئەوەندە لارو نابارە، هەتا بمێنی خۆزگە بە پارە.

٩٧. ئەمڕۆ کە منالێ هێلکەیەك بدزێ، سۆزی وشترێك ئەدزێ. «هەر لە ئەوەڵەوە بەرگری لێ بکەن».

٩٨. ئەم ڕێگەیە لەڕ کێشە. «واتە: سەرەو خوارییە».

٩٩. ئەمسەر کەری، ئەوسەر کەری پارەکەری، پینەکەری
«بە فیتنە وا ئەڵێن».

١٠٠. ئـەم کاسـە بـێ ژێرکاسـە نیـە   بـیری کــەرەوە بزانــە چــیە

١٠١. ئـەم کـەرە نــەبێ، کـەری‌تـر   کــۆپانی ئەکـەم بـە ڕەنگـی‌تـر

١٠٢. ئـەمــلا ئـەکـەم ئـاو ئـەمبات   ئـەولا ئـەکـەم گورگ ئەمخوات

١٠٣. ئەم مردووە بۆ ئەو شیوەنە ناشێ.

١٠٤. ئــەم نــانــە بــەو ڕۆنــە   ئـامــۆزا خــەوتــن چـلۆنە

«ڕۆژێ کوڕێ پرسی لە دایکی: ئەم خیگە ڕۆنە چیە داتنـاوە. وتـی: ئـەم خیگـە وەخـتێ باوکت ئارەزووی ڕۆنی ئەکرد، نانی تێ ئەساوی و ئەیــخوارد. وتی: دایە ئەی نەترساوە نانەکە کونی بکات؟ وتی: نەخێر. وتی: دایە من ئەترسم، هەر لــە دوورەوە نانەکـەی بـۆ ڕائەکێشم و ئەیــخۆم و ئەڵێم: ئەم نانە بەو ڕۆنە».

١٠٥. ئەمن و ئاسایش لە ولاتا نەوێت، هیچ دڵێك ناسرەوێت و هیچ چاوێکیش بە بێ‌خـەم ناخەوێت.

١٠٦. ئەمە بدرێ و هەزارێ، کۆنە بەی بە هەژارێ. «منداڵێ کە لیباسی تازە ئەکاتـە بـەر، وای پێ ئەڵێن».

١٠٧. ئەوانە ئاویان بە جۆگەیەکدا ناڕوات. «لە یەك دوورن».

١٠٨. ئەوانە ئەڵێی کەرو خۆڵەمێشن.

١٠٩. ئەوانە بە دەم دۆس و بە دڵ کۆسن.

١١٠. ئەوانە ڕۆژ تا ئێوارە شەڕیانە، ئێوارە ئاشتــن، وەکو زەڕنگەر وانە.

١١١. ئەوانە سەرو قنگ لە کلاشێکن   با ڕەنـگـاو ڕەنـگـن، لـە قـومـاشـێکن

١١٢. ئەوانە فرە پیشە و کەم ڕۆزین.

١١٣. ئەوانە قسەیان لە یەك هەڵئەبەزێت، وەلێ لە یەك نادەن.

١١٤. ئەوانە کارد و پەنێرن. «واتە: دژی یەکتــرن».

١١٥. ئەوانە کە ئێشی دنیایان زۆرە، ئەجری قیامەتیان زۆرە، لەویا ئاوات ئەخوازن خۆزگا تەواوی بەدەنـمان لە دنیادا بە تێغ ببــڕیایێ با پاداشـــمان لێرە زۆرتر بووایە. «حەدیسە»

١١٦. ئەوانە گۆشت یەك بــخۆن، پێشەی یەك ناشکێنن.

١١٧. ئەوانە لـە سەر هەر سفرەیەك نان بــخۆن، لـە ئاخرا سفرەکە ئەدڕن.

١١٨. ئەوانە لـە کۆماجۆ پارە ئەخەنە خوارۆ بۆیان، هەر فەقیرن.

١١٩. ئەوانە موو بە بەینیانا ناچێ. «ئەونە دۆستن و یەکیان خۆش ئەوێ»

١٢٠. ئەوانە ناسوپاس و نیعمەت بڕن.

١٢١. ئەوانە نانیان وا لـە تۆشەبەرێکا، بە یەکۆ ئەیـخۆن.

١٢٢. ئەوانە وەکوو سەگ وانە لـەیەك ناکەن.

١٢٣. ئەوانە وەنە هەوانە، ناویان خاڵییە.

١٢٤. ئەوانە هەموویان جاش کەرێکن، بە یەك ساڵ و دوو ساڵ و سێساڵ فەرقیان هەیە.

١٢٥. ئەو پەنە بۆ ئەو گەنە باشە.

١٢٦. ئەو دوور وڵاتـە بە ناو ژنـەوتم خوا کـارێکی کـرد شـەو تیـا خەوتـم

١٢٧. ئەوسا زەمـانە زەمـانەی دڵ بێ هەرکەس بێدڵ بێ لای خەڵك ماتڵ بێ
ئیسە زەمانە زەمـانـەی زەڕەن هەرکەس بێزەڕەن لای‌خەڵك بێفەڕەن

١٢٨. ئەوسا زەمانە زەمانەی دین بوو ئەوەی زەلیل بوو تـەنیا بـێ دیـن بـوو
ئێستا زەمانە زەمانەی پـووڵـە هەرکەس پـــووڵـدارە، وتـــەی قەبووڵە

١٢٩. ئەوسا سەف بۆ عیبادەت و خواپەرەستی بوو، بەڵام ئێستا بۆ کۆپینە. کەچی تۆپیـن باشتـر لـە کۆپینە.

١٣٠. ئەو سیـرە تۆ خواردووتە، من بە قینچکەکەی گەمەم کردووە. «یا: ئەو خورما تۆ خواردووتە من بە پێشەکەی گەمەم کردووە».

١٣١. ئەو سیـرە لـە سـمێڵی من مەساوە. «واتە: سابوون مەدە لـە ژێر پێم»

١٣٢. ئەو شەڕ فرۆشە منیــش لاشــەڕم یاس و هەراسان لـە ســەگە شـەڕم
خـزمــەتـگـوزارم بە مـاڵ و زەڕم بـۆ کەسـێ کـە ئەو بێتە سەر بەڕم

١٣٣. ئەو کەسە دەوڵەمەندە کە چاوەڕوانی کەسێکی‌تر نەبێت.

١٣٤. ئەو کەسە گیان ئەدات، هەر ئەویش گیان ئەکێشێ.

١٣٥. ئەوکەسەی پیاوە لـەحەق لانەدات بۆ کەس شایـەتی بـە ناحـەق نـەدات

١٣٦. ئەولادی ئێمە، جەرگی ئێمەیە   دوای مردن ئێمە، لە جێی ئێمەیە
«حەدیسە»

١٣٧. ئەونە بوێسە تا گیا لە ژێر پێتا سەوز ئەبێ.

١٣٨. ئەونە بەختم شەڕە، بڕۆمە سەر بەحر بۆ مشتێ ئاو، وشك ئەبێ.

١٣٩. ئەونە ددانیان لە یەك سپی بووەتۆ بە یەکۆ هەڵناکەن.

١٤٠. ئەونە درێژە ئەڵێی پلیکانەی جەجاڵە.

١٤١. ئەونە سەرمامە خەریکم پەڕ دەرئەکەم. «وادیارە پەڕدار لە بەر سەرما خۆگرتر بێ»

١٤٢. ئەونە نەسازە، لەگەڵ سێبەر خۆیشیا شەڕ ئەکات.

١٤٣. ئەونەی هاپێوە ئەڵێیت بۆ مزگەوتی گرتووە. «مەبەست داری بەرە، وەکو گوێز و...»

١٤٤. ئەوە چیە؟ ئەڵێی لە گوێی گادا نووستووی. «واتە: بێ خەبەری»

١٤٥. ئەوە چیە ئەڵێی مەڕی و لەدەم گورگ بەر بووی. «واتە: ترسەنۆکی»

١٤٦. ئەوە چیە ؟ ئەڵێی کاسەی کاولی ئاو بردوویە. «واتە: قەرە باڵغە»

١٤٧. ئەوەندە بچۆرە باوان جلی ژێرت بپاوان. «واتە: ئەوەندە بچۆ ماڵی باوکت کە حورمەتت ببێت»

١٤٨. ئەونەت لێ ئەدەم بە کەر بلێیت خاڵۆ   بە موج و جاجم نەبرێیتە ماڵۆ

١٤٩. ئەوەندە خۆت کێش بێنە، نەچرێیت.

١٥٠. ئەوەی بۆ گووکەر ڕێ ئەکەوێ بۆ ڕاوکەر ڕێك ناکەوێ.

١٥١. ئەوەی کە جوانە بەش هەتیوانە.

١٥٢. ئەوەی کە چاکە بۆ دنیاو بۆ دین   پێمان عەتا کە «ربّ العالمین»

١٥٣. ئەوەی کە خوا ئەیکا بە ساتێ   بە سەد ساڵ فکری ئێمەی ناگاتێ

١٥٤. ئەوەی کە ساحێب ماڵ ئەیزانێت، دز نایزانێت...

١٥٥. ئەوەی کە لەلای بەندە خەیاڵە   لەلای خوای گەورە پووچ و بەتاڵە

١٥٦. ئەوەی کەم بێت و بەش بکات، باشترە لەوە کە زۆر بێت و باییس دڵ مەشغوولێ

و سەرقاڵی بێ.

١٥٧. ئەوەی کە مەحەل ڕەحمە نەخۆشە / لە حەیبەت دەرد و بەلا بێ هۆشە
ڕووتی مەکەرۆ بە دەواو دەرزی / ئەو وەختە پیاوی ژیرو سەربەرزی
١٥٨. ئەوەی کە مەلای کوردستان هەسی / لە عیلم و حیلما کەس تر نیەسی
قەناعەت ئەوان کردیان بە پیشە / ڕەگی ئیسرافیان کێشا لە ڕیشە
قەناعەت ئەکەن بەدێی دە مالێ / دین بەخێو ئەکەن بە دەستی خالێ
١٥٩. ئەوەی کە هەتە سەرفی کەو بیخۆ / خەفەت بۆ ڕزقی داهاتوو مەخۆ
١٦٠. ئەوەی لای بەندە سەختو گرانە / لای خوای گەورە سەهل و ئاسانە
١٦١. ئەوەی لە سامان نزیك ئەبێتۆ / ڕەوشتی بەرزی لە بیر ئەچێتۆ
١٦٢. ئەوەی مێلوورە جەمی ئەکات ساڵێ / وشترێ ئەیخوات بە یەك قەپاڵێ
١٦٣. ئەوەی هەڵئەگرێ سیلاحو شمشێر / نابێ گوێ بدا بە هەڵمەتی شێر
١٦٤. ئەوێ خۆشە کە دڵ تیا خۆشە.
١٦٥. ئیقباڵ بۆ بەشەر زۆر بێ مایەیە.
١٦٦. ئێمە لەگەڵ عام یا عام لەگەڵ ئێمە. «ئەبێ ئێمە لەگەڵ عاما بین، مادام دژی دین و عەقڵ نەبێت».
١٦٧. ئینسان بە مێوژێك نەزانێت، بە کەوێژێکیش نازانێت.
١٦٨. ئینسان تا نەمامێك سەوز ئەکات، عومرێك سەرف ئەکات. «زۆر هۆشت بێ مەیبڕە و ڕەنجی زایە مەکە!»
١٦٩. ئینسان کە تەنگانەی بە سەر هات، بە مووسایی ئەڵێت: بە ڕیش پیاوانەت قەسەم.
١٧٠. ئینسان کەڕەتێك لە دایك ئەبێت و کەڕەتێکیش ئەمرێت.
١٧١. ئینسان نەخوێندە وەکوو کوێر وایە / زووتر وا بووە و ئێستاش هەر وایە
١٧٢. ئینسانی «تا» دار هەنگوین بچێژێت / مەر خودا نەیکا، ئەرنا ئەیکوژێت

«نامی»

١٧٣. ئینسان وەکوو گوێز وایە، بە گواستنەوە قەویتر و سەمەردارتر ئەبێت.
١٧٤. ئینسان هەر ئازارێکی تووش بێت، ئەبێتە هۆی کەفارەتی گوناحەکانی، ئەگەریش

بیٚگوناح بیٚت، ئەبیٚتە هۆی بەرز بوونەوەی دەرەجەی خۆشەویستی لای خوای گەورە.
«حەدیسە»

١٧٥. ئینسانی موسلٚمان بە بیٚ دراوسیٚ تیٚر نابیٚ. «حەدیسە. واتە: هەرچیٚکیان هەیە بە یەکۆ ئەیـخۆن»

١٧٦. ئینسانی ناسوپاس، کەم رزق و رۆزییە.

١٧٧. ئینسانینەزان وەك مردوو وایە زانـا زینـدووە هـەتـا هـەتـایـــە

١٧٨. ئیٚوە ئاون ئەرۆن، ئیٚمە ریخین ئەمیٚنین.

١٧٩. ئانە ولٚەنە پات نەلۆش پۆرە. «هەورامییە. واتە: هۆشت بە خۆتۆ بیٚت، لە وتارو قسەو باس‌و فرماندا بە بیرو هۆش و ورد بین بە، با تووشی زەرەر و ئازار نەبیت. ولٚ: کون واتە: ئەوە کونە پاتی پیا نەچیٚ. بۆ بەرچاو خۆت بروانە».

***

پیتی < ب >

پەندی پێشینان

١. باجی باجیمە، کاری ناعیلاجیمە.

٢. باجی ڕەعنا تەشی ڕێس بێت، بە کێری کەرەکەیش بووە هەر ئەیڕێسێت.

٣. بــاخ بە بــێ پــەرژین زینــەتی نیــە
کــچ بــە بــێ بــاوان قیمــەتی نیــە

٤. باران ئـەبـارێ زەوی ئـەشـۆڕێـت
کـیسەڵ گان ئـەکاو ڕێـوی ئـەتـۆرێت

٥. باخەوان لـە وەخت مێوەدا کەڕە.

٦. با دوژمن بچووك بێ، بە کەمی مەزانە.

٧. بارانێ کەمە و دوو باران زۆرە. «بۆ نۆکی بەهارە».

٨. بارت کرد، یا بچۆ بۆ شارستان یا بۆ دارستان. «ئاسان بژیون».

٩. بار لـە باج نانالێنێ، «هەر بارێ بە ئەنازەی خۆی».

١٠. بار لـەبۆ کەر و خواردن بۆ یابوو
ئیسەش هەروایە و زووتـر هـەر وابـوو

١١. بارم هەر بارەن، سەربارم خەمەن
کردەوەی وێمەن.هێشتا هـەر کەمـەن

١٢. بـارەکەڵـڵا دوگـمـە لـــچـــە
حەوت شووی کردووە هـێشتـا کچـە

١٣. باری لار بە مەنزڵ ناگا.

١٤. بازاڕ تیژی خۆت بە سەر منۆ مەکە.

١٥. بازاڕم کەساس ڕێی سەودام بەنەن
دونیام تەواو بـوو فـرسـەت نـەمـەنـەن

١٦. باز لـە بواردا، ئەگیرێت. «فرسەت لـە دەست مەدە!»

١٧. بازنەی ئاڵتوون وا لـە دەس، ڕەنگینا!. «مەبەست ژنێکە کە سەنعەت بزانێت، وەك قاڵی‌کەر، تەون‌کەر و...»

١٨. بازێ لـە مـناڵ «قُـرَّةُ الـعَـیـن»ن
بــازێـکی زۆریان «قِـیـرَةُ الـعَـیـن»ن

«واتە: بازێ مناڵ ئەبنە هۆی ڕۆشنی چاوو بازێکیان ئەبنە باییس دەردو تاریکی چاو».

١٩. باشتـرین کرێکار کەسێکە بە قووەت و بێ‌خەیانەت بێت. «لـە ئایەت وەرگیراوە»

٢٠. باشترین مرۆڤ ئەو کەسەیە، کە خێری بۆ موسڵمانان زۆرتر بێت.

٢١. باشترین موڵك و میرات جێما بێ لە باوو باپیر عیلم و زانین و عەقڵە، بۆ منالی بە بیرو ژیر.

٢٢. باشترین موسوڵمان ئەو کەسەیە کە لەگەڵ ماڵ و خێزانیا باش بێت.

٢٣. باشی و بووشی خۆت بە سەر منەوە مەکە.

٢٤. بانگی موحەممەدی بە ئاشکرا خۆشە.

٢٥. بانە نە بە ڕۆژە. «واتە: خۆش نشین بە. وەك ئەڵێن: مەکە نە مەدینە».

٢٦. بانێکە و دوو هەوا. «ئەڵێن پیرەژنێکی هەجیجی لە هاوینا کوڕو بووکەکەی لە سەر بانا خەوتبوون، کچەکەی و زاواکەیشی هەر لەو باناو لە سووچێکیترا خەوتبوون. پیرەژن ئەڕۆی بۆلای کوڕو بووکەکەی و ئەیوت: گەرمە، دوور بخەون. ئەڕۆی بۆ لای کچ و زاواکەی و ئەیگوت ساردە، باوەش بکەن بە یەکترا. کوڕەکەیش وتی: دایەگیان بانێکە و دوو هەوا؟!.» (ئەم داستانە لە «آیة الله مەردۆخ» بە ڕەحمەتی خوا بێ، نەقڵ کراوە).

٢٧. باوان قیبلەیە، پشتی تێ مەکە　　بڕوا بە دۆستی بێگانە مەکە

٢٨. باوك بێ برا و ئامۆزای فرە　　لەم کارەساتە باش تێ بفکرە

٢٩. باوکمان برایە بەڵام من دوو دانگم لە تۆ زیاترە، چونکە من لە تۆ زۆردارترم.

٣٠. باوکم دیار نیە و گورگیش پیاوێکی خواردووە.

٣١. باوك و دایك قەولیان یەك بێت، بارهێنانی منال ئاسانترە.

٣٢. باوك و دایك لە بارهێنان و پەروەردەی منالدا وەکو ئاوێنە وان، هەرچۆن بن، منالەکەشیان وەك خۆیانە.

٣٣. باوك وەك بەلاس دایك وەك قەزاس　　ژنی جوانخاس نیعمەتی خواس
«لای کوڕی بێقابل وایە»

٣٤. با هەر سیر بخواو سورنا بژەنێ　　نە بڕوانن بۆی، نە گوێیشی بەنێ

٣٥. بدە لە ئاو ئەگەر بیشت با　　تۆ مەڕۆ بەسەر پردی نامەردا

٣٦. بخۆ و بلەرزە. «خواردن زەحمەتیشی هەیە».

٣٧. بدەن لە تەختە، حیزیش بە بەختە.

٣٨. بدەن لە ڕەفیقم وا ئەزانم لە ڕەشکە «کا» ئەدەن.

٣٩. بــرا بـەڕاسی زۆر خۆشە لادێ   بـۆنی یـەکیەتـی هـەر لـە دێوە دێ

٤٠. برا کە بـمرێت، پشتی برا ئەشکێت. «کەسێك کوڕی بـمرێت، ڕەگی حیاتی ئەپسێت».

٤١. برا لە پشت برا بێت، قەزا مەگەر لای خوا بێت.

٤٢. برا لە مردن برا حەز ناکات، بەڵام حەز لە دەس‌کورتی ئەکات.

٤٣. برایێك باشە زوڵمت لێ نەکات   حەز لە ڕسوایی و دەس‌کورتیت نەکات

٤٤. برامان برایی، کیسەمان جیایی.

٤. بـرا هـەرچـەن شوانە   خوشکی هەر چاوەڕوانە

٤٦. برایان شەڕیان کردو قەڵتەبانان باوەڕیان کرد.

٤٧. براییە و گەز گەزی، ئیتر تۆ بۆچ نابەزی.

٤٨. بڕوانـە ڕەنگـم، پرسـە ئـەحواڵم   بـێ نـان و ئـاوو وێرانـە مـاڵم

٤٩. بـڕوانـە دنـیا چـەنـێ غـەددارە   هـەرتاوێ یـەکێ گـەورە و سـەردارە

٥٠. بـڕوانـە کـۆزی کـارژەڵـەکەمان   جـا قەمـچك بـدە لـە ماسـەکەمان

٥١. بزانە چۆن خاك بووە بە سـەرینم   تـازە بـە تـەمای مـەیلی شـیرینم

٥٢. بزانە چەنێ بـەخـتـەکـەم شـەڕە   کـۆچم ئـاوێـتـەی کۆچی سەگ وەڕە

٥٣. بزانە زانست لە کوێ هێلانەی کردووە ڕۆڵە بڕۆ بە شوێنیا.

٥٤. بزن ئەگەر نەگبەتی ڕووی لێ کات، نانی شوانەکەی ئەخوات.

٥٥. بزن بۆ تەنیا شەوێکیش بێت، جێگای خۆی خۆش ئەکات.

٥٦. بزن حەز لە بەرزایی ئەکات. «تۆش حەز لە سەربەرزی بکە».

٥٧. بزن گەڕۆڵ لە سەر چاوگە ئاو ئەخواتۆ.

٥٨. بزنە قوت لە دەستی من دەرچوو، خوای ئەکرد سەری ئەنا بە هەزار ماڵۆ.

٥٩. بزن هەمیشە زێی وا بەدەرەوە و کەسیش باسی ناکات. مەڕ ئەگەر جارێکیش زێی کەوێتە دەرەوە، پەنجەی بۆ ئەکێشن.

٦٠. بزنیّ گەڕ، ڕانێك گەڕۆلْ ئەكا.

٦١. بمکوژە و ڕیسوام مەکە.

٦٢. بۆ ئەوان دایکە و بۆ من باوەژن	ناز ئەدا بەوان، ناز نادا بە من

٦٣. بۆ بازیّ ئەبیّ برنجیّ بە ڕەنج	بازیّ بە بیّ ڕەنج دەسی ئەکەویّ گەنج
حیکمەتی ئەمە ئێمە نازانین	سیرڕی خوایە و نابیّ بیزانین

٦٤. بۆچی برا ئێمە کوڕ باوەژنین	کە بەشمان نیە لە ڕووی سەرزەمین

٦٥. بۆچی ماسە بە دەمتۆ دیار بیّ؟!

٦٦. بۆرەم هەنارد نەهاتی، بازەم هەنارد نەهاتی، خۆت لە خۆتۆ بۆ هاتی.

٦٧. بۆ کەسیّ بمرە پەرێت مەردە بۆ	ئەو لە تۆ زیاتر ئیمان هەردە بۆ

٦٨. بۆ هەرکویّ ئەڕۆن ببەن سەوقاتی	مەحەببەت هەردووی پیّ ئەبیّ قاتی

٦٩. بووکی پووران، کۆلەخۆری سەر تەنووران.

٧٠. بووە بە پشیلەی سەر چنار. «خۆی بە سەرۆ ناگریّ و نایشتوانیّ بێتە خوارۆ».

٧١. بۆی کالەك بچیّ بەسەر هەویرا دائەزیّ و شل ئەبێتەوە.

٧٢. بە ئاوی تانجەرۆ پاك نابێتەوە ئەوەندە پیسە.

٧٣. بە بۆنەی گوڵە گەنمێکەوە، سەد گوڵە مرۆر ئاو ئەخۆنەوە.

٧٤. بە بێژنگ، بەری خۆر ناگیرێت.

٧٥. بە پای خۆی بەرەو پیری مەرگ ئەڕوا. «واتە: کەسیّ لەگەلْ دەسەلاتدار شەڕ ئەکا»

٧٦. بە پەن و پیتکەی ئاوایی مەبە	خوێری و بیّ خاوەن ئاوایی مەبە
کارێك بگرە دەستکە بەکارت بیت	با لە نەبوونی زوو ڕزگارت بێت

٧٧. بە تاقە گولیّ قەت بەهار نایێ	تا گولْ دیار نەبیّ لە هەموو لایێ

٧٨. بە تاوان تاییی دۆلاوی مەگرە. « تا و دۆلاو ناو دوو دێن لە نزیك یەکەوە لە ناوچەی هەورامانی ژاوەرۆ».

٧٩. بە توندی و تیژی کار نابیّ مەیسەر	مار بە لاواندن، لە کون دێتە دەر

٨٠. بەتەجرۆبەی منحەق سەر ئەکەوێت	هیچ نیە بە سەر حەقا سەرکەوێت

حەق بلێ هەرچەن حەق وتن تاڵە
موخالیفی حەق پووچ و بەتاڵە

ئەگەر بە تەنیا بچی بۆلای قازی
بۆخۆت باش ئەڵێی دیتۆ بە ڕازی

ئەگەر دووکەسێ بچنە لای قازی
یەکێك ڕازیە و یەکێ ناڕازی

٨١. بە تەنیا بگری و لە ناو خەڵکا پێکەنە، با دوژمنت پێی خۆش نەبێ.

٨٢. بە تەنیا دەستێ، چەپڵە ناتەقێ
مەیکە بە گاڵتە و بە دەمە تەقێ

٨٣. بە جوانی جوان و بەرزە دەماخی
بە پیری خەریك خەفەت و داخی

٨٤. بە چاکی گوێگرە لەم دەنگو باسە
بێ ژنی تەنیا بۆ خودا خاسە

٨٥. بە چاو خەوتوو بە دڵ وریا
هەتا هەستا، کەرەکەی بریا

٨٦. بەچاوی سووکی مەڕوانە بۆکەس
با حورمەتدار بیت لەلای هەموو کەس

٨٧. بە تیرێك دوو نیشانی پێکا.

٨٨. بەچکە سۆنە لە ئاوا تەڕ نابێ و مەلەوانیشە.

٨٩. بەچکە گەدا مەخەرە تەما، بە چلێ کەما دێتە سەما.

٩٠. بەچکە مشکەکان جەواڵ ئەدڕن
بەچکەی دزانیش کەلێن ئەبڕن

٩١. بە خاسەخاسە، گووی کردە کاسە
لایدا لە ڕەسم و هەر باوێ خاسە

٩٢. بە خاڵۆ خاڵۆ، هات بە لامەوە
بوو بە توولەمار دای بە پامەوە

٩٣. بەختم لە ئەزەڵ ئەگەرخاس ئەبوو
نیشانەی چەپم لە لای ڕاس ئەبوو

٩٤. بەختەکەم هەوەڵ ئەگەر خێر ئەبوو
کۆچم ئامێتەی قەدەم خێر ئەبوو

٩٥. بەختەکەی خۆمەو سەر قەواڵەیە
بۆ هەرکوێ ئەڕۆم قرپەو قاڵەیە

«قرپە و قاڵە = بەزم و هەرایە»

٩٦. بەختت بێ پاڵەوانی، بەختت نەبێ چاڵەوانی.

٩٧. بەختێ لە ئەزەڵ سیا چارە بێ
لێی گەڕێ هەروا با ئاوارە بێ

٩٨. بەخوا بێکەسی هەربۆ خوا خاسە
بێ کەس ئەوەیە، خوا نەناسە

٩٩. بەشەر خوای ناسی کیفایەتیەکا
لە گرفتاری خۆی ڕزگاریەکا

١٠٠. بە خۆشی زستان، بە بزەی حاکم
کە بڕوا نەکەم، کوڕێکی چاکم

١٠١. بە خۆشی زستان و پێکەنینی زاڵم، بڕوا مەکە.

١٠٢. بە خوو و ڕەفتاری کەس باوەڕ مەکە تا لە تووڕەییدا نەیبینیت.

١٠٣. بەد ناویەکان خۆت لەکوێ ئەبیسی — لەویا کە ناوی هاوسێت ئەبیسی

١٠٤. بە دۆسی دۆسی ئەکەنێ پۆسی — فەرق ناکا بۆ ئەو دوژمن و دۆسی

١٠٥. بە دۆعای پشیلە باران نابارێت — ئەرنا حەز ئەکات گۆشتی بۆ بارێت

١٠٦. بە دۆعای کەسێ نەهاتووینەتە دنیا تا بە نفرین کەسێ بڕۆین.

١٠٧. بە دەستی خۆت پشتت نەخورێنی، بابی توورێکە.

١٠٨. بە دەسمایەی خۆتا بڕوانە نەك بە هەڵە خەرجی هاوسێکەتا.

١٠٩. بە دەسێ دوو کاڵەك هەڵناگیرێ.

١١٠. بە دەم خۆت تیکە ئەجاویت، «بە سەر کەسا منەت مەکە».

١١١. بەدەم خۆت خەڵکی مەکە بەدوژمن — ئەگەر گوێ نەگری بۆ نەسێحەت من

١١٢. بە دەم خۆت قسەی خۆت بکە و بە گوێی خۆت ببیسە. «واتە: با قسە دەماودەم نەکەوێ و تۆ دوا جار پەکت بۆ قسەکەت نەکەوێ»

١١٣. بە دەم خۆت هێلانەکەت مەشێوێنە.

١١٤. بە دەمێك دوعا بکە بۆ خۆت گوناهت پێ نەکردبێ. «واتە: دۆعای خێر بکەن بۆ یەکتری»

١١٥. بەدەنم هەمووی بکەن دەرزیا ژن — تەنیا بەو شەرتەی پێم بلێن کوێخا ژن

١١٦. بەدەنی ئینسان تا وەرزش و نەرمشی زۆرتر بێت، بە هێزترو سالمترە.

١١٧. بەدەنی خۆت قورس مەکە و قورس و شەربەتیش مەخۆ
حەز لە نەخۆشی ناکەی، خەمی بێ جێگە مەخۆ

١١٨. بەراتەکەت بکە بە داڕووجان. «واتە: من موحتاجی تۆ نیم»

١١٩. بەڕاسی خوای گەورە بەشەری خۆش‌خوو و تەبیعەت نەرم و ڕوو خۆشی خۆش ئەوێ. «حەدیسە»

١٢٠. بەرتیل بەرد نەرم ئەکات. (بەرتیل: ڕشوە) «ئەم پەندە لەم ڕووداوەی خوارەوە وەرگیراوە:

دارێك لە شوێنێکا بوو. خەڵك وەکو بت ئەیان پەرەست و عیبادەتیان بۆ ئەکرد.

زاهیدێك لە نزیکی دارەکە و لە غارێکدا ئەژیا. ڕۆژێك لەو بت پەرەستییە وەڕەس بوو و تەورێکی هەڵگرت و ڕۆیی کە دارەکە ببڕێت. شەیتان ڕێگای لێ گرت و وتی مەیبڕە. زاهێدەکە وتی: یەقین ئەیبڕم. شەیتان و پیاوە زاهیدەکە ئاوقەی یەکتر بوون و زاهید سێ جار شەیتانی دا بە عەرزا. شەیتان پێی وت ئەو دارە مەبڕە من هەر ڕۆژێك چوار دیرهەمت پێ ئەدەم. پیاوەکە نەرم بوو و وتی باشە. شەیتان تا چوار ڕۆژ هەر ڕۆژێ چوار دیرهەمی ئەخستە ژێر بەرماڵەکەی، دوای چوار ڕۆژ تەرکی کرد. پیاوەکە توورە بوو، تەوری هەڵگرتەوەو چوو دارەکە ببڕێت. شەیتان دوبارە ڕێگای لێ گرتەوەو دوبارە ئاوقەی یەك بوون، بەڵام ئەمجار شەیتان سێ جار پیاوەکەی دا بە عەرزا. زاهید سەری سوڕ ماو وتی: ئەوە چۆن بوو، ئەوجار من تۆم دا بە ئەرزا، کەچی ئێستا تۆ وا دەرەقەتی من هاتی! شەیتان پێی گوت: جاری پێشتر بۆ خوات ئەکرد، بۆیە دەرەقەتت نەهاتم، بەڵام ئێستا بۆ دیرهەمەکانی ئەکەیت و چارم ناکەیت. ئەم چیرۆکە ئیمامی غەزالی لە کتێبی "احیاء علوم الدّین"دا نەقڵی ئەکات».

١٢١. بەرخی نێر، بۆ سەر بڕین باشە.

١٢٢. بەرد لە جێگای خۆیدا سەنگینە.

١٢٣. بەردێك نەزان بیخاتە گۆم، بە هەزار زانا نایەتە دەر.

١٢٤. بەردی ناوەتە مەلۆ. «واتە: کاری قایمە»

١٢٥. بەرگی فەقیر دڕا. «واتە: هاوین ڕۆیی»

١٢٦. بەرلەوە باران ببارێت، دڵۆپەی بانەکەت بگرسێنەوە.

١٢٧. بەرلەوە بچیتە ژوورەوە، تەگبیر بکە چۆن بیتە دەرەوە.

١٢٨. بەر لەوە ماڵ بسێنی، هاوساکانت بناسە.

١٢٩. بەر لە هەمووکەس نەسیحەت خۆت کە   کە خۆت وەرت‌گرت جا بۆخەڵکی کە

١٣٠. بەرەی خۆت هەرگیزمەخە ژێر خەڵکی   ئەگەر پیاوێکی ژیرو بە کەڵکی

١٣١. بەرەکەت ئەوەیە ژنەکەت کەم ئەرك و دەس پێوەگرو دەس ڕەنگین بێت.

١٣٢. بەرە لە لای تەنگیەوە ئەدرێت، «زەرەر لە بێ دەسەڵات ئەکەوێت».

١٣٣. بە ڕیشی پان و پرچی پڕ لە ئەسپێ   بناغەی دینی ئیسلام چۆن ئەچەسپێ

١٣٤. بە ئیمان و عەمەلی باشە ئەچەسپێ   ئەبێ مارکی‌تری پێوە نەچەسپێ

١٣٥. بەش‌کەر بەشی‌کرد بەش منی‌کەم دا   ئەویشە کە دای پەژارە و خەم دا

١٣٦. بە سەر سفرەی باوك و دایکیەوە گەورە نەبووە، «بۆیە ئەونە نانەجیبە».

١٣٧. بە شوێن دزا ئەوەندە بڕۆ کە لیێت هەڵنەگەڕێتۆ.

١٣٨. بەشەر بە پیری فێری پلاو خواردن بێت، لە جیاتی دەم، دەس بۆ لووتی ئەبات.

١٣٩. بەشەر بە سەگ بێت و بە برای بچووك نەبێ ئەونە فرمانی پیا ئەدەن.

١٤٠. بەشەر لە بەرد سەخت‌ترە و لە گوڵ ناسك‌تر.

١٤١. بە شەوا جەردە و بە ڕۆژا مەردە   بۆی موهیم نیە هەردە یا بەردە

١٤٢. بە شەوا خانمە و بە ڕۆژ کارەکەر   بۆ ماڵ خۆی دایم وەسە کاریگەر

١٤٣. بە قسەی مەلا بڕوا قەد ناکەیت   باوەڕ بە سەرەی نێرەکەر ئەکەیت؟

«کەسێك ئەچێت بۆ لای مەلا نەسرەدین و داوای لێ ئەکات کەرەکەی پێ بدات. مەلاش حەز ناکات و ئەڵێ کەرەکەمیان بردووە. لەوکاتەدا کەرەکەی ئەسەڕێنێت، کابرا ئەڵێ: ئەی ئەوە کەرەکە نیە؟ مەلا ئەڵێت: بە قسەی مەلا...»

١٤٤. بە قلیانی تاڵ بە چای‌یەك ئاڵ   ئاشنایی بگرە لەبۆ هەزار ساڵ

١٤٥. بە گوێرەی هات‌و چوونی هەناسە   خوا لایقی شوکرو سوپاسە

«هەناسە نیعمەتێکی گەورەی خوایە و دەوامی عومری گیانداری تیایە».

١٤٦. بەڵا لە بۆگەن ئەبێتۆ، خۆت لا بدە لە بۆگەن با بەڵات لێوە دوور بێت.

١٤٧. بە لای ژنانۆ دەردە دڵ مەکە   لە نیازی دڵت ئاگایان مەکە

١٤٨. بە ناوی‌کەسێ کە خۆی بێ‌کەسە   لەبۆ بێ کەسان هەر خۆیە کەسە

١٤٩. بێدەنگی باشە تاکو دەنگداری   قەناعەت باشە هەتا قەرزاری

١٥٠. بێن و براکان بە ڕەسم و یاسا   بێن بە خاك بەر پێی خوا شناسا

١٥١. بەو با ئەژیم کە لە تەرەف تۆوە بێت بۆ لام.

١٥٢. بە وەرزش و بە نەرمش، بەدەن مرۆڤ سووك ئەبێ، بە تەمەڵی و بێکاری قورس و تەوەزەل ئەبێ.

١٥٣. ببیّ بە پرد، پێی لیّ نانێم. «واتە: نارۆم بە سەریا ئەوەندە عەزیزە»

١٥٤. بینێن بە سەر نانۆ، سەگ بۆی پێوە ناکا. «ئەوەندە بۆگەنە»

١٥٥. بێنە و نیەی ماڵ مەلات نەبیستووە و نەتدیووە.

١٥٦. بینێن بەسەر چاو کوێرۆ، خۆشی ئەکاتۆ. «ئەوەندە جووانە»

١٥٧. بە جاریّ دوو تەون مەگرە دار.

١٥٨. بــە فــەرمایشی ڕەسووڵی نازار | تێرە ناخوا هەرگیز چوار شت لە چـوار
میّچکە لە نێرو چاو لە ڕوانین | زەوی لە بـاران، زانـــا لـــە زانـیـن

١٥٩. بۆ کەسیّ بمرە بۆت بمریّ.

١٦٠. بۆ وا بۆم ئەڕوانی؟ مەگەر تا ئێستا «هیندی»ت نەدیوە!. «کەسێك وا ئـەڵیّ کـە یەکێکیتر زۆری بۆ بڕوانیّ. ئەڵێن کچان و ژنانی وڵاتی هیندوستان زۆر مەشـهوورن بـۆ جوانی»

***

پیتی <پ>

پەندی پێشینان

١. پا ئەدات لە پەیین.   «واتە: بێ کارو بێ کارەیە»

٢. پات ئەوەندە درێژ مەکەرۆ کە بیبڕن.

٣. پادارا گێردێ، بێ پێ ماڵو وێمانێ.

٤. پادار لە ڕێی بێ پا ناوەستێت، «ئەوەندە تەنگانەیە».

٥. پارە بە میوەی بدەی باشترە لە دەواو دوکتۆر. «واتە: مێوە بخۆ کە بەرگیری لە زۆر نەخۆشی ئەکات»

٦. پاشا گەردانی ڕووی کـردە وڵات   ســەرۆکەکانی زووتــر لائـەبـــات
دەسەیـەك تازە دێنــێتـە سەر کـار   وا بووە و وا ئـەبـێ چـەرخـی ڕۆژگار

٧. پاڵەوان ئەو کەسەیە بێ منەت خۆی بەخێو بکات.

٨. پاڵـەوان ئـەو کەسـەیە کـە لــە کـاتی تووڕەییـدا، خـۆی بگرێتـەوە و نـەیقـۆمێنێ. «حەدیسە»

٩. پای پەتی باشە لە پێڵاوی تـەنگ   بـێ مـاڵی باشـە لـە مـاڵی پڕ دەنـگ
گای زل بێوڵەتە، سەر زل دەوڵەتـە   قەناعـــەت مایـــەی زۆری ســـەروەتە

١٠. پاییز هـەتیمچە، زستـان ڕێبوارە   نـیشـانـەی بـەهـار، گـەڵای مـازوارە

١١. پایێکی وا لـەم دنیا و پایێکی وا لـەو دنیا. «ئەوەندە نەخۆشە»

١٢. پرسە لە برسی دوو دوو چەند ئەکات؟ ئەڵێت چوار کولێرە.

١٣. پرسیان لە شەیتان تۆ کێت زۆر خۆش ئەوێ؟ شەیتان وتی: دەڵاڵ. من تـەنیا فێـری درۆم کردووە، کەچی ئەو سوێندیشی لە سەر ئەخوات.

١٤. پیـری وەکوو گۆمی قووڵ و لیڵ وایـە، بێخەکـەی قـوڕو لیتەیـە، تـا بەشـەر تێـی نەچەقێت، قەدری جوانی نازانێت و بەزەیی بە پیرا نایەتەوە.

١٥. پشتیوانی چەوساوان و دوژمنی ستەمکاران بە. «فەرموودەی: حەزرەتی عەلیە ﷺ»

١٦. پشکیل هی‌خۆته مەیخەره دەس خەڵك هەتا بمێنی بە باشی و بە کەڵك

١٧. پشیله بۆ ڕەزای خودا مشك ناگرێت، «بۆ تەماعی خۆیەتی».

١٨. پشیله دەمی بە دووگ نەئەگەیشت، ئەیگوت لایبە سوێره.

١٩. پشیله زانی گووەکەیان نواند بۆ دەوایی، شاردیەوه.

٢٠. پشیله ساڵێك یەك جار نەورۆزیەتی، عالەم پێی ئەزانێت.

٢١. پشیله لە کووانوەکەیدا خەوتووه. «واته: بێ ژن و ماڵەی، ڕەبەنه»

٢٢. پشیله لە ماڵیاندا سەفرا ئەکات. «واته: ئەوەنده بێ نەواو نەدارن»

٢٣. پشیله و سەگ کەم بەرەکەتن، هەر ساڵێك چەند جار ئەزێن، زۆرێك بەچکەیان لێ ئەبێت، کەچی هەر کەمن. بەڵام مەڕ هەر ساڵێك جارێك ئەزێت، ئەم هەمووه لێیان سەر ئەبڕین و کەچی هەر زۆرو بە بەرەکەتن.

٢٤. پووڵدار کەباب ئەخوات و بێ پووڵ دووکەڵەکەی.

٢٥. پووڵی حەرام خەرج دەواو دوکتۆر ئەکرێ.

٢٦. پەڕ تاوست گەرەکە، ئەبێ زەحمەت هیندوستان بکێشی.

٢٧. پەرژین بۆ حەیادار ئەکرێ، «بێ حەیا بە پەرژینۆ ناوێسێ».

٢٨. پەشیمان ئەگەر شاخی بڕوایێ ئەبوا من گەزێك شاخم هەبوایێ

٢٩. پەنا بە خودا لەو پەنەی داومه تازه کەی وەختی چاوه ڕاومه

٣٠. پەنا بە خوداو ناو هەوانەکه ئیتر کار بکه و هیچ هەرا مەکه

٣١. پەشیمانی نەوتن لە پەشیمانی وتن باشتره. «بیر کەرۆ جا قسه بکه»

٣٢. پیازەکەی عەودالانه، خواردنی هەیه، بردنی نیه. «عەودالان ناوی کێوێکه لە ناوچەی هەورامان جۆره پیازێکی هەیه کە لەویا بیخۆیت تامی پیاز ئەدات و ئەگەر بیبەیتەوه وەکوو سیری لێ دێت».

٣٣. پیاو ئەوه نیه کە تەنیا پیاوی دنیا بێ، پیاو ئەوه نیه کە تەنیا پیاوی قیامەت بێ، بەڵکو پیاو ئەوەیه کە پیاوی هەردوو دنیا بێ. «حەدیسه»

٣٤. پیاو تا نەمرێت، قەدری نازانن.

پیاوی گەورەمان نایەته بەر دڵ هەتا ئەو ڕۆژەی ئەچێته ژێر گڵ

ئینجا بۆی ئەگرین بە جۆش‌و بە کوڵ		قەبرەکەی ئەکەین بە باغچەو بە گوڵ

٣٥. پیاو چاك ئەگەر ژن خراپی بێ		ئەم دونیا بۆ ئەو جەهەنەم ئەبێ

٣٦. پیاو سیروانە، ژن بەریانە. «پیاو با ڕزقی زۆریش بێنێتەوە ماڵ، کە ژن بەری نەگرێ و دەستی پێوە نەگرێت، هیچیان بە هیچ نابێت».

٣٧. پیاو کە پیر بوو، ژن بیانووی وای پێ ئەگرێ کە لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نەبێ.

بە پیری ژنی جوان مەهێنە		ڕیسوایی بەسەر خۆتا مەهێنە

٣٨. پیاو مردنی باشترە لەوەی کە ژن نان و نەفەقەی بۆ پەیا بکات. ژن، شوو گوزەرانی بۆ دابین نەکات بۆ چیەسی؟.

٣٩. پیاو موو دارو ژن بێ موو، ڕەسەن و پەسەنن. «حەدیسە»

٤٠. پیاو کە نەگبەتی بەرەکی گرێت		لە وەخت پیریدا ژنەکەی ئەمرێت

٤١. پیاوەتی ئەکەی با هەتا سەر بێ		ئەگەر لە پێی گیان یا لە پێی سەر بێ

٤٢. پیاو هەیە جێگای باوکی ئەگرێتەوە، هەیشە جێگای دایکی.

٤٣. پیاوی ئازا ئەڵێت: پێم خۆشە لە جەهەننمدا بژیم بە سەربەستی، نەك لە بەهەشتا بە ژێردەستی.

٤٤. پیاوی ئازا لە ژیاندا یەکجار ئەمرێت، بەڵام پیاوی ترسنۆك هەر ڕۆژێکی مەرگێکە.

٤٥. پیاو یا بە هەوانەیە پووڵ ژن دێنێت، یا بە هەوانەیە درۆ. «جا ئەگەر هەر دوویانی بێ، باشترە»

٤٦. پیاوی پووڵدار یا ژن ئەهێنێ یا ماڵ ئەکاتۆ.

٤٧. پیاوی دوو ژنە، جەرگی کون کونە.

٤٨. پیاوی ژیر کە ماری کوشت، بەچکەکانی بەخێو ناکا.

٤٩. پیاوێ کە ژیر بێ و عاقڵ و هۆشیار		لە کونێکۆ دوو جار پێوەی نادا مار

«حەدیسە»

٥٠. پیاوی فەقیر یان کوڕی ئەبێ یان کچ.

٥١. پیاوێك چووە لای باڵوڵ و پێی وت: باڵوڵی زانا، ئەمەوێ مامەڵە بکەم، چی بکەم باشە؟ باڵوڵ وتی: خوێ بکڕە. پیاوەکە خوێی کڕی و پاش فرۆشتنەکەی قازانجی زۆری

کرد. پاش ماوەیەك گەڕایەوە لای و وتی بالّولّی شێت ئەمجارە چی بکرم باشە؟ بالّولّ وتی بچۆ پیاز بکڕە، کابرا پیازی زۆری کڕی و چووە لای بالّولّ و وتی پیازی زۆرم کڕیوە، چی لیّ بکەم، بالّولّ وتی: بیخەرە ناو مالّێك و لە کونایەکەوە ئاوی تیّ بکە. کابرا وای کردو پاش ماوەیەك پیاز چەکەرەی کردو خراپ بوو. کابرا هاتەوە و وتی ئەوە چ ئامۆژگاریەك بوو کردت؟ بالّولّ وتی: کاری شێت لەوە چاکتر نابێت.

٥٢. پیر بووم و تەواو هێزم نەماوە   دوای پیری ئیتر مردنم ماوە

٥٣. پیر بووە تازە، نەماوە باوی   ڕیپۆق داویەتە ناو هەر دوو چاوی

٥٤. پیر بە دەرد خۆیۆ داکەویّ باشە   تازە چی لە سەر نانەوەی ئاشە

٥٥. پیر بە تیکە بەندە، ئەمە زۆر ڕاس و زۆریش پەسەندە.

٥٦. پیر هەرچی هەیە بیخوات! ئەگەر نەیخوات زەرەری کردووە و بە میرات جیّ ئەمێنیّ.

٥٧. پیر زۆرتر تەگبیریان پیّ ئەکرد، بەلاّم ئیستا هەر منالّێك تەگبیرێکی بۆ ئەکات.

٥٨. پیر کە کۆکی و نەترِی، دوورە مردنی، شێخ ڕەزایە و بیّ قەزایە.

٥٩. پیرم و لێم قەوماوە، هێزی ئەژنۆم نەماوە، کەی ئەمە دەس و چاوە، «یەکیّ بە دوو ئەبینیّ».

٦٠. پیر کە ناتوانیّ هەلّسیّ بە زەبری عاسا نەبیّ   ئیتر هیچ کەس بە تەمای هەلّسانی عاسای نەبیّ

٦١. پیرە، بە پیری ئەشقی جویوە   دوو قرانی داوە و لووتی سمیوە

٦٢. پیر و پۆش هاتوونەتە خرۆش. «پۆش بە بەشەری دوو موو ئەلّێن»

٦٣. پیرەزا لە مرۆڤ و حەیواندا، بیّ تین و زەرد و لاوازە.

٦٤. پیرەژنێکی فەرهادکوژە. «فەرهاد کە زۆر حەزی لە شیرین ئەکرد قەولیان پیّ دابوو کە بەو شەرتە ئیمە پێت ئەدەین، تاقەوسان و عەکسی شیرین بە قولّنگ درووس بکەی، ئەمجا شیرینت پیّ ئەدەین. ئەویش لە خۆشی شیرینا ئاسارێکی مێژوویی درووست کرد. یەك دوو ڕۆژی مابوو کارەکەی تەواو بیّ «شیرۆ» کە ئەویش زۆر حەزی لە شیرین ئەکرد وتی بە پیرەژنی فەرهاد کوژ کە فەرهاد نزیکە کارەکەی تەواو بکاو شیرینی بدەنیّ، تەگبیرێکم بکە. وتی: بەو دیّیانە کە لە فەرهادۆ نزیکە دەستوور بدە شەوو ڕۆژیّ ساوا مەخەنە ژێر حەیوان تا من خۆم پێت بلّێم چی بکەی. دوای شەوو ڕۆژەکە وتی بە شیرۆ:

ئەڕۆم بۆ لای فەرهاد، کە نزیکۆ بوومۆ حەیوانەکان بێنن بۆ لای ساواکان با هەر یەکی بچنە ژێر دایکی خۆیان. کە نزیك بووەوە لە فەرهاد بوو بە هەرای ساواو بارەی دایکیان و قیرەی خاوەنەکانیان. فەرهاد وتی: ئەوە چیە. پیرەژنی فەرهاد کوژ وتی: ئەوە شیرین مردووە. فەرهاد کە زۆر نارەحەت بوو پیرەژنەکەی لە پێشا هەڵقلێشاندو دوای ئەوە قولنگێکی دا بە سەر خۆیا و خۆی کوشت».

پیرەژنیفەرهادکوژ ئەو پەنیە دا بە فەرهاد	عومریعەزیزو رەنجی هەمووخستە بەری باد
٦٥. پیریٚ بە پیری خۆیۆ داکەویٚ	باشترە لەوەی بەرەو دوا کەویٚ

٦٦. پیرێك بە تەشەرەوە بە کوڕەکەی وت: رۆڵە من پیٚ گەیشتم، تۆ حەسایتۆ، کوڕەکەی وتی: باوە تۆ لە من قالب سووك تری، بۆیە لە من باشتری.

٦٧. پیریو سەد عەیبو قەرزاری هەزار	قەرزی بیٚ جێگە نەکەی ئەی هۆشیار
٦٨. پیری هاتووە بە پیریمەوە	کەس نیە بە تەنگ زویریمەوە

٦٩. پیسی زوو بیشاریتەوە باشترە، تا بڵاوی کەیتەوە بۆگەنترە.

٧٠. پێشەنگی قەتار کەر بیٚ، هەموویان ملیان ئەشکیٚ.

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: سیٚ کەس جێگەی رەحمن یەکەم: پیاوی ماقوولە کە لە ناو قەومەکەیا زەلیل بووبیٚ. دووهەم: دەولەمەنیٚ کە فەقیر کەوتیٚ. سێهەم: زانایێك کە لە ناو نەزانانا گیری کردبیٚ.

٧١. پێغەمبەری خوداﷺ لە هەر ماڵێکدا چاوی بکەوتایە بە ئامرازی فەلایی، ئەیفەرموو، ئەمە ئەسبابی زەحمەتە و هۆی بەرەکەت. «بەڵیٚ راستی فەرمووە، ئەو زاتە گەورەیە لە حالی هەمووان ئاگادار بووە و رێزی تایبەتی بۆ فەلا گرتووە»، شاعیر ئەڵێت:

بەزەحمەت فەلا گشت بەریٚ ئەچین	با تەرکی نەکەین ئەم چین بۆ ئەو چین
هەرچەن زەحمەت و مەینەتی زۆرە	خێر و ئیحسان و بەخششی زۆرە

٧٢. پێڵە خۆرە پێڵەچی، هیٚن هاتووە بە قەمچی، هەرمن هاتم تۆ دەرچی، ئیتر ئەرۆی یا ئەتۆپی. «ئەم پەندە لەوە وەرگیراوە کە: وەختێك کەڵوەخۆرە دانە نۆکی ئەخوارد، لە ناو کەڵوەکەیا زەرەری زۆری ئەداو سەمیش نەبوو کە سەمپاشی بکەن و بیکوژن. ژنێك بەرچاکێك خۆڵە کەوەی ئەبردو ئەیپژاند بە نۆکەکەدا، ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە

دەرپێکەی دائەکەندو ئەم شیعرەی سەرەوەی ئەخۆند».

٧٣. پێنجو دوو ڕۆژێك ئاو ها بە بێلۆ   خوا وێش مزانۆ چەرخ چەنی گێلۆ

٧٤. پێنج پەنجە بران، وەلیّ وەك یەك نین.   «واتە: لە بەین هەر چینێکا جیاوازی هەیە»

٧٥. پێنج و شەشین خزمەتکار مەشکە ڕەشین. «مەشکە ڕەش بە سك ئەڵێن»

٧٦. پێیان نەئەدا پیازیّ، دووان دووان ئەخوازیّ.

***

پیتی ‹ ت ›

پەندی پێشینان

١. تا ئەم ئەکەم، ئەو ئەبێت   تا ئەو ئەکەم، شەو ئەبێت

«ژنی پیر وا ئەڵێت»

٢. تا ئێستا شەقەی قەڵماسکی نەبیستبوو. «هۆی ئەم قسە ئەمەیە: ئەڵێن ساڵێکی بێ باران خەڵك دوعاو نزاو نوێژە بارانێی زۆریان کردو هەر نەباری، خەڵك چوون بۆ لای کوفر ئەحمەدو ئەویش لەبری دوعا ئاسمانی دایە بەر بەردەقانی (قەڵماسك)، بە ڕێکەوت باران باری، کوفر ئەحمەد وتی: خوا گیان تا ئێستا شەقەی قەڵماسکی نەبیستبوو، بۆیە نەیئەباراند».

٣. تا ئێستا هەرچێکت کردووەتە کاسە، لەمەو بە دوا بیکە کەوچك. «واتە: من نیازم بە تۆ نیە، منەتم بە سەردا مەکە».

٤. تا ئێوارە قسەی بۆ بکەیت، وەك ئەوە وایە گوێز بە دیواردا هەڵخەیتۆ، «هەر خڕەکەی لێ حاڵی ئەبێت».

٥. تا بمێنین، سەمەرە ئەبینین.

٦. تا بەدەنت قورستر بێت، ئەزیەتی بۆ خۆت زۆرترە، بۆ شاردنەوەیشت لە قەبرا گرانترە، کەوایە کەم بخۆ با ئەرکت سووکتر بێ.

٧. تا بەڕوو زۆرتر بێت، سمۆرە برسیەتی.

٨. تا بەد نەبینی، بەدخانە بە یاد ناکەیت.

٩. تا پێت ئەکرێ کەم بخۆ، ئەگەریش ئەتوانیت مەعیدەت بکە بە سێ بەشەوە، بەشێکی بۆ خۆراك، بەشێکی بۆ خواردنەوە، بەشەکەیتری بۆ پشوو. «لە حەدیسەوە وەرگیراوە»

١٠. تا تەجرەبەی نەکرد، بڕوای نەکرد.

١١. تا تەنگانەت بە سەردا نەیێت، دۆست و دوژمنی خۆت ناناسیت.

١٢. تا تیکەت نەجاویوە، قووتی مەدە.

١٣. تا جووانی مەستی، تا پیری سستی   ئیتر ئەبێ کەی، خودا پەرستی؟

١٤. تا جێگاو ڕێگای وتەت نەکەیتۆ   باشتر وەهایە دەمت نەکەیتۆ

١٥. تا چەرمەکە سەگ نەی بردووە، کارێك بکە. «کە بردی هیچ ناکرێت».

١٦. تا چەرمت دەق نەکەم، وازت لێ ناهێنم. «هەڕەشەیە»

١٧. تا خوا سەری دابێ، ڕۆزیش هەر ئەدات:

خەفەت مەخۆ بۆ ڕۆزی   ئەگەر مایتۆ تا سۆزی

خوا بۆت ئەنێری ڕۆزی   لە تەڕو وشك و سەوزی

١٨. تا خۆت تەجروبە نەکەی، ژن مەهێنە، نان و گوزەرانی ئەوێت.

١٩. تا دادە نەکات بۆرە بۆرە   کاکە ناکات کاری زۆرە

٢٠. تا دارێك ماوە بە دالاهۆوە   من هەر ئەمێنم بە تاسەی تۆوە

٢١. تا ڕەفێقی کەسێکت نەکردووە، مەڵێ چاکە، یان خراپە.

٢٢. تا ڕیخ ئەبڕێت لە ڕووخانە   هەر قەوم باشە لە بێگانە

٢٣. تاریکی چرا بووە بە بەشم   خەتای کەس نیە، خۆم چارە ڕەشم

٢٤. تاریکی مانگ سەر لە ئێوارە دیارە.

٢٥. تازە ئەو کێچە لە گوێچکەتا دەربێنە. «ئەو خەیاڵە بەتاڵە لە دڵتا دەرکە»

٢٦. تازە کەوتە ڕوو، کۆنە کەوتە چاڵ کەنوو.

٢٧. تازە کە هاتە بازاڕ، کۆنە دەرچووە لەشار.

٢٨. تا ساحێب ماڵ یانەنە، مریشکو چێو کولانەنە.

٢٩. تا سەبیلی زەردو سووری فێنکە دووری خۆم بێ

قولتە قولتی نێرگەلەو تۆپی سیگارم بۆچیە؟

تاکوو شاڵی دەق کراوی کۆت دڕاوی خۆم بێ

پارچە فاسۆنی فەتاح پاشای عێراقم بۆچیە؟

تاکوو جاوی ڕەنگ کراوی دەس هەجیجی خۆم بێ

مەخمەڵ و چیتو حەریرو ماڵی چینم بۆچیە؟

تا هـــەنـــارو ســـێـــوو هەرمێ و پەپکە هەنجیرم پێ
چایی هێندوستان و قاوەی دوور ولاتم بۆچیە؟
«لە شێعرێکی مامۆستا قانع وەرگیراوە»

٣٠. تا شارەزای ڕێگایەك نەبیت، پیایدا مەچۆ.

٣١. تا ژیرە بیری کردۆ، شێتە کاری خۆی کردۆ.

٣٢. تا فەرز وەستا بێ سوننەت بەتاڵە مەیکە بــە گــرمــە و بــە قـیلە و قاڵە

٣٣. تاقانە، یان شێتە یان دێوانە.

٣٤. تاکو ئەتوانیت ئەرکی خۆت قورس مەکە، سادە بژی با دڵت ئاسوودە بێت.

٣٥. تاکو ئەتوانی خۆت قەرزارو ژێر چەپۆکەی خاوەن قەرزو دوکتۆرو دەوا مەکە.

٣٦. تاکو ئەتوانی دەسەنە خوار مەبە، کاریگەر بەو نانی بێ منەت بخۆ.

٣٧. تاکو ئەمتوانی، نەمئەزانی چی بکەم، ئێستا کە ئەزانم، ناتوانم هیچ بکەم.

٣٨. تاکو تیکە نەجاوی، قووتی مەدە، «قسەش تا بیرت لێ نەکردۆتەوە، مەیکە».

٣٩. تا خان ئەخێزێت، لەشکر ئەترازێت.

٤٠. تاکو ڕەنج نەدەیت، بە تەمای گەنج مەبە.

٤١. تاکو قسە لە دڵتایە، ئەسیری تۆیە، کە لە دڵت دەرچوو، تۆ ئەسیری ئەوی.

٤٢. تا کەنێ نەڕوخێ کەناوێ پڕ نابێ.

٤٣. تا کەوشێکمان لە دیواندا بێت، بەسمانە.

٤٤. تالان بێ هاومـاڵ تـەواو کـراوم بۆیـــە وا کـــز و مـــات و شـــێواوم

٤٥. تا لـە پێشدا پارتی پەیـدا نەکـەی خەیـــاڵی مـــاڵی میـــران نـــەکەی

٤٦. تاکەی لارە ملی، ئیتر بەسیەســی با لیرە بار کەم، چم بـۆ ســـەڵـەســـی

(سەڵەسی: ناوی گوندێکە لە نزیکی مەریوان)

٤٧. تا گۆم تاقی نەکەیتەوە، مەلەی تێدا نەکەی.

٤٨. تا گۆم قووڵتر بێت، مەلەی خۆشترە.

٤٩. تا گوێرەکە ئەبێ بە گا، خوێنی خاوەنەکەی ئەبێ بە ئاو.

٥٠. تا گەنم نەکێڵی، خەرمانی لێ هەڵناگری.

٥١. تا لە منداڵەکانت نەمێنێتۆ، مەیدە بە مزگەوت.

٥٢. تا ماندوو نەبی و ئارەق نەڕیژیت منالْ بـە خۆشـی و سـەربەرزی ناژیـت

٥٣. تا مردی نەمدی کلاش بە پاتــۆ کـە مـردی بـا بێـت بـە سـەرینای تـۆ

٥٤. تـا مـەجاز نەبۆ، حـەقیق نـمەبۆ حەقـیق بیٚ مەجاز، تـەحـقـیـق نـمەبـۆ

«مامۆستا صەیدی»

٥٥. تام دەمی خۆشە بۆ وتن، کۆڵ نادا تا خۆر کەوتن.

٥٦. تا مردنە، هەر کردنە. «بەشەر نابیٚ بێکار دانیشێت»

٥٧. تا من تۆم گرت، تۆ منت گرت.

٥٨. تان و پۆی هەورێشمە، بۆ درووست کردنی مەوج و بـەرماڵ. «ئـەو تاڵانـەی کـە هەوەڵ جار ڕایان ئەکێشن، پێیان ئەڵێن "تان"، ئەو بەنانەش کە دواتر لەوانیان ئەتەنن پێیان ئەوتریٚ "پۆ". بە سەیدێك کە باوك و دایکی سەید بیٚ ئەڵێن تان و پۆ هەورێشم».

٥٩. تا نەکێشی جەفا، نابینیت سەفا.

٦٠. تا نەگەیشتووی بە بووار، قول هەڵ مەکە.

٦١. تانە و تەشەری خەڵکیم لیٚ هاتە دی بە نزیکی و قەومی کردن لەگەڵ تۆ.

٦٢. تانەی ژن لە پیاو نادرێت.

٦٣. تا نەینا لە تەبەق، نەیوت «الله صدق»

٦٤. تاوانبارو خەیانەت پیشە، ترسنۆکن.

٦٥. تاوانباری خەڵك مەهێنە سەر خۆت بە وتـەی درۆو بە واتــەی بیٚکـەڵك

٦٦. تــاوان‌کار سەری ها بــە دارۆ بیٚ تـاوان کـــلاوی وا بـــە لارۆ

٦٧. تا وەختیٚ ئەمتوانی بخۆم نەم بوو، ئێستا کە هەسم، ناتوانم بیخۆم.

٦٨. تاویٚ گەشم، تاویٚ ڕەشم، تاویٚ شادم، تاویٚ ناشادم.

٦٩. تا هاتم بوو، دونیا ماتم بوو، ئەوسا ئاغە حسەین بووم، ئێستا ئەپلەتسەینم. وەختێـك کە نەهاتم هات، بووم بە گەمە جاڕی وڵات.

٧٠. تریشکە لە خۆی دوو شکە.

٧١. تریٚ ڕەشە، ئاخری خۆشە.

٧٢. تف هەڵی خەیتۆ، ناوچاو خۆت ئەگرێتۆ.

٧٣. تۆپین کەر قەڵەو، زەماوەن سەگە ئەمــە وتــاری ئــاغاو بــرا بــەگــە

٧٤. تۆبە لە گوناح تـەرکی مەعاسی بــە قــووەت ئـەکــاحــافیزەی ناسی

«نامی»

٧٥. تۆ تاوی فجوق کەری من مـەتاوو. «ئـەڵێن پیـاوێکی فـەقیرو سـادەی هـەورامی، کەوێکی لەسەر بەردێکا چاو پێکەوت، چوو بیگرێت، کەوەکـە دای لــە شـەقەی بـاڵ و ڕۆیی. پیاوە فەقیرەکە وتی تۆ ئەتوانی باڵ بگریتەوە من نـاتوانم، لەسـەر بەردەکـە خـۆی خستە خوارەوە و ملی شکا. ئەم پەندە ئـەوە ئـەڵێت: تـۆش لـە قـەدو قـەوارەی خـۆت دەرمەچۆ با وەهات بەسەر نەیەت».

٧٦. تۆ جوێن بە دایك و باوکی خۆت مەدە. «خراپە بە دایك و باوکی کەس مـەڵێ تـا خراپەی دایك و باوکت نەڵێن». «لە حەدیسەوە وەرگیراوە»

٧٧. تۆ جێگای پام کەرەوە، خۆم جێگای سەرم ئەکەمەوە.

٧٨. توخنی پیاوی سەرچەوت مەکـەوە نــە قـەرزی بـەرێ و نـە دوای کـەوە

٧٩. تۆ لە بار ڕاسی خۆت لێ ئەخوڕی بۆیــە بـێ بــاکی و وا دائــەخوڕی

٨٠. تووشتبووبە تووش مووی لووتی خۆتـۆ نەجــاتت نـابـێ هــەروا لە خــۆتــۆ

٨١. تۆشەمان گاڵ بوو، زوو بەرەو ماڵ بوو. «بە کەسێك بڕوا بە شوێن کارێکـاو بـۆی جۆر نەبێت وا ئەڵێن».

٨٢. تووڵ بە تووڵی ئەچەمێتەوە. «بەشەر بە منداڵی تالیم ئەگرێت».

٨٣. ئەر تۆیش نەبی بە یارم خوا خۆی ئەسازنێ کـارم

٨٤. تەرازوو شەرمی لە کەس نیە.

٨٥. تەرازووی خوا سەرناکا. «واتە:

سووکی بەرەوخوار، قورسی بـەرەوژوور بە پـێچـەوانـەی تـەرازووی مەشهوور

«نامی»

٨٦. تەڕ شۆڕو پاك شۆڕ. «ئەڵێن: پیرەژنێك کچێکی بوو ناوی گوڵبەشان بوو. کاتێـك دای بە شوو و ئەیانبرد، بۆی ئەگریاو ئەیوت:

حـەو نانی خوارد بە نازۆ   حەوتیشی خوارد بە پیازۆ
حەوت بە شیر مانگا بازۆ   دایـکی بـمریٚ گولـّبەشان
هیچی نەخوارد، بردیشیان

که سواریان کـرد ببیـەن پـاش حـەوت ڕۆژ ئامۆژگـاری وتـی: ئـا تۆخـوا بیگێڕنـۆ ئامۆژگاریێکی ماوە با پێی بلێم وتی: ڕۆڵە ئامان سەد ئامان، تەڕ شۆڕو پاك شۆر بە. دوای حەوت ڕۆژ، کچەکە ڕاسپێری نارده لای دایکی و وتی: دایه ئامان باڵه درێژم بۆ بنێره، ئەویش گۆچانێکی درێژی بۆ نارد تاکو کاسه و کەویلی پـیٚ بێنێتـه بـەرۆو خۆی هەڵسه و دانیشتنی کەمتر بێت».

٨٧. تەرکی عادەت کە، کە نەخۆشینە   عـــادەتی خـراپ خـــۆی نەخۆشـــینە
وەك گەردو تریاك، قومارو دامە   کەی کاری پیاوی ئـازاو بــە فـامە

٨٨. تەڕو وشك بە یەکۆ ئەسووتیٚ. «وەخـتیٚ دارستانیٚ ئـاور ئـەگرێت، تـەڕو وشـك ئەسووتیٚ، قەهری خوایش هەر وایە بۆ بیٚگوناح و گوناحبار».
تەڕە، تۆڵەکەی پیٚ ناگات ئەوەندە هەرزانە.

٨٩. تەزبێحو بەرماڵ ڕیشپانو پرچت   یا چـلـه کێشـان هـەروەکـو ورچـت
قورئان خوێندن و سیواك و عاسا   سـەر تاپـا پۆشیـــن بـەرگی مامــۆسا
هایەو هووی دەروێش، جەزبەو حاڵ سۆفی   قیل و قـاڵ مەلا وەك بەسـری و کووفی
هەموو بـیٚ کەڵکە کـە بۆ ڕیا بیٚ   بۆ بەدەس هـانیـن مــاڵــی دونـیا بیٚ

٩٠. تەشـی ڕەفێـق ڕێـگەیە   تـەون پێی لـە جێـگەیە

«ژن ئەتوانیٚ تەشی ببا لـەگەڵ خۆی و بەدەم ڕێگەوە بیڕێسیٚ، بەڵام بۆ تەون کـردن ئـەبیٚ لە ماڵا نیشتەجیٚ بییٚ».

٩١. تەشی ڕستـن باشتـره لـه پەسا ڕاخستـن.

٩٢. تەغاریٚ گەنـمیان ئەدا بە کەڵەشێریٚ، ژنـمان تەڵاق نەئەدا.

٩٣. تەکەبــور مەکەر ئەگەر دانـانی   دوو جـار جە ڕاگەی بــەولـۆ ئـامانی
«مەولەوی»

«واته: فیز مەکه ئەگەر ژیری، دوو جار لـه جێگـەی گمێـزی بـاوك و دایکتـۆ هاتوویتـه

دەرەوە».

٩٤. تەماشای کوێت کەم لووت قولفە سوێنە | پیاتا بەرۆ بوو لە هەزار وێنە

٩٥. تەماشا کردن گوڵی هەڵمەڵە | دەوای نەخۆشی و ئازاری دڵە

«نامی»

٩٦. تەماشای لووت خۆت کە با کورەکەت نەکەی بە چاوۆ.

٩٧. تەماع تەجروبەی تیرەی ئینسانە | کە کێ بێ دێنە و کێ موسڵمانە

تۆ تەماع مەکە نەفسو ناموس کەس | ئابڕووی خۆت مەبە بۆ هەوا و هەوەس

٩٨. تەماع چی ناورد بە سەر ئینسانا | کۆسە بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی دانا

٩٩. تەماعکار تێر نابێ مەگەر بە خۆڵ. «ئەم پەندە لەوە وەرگیراوە کە ئەڵێن: کەسێك لە خەوا تاپۆیەکی دی کە بەردەوام شتیان دەرخوارد ئەدا، بەڵام هەر تێری نەئەخواردو هەر هاواری بوو و ئەیوت برسیمە، هیچیتر نەما، لە ئاخردا مشتێ خۆڵیان کرد بە قوڕگیاو بێدەنگ بوو. کاتێك خەوەکەی بۆ زانایەك گەڕاندەوە، زاناکە وتی ئەو تاپۆیە، مرۆڤە کە بە هیچ شتێك تێر نابێت مەگەر بە خۆڵ. مەگەر خاکی قەبر تێری کا».

١٠٠. تەماع وا لەولای ئەڕواحەوە. «زۆر ڕێی ئەکەوێ کە ئینسان بۆ تەماع و ماڵی دونیا، خۆی ئەدا بە کوشتن».

١٠١. تەمایەر کەس مەبە، هەر تەنیا بە تەمای زەحمەتی خۆت و ڕەحمەتی خوا بە.

١٠٢. تەمایەر مەبە بۆ چارەسەرت | غەیربازووی خۆتو خودای بانسەرت

١٠٣. تەمبەڵ بڕۆ سەیری مێلووره بکە، خەریکی ڕزق کۆ کردنەوەیە. «ئەمە فەرموودەی حەزرەتی سولەیمانە(عليه السلام)».

١٠٤. تەمبەڵ غەیب زانە.

١٠٥. تەمبەڵ وتی ئەمڕۆ نەچین بۆ کار ، زەمبەڵ وتی سۆزیش هەر نەچین.

١٠٦. تەمەڵ وەك مردوویێك وایە لە ناو زیندوواندا بێت.

١٠٧. تەمەنناى تەمەن درێژی ناکەم | خۆم ڕیسواو ڕوورەش لای خودا ناکەم

تەمەن درێژی بە بێ عیبادەت | بۆ ئینسان ئەبێ بە هۆی نەدامەت

١٠٨. تەن بدەن بە قەزاو ڕووبکەن لە ڕەزا | ئەمەیە ڕوتبەی ڕەزا بە قەزا

١٠٩. تەنەکە سازی سەر ئێشانی زۆرترە لە دەس‌کەوتی. «قانع»

١١٠. تەنەکەیەك شیر، مسقاڵێك هەوێن ئەیگرسێنێت.

١١١.تەنیایی شەوان هەر بۆ من خاسە   خـۆراکـم خەمە و بەرگـم پەڵاسە

١١٢. تەنیایی هەر بۆ خوا خاسە.

١١٣. تەور کلك خۆی نابڕێت. «واتە: کەس لە کەس خۆی هەڵناچێ»

١١٤. تەونێکم بۆ ناوەسۆ، هەر تەواو نابێت.

١١٥. تێر ئاگای لە برسی نیە.

١١٦. تیر ئەتەقێنێت و کەوان ئەشارێتەوە. «فێڵ بازە»

١١٧. تێر کوتایە دوای برسی، هەرزانی هەی هەرزانی.

١١٨. تیر کە لە کەوان دەرچوو تازە ناچێتەوە جێگای خۆی، «قسەش لە دەم دەرچـوو هەر وایە».

١١٩. تێر نەخواردن لە باوك مردن خراپترە.

١٢٠. تیری خوا، تەقەی نایێ کەچی لە هەموو تیرێك بە بڕشت ترە.

١٢١. تێکە و لێکە و کەس لە کەسە. «واتە: کەس بە گوێ کەس ناکات»

١٢٢. تیکە و دەران، کافری وەران. «واتە: کافر موحتاجی مووچە و بەرات بێت، نەك ئێمە»

١٢٣. تیکەیەك نان ماڵ خۆت بە هەزار دەوری پلاو ماڵ خەڵك ئەژی.

١٢٤. تیکەیێ کەمتـر، برایێ زیاتر   ئاشنا بگرە لە جـاران زیـاتر

١٢٥. تیکەی زل، دەمیش دەدڕێت و قنگیش. «هۆشت بە خۆتەوە بێت».

١٢٦. تینووهیچ‌وەخێ ئاوی لەبیر ناچـێتۆ   هەمـیشـە مـنـیش هـەر وامـە بـۆ تـۆ

١٢٧. تاقانە، یا شێتە یا دێوانە.

١٢٨. تەلا کە پاکە، چ منەتی بە خاکە.

***

پیتی ‹ ج ›

پەندی پێشینان

١. جا ئەگەر دۆستێ وەك تۆم ببێت، دوژمنم بۆچیە؟

٢. جا خۆ جواب شەق نیە!؟ «ئیشارەیەك بەسە بۆ ژیر».

٣. جا خۆ نانم بە ساجۆ نەسووتاوە، پەلەی پیرە ژن هێنانم چیە.

٤. جاران بێ ساز ئەیژەند، ئێستە خۆی سازێ وا بە دەسیەوە.

٥. جاران پیاوەگەورەکان بۆ گرتنی خەبەرو باس ڕاسپێردەیان ئەناردە لای ژنان لە کانی. «کەچی ئێستا هەموو کەس لەماڵی خۆیدا هەموو خەبەرو دەنگ و باسێك ئەزانێت».

٦. جاسووسی لە دەییووسی خراپترە.

«ڕۆژێك کۆمەڵێك خەڵك لە ساڵی ١٣٤٢دا هاتنە خزمەت مامۆستا مەلا باقر، ئەوانە پێنجیان موعەلیم و چواریشیان بەگ زادە بوون. مامۆستا باقر ئامۆژگاری زۆری کردن، ئاخری قسەکانی بەوە هێنا کە جاسووسی خراپترە لە دەیووسی. پاش ڕۆیشتنی ئەوان پێمان وت: بۆچی ئەوەندە توند فەرمووت؟ فەرمووی: ئەمانەم بە جاسووس ئەزانی».

٧. جاسووسی مەکە بۆ پووڵ و پارە   جاسووس هەمیشە هەر شەرمەزارە

٨. جگەرە تووڕ دە برا مەیکێشە   ڕەگی حەیاتی خۆت دەرمەکێشە

جگەرە جەرگت لەت و پەت ئەکا   تووش قۆزە و قرخە و سەرەتانت ئەکا

پاش ٢٥ ساڵ ڕەفیقی دووکەڵ   ئێستا ئاسوودەم لێت ئەکەم تکا

بەدەس خۆت ئاور ئەنێی بە ماڵتۆ   شێتیش هەر کاری وەکو تۆ ناکا

ئەو پارەی ئەیدەی تۆ بە جگەرە   تەئمینی گۆشتی منالت ئەکا

بیدە بە بەرگ و بیکەنە بەریان   سەربەرزی دنیا و قیامەتت ئەکا

بیکەی بەخێرو بیدەی بە فەقیر   دەردو بەلاً زۆر لە تۆ دور ئەکا

هەرماڵێك ئەچیت بێزارن لە تۆ   ئینسانی عاقڵ کەی کار وا ئەکا

جگەرەکە پیربووی بێهێزت ئەکا   ئیختیاری دواشت لە دەست دەرئەکا

٩. جلمان لەبەر خۆریکۆ وشك بووەتۆ. «واتە: ئاشنای زووترین»

١٠. جوابی نەزانـان هەر بیٚ دەنگییە ئەمە مـۆجـگاری شـێـخی سەعـدییـە

١١. جوانێك بە پیاوێکی پشت کۆمـاوی وت: خـالۆ سـەرت دانەوانـدوە چیت گـوم کردووە و بۆی ئەگەڕێی؟ پیرە وتی: جوانیم گوم کردووە و تازە نایشیدۆزمەوە.

١٢. جوانیمان ڕۆیی و پیری هاتە پێش ئـازای ئـەنامم هـەمووی هاتـە ئـێش
ئێستا ئەزانـم چیم لـیٚ قـەوماوە لـــە لاشـــەم هێـــزو ورە نەمـــاوە

١٣. تۆجۆ بکێڵیجۆی لیٚسەوز ئەبیٚ گەنم بکـێـڵی گـەنم سـەوز ئـەبـیٚ

١٤. جۆریٚ نان بـخۆ هەمیشە بتوانی بیخۆی.

١٥. جۆگەلـەیەك ئاوی دەریا لیٚڵ ناکا، گەورە بە وتەی بچووك هەرگیز دڵی کەیل ناکا.

١٦. جومعە ئەگەر کەسیٚ بچێتە سەفەرو نوێژ جومعەی بفەوتێنێت، مەلایەکە نەفرەتی لیٚ ئەکەن.

١٧. جومـعە وارۆ،.شەممە وەش کەرۆ شەممە بـوارۆ، پـەنج و شـەش کـــەرۆ

«تەجروبەی هەورامییەکانە»

١٨. جوابی دەهۆل ژەن سرنا ژەن ئەیداتەوە.

١٩. جـوان دانیـشیٚ بـەلای جـوانـۆ وەك دوو شـەمامەن بـە سـەر دووکـانۆ

٢٠. جـوان دانـیـشیٚ بەلای پیـرەوە وەسە زیـنـدانـیٚ بـە زەنـجـیـــرەوە

٢١. جوان هەر مەرگی نەبێت، ئازاری جوان وەسە دڵۆپەی بان.

٢٢. جووتێك گورگ یەك گرن، کەس چاریان ناکات.

٢٣. جووجەڵەی بەهار لە پاییزدا ئەژمێردرێت. «پەلە مەکە».

٢٤. جۆی دیوە، کا ناخوات.

٢٥. جەردەی بیٚسیلاح دوکتۆر ئیمڕۆیە موبتـــەلای ئـەوان هـەر ڕەنـجەڕۆیـــە
تـالاٚنت ئەکەن بژیت یان بمریـت پـارەیان ئەوێـت، قـەیناکـا بـمریت
تالاٚنت ئـەکەن، مەچۆ بۆ لایـان هیـچ قـازانج نابـەی تـۆ لـە دەوایـان

٢٦. جەزای چاکە بە چاکە، چاکە و سەهل و ئاسانە
جەزای خراپە بە چاکە، با گـرانە، ئیـحسـانـە

٢٧. جەماعەت جەمە، هەر منتان کەمە.

٢٨. جەماعەت و ڕەحمەت. «واتە: ڕەحمەتی خوا لەگەڵ جەماعەت دایە، لە ناویاندا دەرمەچۆ»

٢٩. جەنجاڵ کردنی دەوری نەخۆش، پەلە کردنە بۆ مردنی. «خەفەی مەکەن. ئێستا تەلەفوون هەیە و لە ماڵیشا هەمیشە ئەتوانن ئەحواڵی بپرسن».

٣٠. جەوهەرت وەکوو دەبان ئەتکێ		بەلاّم زووانت لە ترسا ئەشکێ

٣١. جەهەننەم وتی: وە «هَل مِن مَزید»؟		بۆت مەعلوومئەبێت بەدبەخت و سەعید

بەدبەخت کەسێکە بە بێ ئیمانی		چووبێتە دەرۆ لە دونیای فانی

٣٢. جەهەننەم لە نیوەیشیا بگەڕێتۆ هەر باشە. «واتە: تۆبە بکە»

٣٣. جیاوازی بخەرە بەین خەڵك و خۆت، ناوجی بکە و ببە بە ئاشتیخواز و ببە بە ئاغایان. «ئەمە شیعاری ئاغای زوو بووە»

جاکەسێك ژێر بێت بەگوێیان ناکات		خۆی لە دوو دونیا، ماڵ ویران ناکات

٣٤. جیماعی زۆرزۆر وەکوو پاساری		کەم عومری دێنێ، هەم دەردەداری

«نامی»

***

پیتی ‹ چ ›

پەندی پێشینان

١. چارە و کارە چوون بۆ دیوان   چـارە هـاتۆ بە پـلـی زیڤـان
کـارە هاتـۆ چـاو بە گریـان

٢. چاکترین جوان کەسێکە ڕەفتاری وەکوو پیران بێت و خراپترین پیر کەسێکە ڕەفتاری منالآنە و هەرزەکارانەی بێت. «ئیمامی غەزالی»

٣. چاك نازانیت، خراپیش مەڵێ.

٤. چاکە بیخەیتە بن گۆم، ون نابێ.

٥. چاکە لە چاکە ئەبێتۆ. «بۆیە خوایش جەزای چاکەی بە چاکە داوەتەوە»

٦. چاکەت لەگەڵ خەڵك زوانی ئەبەسێ   بـۆ خـراپ‌کـاریش دەستـی ئەبەسـێ

٧. چاکەن بۆخەڵکی وا لە بێخ چاوۆ   ئـۆخـەی وا دڵـم تـەواو حـەسـاوۆ

٨. چاوبازە ناگیرێ.

٩. چاو بە چاو ئەکەوێت و ڕوو بە ڕوو.

١٠. چـاو زۆر کەسـی خـستوەتە نـاو قـەبرو زۆر وشترێـشی خـستوەتە نـاو دیـزە. «حەدیسە»

١١. چاوە ڕاسەکەم، چاوە ڕاو مەکـە   خۆت تووشی دەردی بێ دەرمان مەکە

١٢. چاوەڕێی کەس مەبە، زەحمەت بکێشە و نانی بێ منەت بخۆ.

١٣. چاوەزار، ئەمپارێزێ لە ئازار.

١٤. چاویان بۆ دیتن داناوە و گوێیان بۆ بیستن.

١٥. چـاوی ڕشـتـووە بۆ گەمـە   سوورزنە لووتەی سەگ دەمە

١٦. چ باسە؟ هەموو هەر سەری تاسە.

١٧. چ دایەنێ لە دایك باشترە؟ «هیچ!».

١٨. چرا لەپشت سەرۆ ڕۆشنایی نادا، «خێرێ ئەکەی بیخەرە بەر خۆتۆ».

١٩. چرایەك پێویستی ماڵت بێ، بۆ مزگەوت حەرامە.

١٩. چرای ناکەسان تا بە ڕۆژ گڕیا — کۆنە وەجاخان ڕێ و شۆینیان بڕیا

٢٠. چرایەك کە خوا هەڵی گیرسێنێ — هەرکەس فووی لێ کا ڕیشییەسووتێنێ

٢١. چرایێ کە خوای گەورە هەڵێکا — ڕیشی ئەسووتێ هەرکەس فووی لێ کا

«وەرگێڕاوە لە شیعری سەعدی»

٢٢. چل خەم، چل خەیاڵ چلیش وەسواسە — سێ چل چۆن دەرکەم بە یەك هەناسە

«مەولەوی»

٢٣. چلکە فیکان ئەزانێ و فرمان کردن نازانێ. «چلکە فیکان = ئەڵۆاتی‌یە»

٢٤. چل ماڵ هاوسێ بە دەور یەکا نامەحرەم نین ئەگەر موسڵمان بن. «حەدیسە»

٢٥. چوار برا بوون یەکێکیان لێوی نەبوو پیان ئەوت فوو بکە لە ئاگر. «زۆر نابارە!»

٢٦. چوار فەسڵە خۆشە نە وەك بەهاران — قاسپە قاسپی کەو لە ناو گوڵزاران

«فۆلکلۆری کوردی»

٢٧. چوار مانگە و دە شەوی چی؟ هەفتا ڕۆژە شووەکەی مردووە، مەڵێن پەلەیەسی بۆ شوو.

٢٨. چۆلەکەیش خوایەکی هەیە. «واتە: ڕەحم و بەزەییت ببێت بۆ ئەوانەی لاوازترن»

٢٩. چۆلەکەیش قنگ هەڵئەتەکێنێ. «واتە: دەسەڵاتی هەر ئەوەیە»

٣٠. چۆلەکە لەبەر ئاوا باڵە تەپێ بکا، بە تەجرەبە مانای ئەوەیە کە ئەبارێ.

٣١. چۆلەکەی کوێر، خوا هێلانەی بۆ درووست ئەکات.

٣٢. چۆلەکەیەك لە دارێ کەوتە خوارۆو وتی: چوار کیلۆم کەم کردووە ئەوەندە ترساوم، وتیان تۆخۆت دە مسقاڵ نابیت، چۆن چوار کیلۆ کەمت کرد؟ وتی: هەرکەس سەنگ وەمەنی خۆی.

٣٣. چۆنی لەبۆ خۆت واش بە بۆ خەلکی — ئەوکاتە پیاوی باش و بەکەڵکی

«لە حەدیسەوە وەرگیراوە»

٣٤. چوومە چەمی‌چەق چەقان — چەقەڵ چەڵتووکیەتەقان

٣٥. چوومە سەیر ماڵی میران — کارەکەر، کارەکەرمەگیران

٣٦. چوومە ماڵی جوولەکە — قوڵتە قوڵتی کوولەکە

٣٧. چوومە ماڵی موسوڵمان — دەنگی یاسین و قورئان

٣٨. چووی بۆ دوور، بووی بە پوور.

٣٩. چوویتە شارکوێران، دەسگرە بەچاوتۆ — ئەگەر تالیبی ڕەسم و یاسای تۆ

٤٠. چ دڵێك بێت و خەم نەبێ تێیدا — مەر کەلاوەی کۆن، کەس نەچێ پێیدا

٤١. چەقۆی لێنێی، خوێنی نایێ. «ئەوەندە داخ لە دڵە»

٤٢. چەڵتووك حەز ئەکات بنەکەی لە ئاو بێت و سەرەکەی لە ئاگرا، بۆیە لە گەرمیانا برشتی زۆرە.

٤٣. چەم بێ چەقەڵ نابێت، بێشەش بێ شێر.

٤٤. چەن خۆشە ئاشتی لەدوای قاروقین — تۆبە پاش کوفری «ربّ العالمین»

٤٥. چی بکەم من لە دەس کارەکان گەردوون — شاڵینە لە کۆڵ لێم بووە بە خاتوون

٤٦. چێشت خۆش، بۆ نەخۆش.

٤٧. چۆلەکەیەکی یەك ساڵانە، دوو ساڵانەیەکی خلەتاند.

٤٨. چۆنەر تا تەنك بێت، سەلکی قەویترە.

٤٩. چۆنەریش خۆی بە مێوە دائەنێ. «داخم ئەوەیە».

***

پیتی < ح >

پەندی پێشینان

١. حازر خۆری و قەراخ نشینی بۆ کەم کەس دەس ئەدا بە چاو ببینی.

٢. حازر لە قەرز باشترە. «بۆیە وتراوە: بیدە بە هەشت، بیگرە لە مشت، مەیدە بە دە و بۆی بکەویتە دەو»

٣. حاشا لە ماڵ گەن، کەس ناڵێ بە چەن.

٤. حاشا لەو خوێنە شەوی بەسەر هات.

٥. حاشا لەو قافڵە پێشاهەنگی کەر بێت.

٦. حاکمێ ناردی بە شوێن حەکیمێکا کە بێت بۆ لای. وەختێ هات، حاکم وتی: حەکیم بۆچی دیارت نیە؟ حەکیم وتی: تا تۆ ئەوەندە بە دەمار بیت و منیش بە قەناعەت، کەمتر چاوت بە من ئەکەوێت.

٧. حوکمی مناڵ لە حوکمی شا توند ترە، «بۆیە پادشایێ وتوویە: بمبەنە جێگەیەك کە لە خۆم گەورە تری تیا نەبێ. واتە مناڵی تیا نەبێ».

٨. حەج وا لەبەر دەرگای خۆتا، فەقیردێتە بەر دەرگات باش بڕۆ بە دەمیەوە.

٩. حوکمی حاکمە و مەرگی موفاجات — چارەی هەر نیە مەگەر بە مەمات

١٠. حەز ئەکەی چەقۆ بە دەستۆ هەڵ بێ — نقورچك بگرە لە دۆم، هەرجۆر بێ

چوون ئەوان خەریك سیرمە و کڵاشن — بۆ چەقۆو هەسان وەسایێ باشن

١١. حەسود هیچ جۆرێ بۆت ڕازی نابێ — هەتاکوو نان و نیعمەتت مابێ

«ئەم ئیشارەتە وتەی سەعدییە — ڕاستی فەرمووە و هیچ شکێ نیە»

١٢. حەقێکت هەیە حەواڵەی خوای کەیت — حەقت ئەسێنێ و خۆت ڕزگار ئەکەیت

یا لە خەزنەی خۆی جێبەجێی ئەکا — هیچ ئازارێ ئەو لە سەر تۆ ناکا

یا ئێحسانی ئەو ئەنووسێ بۆ تۆ — یا عەزابیەدا لەسەر حەقی تۆ

١٣. حەکیم خاس تەنیا خواس.

١٤. حەوت کچ کوێری بێ، هەموویان بە شەوێ ئەدا بە شـوو. «ئەوەنـدە لـێ زان و خۆش مامەڵەیە»

١٥. حەوت کفنی زەرد کردووە. «ئەوەندە ترساوە»

١٦. حەوتی بـمرێ لە باوان کلەی نابڕێ لە چاوان

١٧. حەیادار لە حەیای خۆی ئەترسێ، بێ حەیا ئەڵێ: لە من ئەترسێ.

١٨. حەیفە شتی خۆش بۆ نەخۆش، کە تەبێعەتی نایبا.

١٩. حەیفە لۆتی بمرێت تۆ بمێنی، لە لۆتی بێ حەیا تری.

٢٠. حەیوان گوتویەتی: بکەومە چاڵ بەو شەرتەی ساحێبەکەم چاوی لێمەوە بێت.

٢١. حەیوان لە دوای حەیوان نەفرەت ئەکات، تەنانەت نێرەکەر لە نێرەکـەر. کەسـێك ئەو کارە بکات لە کەر پیس‌ترە. «تایفەی حەزرەتی لوت‌ﷺ ئەو کارەیان ئەکرد، بۆیە خوای گەورە تەفرو توونای کردن».

٢٢. حیجاب و شەرم و حەیا زینەتە بۆ ژنانە بێ شەرمیو بێ‌حەیایی ئاوات دڵی شەیتانە

٢٣. حیزی بە دەسەوام ناژمێررێ.

٢٤. حیز، بە خاڵۆی خۆی فێرە.

٢٥. حەزرەتی نوح‌ﷺ ١٠٤٠ ساڵ عومری بوو. لە زنجێکا ئەژیا. وتیـان پێـی بـۆ مـاڵ ناکەیتۆ؟ وتی: عومری کۆتای دنیا بە کار ئەوە نایێ ماڵی بۆ بکەیتەوە. وتیان: لەم هەموو عومرە دنیات چۆن هاتە بەرچاو؟ وتی: دنیا وەسـە مـاڵی دوو دەرگـا، لـەمیان دێـت و لەویان ئەچیتە دەرۆ.

***

پیتی <خ>

پەندی پێشینان

١. خاسە بکە و خراپە مەکە. «ئەم پەندە لەوە وەرگیراوە کە ئەڵێن: پیاوێکی جاف چوو بۆ خزمەتی مامۆستای دەرس بێژی حوجرەی بیارە، مەلا قادری گەورە، ١٥ فەقێی لە دەوردا بوو و خەریك بوو دەرسی پێیان ئەوت و کتێبی زۆر لەبەر دەمیاندابوو. پیاوە جافەکە ڕووی کردە مەلای گەورە و پرسی: مامۆستا ئەم کتێبانە ئەڵێن چی؟ مامۆستا نەیزانی کە چۆن وەڵامی بداتەوە چونکە کتێبەکان هەرکام لە بابەتێك بوون و نەشئەبوو بە کابرا بڵێت. چوون تێ نەئەگەیی و بۆی حاڵی نەئەبوو. پیاوەکە وتی: مامۆستا زەحمەت مەکێشە خۆم ئەزانم، هەر هەموویان ئەڵێن خاسە بکە و خراپە مەکە. مامۆستاش فەرمووی بەڕاستی هەر وایە کە تۆ فەرمووت».

٢. خاسی بخەیتە بن گۆم، گوم نابێت.

٣. خاسی، لە خاسی خەڵك ئەبێتەوە — هەتاکوو دونیا ئەبڕێتەوە

٤. خاسی خەڵك بڵێ لە پاش مردنی — باشترە هەتا غەیبەت کردنی

٥. خاکت بە ڕەنجت بکە بە کیمیا — بیکە بە گەنم، یان بە لۆبیا

بە ڕەنجی شانت نان خۆ، تا ماوی — ئیتر بە پیریش هەر گەنج و لاوی

تۆ کەشاوەرزی بکە بە پیشە — قایمکە لە عەرز، هەم ڕەگ، هەم ڕیشە

٦. خاك لە ئەمانەت خەیانەت ناکا.

٧. خاکی بەر پێی بۆ حەوت دەرمان ئەشێ. «ئەوەندە پیاوچاکە»

٨. خاکی سەر قەبران مەبەرۆ بۆ ماڵ — ئەگەر پاشا بی، ئەبی بە حەماڵ

«نامی»

٩. خاڵۆی ترۆزی ئەمڕۆ نە، سۆزی.

١٠. خاڵۆی دەستەوسان، خوای گەرمیان و خوای کوێستان.

١١. خاڵۆی هەوانە لە پشت، ئێمە بە خواو ئێوە بە گشت.

١٢. خانم لە عێراق، خان لە ئێرانە ئەمە بۆ ئێمە جێی سەرسوورمانە
١٣. خانم و خان و خاتوون لە یەك كارخانە دەرچوون
١٤. خان نیسبەت بەم لە گیانم فەورەن ئەبێ بە خانم
١٥. خان «توو» بخەیتە ناوی ئەكرێ بە خاتوون ناوی
١٦. خانمێ بوو سەرسەری دانیشتبوو لە پێنج دەری
پشیلە هات گۆشتەكەی بەری عاری لێ هات ختەی كەری
١٧. خانە بە خەنە، شەهاب بە مەزاق حەیدەر بە درۆو فەتالی تەلاق

١٨. «حاكمی وەختی سنە، نۆكەرێكی ژیری ناردووە بۆ تاقی كردنەوەی سەرۆك عەشیرەكانی مەریوان. لە گەڕانەوەدا بە حاكمی وتووە: خانە بە خەنە، شەهاب بە مەزاق، حەیدەر بە درۆ و فەتالی تەلاق. خانە: باوەگەورەی بەگەكانی شێخەكوێرە بوو. شەهاب: باوەگەورەی كۆنەپۆشییەكانە. حەیدەر: باوەگەورەی هۆزی حەیدەر بەگی. فەتالی: باوەگەورەی فەتالی بەگی».

١٩. خاوەن ماڵ دەستی هەڵگرت، دز دەست بەردار نیە.

٢٠. خەزێنەی باش زانینە، تا بەشی خەڵكی لێ بدرێت زۆرتر ئەبێت. «كەوایە درێغ لە خەڵك مەكە».

٢١. خزمان گۆشتی یەكتر بخۆن، ئێسقانی یەكتر ناشكێنن.

٢٢. خوا ئاگای لە خشەی مارو چرپەی مێرووله هەیە، «هۆشت بە خۆتەوە بێت».

٢٣. خوا بار لەكەس نەنێ، باری گرانە.

٢٤. خوا بدا مەرگم، زاوا نەكا بەرگم.

٢٥. خوا بكا ئەم دەس موحتاج ئەو دەس نەبێ.

٢٦. خوا بكا هیچ ماڵێ بێ گەورە نەبێ.

٢٧. خوا تا كێو نەبینێ بەفری بە سەردا نابارێنێ. «یا:
خوا هەرگیز كاری نابەجێ ناكا تا كێو نەبینێ بەفری تێ ناكا»
٢٨. خوا بە ڕەحمی خۆی خراپتر نەكا ئەرنا هەڵئەگرین هەرچیكمان لێ كا
٢٩. خوا ئەگەرحەزكات عەبدی بێ خۆشحاڵ لەبۆی ئەنێرێت گەوهەری ئیقباڵ

٣٠. خوا پێی‌نەدا بە مارو شاخی‌نەدا بە کەر — با خەڵکی بژین بە بێ دەردی سەر
٣١. خوا تەختە تاش نیە، تەختە ڕێك خەرە — هەرچی کەین بێ ئەو، گشت بێ سەمەرە
٣٢. خوا بە سەبر ئەیکات و بە زەبر ئەیکات.
٣٣. خوا پشیلەی ناسی باڵی پێ نەدا، کەری ناسیوە شاخی پێ نەدا.
٣٤. خوا چوار وەرزمان لێ نەگۆڕێت، «چونکا هەر وەرزێك سەیرو سەفای خۆی هەیە».
٣٥. خوا حەقی بزنی کۆڵ بە سەر بزنی شاخدارەوە ناهێڵێت.
٣٦. خوا دەردێك ئەدات لە تاقەت دەرچێت.
٣٧. خوا دەرگایەك ئەگیرێنێت، هەزار دەرگای‌تر ئەکاتەوە.
٣٨. خوا دێر گیرە و سەخت گیر.
٣٩. خواردن و خەوتنی زۆر، تەمەڵی و نەخۆشی دێنێ.
٤٠. خوا ڕیشێ پان و زوبانێ لووسم پێ بدات، ڕزقی خۆم لەسەر خۆمە. «ئەڵێن ئەم پەندە پاوەیی وتویانە»
٤١. خوا زیادی کا بەقایە، تێرمان نەخوارد چ فایە.
٤٢. خوا سەر خۆش کات، کڵاو زۆرە.
٤٣. خوا سەرما بە ئەنازەی ماڵ ئەدات.
٤٤. خوا عەقڵی بە خۆت نەداوە، تا بیدا بە منداڵەکانت.
٤٥. خوا فەرموویە لە قورئان: — «اَلطَّلاقُ مَرَّتان»
بڵێین بە قەومی کوردان — عەیبە بە حەقی قورئان
ژن هێنان و تەڵاق دان — ژن هێنان و تەڵاق دان

«حاجی قادر کۆیی»

٤٦. خوا قاڵاو نیە چاوی کەس کەنێ — کێو ئەبینێت و بەفری لێ ئەنێ
٤٧. خواکەی سەبەب ساز، سەبەب سازەنی — پادشای گەورە و بێ نیازەنی
دەردم دەوا کە، پەنام هێناوە — نەجاتم بدە لەم دەردو داوە
٤٨. خوا کڵاو بۆ بەڕوویش درووست ئەکات، «ئیتر خەمی چیتە».

٤٩. خوا کە ویستی کارێك بکات، ناپرسێت عەلی کوڕ کێیە؟.

٥٠. خوا گەر حەز بکا عەبدێکی خۆی بکا بە خۆشنوود، ئەنێرێ بۆی لە ڕێگـەی دوور گەوهـەری مـەقسوود.

٥١. خواگیان کەم بێ و بە کەرەم بێ. «بە تاقانە وا ئەڵێن. ئەمە پەندێ ترە: کـەمی بـە بەرەکەت، باشترە لە فرەی بێ بەرەکەت».

٥٢. خوا گیان هەرکەسێك تۆی نیە، چی هەیە؟ هەرکەسیش تۆی هەیە، چی نیە؟

٥٣. خوا لە جەهەننەمدا ئاشێکی ناوەتۆ سەری مەلای ئاخر زەمانی پێ ئەهاڕێ؟

٥٤. خوا لە سوڵتان مەحموود گـەورە تـرە. «ئەم پەندە لەو داستانەوە گیراوە کە ئەڵێن: سوڵتان مەحموو وتی بە نەجاڕێك (دارتاشێك) تا چل شەوی‌تر دە عەدڵ ئاردە مشارم لێت ئەوێ، ئەگەرنا ئەتکوژم. نەجاڕەکە ئەیزانی بۆی جۆر نابێت خۆی بـێ خـەیاڵ کـردو بـێ خەم لە ماڵەوە بۆی دانیشت. هەموو کاتێك ژنەکەی پێی ئەوت: پیاوەکە هەوڵێك بـدە، لە ماڵەوە دامەنیشە، ئەویش ئەیوت ژنەکە خـوا لـە سـوڵتان مـەحموو گـەورەترە. «چـل شەوەکە تەواو نەبوو سوڵتان مەحموو مردو نەجاڕەکەش نەجاتی بوو».

٥٥. خوا لە شەڕی شەیتان و لە فیتنەی ئاخر زەمان و بـەڵای ناگـەهان و ژنـی سـەڵیتە لامان بدات.

٥٦. خوا لە کەس لارۆ نەبێ، دەردی گرانە.

٥٧. خوا لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە یارمەتی خەڵك ئەدەن.

٥٨. خوا لە هەموو کەس باشتر ئەزانێت. «لەوانەیە ئێمە نەزانین قازانج و زیانی بڕێك لە کارەکانی خۆمان کامەیە».

٥٩. خوا ماڵت بە قوڕگی زاڵم و دوکتۆردا نەکات.

٦٠. خوا موڵکی خۆی چۆڵ ناکات بۆیە بنۆڵ (بن دۆڵ) ئاوەدانە. «بنۆڵ نـاوی ئاوایێکـە لە هەورامانی شامیان لە ناو تاش و بەردا ئاوەدان بووەتەوە. ئەڵێن لە ساڵی ١٣٧٨دا بە هۆی بێ ئاوییەوە، تەنەکەیەك ئاویان ئەسەند بە سەد تمەن».

٦١. خوا مەلایەکەیەکی درووست کردووە و بەردێکی داوە بە دەستیەوە کە بیدا بەسەر کەسێکا کە لە عەقڵی خۆی ڕازی نەبێت، بەڵام لەو کاتەوە درووستی کـردووە هـەروا

بەردەکە وا بە دەستیەوە و کەسێکی پەیدا نەکردووە.

٦٢. خوا مەلایەکەیەکی هەیە کە هەمیشە بەم جۆرە زیکری خوا ئەکات: پاکی و بێ عەیبی بۆ خودایێکە کە زینەتی داوە بە پیاوان بە بۆنەی ڕیشەوە و زینەتی داوە بە ژنان بە بۆنەی زوڵفەوە.

٦٣. خوا هەر کاتێك بیەوێت کارێك ڕێك بخات، ئەسبابەکەیشی بۆ دابین ئەکات.

٦٤. خوا یار بێ، با دونیا هەر مار بێ.

٦٥. خوای گەورە ئەوەی لە منت ئەوێت، حەقی خۆتە، ئەوەش لە منت ناوێت ڕەحمی خۆتە.

٦٦. خوای گەورە حازرو نازری ڕەفتارو کرداری هەموو کەسێکە.

٦٧. خوای گەورە لە ئەنجەڵ لام بدات، مەنجەڵم ناوێت.

٦٨. خوای گەورە هێزی گەورەیی خۆی بە خولقاندنی شتی نایاب و عەجایەب پیشان ئەدات. «بۆ ڕاستی ئەم پەندە لە ڕۆژی دەیەمی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی لە ئاوایی «پێلە»ی مەریواندا بزنێك کارژەلەیەکی بوو کە سەرو دەم و چاوو سینەی لە ئینسان ئەچوو و لە سینەی بەرەو خواریش لە کارژەلە. ئەم ڕووداوە وێنەی لێ گیراوەو بە خەڵك نیشان دراوە. وە ئێستاش زۆربەی ئەو ڕووداوە سەر سوڕ هێنەرانە بە زۆری فیلمیان لێ گیراوەو کەم کەس نەیدیبێتن. بەڵام کەم کەس ئیمانی لەم بارەوە هێقم و مەحکەم کردبێ».

٦٩. خوا یەکە و پێغەمبەر هەزار — نیعمەتی زۆرە و نایەتە ئەژمار

٧٠. خۆپەسەندی عەیبێکی زۆر گەورەیە، «ئامان تۆ نەت بێت».

٧١. خۆتان مەپۆشن لە بای بەهاری — با نەشوو نما بکەن یەکجاری

٧٢. خۆت لادە لە ژنی پیری بەد ڕۆخسار — تەئسیری ژەهری پیسترە لە مار

«نامی»

٧٣. خۆت بکوژی لە ڕێگای بۆرە پیاوا، ئەڵێ بە دەردی خوایی مرد.

٧٤. خۆت لامەدە لەو خێرە — واز لە نۆکەری بیرە

هەتا زوو چی بە دەمیۆ — هێشتا هەر ئەڵێن دێرە

٧٥. خۆت مەکوتە جەوتە. «دوو نەفەر بۆ سواڵ ئەچنە دێیەك، تەماشایان کرد ژنان تیانەیەکی زلیان لەسەر ئاور ناوە. وایان زانی چێشت و شتی وایە. یەکێکیان بە پەلە ڕای کرد، کە تەماشای کرد تێگەیشت کە ئەوە وا لە ناو تیانەکە دا، جەوتە و بۆ ڕەنگ کردنی مەشکە ئەیکولێنن. بانگی لە هاوڕێکەی کردو وتی: خۆت مەکوتە جەوتە».

٧٦. خۆت مەخە داوی شەیتان دوور بە لە مەکری ژنان

٧٧. خۆت مەدە بە دەم خەم و خەیاڵۆ دانیشە بێ خەم، بۆخۆت لەماڵۆ

٧٨. خۆت مەکە بە پەن، داردەس کەس مەبە ڕیسواو شەرمەزار حوزوور کەس مەبە

٧٩. خۆت مەکە بە گاڵتەی خەڵك بە قسەی پووچ و بێ کەڵك

٨٠. خۆت ناشیرین مەکە لەبەر چاوی خەڵکدا با گوێت لێ بگرن.

٨١. خۆ جواب شەق نیە، «کە وتی فلاَنە شتت پێ نادەم دەس هەڵگرە».

٨٢. خۆ خۆت ئەزانی هۆزی حسەینیم هەر خۆت بە قوربان تیکەی نیو مەنیم

٨٣. خودا ئینسانی بۆ کار درووس کردووە، ئەگەر کارێ بۆ خۆت نەدۆزیتۆ، خەیاڵ لە ڕێ لات ئەدا.

برۆ کار بکە کابرای بێکارە سەربەرزی بەشەر بە ئیش و کارە

٨٤. خودا بدا نیازم حەوت ژنت بۆ ئەخوازم

یەکێ ئاڵ و والاَ بێ یەکێ نیمچە بالاَ بێ

یەکێ زەردی بەر کولێن یەکێ تیکە هەڵگلێن

یەکێ تورکی تەماشا یەکێ دوختەری پاشا

یەکێ ئەونە جووان بێ لەمانە بکا حاشا

«دایکێ بۆ کوڕەکەی ئەم دەسە شیعرەی وتووە»

٨٥. خودا خۆی قینی لە کەس نیە، ئەگەر سزای کەسێك بدات خەتای بەد ڕەفتاری خۆیەتی.

٨٦. خودا لە ناڵدارو باڵدار بمانپارێزێت. «مەنزوور حکوومەت و سوون و کولەیە».

٨٧. خودا مامڵە لەگەڵ دلاَ ئەکات، هەرکەس نیەتی لەگەڵ خوا بێ جەزای لەسەر خوایە.

٨٨. خودا ناسی بە دڵە بە زار نیە. «زار: دەم و زبان»

٨٩. خۆ دوای تۆ ئالآیی و کوتەڵت بۆ ناکەم. «زوو کەسێك بمردایێ، بەرگ و لیباسەکەیان ئەکردە کۆتەڵ و ئەیاندا بەسەر زینی ئەسپێکداو ئەیانگێڕاو بۆی ئەگریان و ئەیان لاواندەوە، بەمەیان ئەوت: ئالآیی و کۆتەڵ».

٩٠. خۆ دەستت لە خەنە نەگیراوە، بۆچی ئیش ناکەیت.

٩١. خۆراکت خەم بێ، بەرگت پەڵاس بێ
بە شەرتێ هاوسەر شەوانت خاس بێ

٩٢. خۆزگا ڕەحمیخوا وەختێ بەش ئەکرا
بە گوێرەی گوناح خەڵکی بەش ئەدرا

با بەشم زۆرتر لەو ڕەحما بووایێ
هەموو گوناحم لە بتەین بچوایێ

٩٣. خورما لە بەنەم زۆرە، جا بە ئێمە چی.

٩٤. خۆزگا ڕێواس بەدەم من بجاوایێت و بڕوایەتە سك گۆران، شنگ بە دەم گۆران بجاوایێت و بڕوایەتە سك من.

٩٥. خۆزگە بەو کەسە بە کچی شووت پێ کردووە. «پیاوی فێڵاوی بە بێوەژن وا ئەڵێت»

٩٦. خۆزگە بەو کەسە خوای لێ ڕازیە
مەلایە، شێخە، بەگ، یان قازیە

٩٧. خۆزگە بەو کەسە کە خۆی ئەناسێ
خۆی ناخاتە ناو هیچ دەنگ و باسێ

٩٨. خۆزگە بەو کەسە کە خەڵك لە دەست و پێ و زمان و دڵ و فکری ڕازی بن. «لە حەدیسەوە وەرگیراوە»

٩٩. خۆزگە بەو کەسە نەیناسیوە. «بۆ کەسێك ئەمە ئەڵێن کە مردووە یان زۆر چاکە یان زۆر خراپ»

١٠٠. خۆزگە بەو کەسەی کاری بەکەڵکە
بە زمان و حاڵی، کۆمەکی خەڵکە

١٠١. خۆزگە دایکت لە جێی تۆ مارێکی بوایێ
با گیرم بە دەستۆ نەخواردبایێ

١٠٢. خۆزگە دایکی عومەر، عومەری نەبوایە. «ئەم خۆزگە، حەزرەتی عومەر ﷺ فەرموویەتی، ترساوە لە ئەرکی قورسی ڕابەرایەتی موسوڵمانان».

١٠٣. خۆزگەمان بە کفن دزی پێشوو کە هەر کفنەکەی ئەبردو بێ حورمەتی بە مردووەکە نەئەکرد.

١٠٤. خۆزگەم بە خۆم کەرم نیە — بۆ کاو بۆ جۆی خەمم نیە

١٠٥. خۆزگەم بەو کەسە منالّی نیە — ئا لەم زەمانە سەرقالّی نیە

١٠٦. خۆشە ئاور خۆشە دوو — برایش خۆشە، نەك وەك شوو

«ئەلّێن: ژنێك لەگەلّ براکەیدا لە سەفەردا ئەبن. ژنەکە لە ڕێگادا سەرمای ئەبێ، براکەی داری تفەنگەکەی ئاور ئەدا تاوەکو خۆشکەکەی گەرمی بێتەوە، ژنەش کە گەرمی بووەتۆ ئەمەی وتووە...»

١٠٧. خۆزگە مرۆ بەرلە هەموو کەس خۆی بناسیایە، جا ئەو جار باشتر خوای ئەناسی. «لە حەدیسەوە وەرگیراوە».

١٠٨. خۆشەویستی منالّ وا بە هۆجەنەکەی کەماوە.

١٠٩. خۆشەویستی بەڕاستی لەکە لە دلّ لا ئەبا.

١١٠. خۆ گۆشتی گەردە مل نیە، لە کۆلّ نەکەوێ. هەر ژن موشتەری زۆرە.

١١١. خولکەکەی، پاوەیی‌یانەیە. «ئەلّێن مامۆستا مەولەوی ئەڕوات بۆ پاوە بۆ سەردانی دۆستێکی، پاش چەند ڕۆژ مانەوە خواحافیزی لە دۆستەکەی ئەکات، دۆستەکەی ئەلّێت: مەولەوی پەلەت کرد، من کاوڕێکم دانابوو بۆتی سەر ببڕم. مەولەویش وتی: مادام کە وایە دلّت نایەشێنم و پاشان گەڕاوەتەوە و کاوڕێکی پێ سەر بڕیوە... ئیتر ئەوەلای لەسەر خوێنەران».

١١٢. خولکی تووڕکیم بکە، بەلاّم خولکی چناریم مەکە. «یانێ: خولکی باشم بکەو بپێچیە پێمەوە وەك دڕکی تووڕك، نەك بە لا دەمێکەوە وەك ساف چنار...».

١١٣. خۆلّم لە کۆش کە و بە سەرم کە.

١١٤. خولە خۆڕایی مەبە. «لە کوردەواریدا بە مەحوو ناو ئەلّێن: خولە».

١١٥. خۆ ماس نیە بە دەمتۆ دیار بێ.

١١٦. خۆم کردم بە خۆم سەنگ بارانم کەن — وێلّ و دەربەدەر نێو شارانم کەن

«فۆلکلۆر»

١١٧. خۆگربن لەبەر مەینەت و زەحمەت — تا ئەکرێتەوە دەروازەی ڕەحمەت

«نامی»

١١٨. خوێندنی قورئان سەرچاوەی نوورە   بێ نـوورە هەرکەس لـە مەعنای دوورە

«نامی»

١١٩. خۆی لێرە نیە، خوای لێرەیە. «واتە: خوا لە هەموو شوێنێك حازرە و خۆشی لە غەیبەت کردن نایەت».

١٢٠. خوێندنێك کە نەبێتە هۆی زیاد بوونی دین و عەقڵ و ئـاوەزو تەجروبـە، تووڕێـك ناژیت.

١٢١. خەتا گردە، بە کۆڵ کەسۆ ناوێسێ و کەس ناچێتە ژێری.

١٢٢. خەتەنـە فـەرزە نـەك لـە بـنا   قـسـەت بـە تەئـسیـرە، نـەك لـە منـا

١٢٣. خەجاڵەت خۆم چیمکرد بـەخۆم   کـە تـۆم کـرد بـە ڕەفیقـی خـۆم

١٢٤. خـەرمـان کوتانن کار بزن نیـە   گـای ئەوێ برا، خۆ شـۆخـی نـیـە

١٢٥. خەر بەستە، خاوەن ڕەستە.

١٢٦. خەرج زەماوەن و بەنایی، حەزرەت عەلی زامنیەتی.

١٢٧. خەریکم ئەتەقێمۆ.

داوای عەفوو عافیەت ئەکەین لە خـوا تا ماوین

بۆ ڕەحـمی عموومی ئەو تا ماوین، هەر داماوین

١٢٨. خەریکم وەك فیشەك ئەچم بە حەوادا. «ئەونە خەمبارم».

١٢٩. خەریکی چاك کردنی عەیبی خۆت بەو عەیبی خەڵك مەڵێ.

١٣٠. خەسار لە نیوەشا بگەڕێتەوە، هەر باشە.

١٣١. خەسوو بۆ پیاو بە جووتێك گا دانراوە، بۆ ژن بە دوژمن.

١٣٢. خەسووت خۆشی گەرەك نەبوو، بۆیە تا تۆ هاتی بەشت نەمابوو.

١٣٣. خەسووم عەمری نەمێنێ   بەیانی زوو هەڵمە ئەسێنێ

ئەچـێ ئـاوم پـێ ئێنـێ

«ئەمە وتەی ژنێکە، زووتر بووك بە دەس خەسووەوە ئەیناڵان، ئێستا خەسوو بەدەس بووکەوە ئەناڵێنێ، لەبەر بێ عورزەیی کوڕ».

١٣٤. خەڵکی ئەڵێن چیم کردووە کە خوا ئاوام پێ ئەکا. «من ئەڵێم چیم نەکردووە کە خوا ڕەحم پێ ئەکات».

١٣٥. خەڵکی زوو توولْ پەرەست بوون، بەڵام خەڵکی ئێستا پوولْ پەرەستن.

١٣٦. خەڵکی سەگ لێی ئەوەڕێ، من پشیلە. «ئەوەندە کەم بەختم»

١٣٧. خەم بوو بە نانم، خەم بوو بە بەرگم — خەم بوو بە دەرزی، چەقیە نێو جەرگم

«فۆلکلۆری کوردی»

١٣٨. خەم خەمی کردووم وەکوو گۆچانم — وا ئێستا قەدری جوانیم ئەزانم

خەم بوو بە نانم، خەم بوو بە بەرگم — خەم بوو بە نەشتەر، کونی کرد جەرگم

١٣٩. خەم و خەفەتت بە بەدەم باوۆ — دانیشە بە لای کەرەم خواوۆ

«واتەی کوردی جاف بووە»

١٤٠. خەمی زۆرم هەس، جێم نیە تێی کەم — مەر بە بای شەماڵ پەڕەوازەی کەم

١٤١. خەم هات و بە زۆر دەرگای پێ گرتم — بۆیە هەژارو کزو دەست کورتم

١٤٢. خەم و خەیاڵ و خەفەتی دڵم — هەر لەگەڵمایە و دێتە ناو گڵم

«فۆلکلۆری کوردی»

١٤٣. خەم و خەفەت نەبێ هیچم نەخواردووە. «ئەڵێن ژنێك هەموو ڕۆژێك کە بەیانی شووەکەی ئەڕۆی بۆ کێو بۆ کار کردن، دوو کولێرەی زۆر گەورەی ئەکردو چەوری ئەکردو ئەیخواردو ئێوارە کە شووەکەی ئەهاتەوە، ئەیوت: پیاوەکە بە خوا تۆ لە ماڵ دەرچووی خەم و خەفەت نەبێ هیچم نەخواردووە»

١٤٤. خەم نابێ بە نانو ئاو بۆ هیچکەس — خۆت لە پێ مەخە بە خەمۆ بۆ کەس

١٤٥. خەم و خەفەت و ماتی، هیچ دەردێ دەوا ناکا

هەرکەس کە ژیر و ژوولە، بڕوا کارێ پەیا کا

١٤٦. خەنجەری تەنگانەیە. «دوو پیاو بوو بە شەڕیان و یەکیان ئەوی تری نا ژێرو دەستی کەوت لە خەنجەرێك کە بە بەر سکیەوە بوو. پێی وت: ئەمە چیە؟ وتی: خەنجەرە، وتی: بۆ چیتە؟ وتی: بۆ کاتی تەنگانەیە. وتی: جا لەمە تەنگانەتر هەیە؟».

١٤٧. خەوتنی شەو خەجاڵەتی ڕۆژی بە دواوەیە. «کەسێك کە لە تاقی کردنەوەکاندا (امتحان) قەبوولْ نەبێت ئەم پەندە بۆ ئەوە».

١٤٨. خەوت و مرد.

زۆر کەس خەوتووە و هەڵنەساوەتۆ — هیچکەس لەم دنیا نەحەساوەتۆ

١٤٩. خەوتووکەی خەوتوو خەوەر ئەکاتۆ — گوناحی خەڵکی مەخەوە ئەستۆ

١٥٠. مەڵێ فلانە کەس شێخی کامڵە — حەلالی گرێی هەموو موشکڵە

١٥١. خەوی بەربەیان کەم ڕزقی دێنێ. «حەدیسە»

خەوی بەیانی تا خۆر ئەکەوێ — هەرکەسێ بیکا، نەگبەتی ئەوێ

«نامی»

١٥٢. خەیاڵ پلاوە، با چەورتر بێت.

١٥٣. خەیاڵ خاو مەکە. «خاو بە مانای بەتاڵ مانایەکی تریشی ئەوەیە کە خاو دێیەکە لە مەریواندا کە زەوی و زاری بەپیت و بەرەکەتی هەیە، خەڵك ئاواتی لێ ئەخوازن».

١٥٤. خێر بۆ خوێش نەك بۆ دەروێش.

١٥٥. خێر خاوەنی خۆی دەدۆزێتەوە.

١٥٦. خێرو شەڕ هەردووکیان لە سەر زەوی دان، خەتای خۆمانە ئەگەر ڕێگای شەڕ ئەگرینە بەر.

١٥٧. خێر هاتووە بە پیریتۆ، خۆتی لێ لامەدە.

١٥٨. خێرو چاکە، بیخەیتە بن گۆمیش، هەر گوم نابێت.

١٥٩. خێری خۆت لەگەڵ خۆت بەرە لە بۆ گۆڕ — مەیخەرە ژێردەس منداڵ میرات خۆر

١٦٠. خێر بە بە خۆیشت مەیدە بە دەروێش — لایە لە ڕێتا نەخۆشین و ئێش

١٦١. خیگە بە دارە، وەرزی بەهارە — گرانی و قاتی چینی هەژارە

١٦٢. خیلافی شەرعت دی لە ئەهلی حاڵ — تێی هەڵدە ئەگەر بشفرێت بە باڵ

«نامی»

١٦٣. خێزانباری، خەفەتبارییە. تا ئەتوانیت با خەفەتت کەمتر بێت.

١٦٤. خێزانی خۆت مەکە بە دوژمن، بە بێ عەدالەتی هەڵس و کەوتیان لەگەڵ مەکە.

١٦٥. خەمی خۆت لە هەموو کەس زۆرتر بخۆ، «فەرزە لە سەرت».

***

پیتی ‹ د ›

پەندی پێشینان

١. داخت سەوزە لە دلّما تا ئاو مابێت لە زەلّما

«زەلّم، ناوی ناوچەیێکە لە هەورامانی هۆنی عێراق، کە ئاوێکی زۆرو پاکی لێیە، وەك ئاوەکەی بلّ، لە هەجیج».

٢. داخی دلّ با بچێتە ژێر گلّ.

٣. داخی دلّ زۆرە، بەلاّم حەیف کە دلّ سفرە نیە کە لە بەردەم هەموو کەسێکا بیکەیتەوە.

٤. دار بە تووڵی نەچەمێتۆ، بە گەورەیی کاری لێ ناکرێت، منداڵیش ئەبێ لە منداڵیەوە فێری ئیش‌و کارو زەحمەت کێشان بێت.

٥. دار بە کونە زەردەواڵەدا مەکە که کردیشت خۆت بۆ چزی حازر کە

٦. دار خورما بەرزە و دەسمان کۆتایە دەی کێ بەتەمای خواردن خورمایە

هەر دەردیسەری لەسەر منایە تەمایەر شتی، مەحاڵی تیایە

٧. دار لەسەر ڕیشەی خۆیۆ سەوز ئەبێ باوك و باپیری چۆنە وا ئەبێ

٨. دار کە خۆی لار بوو، سێبەری لارە ئەمە مۆجگاری ژیرو هۆشیارە

٩. دار بێ سەمەر بۆ برین باشە.

١٠. دار پوازی لە خۆی نەبێت، ناقلێشێت. «قەوم و کەسیش هەر وایە. یان: دار کرمی لە خۆی نەبێت سەد ساڵ هەلّ ئەکات».

١١. دار پیر ئەبێت، جارێك باز بەسەریەوە ئەنیشێتەوە.

١٢. دارو پردوو، تف لە هەردوو.

١٣. دارو دیوارم لێ هاتووەتە جواب. «واتە: هەموو کەس مەنعم ئەکەن».

١٤. دارەکەی سەرکەل پردەکەی گاڕان. «واتە: زۆر لە یەك دوورن». شیعرێکی فۆلکلۆر هەیە بۆ گاڵتەو شۆخییەو هیچکام لەوانە وا لە ناو شیعرەکەدا هەن پەیوەندیان

بە یەکەوە نیە، ئەڵێ:

دارەکەی سەرکەل، پردەکەی گاڕان! ماسی لە سوورێن وەك کەر ئەی قاڕان!

«سوورێن کێوێکی بەرزو خۆشە لە ناوچەی مەریوان لە نزیکی دێی سیاناوو ئەسکۆڵ لە سنووری عێراق و ئێران».

١٥. دار هەڵگرە، سەگ دز دیارە.

١٦. داری بێ سەمەر، بەردی بۆ ناخەن.

١٧. داری شەهین نێرگەی لێ هەڵناکەوێ.

١٨. دارێك سەمەری زۆر بێ، سەری شۆڕە، بۆیە دەوڵەمەندیش هەر وایە.

١٩. دارێك کە لە سێبەریا دائەنیشیت مەیبڕە.

٢١. دارێ نەرم بێ، کرم و مار ئەیخوات. «واتە: لەجێگای خۆیا نەبێ، نەرم مەبە».

٢٢. دانوولە بە چی زیاد ئەکا. بە خواردن و شێواندن.

٢٠. داری مایە دار، ژنی حەیادار باش و بەکەڵکن بۆ پیاوی هەژار

٢١. دانیشتن بە لای مەرگ و میراتۆ عیلم و هونەرت لە بیر ئەباتۆ

٢٢. داوا کردن مەرگ لە خودای گەورە باش نیە، مەگەر بڵێی بەم جۆرە

هەتا ژیانم باشە، با بژیم لەگەڵ نەمانم باش بوو با نەژیم

٢٣. دانە خۆرەی کە با بێتە سەری دەسگیری ئەکەی بێ دەردیسەری

«واتە: چەشتەی بۆ دانێ و بیگرە»

٢٤. دایك ڕۆ ڕۆت بۆ نەکات. «بە کەسی ئازاو زیرەك و نەترس ئەڵێن».

٢٥. دایکی دز، برێ وەخت سین ئەخوات و برێ وەختیش سین ئەکوتێت.

٢٦. دایکی کراس کەوە نەمردووە، هەر ژن زۆرە.

٢٧. دای لە بن کوولەکە. «واتە: هیچی لە دڵیا نەهێشتووە و هەمووی هەڵڕشت».

٢٨. دایە لەوساوە تۆ مۆجگاری من ئەکەی، من سیوسێ مێشم بە گون کەرە دێزەوە ژماردووە. «منالی بێ گوێ وا ئەڵێ».

٢٩. ددانی شاشە، عەقڵی باشە ددانی پڕە عەقڵی شڕە

«تەجروبەیە»

٣٠. درۆ بناوانی نزیکە، گەر بچی بە شوێنیا زوو ئەیدۆزیتۆ.

٣١. درۆزن جارجار ڕاس دێ بە دەمیا — گەر بە ڕاسی بێ یا خۆ بۆ ڕیا

٣٢. درۆزن ڕووڕەش دەرگای خودایە — لەلای هەموو کەس پەست و ڕیسوایە

٣٣. درۆزن کەم هۆشە.

٣٤. درۆ نە فەرزە و نە سوننەت، بەڵکو گوناحێ گەورەیە.

مەیکە بە پیشەی هەمیشە بۆ خۆت — لای خەڵکا مەیبە ئیعتیباری خۆت

٣٥. درۆ وەکوو هەرەس وایە تا تلاوتلێی پێ بکەی گەورەتر ئەبێ.

٣٦. درەوان وتوویە: مشکێکم کۆمەك بێت پێم خۆشە. «درەوان: کەسێك کە درەو ئەکات»

٣٧. درێژ دڕ مەبە، مەیکە بە پەلە پەل، «خیرالکلام ما قلّ و دلّ».

«واتە: با وتەت کورت و کۆتا بێ — بەو شەرتە پوختەی مەرامی تیا بێ»

٣٨. دز ئازا بوو ساحێب ماڵی گرت.

٣٩. دز ئازا بێت، تاریکە شەو زۆرە.

٤٠. دز ئەبێ دەستی ببڕیت. «ئەگەر ئەم حوکمە شەرعیە ڕچاو بکرایەت، دەس‌دار زۆر کەم ئەبوو».

٤١. دزاودز کەوتووە، بۆیە پەیدا نابێت.

٤٢. دز بەبێ دزدەسەك دزی بۆ ناکرێت.

٤٣. دز بەو بە ئینساف بە.

٤٤. دز دەستی خێر بێ باشە.

٤٥. دز، کە بازاڕی شێواوی ئەوێ — بە فێڵ شتێکی بەشکو دەس کەوێ

٤٦. دز لە پیریدا تۆبە بکات، قازانجی نە بۆ خۆیە، نە بۆ خەڵك و وڵات.

٤٧. دز لە دیاری کراویش ئەدزێت.

٤٨. دز وەختێ تۆبە بکا — کە ناتوانێ دزی کا
ئەبێ خۆی و خەڵکی‌تر — چ قازانجێکی تیا کا
لە جووانیدا تۆبە کات — ئەگەر ڕاستە و ڕاست ئەکا

لە ریسوایی دوو دنـیا   خۆی و خەڵك ڕزگار ئەکا

٤٩. دز وەکو گورگ وایە، تا ڕۆژێك تێر بێ دە ڕۆژ برسیەتی.

٥٠. دزی کەسی دەوڵەمەند نەکردووە.

٥١. دزێ کە قیمەتی چوارو یەك دیناری بدزێ، شەرعەن ئەبێ لە موچیا دەسی ڕاستی ببڕن. «چوار ٥٢. یەك دیناری: چوار یەك لیرەیەکە. ئەگەر ئـەم حوکمـە جـاری بکـرێ دەس‌دار کەم ئەبێ».

٥٣. دزی ناشی کایەن ئەبڕێت. «کایەن: جێی کاو ئالف. کاهدان»

٥٤. دزی نێو ماڵ ناگیرێت.

٥٥. دز یەکێکە و شك هەزار.

٥٦. دڵ ئاوێنەی دڵە، دڵ وەك پەڕەی گوڵە   دڵم زۆر بە کوڵە، بۆ ئەو تاقە گوڵە

٥٧. دڵ خـەڵـوەتخانەی زیکری یەزدانـە   کەی جێی وەسوەسە و خەیاڵ شەیتانە

٥٨. دڵت مەکە بە هەمارو خەمی زۆری تێ مەکە

خەریك دینداری خۆت بەو چاولێ‌گەری‌کەس مەکە

٥٩. دڵ گۆشتە، کە ئێشا، دێر ئاشتی ئەبێتۆ.

٦٠. دڵـمـان خـۆشـە بـووکی بەگـیـن   سەرو پا پەتی و جەسـەی سەگـیـن

٦١.   دڵم خۆشە بەچکە خانـم   بۆ نانێ دەرنەچێ گیانـم

٦٢. دڵم نیە بە ماڵۆ، شەیتان ئەمباتە خەیاڵۆ.

٦٣. دڵم وەك سەعات لێ ئەدات، ئەوەندە چاوەڕێتانم.

٦٤. دڵ وەکو پەڕەی گوڵ وایە، مەیڕەنجێنە.

٦٥. دڵ هـەر دڵێکـە، مەیـدە بـە هـەزار   بـە ئـەنواعی دەرد مەیکـە گرفتـار

دڵە هـۆشت بۆ، هۆش و گۆشت بۆ   تەقەی پاچ و بێڵ هەر جە گۆشت بۆ

وەختـەن کـفنـەکەم، بـاڵا پـۆشت بـۆ

دین لەم ڕۆژگارەدا وەسیلەیە بۆ نان پەیدا کردن. هەر دەمییە، دڵی نیە.

٦٦. دڵی دایك و باوك وەك پەڕەی گوڵە   کاڵۆ کـردنـی زۆر زۆر مـوشکـڵـە

ئۆف کردن بە دەست دایكو بابەوە   لە قـاپی یـەزدان دوورت ئەخاتـەوە

یەکێکیان کز بوو یان خۆ هەردووکیان | خزمەتیان بکە بە دڵ و بە گیان
عورزەت بێ بەسەر ماڵ و منداڵتا | ئەوانیش وەك تۆ خزمەتیان ئەکا
پاش مردن دوعای خێریان بۆ بکە | هاتوچوی قەوم و ئاشنایان بکە
بڵێ پەروەردەی دەستی ئەوانم | داوا کار ڕەحمی خوا بۆ ئەوانم

٦٧. دڵی موسوڵمان عەرشی خودایە | ئەمە فەرموودەی ڕەسووڵی خوایە

«قَلبُ المُؤمِنِ، عَرشُ الرَّحمنِ»

٦٨. دنیا دوو ڕۆژە، ڕۆژی خۆشی هۆشت لە خۆت بێ، گوناحی تیا مەکە. ڕۆژی ناخۆشی سەبر بکە با جەزات زۆر بێ.

٦٩. دنیا هەروا ڕۆشن نابێ، ئەبێ هۆشمان بەلای تاریکی قەبرو قیامەتانۆ بێ.

٧٠. دنیا هەموو تەواو ئەبێ، ئەوەی کە ئەمێنێتەوە چاکە و خراپەیەکە کە ئەیکەین.

٧١. دنیا هیچ نیە، دنیا فانییە | دنیا بۆ هیچکەس هیچ وەفای نیە
خۆت ماندو مەکە بۆ ئەو فانییە | ئەعمال سالحە خێرو باقییە
خەریك تاعەت بە، هەتا هێزت هەس | دنیا قەبالە نەکراوە بۆ کەس
«دنیا زیندانە لەبۆ موسوڵمان | بەهەشتە لەبۆ بێ دین و ئیمان»

«نامی، هۆنراوەی دوایی»

٧٢. دوای چل ساڵ گەدایی، هێشتا نازانێ شەو جومعە کەیە.

٧٣. دوای ڕووتۆ کردن، تەشتی تەلا بنێ بە سەرۆ.

٧٤. دوای مردن هەر ڕەحمەت کردن باشە تا غەیبەتی مردوو.

٧٥. دۆ بە بە بێ دۆ، وا ئەزانێ ماسە | کەوچکی تێ ئەخاو ئەڵێ زۆر خاسە

٧٦. دۆخەوام لێ ناو مای هاتۆ | یارۆ تۆراو خۆی هاتۆ

٧٧. دوژمن تۆ کەسێکە ڕێگای شەڕت نیشان ئەداو دۆست ڕێگای خێر ئەنێتە بەرت.

٧٨. دوژمن، سەرچڵی داری حەوشەکەی بشکێنیتەوە، هەر باشە.

٧٩. دوژمنی زانا لە دۆسی نەزان باشترە، زانا حورمەتت ناشکێنێ.

باشی داناوە شاعیری زانا | لەبۆ مۆجگاری نەزان و زانا

٨٠. دوژمن ئەبێت بە سەبەب خێر، ئەگەر خودا بیەوێت.

٨١. دۆستم ئەوەیە ئەم گریێنێت، دوژمنیشم ئەو کەسەیە ئەم کەنێنێت. «یا: دۆست ئەو

کەسەیە بتگریێنێت، دوژمن ئەوەیە بتلاوێنێت».

٨٢. دۆستی ئەکەی با تا سەر بێ با گرانە و باسی لە سەر بێ

٨٣. دۆس ڕاستەقینە وەسە کەس و کار هەوڵ دەدەن لەبۆ چارەی گرفتار

٨٤. دۆسی سەر سفرە، هەر ئەو تاوەسە خەریك خواردن و هەواو هەوەسە
هەتا پێت ئەکرێت دوور بە لەو دۆسە بڕوات پێ نەبێت دۆسی وا کۆسە

٨٥. دۆسی وەفادار لە هەزار قەوم و کەسی ناکەس باشترە کە لە ڕۆژی تەنگانەدا بە کار دێن.

٨٦. دۆعا کردن بۆ تەمەن درێژی زاڵم، گوناحێکی گەورەیە. «چونکا دۆعایە بۆ دەوامی زوڵمەکەی، یان ئەگەر دۆعای بۆ ئەکەی دۆعای چاك بوون و ئیسلامی بۆ بکە. خوا لێ خۆش بوو شێخی سەعدی نیوەڕۆیەك بە لای زاڵمێکدا تێ ئەپەڕێ کە خەوی لێ کەوتبوو، فەرمووی ئەم فیتنەیە هەر لە خەوا بێ باشترە، پاشان فەرمووی: کەسێك خەوتنی لە خەبەری باشتر بێت، مردنی باشە».

٨٧. دۆعا مەکە لە نەویستان، با نەگەڕێتۆ بۆ خۆشەویستان.

٨٨. دوکتۆر ئەبێ حازق بێ، ئەگەر حازق نەبێ بە گەوڕ گاکانیش نامەحرەمە.

٨٩. دۆڵەی پڕ، ئاشتی ماڵە.

٩٠. دونیا بۆ کەسێ خۆشە، ڕەزا بە قەزا بێ.

٩١. دونیا بە جنۆکە پێئەکەنێ و جنۆکەش بە ئاشەوان.

٩٢. دونیا بە وێنەی ساجی ڕووکەشە هەر کات و ساتێك بۆ کەسێ خۆشە

٩٣. دونیا بێوەفایی بۆ کەس نەبووە کەم خۆم بە خەفەت تۆ دەردەدار ناکەم
تەلاقت ئەدەم پەیڕەویت ناکەم ئیتر لە خەم تۆ خۆم ڕزگار ئەکەم
لەم دونیا هەرکەس کە ساحێب بەشە گوێ ڕایەڵ دونیا نابێ و ڕوو گەشە

٩٤. دونیا بێ بە سووزن فرۆش، خوا پەکیان ناخات.

٩٥. دنیا جێگای کشت و کاڵی قیامەتە، خەرمانەکەیش هەر لە قیامەتدا هەڵئەگیرێت.

٩٦. دنیا جێگای هەموو کەسێکی تیا ئەبێتەوە، خاس و خراپ.

٩٧. دنیا چوار دەستە بەشەری تیا ئەژی:

یەکەم: پیاوی لە خوا ترسە کە عیلم و زانیاری و ماڵی زۆری هەیە و بە عیلم و ماڵی خەریکی

خزمەتە بە خوداو خەڵکی خودا. دیارە ئەم کەسە دەرەجەی یەکەمی هەیە لە لای خودا.

دووهەم: ەو کەسەیە کە عیلمی زۆری هەیە، بەڵام ماڵ و دارایی نیە، ئەم کەسەش بە زانینی خۆی خزمەتی خەڵك و دین ئەکات و ئاوات ئەخوازێت کە سەروەتی ببوایە تا وەکو کەسی یەکەم لە خزمەت خوداو خەڵکی خوادا خەرجی بکردایێ. ئەمەش دەرەجەی یەکەمی هەیە لای خوا.

سێهەم: کەسێکە کە ماڵی دونیای زۆرە و عیلم و زانیاریشی نیە و ماڵ و سەروەتەکەشی لە ڕێگای خراپ و هەوەس بازی‌یا خەرج ئەکات و ناکەوێت بە دڵی شەیتانیەوە، ئەم کەسە خراپترین دەرەجەی هەیە لە خزمەت خوادا.

چوارەم: کەسێکە کە نە ماڵی هەیە و نە عیلم و زانیاری، ئاواتە خوازە ماڵی بوایە و وەکوو کەسی سێهەم خەرجی بکردایێ و خەریکی ڕابواردن بوایە، ئەمەش وەکوو کەسی سێهەمە. «لە حەدیسەوە وەرگیراوە»

٩٨. دنیا چەن جوان و پان و بەرینە | بە ئەنوای نیعمەت دایم ڕەنگینە
شەیتان بۆ بێ دین وا تەنگی ئەکات | بۆیە بازێ کەس خۆکوژی ئەکات

٩٩. دنیا دوو ڕۆژە، ڕۆژێك قازانج و نیعمەتی تیایە ئەبێ شوکری بکەی و ڕۆژێك زەرەرو زەحمەتی تیایە ئەبێ سەبر بکەی.

١٠٠. دنیا دەوران دەورانە | هەر ڕۆژێ نۆرەی یەکێکمانە

١٠١. دنیا زیندانی چاکانە و بەهەشتی نەزان و نەفامەکانە.

١٠٢. دنیا، کڵاو چەرخانێکە، تا لا ئەکەیتۆ ئەڕوات.

١٠٣. دنیا کە عیبارەت لە هەواو هەوەسێکە | وەك تاسی حمام هەر نەفەسێ بۆ تەرەسێکە

«شێخ ڕەزا»

١٠٤. دنیا لاکە تۆپیوە و موشتەری لاکیش سەگە.

١٠٥. دنیا نموونەی قیامەتە.

١٠٦. دنیا نەمەنە پەی پێغەمبەرا | گردما کۆچ کەرمێ ئەی بێ خەبەرا

١٠٧. دنیا لەگەڵتا ئەگەر نەسازە | تۆ لەگەڵ ئەوا ژێر بەو بسازە

١٠٨. دنیا هەتا سەر، بۆ هیچکەس نابێ | خۆزگەم بەو کەسە، گیرۆدەی نابێ

١٠٩. دنیای بێ بونیا، کاروانسەرا ڕەنگ — نیمێ بە دڵـشاد، نیمێ بە دڵ تەنگ
کاتێوەت زانا خـول ئـاوەردەوە — ئێمەیچ چوون یاران پێچما کەردەوە
«مەولەوی»

١١٠. دنیاو قیامەت وەکوو هەوێ وانە، تا یەکێکیان نـەرەنجێنی ئـەویانت بـۆ دڵخـۆش نابێت.

١١١. دنیا وەکوو سەرچۆپی وایە، هەرساتێ وا بەدەس کەسێکەوە.

١١٢. دونیایەك کە مردنی لە شوێن بێت، ئەم هەموو خەمەی ناوێت.

١١٣. دووپشك، دووپشك دەرئەهێنی. «هاوجنس بە هاوجنس ئەوێرێ».

١١٤. دوور بڕۆو دروست بێڕۆ.

١١٥. دوورو دۆس.

١١٦. دنیا دەسەوامە.

١١٧. دۆست تەماشای کڵاوت ئـەکات — دوژمـن تەماشـای پـڵاوت ئـەکات

١١٨. دوو شت نـاسکی عەقڵی ئینسانە — ئینسان کە جێگەی سەهوو نیـسیانە
وتـن بـێ جێـگـاو نەوتـن بە جێ — بـە وتـن کـارمـان ئەبێ جێ بە جێ

١١٩. دوو شت لـە دوو شوێنا ئارامیان نیە و ئۆقرە ناگرن، یەکەم: ئاو لـە نـاو بێژنگـدا دووهەم: عەشق لە دڵی عاشقاندا.

١٢٠. دوو شت زۆر عەجایەبە دڵیان پێ سارد ئەبێتۆ: جووانێ کە خۆی پیر بکات، پیرێ کە خۆی جوان کاتەوە.

١٢١. دوو قوتبی دەوری دنیا هەر یەکێ شەش مانگی شەوە، بەختـی مـن وا شێـواوە، دوانـزە مـانـگم هـەر شەوە.

١٢٢. دوو کەس لـە دونیا تووشی پەشیمانی ئەبن، یەکەم: ئـەو کەسـەیە کـە هەیـەتی و نایخوات، دووهەم: ئەو کەسەیە کە ئەزانێت و نایکات.

١٢٣. دوو کەس ئەبێ خۆزگەیان پێ بخوازیت. یەکەم: ئـەو کەسـەیە کـە دەوڵەمەنـدی خاوەن ئیمانە و حەقی خواو خەڵکی خوای بەسـەر خۆیـەوە نەهێـشتبێ. دووهـەم: عـالمی خـاوەن عەمـەڵ و لـە خـوا ترسـە کـە هەمیـشە خـەریکی دەرس وتنـەوە و ڕاگەیانـدنی

عیلمەکەیە بە خەڵك.

١٢٤. دووکەڵ لە سەری بەرزۆ ئەبێتۆ. «ئەونە جگەرەی کێشاوە ڕەنگ بە ڕوویۆ نەماوە».

١٢٥. دوو گا لە دۆڵێکا بن ڕەنگ یەك نەگرن، خووی یەك ئەگرن.

١٢٦. دووگ بە دەستی پشیلە مەسپێرە، جێگای متمانە نیە.

١٢٧. دووگوێ و زوبانێکی خوا داوە بە تۆ — دوو بیسە و یەکێ بڵێ لەسەر خۆ
زوان یەکێکە و گوێچکە دووانە — یانێ یەك بێژەو دووان بزانە

١٢٨. دوو مەرەکی وەها لێ وێساوەتۆ — قەهرو غەزەبی تەواو هاتە سۆ

١٢٩. دوو نەفەر گەیشتن بە یەکتر، یەکێك بەوی تری وت: ناوت چیە؟ وتی: زیائەدین. وتی: بێ ڕاستەو ڕاست دەربێ، زیادەی خۆت بۆ خۆت.

١٣٠. دەی با هی تۆ بێ میسرو ڕۆم و چین — لە ژێر پێتا بێ تەواو سەرزەمین
بەشی من و تۆ وەك یەکە کاکە — دوو میتر کفن و دوو میتر خاکە

١٣١. دەردەدار زانۆ حاڵی دەرد چێشا — بێ دەرد خەریکو ئاهەنگ و وێشا

١٣٢. دەردی بێ دەرمان عەشق و مردنە — بۆ چاری هەردوو پارێز کردنە

١٣٣. دەردی بێ دەرمان مەرگ و پیرییە — عاقیبەت هەردوو زەمینگیرییە

١٣٤. دەردێکم گرتووە باشقەی دەردانە — لوقمانی حەکیم بۆی سەرگەردانە

١٣٥. دەردی نەفامی دەرمانی نیە — لە کەس مەپرسە دەرمانی چیە

«واتە: هەر دەس ناکەوێت»

١٣٦. دەربڕینی خەفەتباری، خەفەتی پێ سووك ئەبێ.

١٣٧. دەردەدار لە حاڵی دەردەدار ئەزانێت.

١٣٨. دەردە داری لە قەرزاری باشترە.

١٣٩. دەردەکەت بۆ دەرمان ناکرێت، مەیکولێنەرۆ.

١٤٠. دەرزی داخەی ناکەوێتە زەوی. «ئەونە جەنجاڵە»

١٤١. دەرس زایە مەکە، مەیلێ بە نەفام — شاگردی وریا وەربگرە تەمام

١٤٢. دەرس وتنەوە، دەرکردنی زەکاتی عیلمە. شاگردێ وریا بێ موستەحەقترە.

١٤٣. دەرگا زێڕینە موحتاجی دەرگا هەڕینە ئەبێ.

١٤٤. دەروازەت بۆ ئەبەسرێ، دەم خەڵکت بۆ نابەسرێ.

١٤٥. دەروێش بە، دڵڕیش مەبە، حەسوود مەبە.

١٤٦. دەروێش و سۆفی هەردوو یەکێکن هەریەک ئیستیلاح مەملەکەتێکن
سۆفی عەرەبی ساف و بێ گەردە دەروێش عەجەمی ساق و بێ دەردە

١٤٧. دەریا بە دەم سەگ، سپڵۆت نابێ.

١٤٨. دەس ئەکا بە خۆیا قسە دەربێنێ. «بوختان چیە»

١٤٩. دەس بات، بە پیری گەداییەوە ئەڕوات.

١٥٠. دەستدار بردی و بێ دەستیش تەماشای کرد.

١٥١. دەس کار ئەکات و چاو ئەترسێت.

١٥٢. دەست لە دەست و قووەت لە خوا با ئەم کارە بکەین بە یارمەتی خوا

١٥٣. دەست مەدە لە زام پەترۆ بەستەکەم با نەکولێتەوە ماران گەستەکەم

«فۆلکلۆری کوردی»

١٥٤. دەست مەدە لە تانەکەی، با پۆکەی دەرنەکەوێت.

١٥٥. دەست نەڕۆیشتن نیعمەتێکی گەورەیە، کە دەستت نەڕوا زوڵم لە کەس ناکەی.

١٥٦. دەست و دەمی بنێ یەك، با دەنگ بەرزۆ نەکات.

١٥٧. دەستە چەورەکەی خۆت بەسەر منا مەساوە، بیساوە بە سەرو سمێڵەکەی خۆتا.

١٥٨. دەستەیەك گوڵ و دەستەیەك نێرگز مەرگتان نەبینم هەرگیزای هەرگیز

١٥٩. دەسێك خێرە و دەسێك شەڕە خۆت لادە لە هەڵە و وەڕە

١٦٠. دەس شکاو کاری لەدەس دێ دڵ شکاو کاری لەدەس نایێ

١٦١. دەستی ئەڵێی شایەنە، ئەوەندە میزانە.

١٦٢. دەستێك شەرع بیبڕێت، خوێنی نیە.

١٦٣. دەسێکم هەنگوێن بێ و دەسێکم دۆشاو، هێشتا هەر خەڵك باشم ناڵێن. «ئەوەندە کەم بەختم».

١٦٤. دەستی ماندوو بنێ سەر سکی تێر. «واتە: کاریگەر بەو بێ منەت بژی».

١٦٥. دەسم ناگا سەر خۆم بخورێنم.

ئەونە زەحمەت و دەردی سەرم هەس — لە بیرم نیە دنیای ڕۆشن هەس

١٦٦. دەسی کردووە بە ڕۆنی داخا — دەسی بڕیم وکردی بە زاخا

١٦٧. ذەمم بیلێت، سەرم سەلامەتە.

١٦٨. دەسەلات فرسەتە، تا بە دەستەوە ماوە درێغ مەکە.

١٦٩. دەسی بە دەمی خۆی ناگا. «واتە: فەقیرو بێ نەوایە».

١٧٠. دەفەکەی دەنگ نادا ئەگەرنا ئاوەها بێ دەنگ دانەئەنیشت.

١٧١. دەلاکەکان کە بێکار بن، سەری یەکتر ئەتاشن. «دەلاك: سەرتاشە»

١٧٢. دەلیلی عەقڵی لەسەر باشی زانین ئەوەیە کە نەزانیش ئیدیعای زانین ئەکا.

«ئیمامی غەزالی»

١٧٣. دەم سەگ بە تیکە بەسە — خۆت لادە لە وەسوەسە

١٧٤. دەمی دۆشاوە، دڵی زوخاوە.

١٧٥. دەمم نەبێ ها بکەم و پام نەبێ ڕا بکەم، ئەی لەم ناوە چ بکەم.

١٧٦. دەمم وتی: هانێ. سکم وتی: کوانێ. «واتە: ئەوەندە کەم بوو هیچم لێ حاڵی نەبوو».

١٧٧. دەمی بووە بە تەڵەی تەقیو، «هیچی پێ نەماوە بیلێ».

١٧٨. دەمێکە بۆ تۆ پاڵە و پاڵ ئەکەم — وەك دۆم سەی سایەق ماڵە و ماڵ ئەکەم

«دۆم: بەو کەسە ئەڵێن کە کڵاش دروست ئەکات».

١٧٩. دەنگم نەماوە، هەر هەناسەمە — بۆ دووری باڵات خەیلێ تاسەمە

١٨٠. دەنگ نەکەر تڕدەنگ کەری بڕیوە — کە بێدەنگ بەشی خۆی لێ چڕیوە

١٨١. دەنگی نەماوە لە ناو دلێران — ڕێوی ڕاو ئەکات لە جێگەی شێران

١٨٢. دەنگی دهۆڵ لە دوورەوە خۆشە.

١٨٣. دەوای دڵی موسڵمان، زیکرو ویردی خودایە

تەرکی عەلاقەی قەلبی، تەواوی ماسیوایە

١٨٤. دەوای دەردی دڵ زیکری خودایە — خۆزگەم بەو کەسە هەمیشە

١٨٥. دەوری بوو بە دەوری لۆکە — وایە خانم ئەبێ بە خانمە جنۆکە

«دەوری لۆکە: واتە دەوری چکۆلە، خانم جنۆکە: واتە خانمی بێ سەرپۆش (بێ حیجاب). ئەو کەسەی ئەم پەندەی گوتووە لەوانەیە ئەمڕۆی لەبەرچاوا بووبێت».

١٨٦. دیزەی ڕەش ئەشکێنم بە شوێنیا.

١٨٧. دەوری مەجنوون تەواوە، دەوری ئێمە هاتووە

هەرکەس چاکەی پێ نەکرا، خەساری لێ کەوتووە

١٨٨. دەوڵەت مەیلی بێ، بە گا کەروێشك ئەگرێ. «ئەگەر شتێ نەکا، مەیلی نیە بیکا».

١٨٩. دەوڵەمەند ترسنۆك و درۆزن و حیلە گەرە، بۆ پاسی سەروەتەکەی هەموو کارێك ئەکات.

١٩٠. دەوڵەمەندی لادێ کەسێکە کە لە بەهارا نانی بێ و لە پاییزا دۆ.

١٩١. دەوڵەمەند شەواو شەو پلاو ئەخوا، گەدا جەژناو جەژن.

١٩٢. دەوڵەمەنی و گەدایی هەرکەس وا لە ماڵی خۆیدا، ماڵی خەڵك بە من و تۆ چی.

١٩٣. دەوەن بە ئاشە. «بە کەسێ شەڕفرۆش بێ وا ئەڵێن».

١٩٤. دەینی کەس مەهێنە سەر خۆت، مەرگ لە کەمین دایە.

١٩٥. دیداری دۆس چ ساتێك و چ ساڵێك.

١٩٦. دیانی کرمۆڵ چاری کێشانە قەسەم بەو کەسەی شای دەروێشانە

١٩٧. دیزەکەر لۆمەی گۆزەکەر ئەکات.

١٩٨. دیزە بە دەرخۆنە بێ باشە. «واتە: بەرزی مەکەرۆ با ناوەکەی دەرنەکەوێت».

١٩٩. دیزە بەکۆڵێن، داوای ژن ئەکەین هەرچی کە بێژن بە گوێتان ئەکەین

٢٠٠. دینت ئەوێ شارستان، دونیاشت ئەوێ شارستان.

٢٠١. دین لە ئاخر زەمانا وەکو ئاگری لێ دێت، تووڕی ئەدەی ئەفەوتێت، ئەیشی گری دەست ئەسووتێنێت.

٢٠٢. دین لەم ڕۆژگارەدا وەسیلەیە بۆ نان پەیدا کردن. هەر دەمییە، دڵی نیە.

***

پیتی <ر>

پەندی پێشینان

١. ڕازو نیازت دانێ لای یەك كەس بەڵام پرسیارت كە بە هەزار كەس

«یا: ڕازت لای كەسێ دانێ و پرست لای هەزار».

٢. ڕاستی ڕەحمەتی لێ ئەباری و ناڕاستیش زەحمەت.

٣. ڕاستی ڕەفتی، چەفتی كەفتی.

٤. ڕاسەكان ڕۆشتن و ڕاستیەكانیان لەگەڵ خۆیانا برد، ئێستا چەوتەكان ماونەتۆ، بۆیە دونیا نامیزانە.

٥. ڕاسە كەرە و دۆڵە ماسە.

٦. ڕافیعە بۆ دەرد، دافیعە بۆ ئیش دیداری دۆس و سیلەی قەوم و

٧. ڕاوچی كەم ڕزقە، مەبە بە ڕاوچی خوێش با لە ژێر باریماڵت دەرنەچی

٨. ڕاو كردن كەم كەم مایەی شادییە ڕاو كردن دایم، نامورادییە

«نامی»

هەر ڕاوێ ئەكەی، چاوە ڕاو مەكە خۆت تووشی بەڵاو دەردو داو مەكە

٩. ڕاوە ڕێوی مەهێنەرۆ. «بە كەسێك ئەڵێن كە گەرەكی بێت باسێك بگۆڕێت».

١٠. ڕزق وەسە سێبەر، وا بەشوێن بەشبەرۆ.

١١. ڕزقی سوارە و خۆی پیادە، هەر پێ ناگا.

١٢. ڕزقی میوان بەر لە خۆی ئەگاتە بەرۆ.

١٣. ڕۆژان ڕۆژیان لە شوێنە، بیری دوا ڕۆژت پێوە بێ.

١٤. ڕۆژ بە قامك ئەژمێرم خۆم لە ژێر بار دەربێرم

١٥. ڕۆژ بە هەنگووس ئەژمێرم خۆم لەم خەمە دەربێرم

١٦. ڕۆژ دیارە، نایەوێ قامكی بۆ ڕاكێشی. «قامك: پەنجە»

١٧. ڕۆژگار بوو بە ساڵ، سك بوو بە جەواڵ. «لە ڕۆژگار درێژیدا وا ئەڵێن».

١٨. ڕۆژووی ڕەمەزان دەوایە بۆ نەخۆشی لەش و سەربەرزییە بۆ حوزووری خوا.

ناتوانێ نانێ بۆ خۆی پەیا کا — بۆ لای کاسبی بۆ کام لا ڕاکا

١٩. ڕۆژی ڕۆشن بۆ تەمبەڵ شەوە زەنگە.

٢٠. ڕۆژێ نەجارێ ناسك کار بە تەشوێێ تیژ، دارێکی لەسەر بەردێك ئەتاشی، ڕێ نەکەوت کە ڕایەك تەشوێکە بدا لە بەردەکە. پاشاو وەزیر بەلایدا ڕۆیشتن، پاشا وتی: زۆر عەجایبە کە تەشوێکە ڕایەك لە بەردەکە نادا، وەزیر وتی: دڵ مالۆی خۆشە. پاشا وتی: دەی تۆ تەجروبەی کە. وەزیر تەکی دا بەلای ژن نەجارەکەوە و لە گەڵیا ڕۆیشتن بۆ لای نەجارەکە. ئەمجارە تا ڕایەك تەشوێکەی ئەدا لە دارەکە دوو جار ئەیدا لە بەردەکە. وەزیر وتی: پاشا نەموت دڵ مالۆی خۆشە، بۆیە وتراوە:

ئەگەر ڕووی خۆشە ئاغەی بێ ڕیشم — ڕێك و پێك ئەبێ کول کارو ئیشم
ئەگەر خوا نەکا ڕوخساری تاڵە — خوا نەیدا بە کەس ئەو ناڵە ناڵە

٢١. ڕۆژی نەفسی نەفسییە — کەس ئاگای لە کەس نیە

٢٢. ڕۆن خۆم ئەدا لە سەرو قژ خۆم.

٢٣. ڕۆڵە باسی کەرە شین کەن. «پیاوێ سێ کوڕی بوو کەییانویان نەبوو، تەنیا کەرێکیان بوو، دوای مەشوەرەتێکی زۆر، ڕای گشتیان هاتە سەر ئەوە کە کەرەکە بفرۆشن و بیدەن بە ژن بۆ باوکیان، باوکیان کە پێ خۆش بوو، هەموو ڕۆژێ ئەیوت: ڕۆڵە لایبەن باسی کەرە شین بکەن».

٢٤. ڕۆڵە لەبەر دەس دایکا هەڵ ئەگرێ. «ئەوەندە دزەو ئازایە».

٢٥. ڕۆن کە زۆر بوو، قون کەری پێ چەور ئەکەن.

٢٦. ڕۆن لە پیاو بسێنە و گەنم لە ژن.

٢٧. ڕۆن لەسەر پشتیا بماڵەرۆ، ئەوەندە ئەمینە.

٢٨. ڕۆنی ڕژاو ئەکا بە خێر بۆ باوك و دایکی.

٢٩. ڕووت لە قبیلە وەرمەگێڕە. «واتە: لە قەوم و قەبیلەت دوور مەکەوەرۆ».

٣٠. ڕوو زەردی کێشان مایەی بێ دەسەڵاتییە.

٣١. ڕووی تەگبیر کەرەکەت ڕەش بێ.

٣٢. ڕووی خۆت ڕەش مەکە　　قەوڵی درۆ بە کەس مەدە

٣٣. ڕووی زەمانە ڕەش بێ　　با ئێمە ڕوومان گەش بێ

٣٤. ڕۆیشت چاوی بڕێژێ، خۆی کوێر کرد.

٣٥. ڕەحم بە پڵنگی دیان تیژ و پیر　　زوڵمە لە مەڕی هەژارو فەقیر

٣٦. ڕەحم کردن بە زۆردار　　زوڵمە لە چینی هەژار

٣٧. ڕەحەت خۆرێکی قەراخ نشینە　　نە کاریگەرە، نە دەس نەخشینە

٣٨. ڕەنج، پاداشی گەنجە.

٣٩. ڕەحمەت لەو کەسە دوو موسوڵمان ڕێك ئەخا یا بۆ ژن و ژن خوازی، یا بۆ شەریکە کاسبی، یا بۆ هەر کارێ کە خێر بێ.

٤٠. ڕەحمەتی خوا ئەبارێ، وەختێ ناو چاکان ئەبەین
دەیسا هەروا هەمیشە ناویان بە چاکی ببەین

٤١. ڕەحەتی دەس ناکەوێ، لە دوای مانوو بوون نەبێ. «نیعمەت لە ئاسمانۆ داناکەوێ، بەڵکوو نیعمەت سەمەرەی مانوو بوون و زەحمەت کێشانە».

٤٢. ڕەزایەت خوا وا لە ژێر، ڕەزایەت باوك و دایکا. «حەدیسە»

٤٣. ڕەزایەت خوا، وا لەگەڵ ڕەزایەت خەڵکا. «حەدیسە»

٤٤. ڕەش بێ و بۆر بێ، هەر کۆڵ زۆر بێ. «ئەوانە ئەچن بۆ کۆڵە گیا وا ئەڵێن».

٤٥. ڕەشە ڕێحانە خۆمی پێ ڕەش کەم　　لە دوای باڵاکەت دڵ بە کێ خۆش کەم
«فۆلکلۆری کوردی»

٤٦. ڕەفیقان لەوان هەر من مەنەنا　　مەزانوو منیش تاکەی بەنەنا

٤٧. ڕەفیقانم هەموو ڕۆیین لە ڕێدا　　بە تەنیا هەر ئەمن ماوم لە جێدا
منیش هەروا ئەڕۆم کۆچم نزیکە　　بنەو بارگەم بەرەو گۆڕێ خەریکە

٤٨. ڕەگ بە ڕیشەیە و گلێنە بە بنە توو　　ئیسە هەروایە، زووتر هەر وابوو
«هەر شتێ لەسەر ڕەسەن خۆی ئەڕوات».

٤٩. ڕەنجبەر دەرگاکەشی پێ پێوە دەی، نابێ بێڵی بویسێ.

٥٠. ڕەنجبەری ماڵی خۆت بە و خۆشەویستی هاوماڵەکانت.

٥١. ڕەنجەڕۆ خۆم، چیم کرد بە خۆم | کێم کرد بە هاوڕێ لە بۆ خۆم

٥٢. ڕەنگ زەردی خەزان خەتای پاییزەن | ڕەنگ زەردی‌یەکەی من دووری ئازیزەن

٥٣. ڕەنگم لە ڕوو نەماوە | ئەونە سزام کێشاوە

٥٤. ڕەنجی فەرهاد بکێشی، گەنجی قاروونت دەس ئەکەوێ.

٥٥. ڕیا شیرکی ئەسغەرە. «اصغر: وشەیەکی عەرەبییە بە مانا بچووك. واتە: کافری گەورە و بچووکی هەیە، چکۆلەکەی ڕیایە و لە هەموو خراپتر ئەوەیە کە زۆرتر ڕیا وا لە ناو ئەهلی دین و خوێنەوارا».

٥٦. ڕیا کار ڕوو ڕەش دەرگای خوایە | ڕیا کار ڕیسوای هەردوو دونیایە
خوا نەکا ئەگەر تۆ تووشی بووبی | تەرکی کە هەتا ڕیسوا نەبوویی

٥٧. ڕێبوارێ ڕووی کردە دێیەك، پرسی لە کابرایەك: ئەهلی ئەم دێیە چۆنن؟ وتی: ئەهلی ئەم دێیە گشتی دزو حیزو خراپن. لە دوای ئەوە بە یەکێ تر گەیشت و وتی: ئەهلی ئەم دێیە چونن؟ وتی: ئەهلی ئەم دێیە گشتی چاك و بە ئیمان و نوێژکەرن، بە یەکی‌تر گەیشت، وتی: چاکیان هەیەو خراپیشیان هەیە. وتی: لە دوو نەفەرم پرسی ئەوان هەریەکێ بە جۆرێ جوابیان دامەوە، وتی: ئەویانە کە وتی هەموویان خراپن، خۆی خراوە و هەموو کەس بە خراپ ئەزانێ، ئەویتریان خاسە بۆیە هەموو کەس وەك خۆی بە خاس ئەزانێ، من خاس و خراوی خۆشم و خەڵکیشم دیوە، بۆیە حەقیقەت بەیان ئەکەم.

٥٨. ڕێزەوڵ ناو سفرەکەم بە شام و نەهار ماڵ خەڵکی نادەم.

٥٩. ڕێسەکەت مەکەرۆ بە خوری. «ئیشارە بە ئایەتە، واتە: وەك ئەو پیرە ژنە وا مەبە کە هەموو ڕۆژێ تا ئێوارە تەشی ئەڕست و ئێوارە ئەیکردۆ بە خوری و هیچ کاتێك گوڵوڵەیەك بەنی لە ماڵا نەبوو. تۆش ئەگەر چاکی ئەکەی، بە خراپکاری و ڕیا مەیکەو باشی بکە».

٦٠. ڕیش بوو بە ڕیشۆ، ئەبێ شانەی بۆ هەڵگری.

٦١. ڕیشێ بۆ ڕیاس، لاییە، بی بڕە | گووی خۆت و باوك و دایکتی پێ سڕە

٦٢. ڕیشێ چەنی من نەیۆ وە حوزوور | مشیۆ بتاشوش تا بە نەفخی سوور

«مەولەوی»

٦٣. ریشم لەبەر خۆرۆ، سپی نەکردووە، تەجروبەم هەیە.

٦٤. ڕیشـیٚ بـۆ ڕپـاو درۆو تـەزویـرە
شـەخسی موسولمان زۆر پێی زویـرە
خـوا پـەنـامان با لەو نەوعە ڕیشـە
ڕیشـەی ڕیـامان دەربـیٚ لـە ڕیشـە
لاییـە بیتـاشـە بـا دەربیٚ لە بێــخ
دەس خەرە نەبن، بەگ و مەلاو شـێخ

٦٥. رێك و ڕاس بلێ ماس
خۆتی بۆ مەکە مەلاس

٦٦. ریگەیان نەئەدا بۆ ناو ئاوایی، هەوالی مالی کوێخای ئەپرسی.

٦٧. ڕێوی تا قەبالەی خۆی خوێند، پێسیان کەند.

٦٨. ڕێوی تۆ ئاخر لە سەیری هوردوت چی؟
ئەگەر حەز ناکەی بە سەرۆ تیا چـی

٦٩. ڕێوی زۆر مەشهوورە بە فێلاوی و بەسەرهات و داسـتانی زۆرە و مـن لێـرەدا بـۆ خۆشی سیٚ بەسەرهاتی ئەنووسم:

(١ – ڕۆژیٚ لـە زستانێکی سەختا کە زەوی بەفری زۆر داپۆشی بوو، بەفرە بەسـەر بوو دوو نەفەر کێلوویی کە لـە پێنجوێنەوە ئەچوونۆ بۆ کێلـوو، یـەکیان دوو کیلـۆ گۆشتی پیٚ بوو. لە ڕێدا تووشی لاکـە ڕێوییـەك بـوون کـە وەکـو دار خـۆی ڕەق کردبوو. لەو کاتا پێستی ڕێوی پارەی زۆری ئەکرد. ئەویانە کە دەستی خالی بـوو، ڕێوییەکەی نا بە شانیۆ بیباتۆ بۆ مالەوە و پێسی بکەنیٚ. دوای ماوەیەك کە ڕۆیشتن، ڕێوییەکە دەستێکی دا لـە دوای ئەوەی کە هـەلیگرتبـوو، ئـەویش تـوورە بـوو لـە ڕەفیقەکەی و وتی: وا مەکە. ڕەفیقەکەی وتی: هیچم نەکردووە. بەینیٚ تر چـوون و دووبارە دەسیٚ تری برد بۆ دوای، دووبـارە وتـی: وا مەکـە. ڕەفیقەکـەی سـوێندی خواردو وتی من هیچم نەکردووە. دوای ماوەیەك تر کە ڕۆیشتن بـۆ جـاری سـێهەم ڕێوییەکە دەسێکی تری دا لـە دوای کابراکە، لـە ئەنجامـدا ڕەفیقـان بەشـەڕ هـاتن و ڕێوی گۆشتەکەی ڕفاندو بۆی دەرچوو وخواردی.

(٢ – وەکو کتێبی «مغنی المحتاج» لە باسی حەیوانی پاك و پیسا ئەیگێڕێتۆ: حەزرەتی شـافعی (خـودای لـیٚ ڕازی بـیٚ) لەگـەلٚ کۆمەلێکـدا لـە سـەفەرێکا لایـان دا بـۆ ئیـستراحەت. زۆر برسـیان بـوو، سـفرەیان داخـست و دوو مریـشکی ئامـادەی خواردنیان پیٚ بوو و لـە سەر سفرە دایان نا. نوێژیان نـەکردبوو، وتیـان بـا نوێژەکـە

بکەین جا دوایی نان ئەخۆین. نوێژیان دابەست، ڕێوییەك
هات و یەکێك لە مریشکەکانی بردو خـواردی. لـە نوێژەکـە بوونـەوە، ڕێوییەکـە شتێکی گرت بە دەمیەوە و خۆی نیشان دا. گشتیان ڕایان کرد بۆ لای ئەو شتە کـە تووڕی دابوو، لەو کاتەدا ڕێوی پێچێکی لـەخۆی داو هـات و مریـشکەکەی تـری بردو خواردی.

(٣ – سالێك لە لای دێی دەرەوەرانی مەریواندا، لاکێك کـەوتبوو و ڕێوییـەك فێـر بوو بوو و ئەهات بۆ سەر لاکەکە. ڕاوچیەکانی ئاوایی هەریـەك لـە نـۆرەی خۆیانـا ئەچوون و خۆیـان حەشـار ئـەدا بـۆ ئـەوەی ڕێویەکـە بکـوژن. بـەلاّم بۆیـان ڕێـك نەئەکەوت، ئەڕۆشتن بۆ حەشارو ڕێوی چـاوی لێیـانۆ بـوو و تـا کاتێـك ئەچـوونۆ نەئەهات بۆ سەر لاکەکە. مینە کەوەلی دەرەوەرانی وتی: من لە ڕێوی فێـل ّبـازترم و ئەیکوژم. ڕۆژێ لـەگەلّ کوڕەکەیا وتی: بڕۆین بـۆ کوشـتنی ڕێویەکـە، کـە کەوتنـە دیارگای ڕێوییەکە بە کوڕەکەی وت: بمگرە بە کۆلّ و بمبە بۆ حەشـارگە و بـە جـێم بێلّە. ئەویش گرتیە کۆلّ و بەجێی هێشت. ڕێویەکە نەیزانی دوو نەفەر بوون و هـات بۆ سەر لاکەکە و مینە کەوەل ڕێویەکەی کوشت و حەقی ئیمامی شافیعی لە نەتەوەی ڕێوی سەند. «ئافەرین مینە کەوەل».

٧٠. ڕێوی سەر هەسێلّەکە مەبە. «ڕێوییە لە نێو هەسێلّێکدا تەماشای خۆی کرد لە ناو ئاوا، خۆی زۆر بە جوان هاتە بەرچاوو خۆی خستە ناو هەسێلّەکە و خنکا، بۆیە وتوویانە ڕێوی سەر هەسێلّەکە مەبە».

٧١. ڕێـــوی فێـــلاّوی، ژن مەکراوییـــە   پیـاو گێـل و فـەقیر وەك مراوییـە

٧٢. ڕێوی گورگی دی، سەمای لە بیر چوو   بۆ نەجاتی خۆی کەوتە هات‌و چوو

٧٣. ڕێوی نەئەچوو بە کونا، هەژگێکی ئەبەست بە کلکی خۆیۆ.

٧٤. ڕێوی وتی: من سەد فێلّ ئەزانم، وتیان کامیان لە هەموویان بە کەلّكتر بـوو، وتـی پێچۆ کردن.

٧٥. ڕێوی وتی: مەلّێن بۆ خۆی وا ئەکا، مریشك تەبێعەتی گەرمە، بـا کولێنەکـەی لـە دەرۆ بێ.

٧٦. ڕێوی هاتووە بە پیریتۆ. «واتە: تۆ ئەم مامەڵەتە بەکەڵك و باشە».

٧٧. ڕێوی زۆر ژانی ئەکردو بە قارە قاڕ ڕووی ئەکردە ئاوایی. ژنێك كە دووگیان بوایەت و پێی ٧٨. بووتایە قوزەڵقورت، ژانەکەی ئەسرەوت.

٧٩. ڕێوی هەڵگەڕێتۆ لە کونی خۆی، گەڕ ئەبێ. «بەشەر لادا لە ڕەسمی باوك و باپیری بێ

فەڕ ئەبێ».

٨٠. ڕێی بە ڕاسی و بەد بە خوا، سەربەرزت ئەکا لە لای خوا

٨١. ڕێ و ڕەسمی پێشینیان مەشێوێنە، ئەوان لە ئێمە زاناترو دیندارتر بوون.

***

پیتی <ز>

پەندی پێشینان

١. زاڵــمانی زوو، بـیٚ دیـنـانی دوون
«فَرِّقْ تَسُد» یان کردووه به قانوون

«واتـه یـەکیـەتـی لابـەن لـه بـەینا
خۆت که به ئاغاو بیٚ خەم لـەو بەینا»

٢. زامـــن ڕزق هەمـــووان خـوایـــه
کـه بەخێوکـەری کـول ماسـیوایه

٣. زامن یـا دەس بـه کیـسەیه، یـا دەس بـه یەخەیە.

٤. زانـا، تـۆ زانـای به زانینـی خــۆت
ئەعلا دەرەجەت وەرگرتوه بۆ خۆت

خـۆزگەم بەو کەسه که ڕەفیق تـۆیه
بـەهـره وەرگری تەعلیمات تـۆیـه

نەزان، نەزان بیٚ بـه نـەزانی خــۆی
نـەخۆشه و دەرمان نادۆززرێتۆ بۆی

جەهلی مورەککەب هیچ دەوای نیه
مـەپرسـه لـه کەس که دەوای چـیه

سەر مەنیٚ سـەری، سەر ئـەوەشێنـیٚ
بـه وتـەی نـاجۆر دڵت ئەتـەزێـنیٚ

نـەزان، زانـــا بـیٚ بـه نـەزانیـنـــی
پرسیـاره، ڕێـگـه و چـارەی زانینی

نەخۆشه، دوکتۆر ئـەو مامـۆسـایـه
لەگەڵ کۆشش خۆی ئەعلا دەوایه

٥. زانـا بی بـۆ خۆت یا خـۆ پرسـا بـی
تاڵـب زانیـنی لـه هـەر شوغـڵاٚ بی

«نامی»

٦. زانست و پیشه و تێکۆشیـن بۆ کـار
کۆمەڵی بیٚ سەر، ئەکەن به سـەردار

«نامی»

٧. زانین دۆس هەموو کەسه و نەزانین دوژمنیەسی

باعیس بیٚ نان و ئاوی و باعیس نەبوونینیەسی

٨. زانیـن لـه دڵ منالـدا وەك نـەخشـێکه لـه بەردا

زەرەرمەن ئەو کەسـەیه دەس لـه مندالی بەردا

٩. زانین و توانیـن هەردوو بـه کـەڵــکه
هەرکامیان نەبیٚ ئەویان بیٚ کەڵکـه

١٠. زانین و توانین یەکانگیر بوو بۆت — سەر لێ شێواوی کار نەکەی بۆ خۆت
نەزان بی و بیکەی، کار زایە ئەکەی — بۆخۆت دانیشە، ناتوانی بیکەی

١١. زاوا میوانە، قڕ مریشکەکانە — زوو چۆ بەلایۆ، مەگرە بەهانە.

١٢. زایفە داوێن خۆی دوژمنیەسی، بە تایبەت منالْ.

١٣. زیرە بردن بۆ کرمان و مازوو بردن بۆ زاگرۆس خەتایە. «زاگرۆس دارسانێ کە مازووی زۆرە»

١٤. زرێبار زووتر زەڕین بار بووە — دەماودەم کەوتووەو وای پێ هاتووە

١٥. زرێبارو بەهاری، بەهەشتی کوردەواری — ئەگەر بڕوام پێ ناکەی، بڕۆ سەیرو دیاری

«هەژار لە تەفسیرەکەیا لە زۆر جێدا بەحری بە «زرێ» تەرجمە کردووە و «بار» یانێ چکۆلە. وەکوو ئەڵێن «رود بار» یانێ: چەمی چکۆلە. کەوابێ «زرێبار» یانێ دەریاچە».

١٦. زستان ئەڕوات و ڕوو ڕەشی بۆ زوخاڵ ئەمێنێتەوە. «وەختێ ئەمە وتراوە کە خەڵك موحتاج بە زوخاڵ و قورسی بوون».

١٧. زستان خانە تەنگانەیە، مار لە کونی خۆی نایێتە دەرۆ، تۆیش کەس لە ماڵ خۆت دەرمەکە.

١٨. زستان کە هەور ئەگرمێنێ، ئەڵێن بەفر ئەڕووخێنێ.

١٩. زستان ناو خۆی ها بە خۆیۆ، ئەبێ کڕیوە و بەفرو باران و سەرما و سۆڵەی زۆری بێ.

٢٠. زستان نوخشەی عیبادەتە، کەسێ لە نوخشەدا بێ بەش بێ ئەبێ چۆن بێ.

٢١. زل بەو زلیە و قوڕ بەو شلیە — ناچەقێتە قوڕ هەتا هەلیە

٢٢. زوانت لادە، مەینێ گرەو کەس — لە تەرەف کەسۆ قەول مەدە بە کەس

٢٣. زوانی بەنە، قەڵەم خوایە — نوقڵانە هەرجۆر بیدەی هەر وایە

٢٤. زوانی لەگەڵ سەریا شەڕ ئەکا — بە هەموو جۆرێ قسەی پێ ئەکا

٢٥. زۆردار بڵێ ماس ڕەشە تۆ مەڵێ سپییە.

٢٦. زۆر بێ قەباڵە بەتاڵە، لازم ناکا بە قاڵە، تۆ حەز ناکەی بناڵە.

٢٧. زۆر کاری گەورە، پیاوی بچووك ئەیکات.

٢٨. زۆر مەکە لە خۆت زیاد لە ئەنازە تەجرەبەی خۆت کە، جا ژن بوازە

٢٩. زوان ئامانە ئاوڕوو پۆشی دایم بۆ زەرەر ئینسان ئەکۆشی

٣٠. زوان بۆ زیکری خوا تێکۆشە دەرمانی دەردی ساق و نەخۆشە

٣١. زوان کلیلی خێرو شەڕی ئینسانە

٣٢. زوان یەکێکە و گوێچکە دووانە یانێ یەك بلێی و دووان بزانە

٣٣. زۆرە لەو قوڕە ئەو تۆزە هەڵساوە

«نامی»

٣٤. زوڵفی لەسەر ڕوومەتی وەسفی بە لووسی ئەکا

هەر نەفەسێ هەڵخزێ وەی کە چ لووسی ئەکا

٣٥. زووخێز بە با هەموو شتێکت لە پێشۆ بێت. «لوقمان هەموو کارێکی لە پێشۆ بوو. وتیان بۆچی هەموو ئیشێکت وا لە پێشۆ، وتی: هەر کارێ قیامەتیم بێ، لە پێشا جێبەجێی ئەکەم و کارە دونیاییەکانیشم خوای گەورە بە جوانی بۆم جێبەجێ ئەکات».

٣٦. زەخمی شمشێرو خەنجەرو نەشتەر زوو خۆش ئەبێت و پێسی دێتە سەر

٣٧. زەخمی زوانی تیژو زەهراوی هەروا بە سۆیە هەتاکوو ماوی

٣٨. زەخمی شمشێرو نێزە سەهلە، زوو خۆش ئەبێتۆ

زەخمی نەشتەری زووان هەرگیز خۆشۆ نابێتۆ

٣٩. زردالو بیا گلو. «فارسییە، واتە: قەیسی بێ ناو دەمم، بێ زەحمەت کێشان تەمایەر هیچ خۆشییەك مەبە».

٤٠. زەڕ هەر بۆ سەری خەزێنە ئەچێ بۆ ماڵ فەقیرو هەژار کە ناچێ

٤١. زەرەر لە نیوەشا بگەڕێتەوە هەر باشە.

٤٢. زەمانە لەگەڵ تۆدا ناسازە، تۆ لەگەڵ ئەوا بسازە و لەگەڵ خەڵکا ببە و یەك ئاواز بە.

٤٣. زەمانە هەر ئەو کات و ساتەیەکە ئێمەی وا تێدا، خەفەت بۆ ڕابردوو و داهاتوو مەخۆ.

٤٤. زەمانەی ئەنەن، حەیا نەمەنەن حەیا بارش کەرد، ڕووش کەردە بەنەن

«هەورامییە»

٤٥. زەمانەی: «کەوا نان بخۆ» یە. «پیاوێ بە جلو بەرگی شڕو نالەبارەوە ڕۆیی بۆ

ماڵێ، نانیان پێ

نەدا. ڕۆژێ تر بە پۆشتە و پەرداختی چاك ڕۆیشتۆ بۆ ئەو ماڵە، هاتن بە دەمیۆو نان و خۆراکی باشیان پێدا. ئەویش وتی: زەمانەی کەوا نان بخۆیە».

٤٦. زەماوەن تەجروبەی حەیاو شەرمی ئینسانە، بۆ تاوێ حەیای چەند ساڵەی خۆت مەبە.

٤٧. زەماوەن خۆشە، خۆشتر لەوە ئەوەتە کە زەماوەنەکە بۆ خۆت بێ.

٤٨. زەوی ئەم هەموو زەحمەتی سەرنشینەکانی قەبووڵ ئەکا، تۆیش لە خاکی، هەر وابە.

٤٩. زەوی گەنجە، بەو شەرتە ڕەنجی لەگەڵ بدەی.

٥٠. زیرە بۆ کرمان مەبە و خورما بۆ بەم. «ئەڵێن ئەو دوو شارە زیرە و خورمایان زۆرە».

٥١. زیرە بۆ کرمان بردن خەتایە — زیرە لە کرمان وەکوو کا وایە

٥٢. زینەت و زیوەر ژنان حەیایە — دونیا هیچ نیە هەر «کا» و هەر «با»یە

مانعی بەلا و گوناح، حەیایە

٥٣. زانین، لای زانا ئاشکرا مەکە — خۆت تووشی لەکە و عەیب و عار مەکە

٥٤. زستان شەوێکی بمێنێ کاری خۆی ئەکا.

***

پیتی <ژ>

پەندی پێشینان

١. ژن ئەساسی ئیستراحەت و دڵ ئارامی پیاوە.

٢. ژن ئەگەر ڕایێ خراپی بکا، بیبەخشە بە کارە چاکەکانی. «حەدیسە»

٣. ژنان بە چی ئەناسی، بە داوێنی کراسی.

٤. ژنـی داوێـن پـاك کـەم و نایابـە   ژنـی داوێـن پـیس زۆرە و خراپـە

٥. ژن بـە ئـارامی هەرچـی کـار ئەکـا   کەر بە چرپۆ باز هەرچـی بـار ئـەبا

٦. ژن بێ باوەڕیشە و خۆش باوەڕیشە.

٧. ژن بۆخۆی چێشت لێ ئەنێ، هەرجۆرێ بێ شوکری خوا بکە و بیخۆ.

٨. ژن بە بێ‌کەس هار ئەبێ، پیاو بە بێ‌کەس هەژار ئەبێ.

٩. ژن بدە بە ژن مردوو، گا بدە بە گا مردوو.

١٠. ژن بە قەرز نابێ. «واتە: قەرزی بێ جێگە مەکە بۆ ژن هێنان».

١١. ژن، بەنەخوێنی شل بێتۆ، شووەکەی لە سەفەر بێتۆ، باشە بیری لێ کەیتۆ

١٢. ژن بـێـنـە لـەبـۆ مـالـت   ئـەمـە بـاشـە بـۆ حـالـت
ئەگەر بە گوێی من ئەکەیت   گـوێ گـرە بـۆ نـالّە نالـت
کچت زوو بـدە بـە شـوو   بـەبـێ وچـان و پـشـوو
ئەگەر تـۆ نـەیدەی بە شوو   هات و خۆی خۆی دا بە شوو

١٣. ژن پەرستی خوا پەرستی لە بیر ئینسان ئەباتۆ، بڕوای پێ مەکە و بڕۆ بە ڕێتۆ.

١٤. ژن پێچە، مەشوەرەتی پێ کەن و بە گوێیان مەکەن، چون عەقڵ و دینیان ناقسە.

١٥. ژن تا منالّی نەبێ لەگەڵ شووەکەیدا وەکـوو بێگانـە وایـە، کـە منالّیـان بـوو ئیتر یەکدڵی و مەحەببەتیان بۆ یەك بێشکە ئەبێ.

١٦. ژنتان هانی با بزۆك بێ، ژنی نەزۆك لەگەڵ شوو دڵیان بێ ئارامە.

١٧. ژن داوی شەیتانە بۆ زەلیل کردنی پیاو، خۆت مەخە داویان. «حەدیسە»

١٨. ژن دز و حیز بێ، چاری ئاسانە | بێ حەیا گشت کەس لێی هەراسانە
هەتاکوو ماوە لە دەم ناکەوێ | ڕەفیقی ساتێ بێ خەم ناخەوێ
هەتا ئەتوانی دوور بە لەوانە | دووری لە بەلاّ و مەینەت ئەوانە
١٩. ژن کچی شوو کا، دەماخی سازە | کوڕی ژن بێنێ کزو لاوازە

٢٠ ژنیش هەس و ژانیش هەس.

٢١. ژن قسەی ڕاسی لەگەلّ شوو کەمە. «وەختێ حەزرەتی ئادەم و حەوا «علیهم السلام» لە بەهەشت دەرکران و هەریەکێ کەوتنە شوێنێ، ئادەم هەموو ڕۆژێ تا ئێوارە ئەگەڕا بە شوێن حەوادا، حەوا کە بێ ئارامتر بوو بە شەویشدا هەر ئەگەڕا، وەختێ لە عەرەفاتی "مەکەدا" بە یەك گەشتن، ئادەم ﷺ وتی: لەوساوە لەیەك بڕاوین هیچ ڕۆژێك ئارامم نەبووە و تا ئێوارە بۆ تۆ گەڕاوم، حەوا وتی: من لەم جێگای خۆما دانیشتبووم».

٢٢. ژن کە هەسانی پیاوە تیژو کرژی ئەکاتۆ | خەفەتی تازە و کۆنەی هەموو لە بیر ئەباتۆ

٢٣. ژن کە نەتوانێ ، تۆلّەی خۆی بسێنێ ئەگریێ.

٢٤. ژن لەبەر چوار شت پیاو ئەیخوازێت: یا لەبەر جوانی، یا لەبەر مالّداری، یا لەبەر عەشیرە داری، یا لەبەر دینداری. دیندار بخوازە با نەکەوی بە ئەرزا. «حەدیسە»

٢٥. ژن لە پەراسووی چەپ درووست کراوە، ڕاسی کەیتۆ ئەشکێ. «حەدیسە»
لە پەراسووی چەپ حەزرەتی ئادەم | حەوا درووس بوو بە حەدیس خاتەم
پەراسوو، ڕاسی ئەکەیتۆ ئەشکێ | سازش باشترە هەتاکو بشکێ
شکاندنی ژنان، تەلاّق دانیانە

٢٦. ژن لە تایفەی باش بخوازە، منالّەکانت خالّۆ وەلّەد ئەبن.

٢٧. ژن لە لادێدا کۆلّەکەی مالّە | بێ وچان مانووی چوار فەسلّی سالّە
لە شار خەریکی بنێشت جاوینە | فەرق ناکات زستان، یا خۆ هاوینە
٢٨. ژن لەلای باوان، کونە لای ئاوان | قەدریان نیە، لێم مەگرە تاوان

٢٩. ژن لە مالّ شوویا خۆشی بێ، بە کۆلّ بەرد ئەکێشی.

٣٠. ژن لیباسی پیاوە و پیاو لیباسی ژنە، یەکتر لە سەرماو گەرمای هەر دوو دونیا ئەپارێزن.

«لە ئایەت وەرگیراوە».

٣١. ژن ماڵان‌گەڕو ماڵ ویران‌کەر نگاداری مەکە با ئابڕووت نەچێ.

٣٢. ژن مـەڵهـەمـێکە بـۆ زام و بـرین وەك حەسار وایە بۆ حەیا و پەرژیـن

٣٣. ژن و ماڵیان وتووە، نەیان وتووە ماڵ و ژن.

٣٤. ژن و پیاو کە لە یەك ڕازی بن و تەڵاقیان نەبێ ئەڵێن:

من ڕازی و تۆ ڕازی داری بە قنگی قازی

قازیش دوژمنیانە کە ئەڵێ: تەڵاقیان نیە، زۆرتر ئەم زەمانە وەهایە و بێ تەڵاق ژن و پیاو بە لای یەکۆ دانیشتوون.

٣٥. ژن وەسە دار «بی» لە هەرکوێی داینێی سەوز ئەبێ.

٣٦. ژن وەختی شووی هات و هاوشان داوای کرد، بێ وچان بیدەنێ. نوێژ وەختێ هاتە پێشۆ بیکە با دڵت ئارام بێت. کەسێ مردنی مەعلووم بێ، زوو بیشارەرۆ. «حەدیسە»

٣٧. ژن وەختێ منالی ئەبێ، باشترین دەواو خۆراکی، خواردنی خورمایە. «حەدیسە»

٣٨. ژن وەسە گوێز، هەموو کەسێ بەردی پیا ئەخاو بۆ هەموو کەسێ نابێ.

٣٩. ژن هـات و دایـە لای بـێ حـەیایی بـە دار بیلـەکان زەوی مـەگایی

۴٠. ژن خانەداربێ، پیاو کاسب کار بێ بـا بـێ حەیا بێ یا شێت و هـار بێ

۴١. ژنی پیـرو پیـاوی جـوان ئۆخەی ئۆخەیە و گیان گیان

پیـاوی پیـرو ژنـی جـوان قـوزڵـقـورتـە و سیا سـنـان

۴٢. ژن هانین سەهلە، بەخێو کردنی گرانە، بەرلەوە تەئمینی گوزەرانی بکە.

۴٣. ژنیان ژن وتووە و پیاویان پیاو، ئەبێ هەریەك خەریکی کاری خۆیان بن.

۴۴. ژنێکت بۆ ڕازی نابێ، چۆن دوو ژن ڕازی ئەکەی، لایبە ئەزیەت خۆت مەکە.

۴٥. ژنێك ژیر سێ منالی بوو، وەختی نان خواردنیان تـەنیا سـێ نانیـان بـوو، بـە هـەر یەکێکیان نانێکی داو وتی: من قوزەڵقورتم ئەخوارد، یەکێ لـەتێکم پـێ بـەن. بـەوجۆرە خۆی بێدەنگ نان و لـەتێکی خوارد.

۴٦. ژنێ گون دابێڵێ بەسەرتا، بەخێو نابێ. «مەیەڵە».

۴٧. ژنێ گەرەکی بوو شووەکەی فێرە جوێن بکا، نەیئەوێرا، ڕۆژێ منالەکەی بەهانـەی پێ گرت و ئەگریا، وتی بە شووەکەی: تۆ خۆت بکە بە گورگ و بلوورێنە با ژیر بێتۆ،

کە لوورانی وتی: مەگری ڕۆڵە ئەگەرنا گورگە باوەحیزەکە ئەتخوا.

٤٨. ژنیٚ مارە نەکرابوو، داوای هەشتیەکی ئەکرد.

٤٩. ژنی مالاٚن گەڕ، یا کۆڵ دێنیٚ یا زۆڵ.

بڕوام پیٚ بکە بە باشی زانە ژنی مالاٚن گەڕ ژن نیە، ژانە

٥٠. ژنی مێردان، لە بنی بەردان. «پیاوی لیٚ هاتوو لە بن بەردیشا بیٚ ژن بە خێو ئەکات».

٥١. ژنیٚ نەخۆش بوو، وتی بە شووەکەی: خەمی خۆم نیە ئەمرم، من بمرم تۆ چی ئەکەی؟ شووەکەی وتی:

خوا نەکا نەمری ئەبیٚ من چی بکەم داخ و خەفەتم چۆن لە دڵ دەرکەم؟

٥٢. ژنیٚ وتی بە کوڕەکەی: ڕۆڵە تۆ گلەیی باوکت لە من مەکە، باوکت گای جووت کردنە، خزمەتی زۆری ئەویٚ.

٥٣. ژەم ژەم و کەم کەم تۆ خۆراك بخۆی بیٚ دەنگ و بیٚ وەی خۆت بەخێو ئەکەی

«ژەم ژەم و کەم کەم، واتە: کەم خۆرو هەمیشە خۆر بە».

٥٤. ژەمیٚ و سیٚ ژەم. گورگ تا ژەمیٚ تیٚرە، دوو ژەم برسیەتی.

«ئەو وشانەی کە «ژ» یان واتیاو چەند جار دوبارە کراوەتۆ زۆرن، وەکوو: ژیژك، ژیژوان، ژریژە، ژاژ، ژەمژەم، ژوژ، ژەرەژ، ژلێژاو، گیژو ویژ، ژاوە ژاو، ژن و ژن خوازی، ژن بە ژن، مژمژە، ژیرو ژوڵ، هووژە هووژ، هاژە هاژ...

***

پیتی <س>

پەندی پێشینان

١. ساقمان بە کۆڵ کەر ئەگەڕێ، ئەونە نەخۆشین
جارجاریش بۆ یەك ئەیکەین گریە و شین

٢. سایە پەروەردەی، سووری دڵبەری   کاسە نەشۆری، ماڵ وێران کەری

٣. سایلەیش دەم ئەسووتێنێ!.

٤. سپێ لە مشتیا سەرچۆپی ئەکێشێ. «ئەوەندە لاتە».

٥. سەحەرخێز بە تا بە موڕادو ئارەزووی خۆت بگەی.

٦. سوڕنا بدەی بە دەس ناشێۆ، فوو بە سەرە گەورەکەیا ئەکا.

٧. سمۆرە وتوویەتی: من لە ئاو پاییز ناخۆمۆ کە چیاوو خۆشە، ڕەعیەت لێی ئەخواتۆ. ئەڵبەتە جارِ عەشرەتی ئەکێشێ.

٨. سمێڵ هەر پیاوێ نابێ لە برۆی زیاتر بێ.
چونکوو وا لە بەین دوو کون حەساسا   حەزرەت بۆ ئەوە داینـاوە یاسا

٩. سوار تا نەگلێ نابێ بە سوار.

١٠. سوار لەسەر زین دێنێتە خوارۆ. «ئەوەندە بێ حەیایە».

١١. سووکی ژن لەبەر بێ چارشێویە   بڕوا بۆ هەر کوێ موشتەری نیە

١٢. سەبرت بێ کار درووس ئەبێ.

١٣. سەبر کلیلی دەرگای خێرە.

١٤. سەد تمەن ئەدەم و شەوێ منالەکەم لە دەرۆ ڕۆژ نەکاتۆ. «لەو وەختا سەد تمەن زۆر بووە».

١٥. سەد سەری بڕاو بێنی و بینیتە بەردەسی بە زامن.

١٦. سەد قەلوبەردێ تونایان ئەکا   هەریەکێ بۆخۆی چارەسەر ئەکا

١٧. سەد گوناح و یەك تۆبە.

١٨. سەرئەنجام گا هەر دۆڵە.

١٩. سـەر بـێ دەلاك مـەتـاشـە / بۆ خـۆت هـەروەهـا باشـە
ئەگـەر تـۆ پیاوێ زیرەك و باشـی / سەر مەنێ بەر دەس دەلاكی ناشـی
با سەرت بە تێخ لەت و پەت نەكا / ئەمـلاولای سەرت خوێناوی نەكـا

٢٠. سەر دائەپۆشێ و قنگی ئەفرۆشێ.

٢١. سەر دەستە، زەحمەتە بێت بە ژێر دەستە.

٢٢. سەرم بشكێنە و نرخم مەشكێنە.

٢٣. سەرم بووە بە ئاش، قنگم بووە بە ماش. «واتە: سەرم جەنجاڵە. ماش، تەیمانێكە لە بەر ئاوا درووسی ئەكەن بۆ ماسی گرتن».

٢٤. سەر مەنێ سەر شێت، باقیارت ئەكا / بۆ هەر دوو دنیـا لەكە دارت ئەكا

٢٥. سـەرو مـاڵـم لە تـۆ درێـغی نیـە / بزنە كوڵم لە چوار شایی كەمی نیە

٢٦. سەگ هار چل ڕۆژ عومر ئەكا.

٢٧. سەری بڕوا نوێژی ناڕوا. «ئەوەندە بە تاعەتە».

٢٨. سـەری بـێ تـاوان بـچێتە پێـی دار / نەجـاتی ئـەبێ و نـادرێ لـە دار

٢٩. سـەری لـە هێلكـە نـەجووقانووە / ئەونـە بـە نـازو نـووزو بیانـووە

٣٠. سەری من بە قـەد پـای تـۆ نـازانێ / حازرە سـەرم، پێـی لـەسەر دانـێ

٣١. سەرێ نەبێ لەناو سەرانا بۆ بڕین باشە.

٣٢. سەگ بە حەوشەی پێ ئەكەین، جا ئەملاولای لێ ئەگرین بە دارو بەردەوە.

٣٣. سەگ كە برسی بێ هەمیشە وا بە شوێنتۆ، كە تێر بێ ئەتخوات، نۆكەریش هەر وایە.

٣٤. سەگی سپی كە گڵاوە بۆ بارە لۆكە زەرەری هەیە.

٣٥. سەندن بە مسقاڵ بەخشین بە خەروار / وا بـاشـە لەبـۆ فـەقیـرو هەژار

٣٦. سەیید وەنە دێزەی ڕەش، بۆ ژن و ژن خوازی نزیكیان مەكەوە.

٣٧. سیاسەت باوك و دایكی نیە، هەر ڕۆژێ بە جۆرێ ئەگۆڕێ.

٣٧. سیـاو چەمـانە، سیـاو چەمـانە / هـەورامان یاگـەی سیاو چـەمانە
«سیاو: ڕەش. چەم: چاو»

٣٨. سیروان لێشت نەدەم، هەر ئەمبەی.

٣٩. سێ شت بنچینەی عومری پیاو دەردێنێ، هاوسەری پیرە ژن، قەرزکردنی بێ جێ، خەفەت خواردنی زۆر.

٤٠. سێ شت زینەتن بۆ سێ شت: حەیا بۆ ژن، عیبادەت بۆ جوان، تۆبە بۆ پیر.

٤١. سێ شت ئافەتن بۆ سێ شت: غروور بۆ جوان، ریا بۆ عیبادەت، منەت بۆ ئیحسان.

٤٢. سێ شت سەبەبە بۆ ئەوەی کە بەشەر زوو پیر بێ: رەفیقی ژنی نەساز، بێ رەحمی و بێ باکی و بێ حەیایی کەس و کار، دەس تەنگی و ناتەواوی ژیان.

٤٣. سێ شت کە وەفای نیە بۆ ئینسان ئەسپ و سیلاحە و گرۆهی ژنان

٤٤. سێ شت لا ئەبەن خەفەت لە ئینسان ئاوو سەوزەجات، مەنزەرەی جووان

٤٥. سێ شت لا ئەبەن خەفەت لە گیان ئاوو سەوزایی و ڕوومەتی جوان

٤٦. سێ شت مەفسەدەن بۆگروێ ئینسان جوانی و بەتاڵی و سەروەت و سامان

٤٧. سێ شت نیشانەی نیفاقی عەبدە درۆ، خەیانەت، خیلافی وەعدە

٤٨. سێیەمینە سوننەتە، «بەجێی بێنی باشە».

٤٩. سینەی بێ کینەی موحەممەد سەڵوات. «لە وەختی ناوجی کردنا خەڵك وا ئەڵێن».

٥٠. سێ و دووی دڵی خۆی ئەکا، دوایی مەشوەرەت ئەکا، جا ئیقدام بەکار ئەکا.

٥١. سێوێ هەڵخەیتۆ نایێتە خوارۆ، چەن جار بەدەور خۆیا ئەخولێتۆ. «دەوری زەمانەش هەر ساتێ جۆرێکە».

٥٢. سێوێ خۆی نەگرێ لەبەر سوەیلا نابێ بە وێنەی سەر گۆنای لەیلا

«نامی»

***

پیتی <ش>

پەندی پێشینان

١. شا بەخشیویەسی، شالیار نایبەخشێ.

٢. شاڵ من و شاڵ خانە. «واتە: با شاڵەکان لەیەك بن، هەر شاڵ ئەو پەسەنترە».

٣. شالیار بە کالیار نازانم. «ئەوەندە بە خۆما ئەنازم، شاو شالیارم بەلاوە وەکوو یەك وایە. ئەونە بێ خەم و بێ باکم».

٤. شانازی بە ماڵ دنیاوە مەکە ‏ هەرچەن ماڵ دنیا ئەتبا بۆ مەکە
چون ماڵی دنیا چڵکی دەسانە ‏ قەناعەت یاسای گەورە کەسانە

٥. شای مێوە هەنگوور، سوڵتان خەربوزە ‏ شووتی هەر ئاوە و خەیار بێ مەزە
ئەگەر نازانی خەربوزە چیە ‏ کاڵەکە، ئیتر ئەوەی بۆ چیە

٦. شانامە کوێی خۆشە؟ ئاخری!.

٧. شا وەکوو شوانە، ڕەعیەتیش ڕانە. «گورگ لە زاڵمەکانە، شوانێ کە کۆمەك گورگ ئەکا، ئیتر مەرگی حەیوانەکانە».

٨. شایەن بازی مەکە! بۆ خۆت قورس بیکێشیت و بۆ خەڵك سووك، «با وەیل جێگەت نەبێ».

٩. شایی و شیوەن بە قەوم و عەشیرەتۆ خۆشە، با بێگانە پێیان خۆش نەبێ.

١٠. شایی و شیوەن دەسەوامە.

١١. شتێ گۆشتی بێ ناگرم، بۆ گۆشتی پێ کەم کەم.

١٢. شڵپەی ئاو تێ، مێمانمان تێ. «تەجرەبەی زووە».

١٣. شمشێر چاك لە ئاسنی خراو درووس نابێ. «نا ئەهل بە مۆجگاری تۆ ژیر نابێ».

١٤. شمشێر میسری لە کێلانا خۆی ناگرێ، «پیاوی جەوهەرداریش لە مەیدانا خۆی بۆ ناگیرێ».

١٥. شمشێرو ئەسپ و ژن کە بێ وەفان ‏ هەر ڕۆژ یەکێکە ساحێبی ئەوان

١٦. شوانی ناپاك، لە گورگ خراپترە.

١٧. شوان گرتن ڕاسی هاوماڵە، سەرۆکیش بۆ میللەت هەر وایە.

١٨. شوان لە شوانیەکە عاری نیە، لە نانۆ چنین عاریەتی. «ئەمە نیشانەی نەگبەتییە»

١٩. شوانە درۆزنەکە مەبە، با خەڵك بێن بە دەمتۆ.

٢٠. شوانی حەیوان، ئەوەڵ کاری پێغەمبەران بووە تا تەجرەبەیان بێ بۆ شوانی ئینسان.

٢١. شۆرەت بۆ ئینسان ئافەتە، تۆ شۆرەت پەرست مەبە.

٢٢. شوکری نیعمەت نیعمـەتی تـۆ زیـاد ئـەکا کوفری نیعمەت هەرچی هەس بەربای ئەکا
شــوکری نیعمــەتی خــوا زۆر ئەکــەم کە زۆرم نیـە، ئـازاری کـەس کـەم

٢٣. شوان تا دانیشێ ڕانی دوور ئەکەوێتۆ.

٢٤. شووشە (شیشە) کە شکا، جێی خۆی ناگرێتۆ، «تۆش هۆشـت بـێ بـە خۆتـەوە و قەدری خۆت مەشکێنە».

٢٥. شوویێ کافر لە هەزار برای موسوڵمان باشترە. «خۆشکێ وا ئـەڵێ کـە بـە گـیر هاتێ بۆ شوو کردن».

٢٦. شەخس تا زەبەرەی خۆی نەنوێنێ، دانوولـەی بـۆ لـێ نـانێن. «جـافێ چـووە سـەر مەرقەدی کابلە سوورەی مەریوان و وتی: حەمەی کوڕم نەخۆشە، دۆعای بۆ بکە بەڵکوو خۆشۆ بێتەوە، گێسکێکت بـۆ ئەکـەم بـە خێـر. ئەگـەر تـۆ خۆشـی نەکـەیتۆ مـەحووی سەرەواڵە بە دیزەیەك دانوولە کرە ئەکا».

٢٧. شەڕ ئەکەی بیر ئاشتیت پێوە بێ.

٢٨. شەڕ ئەکرێ بە فێڵ و ناحەق سەر ئەکەوێ بە بەرتیل. «دوانزە سووارەی مـەریوان هەر یەکە دوو تەیەڵەیەکیان دابەست بە کەڵپۆس زینی ئەسپەکەیاناو بە شەبیخون هەریەك لە قولێکۆ دایان بە سەر تەواوی عەشیرەتی جاف لـە دەشـتی پێنجوێنـا، جافـەکان وایـان ئەزانی دوانزە هوردوو هاتووەتە سەریان، شکان و ئەوجارە بەو جۆرە مەریوانی نـەجاتیان بوو بە دەس شەڕی جافۆ».

٢٩. شەرابی مفتە، قازیش ئەیخوا.

٣٠. شەڕ بە ئەسڵەحە ئەکرێت و مامەڵە بە پووڵ.

٣١. شەڕ بە کۆنە قین ئەکا.

٣٢. شەڕت پێم مەفرۆشە، مەڕت لە لاما مەدۆشە.

٣٣. شەرتە کەڵەمەت بجەڕێنم. «واتە: زەلیلت ئەکەم. هەڕەشەیە. کەڵەمە: دارێکە کە لە وەختی
جووتا ئەیبەسنە مل گاو بەوجۆرە ڕام و زەلیلی ئەکەن».

٣٤. شەڕ خۆش نیە، شەڕنامەکەی خۆشە کە بە ئیستراحەت بیگێڕیتۆ.

٣٥. شەرع بنی قوولە، شەرع جەبەڵ جەبەڵە، «کەس بە تەواوی نایزانێ».

٣٦. شەرع مار بە دار، بە خۆت یا بە زۆردار.

٣٧. شەڕ کراو کوژاوۆ کەچەڵ بۆ دار ئەسووڕاوۆ

هیچ مەنعی ناکەم لەحەیبەت سەری ناچێتە بەرۆ بۆ دەردی سەری

٣٩. شەڕکە لە شێفەو ئاشتی‌لە خەرمان با دوایی نەبێ بە بەزم و شەڕمان

٤٠. شەڕو نیوە شەڕ، هەر بران.

٤١. شەڕ لە بەتاڵی باشترە. «شەڕی شەوی ژن و مێرد مەزەنەی خراپی لێ ئەکرێ، نەیکەن باشە».

٤٢. شەرم و حەیا بۆ ژنان، ژنان حورمەت‌دار ئەکا

بێ حەیایی و بێ شەرمی ژنان لەکە دار ئەکا

٤٣. شەرم و حەیا خۆشبەختی هەر دوو دونیایە.

٤٤. شەرم و حەیای ژن، هۆشیاری حیجاب ژن ماقووڵ ئەکا بێ حەدو حیساب

٤٥. شەڕ نان و گۆشت خواردن نیە، پەن و پیتکەی زۆری لێ ئەبێتەوە.

٤٦. شەڕ ناو خۆی ها بە خۆیۆ، تەمایەر خێری مەبە.

٤٧. شەڕە زەڕنگەڕانەیە، هەردەم قاڵەیانە، لە یەکتر نادەن و ناکەن.

٤٨. شەڕە مناڵ وەسە شەڕە مریشك، دوو دەنووك ئەدەن لە یەکترو جیا ئەبنەوە.

٤٩. شەڕێ ببێت و خێری تۆی تیا بێت خۆشە.

٥٠. شەڕی خۆ ترێن مەکە.

لەگەڵ نا ئەهلا شەڕو ستیزە ئابڕووت ئەباو ئەتخا لە ڕیزە

«نامی»

٥١. شەڕی ژن و مێرد وەسە شەڕی منالان، زوو ئاشتی ئەکەوێتەوە بەینیان.

٥٢. شەریعەت ڕێگا، تەریقەت باڵە — بەبێ شەریعەت تەریق بەتاڵە

٥٣. شەق ئەزانێ قوّناخ وا لە کوێ.

٥٤. شەلان بە کوڵێ جەوتۆ — هەر هەڵئەساو ئەکەوتۆ

٥٥. شەلکەی پا شکاو نیە، ئەو ژنە هەر موشتەری زۆرە.

٥٦. شەڵڵا ئەو شەوە دایکت تۆی ئەبوو، من لە ئاشا بووایێم. «کەسێ کە لە کوڕەکەی یا کچەکەی بێزار بێ وا ئەڵێ».

٥٧. شەل نیە، پای شکاوە.

٥٨. شەلە باوان و کوێرە باوان.

٥٩. شەلە مارت ئەکەم وەك مار ئەتکوژم — هەر وەکوو دوژمن خوێنت ئەمژم

٦٠. شەمامەی بێستان، بۆ دەس چاو مەستان.

٦١. شەلەم داویە لە کەلەم، بۆیە ئەونە بە پەلەم.

٦٢. شەلەم شیرینی ئەکا، ئەرنا خۆیشی حەز ئەکا.

٦٣. شەمشەمە کوێرە، گیاندارێکی زۆر عەجایبە. هێلکە ناکا، بەچکەکەی بە شیر بەخێو ئەکاو لە ڕۆشنایی ڕۆژدا لەبەر تیژی خۆر چاوی نابینێ و لە تاریکی شەویشدا زۆر چاوی تیژە و زۆرتر لە بەینی مەغریب و عیشادا دەرئەکەوێ و تەنیا پەلەوەری گوان دارە.

٦٤. شەمە بە کەم کەسێ کەوێ، هەر بۆ مووسایی باشە.

٦٥. شەمە کارو شەمە بار — شەمە بووك ناکرێ سوار

٦٦. شەو بێداری، دڵی بەشەر هۆشیارو ڕووناك ئەکاتەوە و زۆر خەیاڵاتی لە بیر ئەباتۆ.

شەوەن خەڵوەتەن، ماڵ بێ ئەغیارەن — عالەم گرد وتەن، دۆس خەبەردارەن

«مەولەوی»

٦٧. شەو، سات و کاتی بەندەگی خوایە، با لە خەڵوەتا بین و لە زیکری خوای خۆماندا بین.

٦٨. شەو شەوی بەراتێ، خوا کچ و کوڕتان باتێ، شتێکمان بۆ خەنە جەماتێ. «زوو منالان لە نەورۆزا ماڵ بە ماڵ ئەگەڕان بۆ نەورۆزانە و ئەم شیعریانە ئەخۆندو خەڵکیش

هەرچی دەسیان ئەڕۆیی لە هێلکە و پارە و خورماو شیرینی پێیان ئەدان».

٦٩. شەوقـی تەرزە مێو، گـەڵای گایـمە | چـەپـۆك بـاوە ژن هـەر لـە یـادمـە
چەپۆك باوە ژن کلاوەکـەی دڕیـم | کە باوکم هاتۆ فرمێسکـی ئـەسڕیم

«کوڕێك هەمیشە بە کۆڵ باوەژنێو بوو، مەشهوور بوو کە چەنیٚ خۆشی ئـەوێت. ڕۆژیٚ خۆشکی وتی: دادە تۆ بۆچی ئەم کوڕتە ئەوەندە خۆش ئەویٚ کە دایمە هـا بـە کۆڵتـەوە. وتی: خۆشکە گیان با قسەی خۆمان بیٚ و کەس لـە دەمت نەبیسیٚ، لـەبەر ئـەوە ئەیگرمـە کۆڵ با چاوم پێی نەکەوێت و چاوم لـە ناو چاویٚو نەبێت».

٧٠. شـەوان کـە کـاتی بەنـدەگی خوایـە | ڕازو نیـــازو ئـەســـراری تیایـــە
بە شـەو لـە یـادی ئـەو غافـڵ مەبـە | دوور لە ڕسـوومی سـاڵحان مەبـە

٧١. شەوگار درێـژە و عــەودڵ بەتـاڵە | بۆیە هەر خەریك ئەم ماڵ ئەو ماڵـە

٧٢. شەوگارمان ڕۆیی، ڕۆژگارمان مـاوە | با جـیٚ بە جـیٚ کەین چـی ناتەواوە

٧٣. شەیتان سەری لیٚ دەرناکا، ئەوەندە پێچە.

٧٤. شەیتان بە ئەوانە گەمە ئەکا کە توورەن، خۆت مەکە بە گەمە جاڕ شەیتان.

٧٥. شەیتان پەلەی کرد چاوی خۆی کوێر کرد. «بۆیە وتوویانە عەجەلە کار شەیتانە».

٧٦. شەیتان شەرم لە مووی سپی ئەکا، ئێمە ئەبیٚ باشتر شەرمی لیٚ بکەین.

٧٧. شەیتان وتوویەتی هەرکەسیٚ بە بەشی خۆی ڕازی نیە، بێتە جێگەکەی من با تـەوقی لەعنەت کرێتە ملی.

٧٨. شێـخـیٚ کـە ماڵی دنیـا کـۆ کـاتۆ | بۆ مـاڵـۆ لەگـەڵ خۆیـا بیبـاتـۆ
هەرتـا ئـەتـوانی لـە دەسی ڕاکـە | بڕۆ شـێـخـیٚ تر بۆ خۆت پەیا کـە
دنـیـا لاکـێـکـە سەگـە تـاڵـبی | وا نەبی بـەســەر نـەفسا غاڵـبـی
هەرکەس تەسلیمی شەریعەت نەبیٚ | شێخ نیە هەرگیز، بڕوات پـیٚ نـەبیٚ

موفتی زەهاوی بە فارسی وای فـەرمووە:

شیخا کـه تـو در عالم ظاهر فردي | این رتبه ز دستار به دست آوردي
حیف است که او دور سرِ تو گردد | بـایـد که تـورا دور سرِ او گـردي

٧٩. شێر ئەگەر بتخوا، پەنا بە لانەی ڕێوی مەبە.

٨٠. شـێر بتـشکێنێ نـەك ڕێـوی بتخـوا   هەمیـشە ئەمـە داوا کـە لـە خـوا

٨١. شێر بتخوا مەدە لە پردی نامەرد.

٨٢. شیر دایك لە هەموو شیرێك باشترە بۆ منالّ.

٨٣. شـیـر کـە دۆشرا نـاچێتۆ ناو گوان   قسە لە دەم دەرچوو ناچێتۆ سەر زوان

٨٤. شێر لە بێشە بێتە دەرۆ چ نێر بێ و چ مێ، دەسی خۆی ئەوەشێنێ. «بێ خەم مەبە».

٨٥. شیرم بە تۆ حەلاڵ بێ ئەو کارەم بۆ بکە. «دایك منالّی خۆی وا هەلّئەنێ بـۆ ئـیش کردن».

٨٦. شیرەوا گەزێ بەفری بەسەرۆ بێ، بڕوای پێ مەکـە، دەمـت ئەسـوتێنێ. «نەفـەرێ شیرەوای خواردبوو و دەمی سووتا، سەری بەرزۆ کردو وتی، ئەم مالّە بـە چـەنێ دروس کراوە؟ وتیان: بە سەبرێك و دوو فوو».

٨٧. شیر وشترو دیار عەرەب. «بۆ نفرین وا ئەلّێن».

٨٨. شێری یا ڕێوی؟ «کەسێ بڕوا بە شوێن کارێکاو کارەکە بێت بـە دەسـیۆ، شـێرە و ئەگەر کارەکە نەیێت بە دەسیۆ، ڕێوییە».

٨٩. شیعر هەرکامی درۆی زۆرتری تیا بێ، بە لەززەتترە. «حەدیسە، بۆیە پێغەمبـەرﷺ شاعیر نەبووە».

٩٠. شـینی فـەرهـادم تەمـام نەکـەردەن   شینی کەیخەسرەو ئامان بە گەردەن

٩١. شین هەر بەسەر مردوودا ئەکرێ، تا بەشەر لێی نەقۆمێ، شینی بۆ ناکرێ.

***

پیتی ‹ع›

پەندی پێشینان

١. عـادەتی پیـاوی گـەورە، گەورەتـرین عـادەتـە

شوێن کەوتنیان بۆ ئێمە سەربەرزی و سەعادەتە

٢. عاشق گوڵ وا بە دەسیۆ، عارف وا لـە باخەڵیا

ئەبلەهـ ئەینێ بە سەریۆ، بـێ نەوا لـە کـەمەریا

٣. عاقیبەت خێری لـە هەموو شتێ باشترە. «هەموو ڕۆژێ خەریك خۆ خاس کردن بـە، نەکا ئەو ڕۆژە ئاخر عومرت بێ».

٤. عالم هەر ئـەو کەسەیە خۆی بگرێتۆ لـە حەرام

نەك مەنعی خەڵکی کات و خۆی هەڵکێشێ لـە حەرام

٥. عالــــمی چــــەنێ ســــەهل و ئاســــانە عاقــــڵی ئەونــــە ســــەخت و گرانــــە

٦. عیسا بە دین خۆی، مووسا بە دین خۆی.

٧. عالـــمێك لەبەر چاو شەیتانا لـە سەد عابید بە هەیبەتترە. «حەدیسە»

٨. عالەمتان دا بە فیڕۆ، خۆتان وەکوو بەرزی بانان دەرچوون لـەم شەڕا کە ناتانۆ.

٩. عالــەم دەوامــی بــە چــوار شــتە: ١- عیلمــی عالمــان ٢- عەدالــەتی حاکمــان ٣- سەخاوەتی دەوڵەمەندان ٤ - قەناعەت و دۆعای خێری فەقیران. «ئەمانــە کــە فــەوتان، عالـەم ئەفەوتێ. حەدیسە»

١٠. عام لـەگەڵ ئێمە یا ئێمە لـەگەڵ عام. «ئەبێ ئێمە لـەگەڵ عاما بین».

١١. عومرە گرانـمایەکەم سەرف کردووە هەر لـەمـا

چی بـخۆم لە هاوینا، چی پۆشم وەختی سەرما

پـەشیـمـانـم لـە کـارم، نـازانم چـیـە چـارم

بۆ کوێ بڕۆم بەم دەردۆ، بـۆ کێ ببەم هاوارم

١٢. عیشق و عەلاقە ئینسان زەلیل ئەکا، تو هەر خۆت زەلیلی لای خوا بکە.

١٣.عیشقێ کە مەجازی بێ تالب مەبە ئیللا کچ   لەیلا کچ و سەلما کچ و عوزرا کچ

«نالی»

«عیشقی مەجازی دوو شتی باشی تیایە: ١- بناغەی دامەزرانی بنەماڵەیە ٢- وەرزش و نەرمشە بۆ عیشقی حەقیقی».

١٤. عیلم و دین دوو باڵن بۆ ئینسان کە قودرەتی باڵ گرتنەوەی نیە، بەم دوو باڵە نەبێ و موسوڵمانیش بەم دوو باڵە کەماڵ پەیا ئەکا.

١٥. عوزر لە گوناح بەدترە. «کە نازانێ عوزرێ بێنیتۆ».

١٦. عومری درێژ، ئەوەیە خراپە کە ئینسان مەرگی ئازیزی زۆر چاو پێ ئەکەوێ.

١٧. عومری درێژ شەرمی لە کەس نیە.

١٨. عومرێکە شوانە هێشتا لوورەی گورگ ناناسێ.

١٩. عەترێ کە خۆی ئەنوێنێ، بە دەم تاریفی مەکە

تۆ کە ماڵت حەرامە چیتە لە دەوری مەکە؟

٢٠. عەجەلە مەکە لە کارا، عەجەلە کاری شەیتانە

شەیتان کە چاوی ڕاسی کوێرە لە بۆ نیشانە

٢١. عەزای دەوڵەمەن، شادی فەقیرە   خەریکی چێشت و گۆشت و کەوگیرە

٢٢. عەفوو لە ئینتیقام باشترە. لەززەتێ لە عەفوا هەیە لە ئینتیقامدا نیە. «حەدیسە»

٢٣. عەفوو لە کاتی دەسەڵاتداری   سەربەرزیە بۆ حوزووری باری

٢٤. عەقڵم نەماوە، فامم سەرسەری   دڵەکەم باری کرد بۆ سەوداگەری

٢٥. عاقڵ دووجار ناخلەتێ.

٢٦. عەقڵ بە گەورەیی و بچووکی نیە، زۆر جوان هەیە لە پیر زۆر عاقڵ ترە.

٢٧. عەقڵ نەبێ گیان وا لە عەزابا. «فارس وایان وتووە: «گر عقل نباشد جان در عذاب است»

٢٨. عەقڵ و عیلم لە هەر کەسێکا کۆ بوونۆ، ئەو کەسە خۆشبەخت هەر دوو دونیایە.

٢٩. عەقڵ و کەماڵ لە تەڵاو زینەت و زیوەر باشترە.

٣٠. عەقڵ وەکو میوان وایە، بازێ وەخت وا لە جێداو بازێ وەخت نیە لە جێدا.

٣١. عەلامەتی بێ دەماری پیاو دوو شتە: ١- سواری کەر ٢- کۆمەك کردن بە خێزان و منداڵ لە فەرمانی ناو ماڵا.

٣٢. عەلامەتی خۆشبەختی بەشەر ئەوەیە کە خواو خەڵکی لێ ڕازی بن.

٣٣. عەلامەتی دەس بەردار بوون خوا لە ئینسان ئەوەیە کە خەریك کارێ بێ کە قازانجی تیا نەبێ، نە بۆ دین و نە بۆ دونیا.

٣٤. عەمەڵ لەگەڵ ئیخلاسا تێکەڵ نەبێ ئیفلاسە
زووتریش هەروا بووە و ئیسەش بۆ خۆی هەر واسە

٣٥. عەوام بێ عەقڵ و گەوج و ناتەواو	بە فڕێ کۆن و بە تڕێ بڵاو

٣٦. عەوامی و نەفامی دەردێکی گرانە، تۆ خۆنەوارێکی فامیدە بە.

٣٧. عەیبی خۆت بێنی بۆ بەر چاوی خۆت	ئیتر عەیب لەکەس ناگری غەیر لە خۆت

٣٨. عەیبی خۆت شۆرە بەدەسی چەپت	بە دەس ڕاس خۆراك بەبە بۆ دەمت

٣٩. عەیبی خۆت لە بەر چاوت لا مەبە	ئیتر تۆ ناوی عەیبی کەس مەبە

٤٠. عەیبی خۆت لەلای کەس مەڵێ، لەلای خوات تۆبەی لێ بکە.

٤١. عەیبی خۆت لەویا دۆزەرۆ کە ناوی عەیبی خەڵك ئەبەن.

٤٢. عیبادەت تەنیا خزمەت بە خەڵکە	تەنیا تەزبێح و بەرماڵ بێ کەڵکە

٤٣. عیللەتی بێ بەرگییە کە هەتیو مەیلی هەتاو ئەکا
لە بۆ نانێ کە بیخوا هەمیشە چاوە ڕاو ئەکا

٤٤. عیلم ئەوەیە کە لە دڵا بێ، ئەوە نیە لە کاغەزا نووسرابێ و لە گیرفانا بێ.
«ئیمامی غەزالی دوای تەواو کردنی خوێندن لە بەغدا، ڕۆیشتۆ بۆ وەتەنی تووس لە ئێراندا، لە ڕێدا بوو بە ڕەفیق قافڵەیەك لە جەردە و ڕووتیان کردۆ، ئیمام غەزالی دەفتەر یادداشتێکی پێ بوو بردیان، زۆر پاڕایەوە و نەیانداوە. ڕۆیشت بۆ لای سەرۆکەکەیان و وتی: ئەم دەفتەرە موشکلاتی زۆرم تیا نووسیوە و کەڵکی بۆ ئێوە نیە، سەرۆکەکە وتی: ئەگەر تۆ زانا بوایی ئەوەی کە ئەتزانی لە ناو دڵتا دات ئەناو

ئێمە نەمانئەتوانی ببیەین. لە ئەنجاما بە منەتێك زۆر پێی دایەوە. ئەمە بوو بە دەرسێکی گەورە بۆ ئیمامی غەزالی و دوای ئەوە هەرچێکی ئەزانی ئەیخستە ناو دڵی و بە ئەو زانا چاکە دەرچوو. مەرحووم باوکم (مامۆستا مەلا باقری بالك، مەریوان) لە زۆر شتا بە تایبەت لە عیلما تەقلیدی ئیمامی غەزالی ئەکرد».

٤٥. عیلم و عیرفان و عەقڵ و کەماڵت | باشترە لە کول سەروەت و ماڵت

٤٦. عیلم چوون درەخت عەمەڵ سەمەرەن | عیلمی بێ عەمەڵ باخی بێ بەرەن
حەیفەن عومری وێت بدەی بە زایە | چی دنیا بەرشی بێ ئایە و مایە
عیلم و عەمەڵ و عومرت بۆ زیاد | عیلمی بێ عەمەڵ مەدەرە وە باد

«مەلا خدری ڕواری»

٤٧. عیلم هەتا بەشی خەڵکی زۆرتر لێ بدەی، زۆرتر ئەبێ و زەکاتی عیلم، فێر کردن خەڵکە.

٤٨. عیلمێ کە پێویست هەموو ئینسانە | لە ناو عیلمانا تەنیا دووانە
پەروەرش بەدەن عیلمی ئەبدانە | فێر بوون عیبادەت عیلمی ئەدیانە
هەر دوو عیلمەکە موحتاج پارێزن | لە مونافییان خۆتان پاریزن

٤٩. عیلم هەرچەنێ زۆری بزانی | کە عەمەڵ هاوڕێی نەبێ، نەزانی

«نامی»

***

پیتی <غ>

پەندی پێشینان

١. غەریب ئەو کەسە نیە وا لە شام و یەمەنا   غەریب تەنیا کەسێکە وا لە قەبرو کەفەنا
٢. غەریب ئەوە نیە لە دوور ولاتە   غەریب کەسێکە لە قەبرا ماتە
٣. غەریب ئانە نیا دوور بۆ جە وەتەن   غەریب ئانەنە بلۆ توی کەفەن
٤. غەریب غەریبەن، غەریب دیارەن   یاگەی غەریبان گۆشە و کەنارەن
٥. غیرەت نەماوە لە بەدەنما ئەونە ترسنۆک بووم.
٦. غەریب لە بەرۆ ددانی زەلە و لە دواوۆ قنگی.
٧. غەیبەت گوناحی کەبیرەس، مەیکە!   ئەگەریش کردوتە، زوو تۆبەی لێ کە
٨. غەیب زان تەنیا کەسێکە، ئەویش ناوی خوایە

لە زات و لە سیفاتا، لە ماسیوا جیایە

٩. غەیری تۆ کێ بێ کەمێ بڕوا دەمێ لەم ڕێگەوە

یانێ ئیزهاری کەلامی تاڵ و شیرین پێکەوە

تاڵ و شیرین پێکەوە نەمدیوە چا بێ، چا نەبێ

هەرکەسێ مەئنووسی سەرفی چا نەبێ، پێت چا نەبێ

«ناری»یە ئەم شێعرە وا بێ عەیب و بێ نوقسانیە

بۆ نموونە شاعیری وا ئەو نەبێ کەس وا نیە

***

پیتی ‹ف›

پەندی پێشینان

١. فاسقی خەمسە دیارە، دووپشك و مشك و مارە، قەلە بازەڵە و كولارە.

٢. فرتە و بانی شار. «واتە: ئەگەر زۆرم زۆرم بۆ بێنن و زۆرم لەگەڵ بلێن، پەنێكتان پیٚ ئەدەم و ڕائەكەم بۆ جێیەیەك كە دەس ئێوەم پیٚ نەگات. بانی شار: زەمانی زوو دێیەك بووە لە شارەزوورودا كە زۆرداری زۆری تیا بووە و ئەو زۆردارانە پەنا بوون بۆ پیاوكوژو جەردە و دزو درۆزن. ئەمە بۆیە وا مەشهوورە».

٣. فرسەت ئەوەمە نیە سەر خۆم خورێنم، ئەونە پڕكارم.

٤. فرسەت لە دەس مەدە.

٥. فرسەت وەسە شمشێر، تۆ ئەو لەت نەكەی، ئەو تۆ لەت ئەكا.

٦. فرە خۆر هەمیشە بار سكی ئەكێشیٚ.

٧. فرە وتن بۆ قورئان خوێندن باشە.

٨. فرەی مەكێشە با نەچڕیٚ.

٩. فرمــان بــۆ خــۆت ئــەكەی منــەت بەســەر كەسانە كــەی

١٠. فــەقیٚ هەشــت و كــەوچــك نــۆ یەكیــان خنــكا بــە بــیٚ دۆ

«بە گشتیانۆ كەوچكێكیان بووە»

١١. فەقیر ئەوەیە ئەییەنە قەساوخانە و سەری ئەبڕن وەكوو كاوڕ.

١٢. فیسقە خۆی چیە، تا هێلكەكەی بەچی بیٚ.

١٣. فیكەی خۆم ئەناسم، باریكە و درێژ.

١٤. فرە واردەی عەزاب، كاسە لێستەی سەوابا. «لە حەدیسەوە وەرگیراوە»

١٥. فەقیری خۆشە، قۆرتەكانی خراپن.

***

پیتی <ق>

پەندی پێشینان

١. قازانی مێردان بە چل ساڵ دێتە جۆش — کە هاتە جۆش دێر ئەبێ خامۆش

٢. قارچک و پیچك، سوورە بنە — دایکە بیخۆ کۆڵی منە

«کچانی کێوسان لە بەهاراندا وا ئەڵێن»

٣. قازانج سەرمایەی خوارد. «واتە: مایەی بە تەمای قازانج تیا چوو»

٤. قادرییە و سەرپەتی

٥. قاز لاسایی بازی کردۆ، بۆسێ قنگی دەرهات.

٦. قازی، تا یەکێکیان وا لە بەهەشتا، دوانیان وان لە جەهەننەما. «ئەویانە شەرعەکە ئەزانێ و حوکمی پێ ئەکا وا لە بەهەشتا، ئەویانە لە ڕووی نەزانێۆ حوکم ئەکا وا لە جەهەننەما، ئەویانە ئەیزانێت و بۆ تەماع لە شەرع لا ئەدا وا لە جەهەننەما».

٧. قالاو بە شۆردن و سابوون چەرموو نابێتۆ.

٨. قالاوێ ئەیویست فێری ڕەوتی کەو بێ، فێری ڕەوتی کەو نەبوو، ڕەوتی خۆیشی لەبیر چوو.

٩. قاڵبی ساقت بە سێ بەڕۆیی — عومری درێژت تا نیوە ڕۆیی

«بە تەمبەڵ وا ئەڵێن»

١٠. قامەتم زووتر وەك «ئەلف» وابوو — ئێستا وەك «نون»ە لەبەر هاتوچوو

هاتوچووی زۆرم کردووە بۆ دنیا — عومری عەزیزم واچوو لە بەینا

خۆزگا عومرەکەم چەن ڕۆژ ئەهاتۆ — جا شکات پیریم ئەکرد بە لاتۆ

خۆزگا جوانیەکەم ئەهاتە دواوە — شکاتی پیریم ئەکرد بەلاوە

لەوەی کە پیری هێنای بەسەرما — لیباسی شادی نەهێشت لەبەرما

١١. قاوەتوو و شێوت بکە بە تەرتیب — ئەو بەر نیوەڕۆ، ئەم لەپێش مەغریب

«نامی»

۱۲. قربۆق بە قیرە گەورە نابێ، ئەرنا ئەبوا لە دونیادا جێیان نەبوایێتۆ.

۱۳. قسە بیجاوە جا بیکە، تا بیری لێ نەکەیتۆ، مەیکە.

۱۴. قسەیێ گۆشتی پێ ناگرم، بۆچی گۆشتی پێ کەم کەم
زوانی خۆم ئەبەسم و قسەی وا هەرگیز ناکەم

۱۵. قسە دەرچوو لە زاری ئەگاتە تەواو شاری

۱۶. قسە شەوچەرەی مالآنە.

۱۷. قسە، قسە دەرێنێ، دووپشك، دووپشك دەرێنی.

۱۸. قسە ناجاوێت، ئەیداتە دەرۆ هیچ خولکی ناکەن ئەچێتە بەرۆ

۱۹. قسەیەك کەوێتە سی و دوو دیانە ئەکەوێتە سی و دوو یانە

۲۰. قسەی موختەسەرو پڕمانا خۆشە کەم خواردن دەوای دەردی نەخۆشە

۲۱. قسە هیچی تێ ناچێ.

۲۲. قسە هەزارە و دووی بەکارە، ئەو دووانەش دوو کەلیمەی شەهادەتە.

۲۳. قسەی خولە ناوی بلەی لە بیر بردۆ. «خولە، لە ناو کوردەواریدا بە مەحموود ناو ئەلێن و بلە بە ئیبراهیم ناو».

۲۴. قسەیەك دوو نەفەر پێی ئەڕەنجێ مەیکە.

۲۵. قسەی ڕاس یا لە شێتی ببیسە یا لە منالێ.

۲٦. قسەیەك بکە کەلێك گرێ مەنێ پێوە سەر گرێ

۲۷. قسەیەکیش بکەین بۆ دز.

۲۸. قسەی هەژارە، هەموو کەس دەرەقەتی دێت کە هەر لە خۆیەوە تووڕی بداو ڕەفتاری پێ نەکات.

۲۹. قسەیێ لە دەروونی پاکۆ دەربێ، لە دڵا جێی خۆی ئەکاتۆ.

۳۰. قشقەڕە، بێ تەماع پشت کەر ناخورێنێ. «ئەهلی ئەم زەمانە زۆری وەهانە».

۳۱. قلیان بکێشم یا خەجاڵەتی بە سەر بێم بۆ لات یا بەپێی پەتی

۳۲. قشقەڕە دۆمان، هەڵپەڕە بۆمان.

۳۳. قلیان دەمی بەرەو ژوورە، هەر بۆی ئەگات و پەکی ناکەوێ.

٣٤. قلیچ موسوڵمان مەبە، هەموو دەستووری شەرع بەرێوە بە. «مووساییەك لە سلێمانی بوو کە زۆر عەلاقەی هاتوچووی خزمەتی حاجی کاکە ئەحمەدی بوو. وتیان، تۆ ئەونە حاجی کاکە ئەحمەدت خۆش ئەوێ، بۆ موسوڵمان نابی؟ وتی: موسوڵمانی ئەگەر وەکو حاجی کاکە ئەبێ، من پێم ناکرێ و ئەگەر وەکوو دزو حیزی ئەم ناو بازارە بێ با هەر مووسایی‌گەریەکەی خۆم بێ».

٣٥. قنگ ئەو شەقمە نیە وازم لێ بێنە.

٣٦. قنگ حیزی باشترە لە دەم حیزی.

٣٧. قورئان بخوێنە بە سەرما ئەمرم — بەڵکو لا ببات نەخۆشی و شەرمم

٣٨. قورئان کەلامی زاتی خودایە — قورئان ڕابەری دین و دونیایە

٣٩. قورئان دەوایە، قورئان شەفایە — قورئان خەڵاتی ڕەسوولی خوایە

٤٠. قومار باز لە بێ پوولی‌یا تۆبە ئەکا.

٤١. قوربانی کوڕی سێو لە باخەڵ بم. «پیاوێ فێڵ باز پەلەیێ گەنمی ئەبێ و گەلی چل نەفەری بۆ ئەکاو ئەترسێ درەوەکەی بۆ تەواو نەبێ. کچێکی زۆر جوانی ئەبێ و چل سێوی پێ ئەدا کە یەکە یەکە بە دزیەوە بیدا بە دەس درەوانەکانەوە، لە دواییدا باوکەکە پەسا پەسا ئەڵێ: بە قوربانی کوڕی سێو لە باخەڵ بم. بەوجۆرە ڕۆژ زۆر بەرز ئەبێ کە درەوەکە تەواو ئەبێ لە خۆشی سێوەکانا».

٤٢. قوڕ بە سەرم بۆ بیرم — چلۆن بیکەم تەکبیرم
کەوتوومە سەر ساج عەلی — نام چۆن بڕۆم لەگەلی

٤٣. قۆلانچە بۆی گوڵ ئەکا سەری ئێشێ.

٤٤. قول ڕەش و سپی لە بوارا دەرئەکەوێ

٤٥. قومار باز کە داینا، نەڵێ بە گونمۆ، لە داخا ئەتەقێتۆ. «هەرچی لە دەس دەرچوو هەروایە».

٤٦. قووتم لێ قورمیش بووە، خۆراکم بۆ ناخورێ
مەگەر شێ نەرمەقووت، وەك هەڵواو شووتی و ترێ

٤٧. قەبرم بۆ کەنن بە پاچ و زەنگەن — لە بەرزی بمنێن ڕووم کەن لە وەتەن

٤٨. قەبرم بۆ کەنن لە ڕێگەی کانی — بەشکم نازداران پا بنێنە بانی

٤٩. قەبرم لە قەبری پیرە ژن دوور بێ — با دڵم گەش و پڕ لە سروور بێ

٥٠. قەت خزمەتکاری مەکە لە دنیا — نە بۆ ئەهلی دین نە ئەهلی دنیا

ئەهلی دین دڵیان نابەی بەڕێوە — بۆ دنیاش حەیفە بوەستی بە پێوە

«نامی»

هەموو کەس بۆ خۆی غەزالی بوایێ — عەوام و نەفام ئەبوا نەبوایێ

چی بکەین بۆ سەپان، چی بکەین بۆ مزوور — بۆ خەڵە و حەیوان دەشتی شارەزوور

٥١. قەترەی ئاو هەمووی ئەگەر دوڕ بوایێ — وەك مووروو ئەبوا بازاڕ پڕ بوایێ

«جۆرە ماسی‌یەکی تووکن وا لە بەحرا لە وەختی بارانا پشتی لە ناو بەحرا ڕووت ئەکات و قەترەی باران ئەچێتە ناو توکەکەی و تووکەکەی مەحکەم ئەدا بە یەکاو دوای بەیێ ئەو قەترە ئەبێ بە دوڕ».

٥٢. قەبر یا باخچەیەکە لە باخچەکانی بەهەشت، یا بیرێکە لە بیرەکانی جەهەننەم.

٥٣. قەدری زەڕ وا بەلای زەڕگەرۆ، نیە بەلای هەوڕگەرۆ.

٥٤. قەدیم وەجاخان شیوەنیان بڕیاوە — چرای ناکەسان تا ڕۆژ گڕیاوە

٥٥. قەرزکەی لە هەرکەس زەلیلی ئەوی — ئەو ها لە سەماو تۆ وای لە زەوی

٥٦. قەرز بە دانەوەی نەبێ لە کۆڵ ناکەوێ — بە سەد بەرتیل قەرزی لە کۆڵ ناکەوێ

٥٧. قەرز کردن چەنێ سەهل و ئاسانە — ئەونە دانەوەی سەخت و گرانە

٥٨. قەرز مەکە لە دۆس و قەرزی پێ مەدە — جار جارێ نەبێ سەری لێ مەدە

«نامی» نووسیویە ئەم شیعرە جووانە — بیگرینە گوێمان سەرمایەمانە

٥٩. قەرز کۆن ئەبێ و نافەوتێ.

٦٠. قەرزدار قەرزداری نەکوشتووە، وەلێ سەرچەنگی زۆری داوە.

٦١. قەرز دوو ماڵ ئاوەدان ئەکاتۆ، ماڵی قیامەتی قەرزدەرەکە و ماڵی دنیای قەرز کەرەکە.

٦٢. قەرز کردن و نەدانەوەی، زۆر قەوم و کەسی کردووە بە دوژمن.

٦٣. قەرز کوێر مەبە و ئابڕوو و ئیعتبار خۆت مەبە.

٦٤. قەرزە سووتاو هەرجۆر دەست کەوێتۆ هەر باشە، ئەبێ شوکر بکەی.

٦٥. قەزا بۆ قیسپ ئەگەڕێ، «پیاوێ قیسپێ داویە لە پێی و هەڵیدڕیوە، ئەم پەندەی وتووە».

٦٦. قەزات لە من، لەوانە | بە شەو ئەچنە کولانە | بە ڕۆژ دێنە دەر یانە
قەزات لە من، لە خنە | لە جووتی گای بەر بنە | لە پیاوەکەی دوو ژنە
لەوانە دوژمن منە

«ژن لە کاتێکا منالێ هەڵپەڕاندووە ئەم شعرە پێشووەی وتووە».

٦٧. قەزا لە نیوەشا گەڕێتۆ هەر باشە.

٦٨. قەزای دۆسێ خاس کەوێ لە هەزار برای خراو.

٦٩. قەزای دەسم کەوێ لە چاوم. «پیاوێ چووە بۆ مازوو، تا ئێوارە گەڕاوە و مازووی چاو نەکردووە، ئێوارە هاتووەتۆو هەڵخزاوە و دوو مازوو کەوتووەتە مشتی، جا وتوویەتی: قەزای دەسم کەوێ لە چاوم».

٧٠. قەزای دیزە کەوت لە گۆزە | قەزای شەرمین کەوت لە بۆزە

٧١. قەفەس هەرچەنێ دەوری سیمینە | پەلەوەر تیا مات و خەمینە
بەرەڵای بکە چێ بۆ ئەو هەردە | چینە کا لە ناو ئەو دارو بەردە

٧٢. قەساسە قالە مەسە.

٧٣. قەل بە قەل ئەلێ: ڕووت ڕەش بێ.

٧٤. قەلەکە وتی: بەچکەم بوو بە دوو، تێرم نەخوارد لە وردەگوو. «ڕاستی وتووە، بەشەریش وایە بۆ خەمی منالێ».

٧٥. قەناعەت گەنجێکی بێ پایانە، خودا بە هەرکەس بیدا، سەربەرزی هەردوو دونیایە. «لە حەدیسەوە وەرگیراوە».

٧٦. قەناعەت ئینسان دەوڵەمەند ئەکا | سەربەرزو ڕوو سوور دوو دونیای ئەکا
دەس پێوە گرتن دەس بەرمەدە لێی | لە هەر دوو دونیا لەززەت ئەبەی لێی

٧٧. قەوم لە بەر چاو قەوما سووکە | ژن و ژن خوازیان هەر پووکە

٧٨. قەومانوخوێشان گرد یانەو ویشان | تەنیا دانیشتم خاتر پەرێشان

٧٩. قەومە یەك بگرن، یەك گرتن چاکە قەومی یەك گرتوو شێری بێ باکە

«قانع»

٨٠. قەل هەڵفڕی، قشقەرە لە جێیە.

٨١. قەولی وەسە بەولی. «بەول "بَول" وشەیەکی عەرەبییە بە مانا: گمیز».

٨٢. قەومان شەڕیان کرد، قەڵتەبانان بڕوایان کرد.

٨٣. قەوم بە قەومۆ ئەکاتۆ، بێگانە بە قلۆرە دارۆ.

٨٤. قەوم گۆشتەکەت بخوا، پێشەکەت ناشکێنێ، «لە بێگانە زۆر باشترە».

٨٥. قەومی خراپ وەسە گون قۆڕ، ئەیبڕی ئەمری، نایبڕی هەر ئەقۆڕێنێ بە دواتا.

٨٦. قەومی ژنان پا لە بەرە، قەومی شووان دەربەدەرە.

٨٧. قیاسی کەشك ئەکەی لە سەر مەشك، «کە هەر لە ناوا لەیەکۆ نزیکن».

٨٨. قێخای دێ بگرە و دێ بچاپێنە هەرچی مەیلت هەس بیخۆو بیهێنە

٨٩. قێخا ڕازی کە و ناو دێی تاڵان کە سەیری لەرزانە و وردە خاڵان کە

٩٠. قێخا ڕووس گیان مەکوشەما، زارۆڵێما وردێنێ، جا هامێ هەنجیری موجیفییێتا پەی ماروو. «نەفەرێك هەورامی، ڕووس ئەسیری کردووە و ئەمەی وتووە».

٩١. قیمەت و نرخی هەرکەسێ، گوفتارو ڕەفتاری خۆیەسی.

٩٢. قینم لەو خاوەن ماڵانەیە کە خۆراك چەند ڕۆژ لە یەك ڕۆژا سەرف ئەکەن.

«ئەبووبەکری سدیق ﷺ»

٩٣. «قل» بە «فل» حاڵی بووە. «هیچی لێ نازانێ»

***

پیتی <ك>

پەندی پێشینان

١. كابرایێ تووشی ڕێبوارێ بوو، وتی: ناوت چیە؟ وتی: ناوم محەمەدە، وتی: «صلّی الله علیه و سلّم»، وتی: من لەو موحەممەدانە نیم سەڵەواتیان لێ بدەی.

٢. كابرایەك كە فرەی ئەوت، پڕ مشتی زوانیان بڕی.

٣. كابرایەك وتی: ئەوانە شەڕیانە، یەكێ تر وتی: شەیتان ناوجی‌كەریانە. یەكێ تـر وتـی: ناخۆنە كرێ، شەڕ هەڵگرێ.

٤. كاخۆر جێی گەرمی بۆ چیە؟. «كەسێ بێ قازانج بێ، وای پێ ئەڵێن».

٥. كاربكە و مانوو بە بۆ ڕووسووری خۆت پـەشیـمان نابی لـە كردەوەی خۆت

٦. كار گەورە بە بچووك مەسپێرە.

٧. كاردی لێ بدەن خوێنی دەرنایێ. «ئەوەندە غەزەب و قین لـە دڵیایە».

٨. كار من ئەیكەم و بە ناو تۆوە تەواو ئەبێ.

٩. كار ئەوە كردی كە تەواوی كرد.

١٠. كار نیە خوا درووستی نەكا سابیر ئەوەیە كە هاوار نەكا

١١. كاروان بەرەو دوایە، مردنیش هەر وایە كە نۆبەی تیایە.

١٢. كاروانێ بە كەر خۆی ئـەڵێ خـاڵۆ بۆ ڕاسی كار خـۆی ئەیكاتـە مـاڵۆ

١٣. كارێ بكەدوای‌خۆت ڕەحمەت وێژیت كـەن نەك بڵێن ئۆخەی لەعنەت وێژیت كـەن

١٤. كـاری خوا بـرا بێ حیـكـمەت نیـە با تۆش نـەزانی حیكمـەتی چیــە

١٥. كێـوســانان بــەفرو بارانیـان نـەبێ دەجلە بە سـاڵێ ئاوی وشك ئـەبێ

ماشــەڵڵا بــارین چ نیعـمــەتێكە شوكـرانەی لەسەر كول ئۆممەتێكـە

خـوا نیعمەتی خۆی نەگرێتۆ لـێمـان چـوار فەسڵی ساڵێ نەشێوێ لێمان

١٦. كارێ مەكە خوات لێ برەنجێ.

١٧. کارێ بکەین نە سێخ بسووتێ نە کەباب. «میانەڕەو بین».

١٨. کارەکە خۆی کردوویەسی، بۆیە ئەونە بێ خەمە.

١٩. کارێکت پێ ئەکەم، «با» بە دەواری دۆمی سەید سایەقی نەکردبێ. «هەڕەشەیە»

٢٠. کارێك کە پەیوەندی بە تۆ نیە، خۆتی تێ هەڵمەقوڵتێنە، تـۆ حـەیوانت نیـە شـوان گرتنت لە چیە.

٢١. کاریگەر ئەوەڵ کەسێکە کە پێغەمبەرﷺ دەسی ماچ کردووە و ڕازی بووە بە کاری.

٢٢. کاریگەر پاڵەوان خوایە، گشت کەسی لێ ڕەزایە.

٢٣. کاریگـەر حەبیب دەرگـای خــوایە | زوو هەروا بووە و ئێستاش هەروایە

٢٤. کاسب خۆشەویس خواس.

٢٥. کاریگەر، کرێکەی بدەرێ بەرلەوە ئارەقەکەی وشکۆ بێ. «حەدیسە»

٢٦. کارێ مەکە لەعنەتت لێ بکەن، لە سەر ڕێی خەڵکا پیسی مەکە.

٢٧. کاری نـابەدڵ تەوقـە لـە گـەردن | خـەمی لاناچـێ مەگـەر بـە مـردن
ئارەق ئەڕێـژێ و نـان پـەیا ئەکـا | خێـزان و میـوان خـۆی ڕەزا ئـەکا

٢٨. کـاسـبی، دزی بە دەمۆ مـەکـە | خۆ بەلای خـۆتـو چووی بۆ مەکـە

٢٩. کاسب حەبیبی خوایە، سەربەرز هەردوو دونیایە.

٣٠. کاسە تا پڕ نەبێ نارژێ، دڵیش تا پڕ نەبێ گریانی نایێ.

٣١. کاسە لە ئاش گەرمترە، بێگانە لە ساحێوکار خوێن‌گەرم ترە.

٣٢. کاسەی پڕ ئاشتی مـاڵـە | نـەبێ ئەیـکەن بە قـاڵە
گـەر بـبێ بـە جـەواڵە | شـەڕیـان ئـیتر مـەحاڵە

٣٣. کاسەی کەیبانوو تەقەی نایێ.

٣٤. کاسەیێ ماسم وا بە لاتۆ، پێم بەرۆ، دنیا دەسەوامە منیش وەك خەڵك وامە.

٣٥. کـاکـە ئـەزانی حـاڵـم | ئیمـرۆ مـاڵ و مـنـاڵـم
نـابـن بـە هـۆی ئیقباڵم | سـەبـەبـن بـۆ زەواڵـم

٣٦. کـاکـە دانیـشتـن مـاڵ وێران ئەکا | بێـکاری ئینسـان پەرێشان ئـەکـا
نەفـرەت لـە خـۆی و لـە ژیان ئەکا | لـە میوانداری خـۆی تەرخان ئەکا

نـان و مـافی تـۆ هـەر لـە کـارایـە　　سەری بـیٚ ڕۆزی لـە ژێـر خاکـایە
بە پێی فەرمودەی ئـایەتی قـورئان　　لـە سـەعی زیـاتـر نیـە بـۆ ئینسـان
هەوڵ و تێکوشیـن فەرزە بۆ ژیان

٣٧. کـالاٚ بـەقـەی بـالاٚیـە　　خـۆیـشی نیمچە بالاٚیە
٣٨. کالاٚ کیٚ دڕی ئەو کەس نەیپرسی.
٣٩. کالٚ کەنی مەکە با بیٚ کەڵك نەبی　　با توورڕ دراوی لای کـۆڵان نەبـی
٤٠. کردە پەشیمان، باشترە لە نەکردە پەشیمان.
٤١. کاڵەك بە ئەژنۆ ئەشکێنیٚ، ئەوەندە پەشیمان ئەبـێتۆ.
٤٢. کاهی بـخور، راهی برو. «فارسی‌یە و کورد ئەم پەندە زۆر ئەڵێن».
٤٣. کای کۆنە یاخوا ئاوری تـیٚ نەچـیٚ　　پـیـر بـە پـیـری بۆ دڵداری نەچیٚ
٤٤. کچمان بەخێو کرد، کوڕی خەڵك بردی. کوڕمـان بـەخێو کـرد، کـچی خـەڵك بردی، ماوینۆ ئێمە بە هەناسە سەردی.
٤٥. کـچ ئەگـەر بـە منـداڵی سـواری بـانگلێنێکی بکـەن و دوو پـای بێتـۆ بـەدەور بانگلێنەکەدا، بیٚ خەم بیدە بە شوو.
٤٦. کـچ تـا دابـنیشیٚ بەخت هەڵئـەنێتۆ　　شووی باشتر ئـەکـا باش ئەحەسێتۆ
٤٧. کراسیٚ بە پیسی بیدڕی، بە سەد ئاو پاکی نایی.
٤٨. کچیٚ کە دایکی تاریفی بکات، مەگەر خالۆی بیخوازیٚ بۆ کەسێکی خۆی.
٤٩. کراس تا کۆن بیٚ ئـالـۆشی زۆرترە　　پیریش بیانوگرترو تەمای دنیای زۆرترە
٥٠. کردوویەتە سەر داریٚ بەرزو بۆم نایەتە خوارەوە.
٥١. کردەی تۆیە، بردەی شەیتان. «واتە: ماڵەکەت کەم بەرەکەتە و کەس نیە ماڵت بۆ کۆ بکاتەوە».
٥٢. کریٚ نشینی و خۆش نشینی منەت و شاباشی کەسی تیا نیە.
٥٣. کـشـە کـشـە پـۆپـە ڕەشـە　　میوان شـەویٚ، دووان خۆشە
«بازیٚ میوان بەو جۆرە جواب ئەکەن. ژنێك بە میوانی وا وتووە و میوانەکـەش جـووابی

داوەتۆ:

کـشـە کـشـە پۆپـە لارە   میوان جێگەی تا بەهـارە

٥٤. کلاش خەلکە و مانگە شەو، هەروا ئەچم تەقلە دەو، هەتا نزیك نیوە شەو.

٥٥. کلاو ئەنێتە سەر شەیتان. «ئەونە تەلەکە بازە».

٥٦. کلاوم لە پۆپەوە دڕاوە. «واتە: بێ ڕیا و تەزویرم».

٥٧. کلکی پیا هەلئەسپێرم.

٥٨. کۆ بە کۆ ناگا، ئینسان بە ئینسان ئەگا. «کۆ ناو کۆمەلە هەسێرەیەکە کە نۆ دانەن و لە ئەوەلی بەیانی ئەوەل مانگی هاوینا دەرئەکـەون. ئـیتر کـاتی ئـالف کەنـدنی گیـای کێوسانە لە قەبیلی کەماو لۆو پێی دەلێن: کۆکەن».

٥٩. کوتەك بەی لە ڕەفیقم، وا ئەزانم لە ڕەشکەکای ئەدەی.

٦٠. کوتەك لە بەهەشتۆ هاتووە، زۆر کاری ڕێ خستووە.

ئۆخەی کوتەك گیان وا ئەونە باشی   دێـنـیـتە سـەر ڕێ ئـوستادو ناشی

٦١. کۆتەی دار قەسوان بە ئاو نابێ جوان. «بە ناشیرین وایان ئەوت»

٦٢. کۆتەی دارقەسوان هەلگرن بۆ هەرمێ پشتوکان.

٦٣. کوڕ ئازا مالی بۆ چیە، نەیشیێ پەیای ئەکا. کوڕ حیز مالی بۆ چیە، بیشیێ بە ڕیای ئەکا.

٦٤. کورد بیدوێنی، خۆی شەرعی خۆی ئەکا. «واتە: زۆر بە ئینسافە»

٦٥. کوردە بازاڕە، کورد نەچێتە بازاڕ، بازاڕ وێران ئەبێ. «یان: بازاڕ ئەگەنێ»

٦٦. کوردە یەك بگرن، یەك گرتن چاکە   قـەومی یەك گرتوو شێری بێ بـاکە

٦٧. کوردە، یەکێکیان پێ نەئەدا داوای دوانی ئەکرد.

٦٨. کوردێك و گۆرانێك شەڕیانە لەسەر مال موسولمانێك.

٦٩. کوڕێ پرسی لە باوکی: باوە چەنێ زستانمان ماوە؟ وتی: ڕۆلـە شـەوو ڕۆژێکمـان ماوە. وتی: باوە یا بەش شەوەکەی ئەکەین یا بەش ڕۆژەکەی. شەو هەلسان بـەفری زۆر باری بوو، کوڕەکە وتی: باوە نەموت!.

٧٠. کۆسە کۆسە و کەس لە کەسە. «واتە: کەس لە ڕێی کەس ناوێسێ»

٧١. کۆگایان وەسە کۆگای گزگل، هەر کۆ نابێتەوە.

٧٢. کۆلارە، جووجکە مەبە بەهارە، بۆ شێخەکان نزارە. «من منالْ بووم کۆلارە ئـەهات بۆ دەوری دێ و جووجکەی ئەبردو ئەیخوارد. منالآن هاواریان لێ ئەکرد کـە نـەییات و نەیخوات».

٧٣. کولك و موو شی مەکەرۆ، زامی زووم بیر مەخەرۆ.

٧٤. کولە ترِی، بەش خۆی برِی. «کەسێ ئازاری بێ بۆ خەلك، وای پێ ئەڵێن».

٧٥. کۆمەك بکە برای دینیت، زالم بێ یا مەزلوم. زالم بێ مەیێلە زولم کا، مەزلووم بێ مەیێلە زولمی لێ کەن. «حەدیسە»

٧٦. کونە مشـکی لێ بووە بە قەیسەری ئەونە کەوتووەتە ناو دەردی سەری

٧٧. کوێت هەر جۆر بێت. «جامی وتوویەتی: ماینی کوێـت هـەرجۆر بێـت بـۆ بـەخێو کردن زۆر باشە و بە خێرە».

٧٨. کوێر بۆ کێر خۆی حەساب باش ئەگرێتۆ گرێی دلّی بـەمە زۆر باش ئـەکرێتۆ

٧٩. کوێرە کانیەکان بە کـانی مـەکـە تازە پیا کەوتووە قەرزی لـێ مەکـە

٨٠. کوێر هەرتا ئەمرێ بە تـەمای چاوە بـــۆ بـازێ ئـەمـە خـەیـالْ پـلاوە

٨١. کوێرە چیت ئەوێ؟ دوو چاوی ساق.

٨٢. کە پیاوێك ئەبینم بێکارەیە، لەبەر چاوم ئەکەوێ. «کە تـۆ هەمیـشە ئیحتیاجـت بـە خواردن هەیە، بێ وچان ئەبێ هەولّی بۆ بدەی. ئەبوبەکری سدیقﷺ»

٨٣. کـەچـەڵ بـە بەختە، ژنەکەی جوانە ئەمە تـەجرەبـەی هـەمـوو دەورانـە
یا تۆیش کەچەڵ بە، یا کەچەڵ بەخت بـە یاتۆیش وەك بازێ نەحسو بەدبەخت بە

٨٤. کەچەڵ پیاوی ئەم مەیدانە نیە.

٨٥. کەچەڵ تیمارکەر بوایێ، تیمار سەرخۆی ئەکرد.

٨٦. کەچەڵ شەمامەی باخەڵ.

٨٧. کەچەڵ هەر ئەونەی زەحمەتە کە کلاَوەکەی داکەوێ.

٨٨. کە خـالّی بێ دڵی عـالم لـە عیرفان لـە ئـەعـمـالآ نـەبـێ حوسـنی نمایـان
عەمامە و مێزەرە و دەسمالّی رووسی وەکوو شەمعە لـە سەر قەبری مەجووسـی

٨٩. کەر بە پەیغام-ئاو ناخـواتۆ بــە هەوســار بیبــە جــا ئــاو ئــەخواتۆ

«ناری»

٩٠. کەر بەستە و خاوەن ڕەستە.

٩١. کەر بە کاروانی تێر ناخوا، لە ماڵۆ تێری بکە.

٩٢. کەر بە لێدان نابێ بە ئەسپ.

٩٣. کەر چووە بەغدا بوو بە هێسر. «ئەمە مەلای مەزبوورە وتوویەتی»

٩٤. کەر چیەسی بەسەر نوقــڵ و نەبــاتۆ هەر کاو جۆ ئەخواو هەر هەڵئــەخاتۆ

٩٥. کەر دێز تا نیوەڕۆ لەســەر زەرەر خۆیەســی نیوەڕۆ دوا لە سەر زەرەر ساحێبەکەیەسی

٩٦. کەر کۆپانەکــەی نــوقرە و تــەلا بــێ خواردنی برنــج لە جیــاتی کــا بــێ

فیردەوسی بێنــی و بــێ بــە مەیتــەری قەد تەرکی ناکــا ڕەوشــتی کــەری

٩٧. کەرگەیشت بە کەر، تەمەرێز هەی تەمەرێز لەویا مەوێســە دەس‌کە بــە گــورێز

٩٨. کەر بێنە و ئەم تڕۆپیە بار کە.

٩٩. کەر دێز حەز ئەکا بە تۆپین خۆی، چونکا زەرەر ساحێوەکەی وا تیا.

١٠٠. کەر زۆرە کەچی من داماوم بۆ بارە بەری.

١٠١. کەر فەقیرە هەر بارێکی لـێ بنێی ئەیبا، وەلـێ بەشەر ئەبێ ڕەحمی بێ و باری‌گرانــی لـێ نەنێ.

١٠٢. کەر کوڵ و بار سووک. «واتە: تا بەشەر عەلاقاتی دنیای کەمترە، ئاسوودەترە».

١٠٣. کەر کە سەڕانی، گورگ بۆ خۆی پەیدا ئەکات.

١٠٤. کەر کە هەشتی برد، نۆیش ئەبات.

١٠٥. کەرە و سیراجیش لە وەخت خۆیا خۆشە.

١٠٦. کەروێشك بەرەو ڕووی ڕێبوار بێ، نەگبەتییە. ڕێوی ئیقباڵە. «بۆیە ئەڵێن: ڕێـوی هاتووە بە پیریتۆ، ئەم کارە باشە بیکە».

١٠٧. کەروێشك ترسنۆکە. هەر چاوێکی ئەخەوێ و ئەوی تریان قەرەوڵی بـۆ ئـەدا بـە نۆرە.

١٠٨. کەروێشك وتوویــەتی: کــەییانوو دزی لــە گۆشــتەکەم نــەکا، وەردی زەمــاوەنی ئەدەمۆ. «واتە: ئەوەندە بە بەرەکەتم».

١٠٩. کەروێشك و کەمتیار، ساڵێ نێرن و ساڵێ مێچکەن، هەر دوو ئالەتەکەیان هەیە و هەر ساڵێ
یەکێکیان ئەخەنە کار. «ڕاوچی ئەمە باشتر ئەزانێ».

١١٠. کەروێشك و کەمتیارو شەمشەمە کوێرە و سەگ و وشترو قربۆق، وەکوو ژن حەیزیان هەیە. کتێبی «حیاه الحیوان» ئەمەی نووسیوە.

١١١. کەرەکەم شەلە و بڕ نـاکا — ژنەکەم پیسرە و سك ناکا
«گەمەی منالأنەیە. واتە: دەسەلاّتــم نیە»

١١٢. کەرەکە مەمرە بەهارە، چووزەی کەما دیارە.

١١٣. کەرەکەیشم پێ ئەگێت و شایەتیمانیشم پێ دێنێ.

١١٤. کەرە لە کوێ کەوتووی، کونە لە کوێ دڕاوی. «ئەم لە کوێ و ئەو لە کوێ»

١١٥. کەرەم کەر، کەرەم بکە لەگـەڵما — ئیتـر سەرشـۆڕی نـەیێ بـە سـەرما
بە پیـری ژنـــی جـــوان نـــەهێنم — خەجاڵەت بـە سـەر خۆمـا نـەهێنم

١١٦. کەر هەموو ساڵێ بچێ بـۆ مەکـە — کە هاتۆ کـەرە، سلّــی لــێ مەکـە
ئیشارەی شیعری سـەعدییە ئەمـە — مۆجگاری چاکە، مەیکـە بـە گەمـە

١١٧. کەری پیرو هـەوســـار نـــۆ — سەرِە ســـەرِیـــە لە دەور جـۆ

١١٨. کەری خۆمم لێ بووە بە ڕمووزن.

١١٩. کەرێ بە جۆ بتۆپێ، خۆی بە شەهید ئەزانێ.

١٢٠. کەر هەر ئەو کەرەسە، کۆپانەکەی گۆڕاوە.

١٢١. کەری خۆمە و گوێی ناڵ ئەکەم. «بە تۆ چی!».

١٢٢. کەری خۆی لە پرد پەڕاندووەتۆ. «واتە: خەمی کەسی نیە».

١٢٣. کەرێکم بەنێ با ئالّف بێنم بۆ کەرەکانم. «کابرایـەك حـەوت کـەری بـوو و بـار بەرێکی نەبوو، ئەڕۆیی و لەماڵان کەری ئەخواست و ئەیوت: کەرێکم بەنێ با ئالّف بێنم بۆ کەرەکانم».

١٢٤. کە ژنت هێنا خۆت لادە لە خەم — کـچ بێنە کە کـچ ڕازیە بە کەم
«حەدیسە»

۱۲۵. کەس بە خەیاڵ نابێ بە ماڵ   بە واتەو تیە ناگا بە کەماڵ

۱۲۵. کەس بە قسە تێر ناخوا.

۱۲٦. کەس پێشە و پلانی باوکی نەناوەسە کۆلی. هەرکەس ئەبێ کوڕی هونەری خۆی بێ. «ئیشارەی ئایەتە»

۱۲۷. کەس حەز ناکا هیچ کەس لە خۆی باشتر بێ. «بێجگە لە باوك و دایك کە زۆر حەز ئەکەن ئەولادیان لە خۆیان باشترو زاناترو ناودارتر بێ».

۱۲۸. «کەسرا» کە پادشای ئێران بووە، ڕۆژگاری خۆی بەمجۆرە ئەکرد بە چوار بەش و ئەیوت: ڕۆژی «با» بۆ خەو باشە، ڕۆژی «هەور» بۆ نەچیر، ڕۆژی «باران» بۆ گەمە و خواردن، ڕۆژی «خۆرەتاو» بۆ کارو کاسبی.

«پێغەمبەری خۆمانﷺ شەوو ڕۆژی خۆی ئەکرد بە سێ بەش: بەشێکی بۆ عیبادەتی خوا، دووەمی بۆ خزمەت ماڵ و منالی، سێهەمی بۆ کارو شتی خۆی. لەم بەشی خۆیا خزمەتی دینی و دنیایی بە خەلك ئەکردو مۆجگاری خێری ئەکردن».

۱۲۹. کەس سەرخۆی ناتاشێ. «واتە: هەموومان نیازمان بە یەکتر ئەکەوێ و بێ یەکتر ناژین».

۱۳۰. کەس کەس ناناسێ تا تەما نەکەوێتە بەینۆ.

۱۳۱. کەس لە پرێ نەبووە بە کوڕێ   حەوسەڵەی زۆرو کۆششی ئەوێ

۱۳۲. کەس لەکردەی خۆی پەشیمان نابێ   بەردەوام هەرگیز بێ بەهرە نابێ

۱۳۳. کەس نابێ بە ناکەس و ناکەس نابێ بە کەس.

۱۳٤. کەس لە کەس و تێکە و لێکەیە. «دنیا بێ ساحێب و هەریەك بۆ خۆیەتی».

۱۳۵. کەس منی نەخلەتاندووە ئەو کەسە نەبێ کە وتوویەتی: تو خۆت وەکیلی من بە.

۱۳٦. کەس و کار مردووی خۆیان بشۆرن باشترە لەوە کە بینێنە بەردەس بێگانە. «حەدیسە. بۆیە حەزرەت عەلیؓ پێغەمبەری شۆرد کە خەزوورە و ئامۆزای بوو».

۱۳۷. کەسێ بچێتە ناو گۆڕ بێ تۆشە، وەسە کەسێ کە بچێتە ناو دەریا بێ کەشتی. «حەزرەتی ئەبووبەکرؓ»

۱۳۸. کەسێ بە تەمای سەفەرالی بێ   هەمیشە برسیو دەسی خالی بێ

١٣٩. کەسێ بیر کەنێ خەڵکی تێ کەوێ بەر لە هەموو کەس خۆی تێ ئەکەوێ
«ئۆخەی!»

١٤٠. کەسێ تاریف خۆی بکا، زەکات گەوجی خۆی دەرئەکا.

١٤١. کەسێ دوو ڕوو بێ، هەر دوو ڕووەکەی ڕەشە لە هەر دوو دنیادا.

١٤٢. کەسێ دەرس بە تێنەگەیشتوو بڵێ، بە ناحەق خۆی ماندو ئەکا.

١٤٣. کەسێ دەعوەت خەڵك بکات بۆ خێر، لە خێر ئەوانا شەریکە. «حەدیسە»

١٤٤. کەسێ دەم بنێتە دەم بێ حەیا، ئابڕووی خۆی ئەبا.

١٤٥. کەسێ شتێکی بەخشیوە، بیسێنێتۆ، وەسە سەگێك ئەوەی هەڵیهانیوەتۆ بیخواتۆ.
«حەدیسە».

١٤٦. کەسێ شەڕ کا بە خوێنی خۆی بازی ئەکا.

١٤٧. کەسێ کە تەگبیری پێ کراوە و بە ئەمین دانراوە، نابێ خەیانەت بکا. «حەدیسە»

١٤٨. کەسێ کە ڕەحم بە خەڵك نەکا، خوای گەورە ڕەحمی پێ ناکا. «حەدیسە»

١٤٩. کەسێ کەسێکی گابێ ئاخۆ لە بیری مابێ
بڕوای پێ نەکا هەتاکوو ماوە ئەگەر ڕاس ئەکا لە بیری ماوە

١٥٠. کەسێ کە قسە بکات و گوێی لێ نەگرن، پێی ئەڵێن بڵۆ وڕ. «تۆ وا مەبە»

١٥١. کەسێ کە قسەمان بۆ ئەکا یا ئامێرە و دەستوور ئەدا یا مەئموورە و دەستوور بەجێ دێنێ، یا ڕیا کارە.

١٥٢. کەسێ کە قورئان خوێن بێت و ڕەفتاری پێ نەکا، وەسە کەرێ کە بارت نابێتە سەرشانی و ماندوویی نەبێ، هیچی لێ حاڵی نابێ. «ئیشارەی قورئانە».

١٥٣. کەسێ کە موسڵمانان لە دەس و زوانی ئەمین نەبن موسڵمان نیە. «حەدیسە»

١٥٤. کەسێ گیانی تیا بێ، نانی بەنێ و لە ئیمانی مەپرسن. «لەبەر ئەوەی کەسێك وا گیانی شیرین و نانی پێ داوە نەیپرسیوە. شیخ ابوالحسن خرقانی»

١٥٥. کەسێ لە زیندوویی خراپەی نەکردبێ، لە قەبر ناترسێ و ئەسرەوێ.

١٥٦. کەس لە سەر بەرەی کەس دانەنیشێ باشە، بەرەی خەڵکی قنگ هەڵئەتەکێنێ.

١٥٧. کەسێ لە شەڕا ڕا بکات، بە خوێنی لەشکرەکەی بازی ئەکا.

۱۵۸. کەسێ لەم دنیا بێ زەحمەت نـاژی　　زەحـمەت نەکێشی قـەرانێ نـاژی

۱۵۹. کەسێ لێـم پرسێ ئەم دنیا چۆنە　　ئـەڵێم ئـەم دنیـا پیـرە ژنـی کـۆنـە

چەن شووی کردووە و هێشتا هەرکچە　　کەس شاد نەبـووە بـەم پیـرە کـچە

۱۶۰. کەسێ لـە منداڵیدا فێری هەر زانینێ نەبێ لە پیریـیا فێر نابێـت و نـابێ بـە وەسـا کار. «حەزرەت عەلی(ع)».

۱۶۱. کەسێ نەخۆشین داری بوو و کەس پەرەسـتاری نـەبوو، ئەبێتـە هـۆی عـوزری و ئەگەر بۆ جەماعەتیش نەڕۆیشت بۆ مزگەوت، گوناحی نیە.

۱۶۲. کەشکیش برای دۆیە، هەر دوویان هەر بۆ تۆیە.

۱۶۳. کەعبە کەج نابێ، تاوێ بێ بۆ لام، لات بە دەوار بێ کە نابیت بۆ لام.

۱۶٤. کەڵەشێر لـە ناوەختا بخوێنێ خوێنی خۆی حەڵاڵ ئەکا. «لـە ناوەخت کەسێ بـانگ بلێ شەریعەت تەعزیری ئەکا».

۱۶۵. کەڵك لـە کەڵك ئاوسە. ئەبێ دەسەوام بدرێتۆ.

۱۶۶. کەڵەشێر برسی، خەو بە خەرمانی ئاوبردوو ئەبینێ.

۱۶۷. کەڵەشێر چاوی بە مەلائیکە ئەکەوێ، ئەخوێنێ. کەر چاوی بە شـەیاتین ئەکـەوێ ئەسەڕێنێ. «حەدیسە».

۱۶۸. کەڵەشێریش نەخوێنێ ڕۆژ هەر ئەبێتۆ　　مەینـەت دوبـارە دەس پێ ئـەکرێتۆ

۱۶۹. کە من بـاخی موورادم بێ سەمەر بێ　　بە من چی باخی عالـەم پڕ سەمەر بـێ

۱۷۰. کەم بخۆو مەڕۆ بۆ لای دوکتۆر.

۱۷۱. کەما بۆ کەر ئەکەنن کە کەر تۆپی کەمای ناوێ

بە زیندوویی بۆی ببەن کە تۆپی بەکار نایێ

۱۷۲. کەم بخۆو کز دانیشە، قەناعەت بکە بە پیشە، ئەمەتە باشە هەمیشە.

۱۷۳. کەم بژی و کەڵ بژی. «واتە: با ژیانیشـت کەم بێ بەڵام ئازادانە بژی».

۱۷٤. کەمتر قەرز بکەن با ئازاد بن و ئەسیری کەس نەبن.

۱۷۵. کەمتیار مەردێکی چاکە، قولی ئـەسمن دەنـگ ناکـا. بـەوجۆرە لـە کـون دەری ئەکەن.

١٧٦. کەم خۆرو هەمیشە خۆر بە.

١٧٧. کەمم تێ بنێ و بمجاوە   لەززەتم وا لە دواوە

«تیکە وایە وتووە»

١٧٨. کە من پێ گەیشتم، تۆ حەسایتۆ. «باوکی پیر بە تەشەرۆ بە کوڕەکەی وتووە. کوڕەکەیشی وتوویەتی: باوە تۆ قالب سووك تری بۆیە قالّ بووی بۆ کار».

١٧٩. کەمی بە بەرەکەت باشترە لە زۆری بێ بەرەکەت. «کەم بێ و بە کەرەم بێ».

١٨٠. کورد هەرگیز ناگا بە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە

دوو دڵ و پیسن لە ناو یەك بۆیە وا بێ لانەیە

«مامۆستا قانع»

١٨١. کەنعان کوڕی حەزرەتی نوحعليه السلام بوو کە لە ئیمان و عەمەلی سالحا لەگەڵ باوکیا نەبوو، لەگەڵ دایکی و ڕەفیقە کافرەکانیا لە تۆفانەکەدا خنکا. بەڵام سەگی ئەسحابی کەهف چوون ڕەفیقی پیاو باشی کرد لە ڕیزی ئەواندا ژیاو مرد. «ئێمەش هۆشمان بە خۆمانەوە بێ با تووش نەبین».

١٨٢. کەو ئەوەیە لە بەرانبەر کەودا بخوێنێ   نەك بە نەخشینی هەر خۆی بنوێنی

١٨٣. کەوا سوور بەر هوردوو مەبە، بێ ڕەویە مەکەوە بەر کەسۆ.

١٨٤. کەوا نان بخۆ: «کابرایەك بە میوانی ڕۆیشت بۆ ماڵێ بە ڕووتەڵی، نانیان پێ نەداو حورمەتیان نەگرت، ڕۆیشت و سەرتاپا جلی جوانی پۆشی و ئەمجارە ئیحتیرامی زۆریان لێ گرت و میوانی چاکیان کرد. ئەویش وتی: کەوا نان بخۆ».

١٨٥. کەوتۆتە سەر ساجی عەلی. «واتە: هیچی بەدەسۆ نەماوە. بۆیە وا خەمی زۆرە و وەها بێ نان و ئاوە».

١٨٦. کەوتووەتە سەری هەوای یاری نۆ   یا بۆ «وەیس» ئەچێ یا بۆ «باینچۆ»

«وەیس کە هەمووتان ئەیناسن و ئەزانن کە پیاوێکی گەورەیەو مەرقەدی پاکی لە بەین کرماشان و ڕەوانسەرە. باینچۆ: دێیکە لەبەر پلەی سارالْ کە وەختی خۆی پیاو چاکی زۆری لێ بووە و هەموویان سەییدن. ژن و پیاو هەستی بێ مەیلی لەیەك بکەن، بە یەکتر

وا ئەڵێن».

١٨٧. کەوش و جلی ڕەش، موسیبەتە و دەرد　　بۆ لابردن خەم، باشە کەوشی زەرد

١٨٨. کە هەڵمەت بێنێ بۆ تۆ تیر بە هێزی قەزا

هیچ چارەسەرت ناکا مەگەر تەسلیم‌و ڕەزا

١٨٩. کەی ئاخۆ کاکە دەسمان چەور ئەکەی؟

بۆ زەماوەتت دەعوەتمان ئەکەی؟

١٩٠. کێ پڵاوی خواردووە؟ ئەوە بچێ بۆ لای بووك. «ئەمە زاوایەك وتوویەتی کە چێشت بەشی نەماوە».

١٩١. کێچێکی حەو مەن شیر ئەدات. «ئەونە چەقاوەسووە».

١٩٢. کێچێ میوانی نیە. «ئەونە بێ خەمە».

١٩٣. کیسەڵ تۆ بازت کوا تا گازت بێ.

١٩٤. کیسەڵ کاروانی کردووە. «کەسێ سکاڵا بە دەس کارۆ بکات، وای پێ ئەڵێن».

١٩٥. کیمیاگەر ئەگەر مردبێ بە ڕەنج　　بێ‌ئاگاو بێ ڕەنج دەسی ئەکەوێ گەنج

١٩٦. کێوسانان خاڵ خاڵ بەفری ناچێتۆ　　قیبلەم تۆراوە و ئاشتی نابێتۆ

ڕیش دەم و چاوم سپی بووەتۆ　　تازە سپی‌یەتی هەر لێ نابێتۆ

جوانیم تۆراوە و ئاشتی نابێتۆ

١٩٧. کەم بوو، چی؟ هاتی بۆ فرە؟.

١٩٨. کەماڵی ئینسان بە ئەدەب و زانینە. کەسێ تا ئەم دوانەیە زۆرتر بێ کەماڵی زۆرترە.

***

پیتی <گ>

پەندی پێشینان

١. گاڵ ئـەخۆیت و هێلکـە ناکـەیت، سـەرت ئـەبڕم ئـەوە دەردت بـێ. «پیاوێـك بـە مریشکەکەی ئەمەیە وتووە».

٢. گا بە تەنیا جووت ناکا. «بۆیە وتوویانە جووت، کە هەمیشە جووت بن».

٣. گا بە دەم جووتیارا ئەڕوانێ، ژێردەسیش بە دەم گەورەیا.

٤. گا بە دەنگم ناڕواو کەس بە گوێم ناکا.

٥. گا بە گونا ئەناسێ. «ئەوەندە تێگەیشتنی کەمە».

٦. گا گـا بـە خـەروار ئـەنێرێ بـۆمان گا گا بـە مـسقاڵ بەشـیەکا بۆمـان

٧. گـامـان گرووە، هەر کلـکی مـاوە نـاجۆری کارمـان نـەختێکی مـاوە

٨. گا گا بە خەروار، گا گا بە مسقاڵ.

٩. گام وا بە بارۆ، دۆینەم وا بە دارۆ، زووکە مەلا ئەم کوڕمە بۆ بکە بـە مـەلا. «جـاف وای وتوە»

١٠. گا وێڵ ئەکا، گوێرەکە بە خێو ئەکا.

١١. گای جووتی زیادە خزمەتی ئەوێ. زەحمەتی زۆری لە سەر شانە. «ژنێ وتوویەتی بە منالەکانی: بۆیە زیادە خزمەتی باوکتان ئەکەم، ئێوە گلـەیی مەکەن. ڕاسی وتـووە مـەنعی مەکەن».

١٢. گرفتارێ ئەبینی گەمـە و گاڵتەی پێ مـەکە
گوناهی زۆر گەورەیە چاولـێ‌گەری کەس مەکە

١٣. گشت ئەم پەنجانە وەکوو یەك نین. گەورە و بـچووك، لـە «قـالوا بَلـی» وە هـەر وابووە.

١٤. گشتـمان هـەوڵ بدەین کە حەق دەرکەوێ
دوای ئەوە هەوڵ بەین کە حەق سەرکەوێ

١٥. گڵ کەوە کەوتووەتە بەینمان، بۆیە لـەیەك تۆراوین.

١٦. گڵ مەیل بڕە، بۆیە زۆرترین خۆشەویست ئەمرێ، کەس و کاری کەم کـەم مـەیلی کەم ئەکەن.

١٧. گلـۆلـەم کەوتووەتە لێژی، بۆیە خاسم نایێژی.

١٨. گلـۆلـەیە بەن با دە، خۆت لـە بێ حەیا لادە.

١٩. گورگانە شەوێی بۆ ئەکا. «واتە: ئەیخلـەتێنێ. لـەمەو پێش بە شەوا منالێ یا لـە برسا یـا لـە ترسا یا لـە سەرماو گەرمادا خەوی لـێ ئەشێواو سەرگەرمی‌یـەکیان نـەبوو کـە ئـارامی کەنۆ. دایکی گورگانەشەوێی بۆ ئەکردو ئەیگوت: گورگانە شـەوێ، گورگانـە شـەوێ، گورگەکە لـە ماڵمان دوور کەوێ، چیت بۆ ماڵ حەسەن هاوسێمان، حەسەن بخواو ڕابێـی ژنی بخواو ڕەحیم بخواو ڕەحمان بخواو ئامە بخواو تامە هەڵگرێ بۆ تۆشەی. بەم جۆرە یەکە یەکە منالـەکان و هاوسێکانی ئەدا بە دەم گورگەکەوە تا منالـەکەی خەوی لـێ کەوێ. لـەم زەمانیشا بە زۆرکەس کە فێڵ بازن و فریوی خەڵك ئەدەن، ئـەڵێن گورگانـە شـەوێی بـۆ ئەکا».

٢٠. گورگ بچێتە ناو ڕان، لـە دووڕۆ دەم ئەکاتۆو ئیتر دەمی بۆ ناکرێتۆ لـە خۆشی‌یا.

٢١. گورگ چووزانێ جووتێ شەك چەنێ ئەکا، بۆیە دەسی تێ ئەچێ بیخوا.

٢٢. گورگ کە بە شەوا ئەخەوێ، سەری ئەنێتە سەر دوو چەپۆڵـەی، چونکە متمانەی بە ڕەفێقەکانی نیە و لـەبەر خەیانەت باری خۆی هەمیشە ئامادە باشە. «زاڵمیش هەر وایە».

٢٣. گورگ کە پیر بوو، ئەبێ بە گەمە جاڕ سەگ.

٢٤. گورگ کە شوان ڕان بێت، ئەبێت ڕانەکە حاڵی چۆن بێت.

٢٥. گورگ و مێش بە یەکۆ ئاو ئەخۆنۆ. «واتە: ئەوەندە حاکمەکەمان عادڵە».

٢٦. گورگ هەرکامیان بریندار بوون، ئەوانی تریان گەلـە کۆمەی لـێ ئەکەن تا ئـەیخۆن. «ئەهلی ئەم زەمانە بۆ کزۆڵـە هەروانە».

٢٧. گورگی وەتەن گۆشتەکەت بخوات، پێشەکەت ناشکێنێ. هەر لـە بێگانە باشترە.

٢٨. گرێیە کە بە دەس ئەکرێتۆ مەیخەرە ددان. «واتە: کاری سەهلت گران مەکە».

٢٩. گۆزەی سوور تا چل ڕۆژ ئاوی خۆشە.

٣٠. گۆزەی سوور هەموو ڕۆژێ لە کانی بە ساقی نایێتۆ. «تۆش بچیتە ناو شەڕ هەر وایە».

٣١. گۆش ئازیز، گۆشوارە ئازیز.

٣٢. گۆشت خۆی تاڵ ئەکا، قسەی بێ ئوسووڵ ئەکا.

٣٣. گۆشتمان لە ناو تیانەیەکا بە یەکەوە ناکوڵێ.

٣٤. گۆشتی ڕانی خۆت ببڕە تەواو بیخە سەر پێشە

بیخۆ، چش کە ئازارە، منەت قەساو مەکێشە

٣٥. گۆشتی ماسی لە هەموو گۆشتێ بێ زەرەرترە و حەڵاڵ ترە. ئاوی زەمزەم لە هەموو ئاوێ زەلاڵترو خۆشترە.

٣٦. گفتار نیك، رفتار نیك، پندار نیك. «ئەڵێن شیعاری زەردەشتی بووە، ئێستاش هەرکەس ئەم سێ ئەسڵە ببا بەرێوە، باشترین پیاوە بۆ دین و دونیا. کە ئیسلامیش هەر ئەمە ئەڵێت. جا برێك لە خەڵکی هەر بە تەواوی خۆشیان لە وشەی ئیسلام نایەت، وەگەرنە ئیسلام کامڵتر و باش‌تر ئەم باسانە شی ئەکاتەوە و دەستووری پێ ئەدات، بە وەسیلەی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر ﷺ».

٣٧. گوڵاڵە هەردانە، هەزار دەرمانە　　خۆزگەم بەو خوشکە برای میوانە

«زووتر ئەمە ئاواتی ژنان بووە».

٣٨. گوڵاڵە مەسانە دەشتان دائەگرێ　　تەماشا کردن هیچ کەڵك ناگرێ

«واتە: برۆ بەشوێن کار خۆتۆ».

٣٩. گوڵ بێ دڕك نابێ.

٤٠. گوڵ نیت، دڕکیش مەبە.

٤١. گوڵ دەسە برای پیسە، کە ئەبن بە هاوکیسە.

٤٢. گۆم تا قووڵ بێ مەلەی خۆشترە.

٤٣. گوێ بگرە بۆ هەموو وتارێ، چاك بێ یان خراپ. بکەوە شوێن چاکەکەی و

خراپەکەی وێڵ بکە.

٤٤. گوێرەکە سوورە پێی پیا ناوە. «لەمەوپێش منالێ نەخۆش کەوتایێ یان شتێکی بەسەر بهاتایێ وەك کەوتن، بۆ ئەوە نەترسێ ئەیانوت گوێرەکە سوورە پای پیا ناوە. گوێرەکە سوورە باڵدارێکی چکۆلە و بێ ئازارە و وەك پەپوولە وایە و پێی ئەڵێن مامالێ. هەروەها منالێ لەمەوپێش کە بکەوتایە پێیان ئەوت خوێکەی ڕژاند. بەوجۆرە ژێر ئەبووەوە».

٤٥. گوێرەکەی خەڵکی گوێرەو سار ئەچڕێ. «واتە: ئەچیتۆ بۆ ماڵ خاوەنەکەی، خۆت لەگەڵی ماندو مەکە».

٤٦. گوێرەکەی نەگبەت گوێرەکەی ئامەی بەستۆ. «گوێرەکەی نەگبەت چووە ناو زیان و

کوشتیان، گوێرەکەی ئامە نەچووە ناو زیان و نەیان کوشت».

٤٧. گوێز مەخە ژێر پێم با نەکەوم.

٤٨. گوێ لە مشت کەس مەبە، شەرع لە دەس مەدە. بە گوێی واتە و ویتەی کەس مەکە.

٤٩. گوێی خۆی لێ خەواندووە. «واتە: خۆی کردووە بە کەڕ»

٥٠. گەدا پاڵەوان خوایە، چونکە هیچێکی نیە تا لە خەڵك بترسێ کە بیبەن.

٥١. گەدا دەوڵەمەن بێ تا حەوت ساڵ کەس بڕوای پێ ناکا. دەوڵەمەندیش گەدا بکەوێ تا حەوت ساڵ کەس بڕوای پێ ناکا.

٥٢. گەدا گووی نەبێ، «با فیز نەکات بە سەرمانا».

٥٣. گەدایی ساڵێ چەن هەزار تمەن زەرەرم لێ ئەدا. کە نیمە بە هەرزان لە وەختی خۆیا شت بسێنم.

٥٤. گەڕان بە شوێن زانینا فەرزە لە سەر هەموو کەس

بڕۆ گەڕە بە شوێنیا تا پێت حەرەکەتی هەس

تۆ خوشکی یا خۆ برای، بە زانینۆ وەك چرای

با دەرس و وەعزت بێ، خۆتۆ لە عالەم جیای

بڕۆ بە شوێن زانینا، با لە چینا دەس کەوێ
بازەحمەتێکی زۆرە، بەهرەت لێ‌دەس ئەکەوێ

٥٥. گەر بە ئازادی نەژیم، مردن خەڵاتە بۆ لەشم
نۆکەری و سەردانەواندن کاری نامەردانەیە

٥٦. گەر بەهەشتم هەر بەتەنیا پێ بدەن ڕۆژی جەزا
نامەوێ تۆی تیا نەبی، حاشا جینانم بۆچیە
«مامۆستا قانع»

٥٧. گەردنم لە موو باریکترە لە حەنای شەرع و قانوون ئیسلامدا.

٥٨. گەر دەپرسی من لەبەرچی کەم دەخۆم   من بە برسی قەت مەزانە، خەم دەخۆم

٥٩. گەرمای هاوین نەتیجەکەی سەرمای زستانە، تا هاوین گەرمتر بێ زستانی ساردترە.

٦٠. گەرمیانی کە پیاویان پیر بوو ئەیکەن لەگەڵ بەرغەلا، ئێمە دایان ئەنێین لەماڵۆ با ئیستیراحەت بکەن.

٦١. گەرەکتە تەواو نۆك و نەخۆشەرەکەت پێ بێژم. «واتە: ئەتەوێ هەمووت بۆ شی بکەمۆ».

٦٢. گەرەکتە خاك بکەی بە سەرتا، بڕۆ سەر کۆگای گەورە.

٦٣. گەرەکتە خۆشت لێ بڕوا، خۆت بە لە شێتی.

٦٤. گەرەکتە ناوت بە خراپە نەبەن، ناو کەس بە خراپە مەبە.

٦٥. گەزۆی داری مازوو داری ویوڵ نەبێ، گەزۆی دارەکانیتر بەکار نایێ. «فارسێ پرسی لە کوردێك: گەزۆ چۆن بەرهەم دێت. بە فارسی‌یە کێفیلەکەی جوابی دایەوە و وتی: بە تەوراسی تیژەندە، لقە لقە بڕەندە، مەلۆ مەلۆ کونەندە، بە دوو لقی کوتەندە، بە بێژنگێ تەقوندە، گەزەندە هەی گەزەندە. هەر گەڵایێ گەزۆی پێوە بێ، لقە لقە بە تەوراس ئەیبڕی، مەلۆ مەلۆ دایئەنی تا دوو یا سێ ڕۆژ وشك ئەبێ، دوای ئەوە لەسەر مەوجێ دایئەنێی و بە دارێکی دوو لقان لەسەر مەوجەکە گەزۆکەی دائەوەرێنی و گەڵاکەی بەو دوو لقە جیا ئەکەیتۆو باقیەکەی بە بێژنگ ئەبێژی، گەزۆکەی دائەدا. ئیتر بۆ خواردن باشەو نوقڵی سروشتی و کوردییە».

٦٦. گەماڵ زۆری بۆ بێنی بە قەد تانجی ڕا ئەکات
کەسێ تەجرەبەی بـیێ، بەم قسە بـڕوا ئەکات

٦٧. گەماڵ کە پیر بێ، لە ڕاو ئەکەوێ، وەلێ لـە حەپە و وەڕە ناکـەوێ. «بـێ حـەیاش هەروایە».

٦٨. گەمە تاوێ خۆشە، ئەوەندە خۆشە لـە تاقەت دەرنەچێ.

٦٩. گەمەمان گەمەیە، کلکە قنگێمان هەر گەمەیە.

٧٠. گەمە و گاڵتەی کەر، یا گازە یا گووز | یا هەڵخستنەوە یا هەڵجووز هەڵجووز

٧١. گەنجت بە بار بێ، بە ژەهری مار بێ | ئەمساڵ بە قوربان ڕۆژێ لـە پـار بێ
تاڕەنج نەکێشیت و خۆت ماندو نەکەی | خۆت بە ساحێوی گەنجینـە ناکـەی

٧٢. گەنج وا لـە پێی ڕەنجا.

٧٣. گەوج، نەچێتە بازار، بازاڕ بۆگەن ئەکات.

٧٤. گەوج وڕاجە.

٧٥. گەورە ئاو ئەڕێژێ، بچووك پێی تێ ئەخا.

٧٦. گەورە ئەو کەسەیە کە خزمەت بە خەڵك ئەکات.

٧٧. گەورەی وڵات دڵی بە خرابی لـەگەڵ میللـەتا بگۆڕێ، بەرەکەت لـە وڵاتا نامێنێ.

٧٨. گەورەیی بە عەقڵە، بە ساڵ نیە. «پرسیان لـە حەزرەتی عەباسﷺ مامی پێغەمبـەرﷺ، تۆ گەورەتری یا موحەممەدﷺ، وتی: لـە عومرا من گەورەترم لـە عەقڵا ئەو».

٧٩. گەوریی بۆ موسڵمان ئەبێ. «ئەوەندە زەلیلە».

٨٠. گەوهەری وتاری خۆت لـەگەڵ نائەهلا خەسار مەکە.

٨١. گـەیـشتی بە تـرۆ، لێـدە بـڕۆ | با ئابڕووت نەچێ نەبی بە پەڕۆ

٨٢. گەدێ و گاوێ / سەرەو ماساوێ / ئاوەو کاریزی / قنگەری ڕێزی / گەناو بەیێ / ماس و مەیێ.

«بە کوردی: ورگی گا / سەر ماسی / ئاو کاریز / قنگری ڕیخ / بەی گەنیو / ماسی مەڕ. هەورامی بە سەلیقە و تەجرەبەی خۆیان ئەمیانە وتووە کە خۆشن».

٨٣. گیا خۆری لـە بەهاردا لـە هـەموو نیعمـەتێ خۆشـترو باشـترە بـۆ بـەدەنی ئینـسان.

«وەختێ مەلا ئەبووبەکر «موسەننیفی چۆڕی» لە مەریوانی تۆراوە و چووە بۆ سۆڵەی عێراق بۆلای ساداتی خاڵۆی و تاقەتی چووە بۆ کەلانەی پیچك، فەرموویەتی:

پیچکی تەرچك جنیاگی دۆڵە   باشترە لە پیازی سۆڵیای سۆڵە

پیچك بجنی تەبعەن چاوت ئەسۆڵێتۆ، بەڵام ئەگەر دوو سێ چڵ لەو وەختا بنێی بە سەرتۆ، ئیتر چاوت ناسۆڵێتەوە».

٨٤. گیا لەسەر بنجی خۆی سەوز ئەبێ. «بەشەر ئەچێتۆ سەر بنەماڵەی خۆی».

٨٥. گیان خۆشەویست مەبە، کاریگەر بە.

٨٦. گیان زۆر خۆشەویستە، وەلێ گیان ئەکرێ بە فیدای ئابڕوو.

٨٧. گیانم بە فیدای خەم بێ کە نایەڵێ تەنیا بم

ئەگەڕێ و پەیام ئەکا لە هەرکوێ بۆی پەیا بم

٨٨. گیان وا لە جێی سەختاو دەرناچێ. ئەگەرنا ئەبوا هەر زوو تەواو بوایێ لە خەما.

٨٩. گێجەنەی دەرگاکەتم لەسەر چاو دابنێ، ناڵێم وەی، ئەوەندە تۆم خۆش ئەوێ.

٩٠. گێرەکە سەر پەڕی مانگا بێ، ئەبێ هەمیشە نامیزان و شێواو بێ، «سەرۆکی باش هەڵبژێرن با میزانتان تێك نەچێ».

٩١. گێرە شێوێن مەبن. «لەوەو پێش خەرمانیان بە گا ئەکوتاو چەن گایان ئەبەست بە گوریسێکەوە و پێیان ئەوت گێرە، بەویانە کە لای چەپ و لە ناوەڕاستی خەرمانەکەدا بوایێ ئەیانوت بنە و تەبێعەتەن ئەبوا گایێ زلە و تەمەڵ بوایێ، بەویانە لای ڕاس و لە لای پەڕی خەرمانەکە بوایێ ئەیانوت سەرپەڕو ئەبوایێ گایێ سووك و زیرەك و ئازاو وریا بوایێ. بە هەر گایێکیان کە سەروەشێن یا لەقە وەشێن یا خەفوك بوایێ ئەیانوت گێرە شێوێن. ئێستاش کەسێ کاری خێری خەڵکی تێك بدا، پێی ئەڵێن گێرە شێوێن».

٩٢. گێجەنەی درگاکەت بگۆڕە. «واتە: ژنەکەت بە کەڵك نایەو تەمبەڵە، تەڵاقی بدەو یەکێ تر بێنە».

***

پیتی <ل>

پەندی پێشینان

١. لـە پـرِێ نـابـێ بـە کـورِێ.

سـەبرو حەوسـەڵە و تاقـەتی ئـەوێ   تا پلە پلە و کـەم کـەم سەرکـەوێ

٢. لازمە بـۆ شێـخ سبەینان گوربە خەو   تا بڵێن شێخ زاهیدە و نانوێ بە شەو

«شێخ ڕەزای کەرکووکی بەیانیەك زوو ڕۆیشت بـۆ مـاڵی شـێخ عـەلی تاڵـەبانی، بـرای دێوانەیەك لە دەرگادا وێستا بوو، وتـی: کـوا شـێخ؟ دێوانەکـە نەیناسـی و وتـی: شـێخ خەوتووە. وتی هەڵسا لەخەو ئەم کاغـەزەی بـۆ بـەرە. لـە کاغەزەکەیـشا ئـەم پەنـدەی نووسی....»

٣. لای خوا بەرمەدە با لات چۆڵ نـەکا   ڕیسوای لای قەوم و عەشرەتت نەکا

٤. لای ژوورژ جێی ناکەنۆ، لای خوارۆ دانانیشی.

٥. لووت لـە بەینا نەبێ، چاو چاو ئەخوات. «بوونی زاڵم باشە بۆ فەقیرو هەژار».

٦. لە ئاخر زەمانا دین وەکوو ئاوری لـێ دێ، ئەیخەیتە مشتت خۆت ئەسووتێی، تـوورِی ئەدەی عالـەمێ ئەسووتێ.

٧. لە ئەوەڵی زستانۆ، بەفر ئەڵێ بە شەماڵ: بە سەر حەسـەن پـەپوو سـەر، سـەرت لـێ بنێمەدەر، نە گات بێڵم و نە کەر.

٨. لە نیوەی زستان بەولاوە شەماڵ ئەڵێ بە بەفر: بە سەر حەسەن سەرلاران، سەرت لـێ بێنمە دیاران، ئەتپێچمە قونی نزاران.

٩. لە ئەوەڵی زستانۆ بەفر ئەنێرێ بۆلای هاڵەکۆك کە شووی پێ بکات، ئەویش ئەڵێ:

نە پـرژم هەیە و نە باڵ   چیمە لـە سەر ماڵ و حاڵ

لە نیوەی زستانۆ بەولاوە هاڵەکۆك ئەنێرێ بۆلای بەفر بێت کە شووی پـێ ئەکـەم. بـەفر ئەڵێ:

شۆڕ شۆڕ نیشتووە لە بن گونـم   چیمـە لـەسـەر مـاڵ و ژنـم

«وادیارە ئیتر مامەڵەیان سەری نەگرتووە».

١٠. لە «با» بێ و لە بۆران بێ، هەر لە بەفر کەم ئەبێتۆ.

١١. دوور بی لە فیتنە، دوور ئەبی لەوەی چارەی ئەوەیە کە گوێی پێ نەدەی

١٢. لەباتی خاسی، گوو بە کراسی. «کەسێ جەزای چاکە بە خراپە بداتەوە، وای پێ ئەڵێن».

١٣. لە زستان شەوێ، لە پیران تەوێ ئیتر بەسیانە بۆیان رێ کەوێ

١٤. لە بچووك خەتا، لە گەورە بەخشین بەمانە دنیا وابووە نەخشین

١٥. لەبەر بێ کەسی تۆم کردووە بە کەس نە بە کەسم بووی نە بە نیوەکەس

١٦. لەبەین دوو کەسا شەڕ وەك ئاورە فیتنە لەو بەینا خۆش کەر ئاورە

١٧. لە بەینی ژن و شوودا دەخاڵەت مەکەن خۆیان ئەزانن لە یەك چی ئەکەن

ئاشتیان ئەبێتۆ دەس لە مل ئەکەن

لە ئاخریشدا ئابڕووی تۆ ئەبەن

١٨. لە برسا مردن، لە ماڵی هەتیو خواردن باشترە.

١٩. لە بەتاڵی‌یا سەرم ئێشێ، کارێکم بۆ بدۆزەرۆ، خەم و خەفەتم زۆرە، هەمووی لە بیرم بەرۆ.

٢٠. لەبەر خاتر خاتران، یێمە سەردین کافران.

٢١. لە بێ خەبەران کەشکەك سەڵەوات. «کەسێ کە لە نابەڵەدی قسە بکاو نەزانێ باس باسی چیە، وای پێ ئەڵێن».

٢٢. لە بێشکەوە تا ئەمری، گەڕە بە شوێن زانینا

مامۆستاش ئازارت با، لێی مەکەوە بە قینا

زۆرو لێدان مامۆستا لەسەر خوێندن و زانین

باوك و دایك باشترە کە گەورە بووین ئەزانین

٢٣. لە پڕا نیوەیە و لە نیوەدا پڕە. «مانگ، کە لە پڕاو لە ئەوەڵەوە پەیدا ئەبێ نیوەیە و لە نیوەی مانگدا یانێ لە چواردە و پانزدە، پڕە و بە تەواوی و کامڵی ئەبینرێ».

٢٤. لە پیری‌یا پیاو فێر پڵاو خواردن بێ، دەس بۆ لووتی ئەبا.

٢٥. لە ترسا کونە مشکی لێ بووە بە عەمارەت.

٢٦. لە ترِ لۆتی سازترە.

٢٧. لە تۆ حەرەکەت، لە خوا بەرەکەت.

٢٨. لە جێگەیەکدا بخەوە، ئاو نەیێتە ژێرت.

٢٩. لە جێگەیەکدا دانیشە هەڵت نەسێنن.

٣٠. لە جێی شابازان، کۆرکۆرە وازان.

٣١. لە جێگەیەك ئاو هەیە، زەوی نیە. لە جێگەیەك زەوی هەیە، ئاو نیە.

٣٢. لەچك بەسەر زۆر بە ڕەحمە و جێگەی ڕەحمە.

٣٣. لەچکەکەم جاوگ بێ، حەوت کەڕەت لکەوناو، بەو شەرتە شووەکەم لاو بێ. «ئاواتی ژنە»

٣٤. لە چوارپادا قورسی هەیە و لە ڕەشە ولاخا دێزە. «واتە: ئەوەندە هەژارە».

٣٥. لە خاك ئەمین ترە.

٣٦. لە چواردیواری خۆتانا ناو کەس بە خراپی مەبەن. «دیوار مشکی هەیە، مشکیش گوێچکەی هەیە».

٣٧. لە حەدیسا هەیە: خۆتان بخەنە بەر بای بەهار وەکوو دارو گیا پێی ئەگەشێن و زیاد ئەکەن. خۆتان لە سەرمای پاییز بپارێزن وەکوو درەخت و گیا، گەڵا ڕێزی پێ ئەکەن، بۆ ئێوەش خراپە.

٣٨. لە خوا داوا کە چیت ناتەواوە بۆ دین و دنیا هەر خۆی حەساوە

٣٩. لە خوا داوا کە، هەرچیکت ئەوێ مەگەر خوا خۆی فریامان کەوێ

٤٠. لە خواردنا هارە و لە لەشیا بیمارە.

٤١. لە خوا کە شەرمی نیە، لە بەندە چۆن شەرم ئەکا
کەسێ حاڵی وەها بێ، ژێر چۆن بڕوای پێ ئەکا

٤٢. لە خۆ بایی بوون، زەرەری زۆرە زەرەر زۆر لە خۆت مەدە بەو جۆرە

٤٣. لە خۆتۆ مەبە بە کوتەك قوڕاو با ئابڕووت نەچێ نەتخەنە ناو ڕاو

٤٤. لەخۆتۆ کەس بە خراپ مەزانە، تا بەڵگەی لێ نەگری.

٤٥. لە خۆ ڕازی پێش ناکەوێ.

٤٦. لە خۆم نەکەوتووە، لە چاکی کەواکەم کەوتووە. «شەڕ فرۆشیّ، شەقیّکی هەڵدا لە پیاویّ لاشەڕ، ئەویش بۆ دەربڕینی لاشەڕی خۆی، ئەمەیە وتووە».

٤٧. لە خەجاڵەتی گوناحباری خۆم خەریکم ئەڕۆم بە درزی عەرزا. «واتە: لە من خراپتر نیە لە ڕووی سەرزەوی».

٤٨. لە دنیادا دوو کەس بە پەشیمانی ئەمرن، یەکەم کەسیّ کە ماڵی دنیای هەیە نایخوات، دووهەم کەسیّ کە ئەزانیّت و نایکات.

٤٩. لە دوای باران، کەپەنك.

٥٠. لە دوای پەن دان، خەفەت خواردن بەکار نایێت.

٥١. لە دوای تڕیّ، خەمشەی بڕیّ.

٥٢. لە دۆعاو نزای خێر کە تێر ناخۆی بۆچ بۆ عیبادەت خەمی خۆت ناخۆی
وەختیّ کە تووشی بەڵاو شەڕ ئەبی لە لوتفی خوا بۆ مەئیووس ئەبی
بە تۆبە تۆبە و بە هاوار هاوار ڕوو کەرە دەرگای غەفوورو غەففار

٥٣. لە دوای بای توند، باران ئەباریّ.

٥٤. لە دەرگاوۆ دەرم کەن، لە کۆماجۆ دیمۆ بۆ لاتان، ئەوەندە موشتەریتانم.

٥٥. لە دەمتۆ ئەڕوات، لە دواتۆ بیتۆ ئەم هەموو ڕزقە کە کۆی ئەکەیتۆ
حەرام و حەڵاڵ تیکەڵی مەکە خۆت لە حیسابا خەجاڵەت مەکە

٥٦. لە دیوار شکستە و لە ژن سەڵیتە و لە سەگ لانگر خۆت بپارێزە.

٥٧. لە ڕاستی ڕەحمەت ئەباریّ، وەك لە ناڕاستی زەحمەت.

٥٨. لە ڕۆژی تەنگانەدا ئینسان قەرزی کۆن و قەومی دووری بە یاد ئەکا.

٥٩. لە ڕەحمی دنیای خوا حەفتا و هەشتە بەشدارم
بۆ ڕەحمی ئاخیرەتی هەمیشە ئینتیزارم
یا ڕەحیم و یا ڕەحمان، لەلای تۆ زۆرە بەشمان
چاوەڕوانی ڕەحمی تۆین، مەیبڕە خێرو بەشمان

٦٠. لە زیناو ستەمکاری حاکم، وشکە ساڵی پەیا ئەبیّ. «حەزرەت عومەرﷺ»

٦١. لە سووزن بیّ کەس ترم.

٦٢. لە سەر ڕێگای خەڵکی دانیشی، ئەبێ جوابی سڵامیان بدەیتۆو چاو لە عەیبیان بپۆشی.

٦٣. لە سەر ماڵم دای لە باڵم. «یا: لە سەر ماڵم بدە لە باڵم»

٦٤. لە سەر مردوو دڵی زیندو مەیەشێنن، مردوو ڕۆیشتووە بە ڕێی خۆیەوە، تۆ خێرو خێرات و فاتیحەی بۆ بنێرە.

٦٥. لە شەڕ ئەو کەسە بترسە کە چاکەت لەگەڵ کردوە.

٦٦. لە شەل هەڵکەوتم، کەوتم بە کوێرا خوا بەشی منی هەر شەل و کوێر دا

٦٧. لە شێر ترسان مەنعی نیە هەڵمەت بێنێ چارەی چیە؟

٦٨. لە عان کەڵك‌وکار ئەمانکا بە یار لە عان جزو بز ئەمانکا بە دز

٦٩. لەعنەت نامەت بێ نەچیتە هەوار هەرتاکو نەڕوا سێ شەش‌و سێ چوار

«واتە: تا نەڕوا ٣٠ ڕۆژ لە بەهار».

٧٠. لە شەوگاری درێژا شەونشینی خۆشە، لە ڕۆژگار درێژی‌یا ڕۆژ نشینی. «بۆیە وتوویانە:

یاخوا بەخێر بیت میوانی ئازیز با بە ڕۆژ بەهار، با بە شەو پاییز»

٧١. لە عەلامەتی ئاخر زەمانە کە دەسەیەك پەیا ئەبن کە بە لەهجە و دەنگی خۆش و تەجویدی چاك، قورئان ئەخوێنن. بەڵام لە قوڕگیان ناچێتە خوارۆ چونکا ئیمانیان پێی نیە و عەمەڵی پێ ناکەن. «حەدیسە» ئەمانە لە عیلمی فەلایی‌یا، هەر خەرمان سووتانن ئەزانن، لە عیلمی مەلایی‌یا هەر بەرنوێژی.

٧٢. لە قاڵبی دۆستیدا دوژمن ئەتوانێ زەرەری زۆرترت لێ بدات. «هۆشت بە خۆتۆ بێ».

٧٣. لە کاری خراپا، یا نەزان بە، یا خۆت بکە بە نەزان.

٧٤. لە کانی جەرگمەوە دێتە دەرۆ، بە شۆخی نایلێم.

٧٥. لە کانییەك ئاوت خواردۆ، بەردی تێ مەخە. «بێ وەفایی ئەنوێنێ».

٧٦. لە کۆگای گەورە خۆڵ پێوی باشە لای پیاوی گەورە، سکاڵا باشە

٧٧. لە کەس مەترسە لە خالق نەبێ ئەو ئەیدا بە تۆ هەرچێکت نەبێ

٧٨. لە کوولەکەی دەرویش ناو خاڵیترە.

٧٩. لە کوڵە چوارشەممەی مانگ سەفەر سوورترم. «بە ئاخرین چوارشەممەی مانگ سەفەر ئەڵێن کوڵە چوارشەممە».

٨٠. لە کەم، کەم ئەکوژرێت و لە زۆر زۆر. «دەسەی کەم و بێ دەسەڵات بە دەسەی زۆرو دەسەڵاتدار وا ئەڵێن و هەڕەشەی لێ ئەکەن».

٨١. لە کێ ئەکا چاوەکەی — لە خاڵۆ لەولاوەکەی
لە کێ ئەکا ڕەوشتی — لە خاڵۆی شێر لە پشتی
لە کێ ئەکا دوو شانی — لە خاڵۆی لاوو جوانی
لە کێ ئەکا لووتەکەی — لە مامە نابووتەکەی
لە کێ ئەکا تەوێڵی — لە مامەی گێل و وێلی
لەکی ئەکا برۆکەی — لە مامە جل دوورەکەی

«دایکێك کوڕی منالی هەڵپەڕاندووە و ئەم شێعرانەی وتووە. دایکێکی تریش بەم جۆرە کوڕی لاوی لاواندووەتۆ: لە کوێ بووی، لە ناو پیچك و مەنێ بووی، لە باخەڵی ڕەنێ بووی».

٨٢. لە گیرفان چەپۆ پووکێکم نا لەسەر ئەو پەنەی پێی دام. «بێ دەسەڵات وا ئەڵێ».

٨٣. لەگەڵ ئەسڵان هەموو فەسڵان — لەگەڵ نا ئەسڵان مەیکە وەسڵان

٨٤. لەگەڵ ئەو کەسا هەڵە و هەرزەیە — هەرچەن جوانە و وەکو تەرزەیە
ڕەفیقی مەکە، ئەتخا بە خەتا — تووشت ئەکا بە تووش گوناح و خەتا

٨٥. لەگەڵ قەتارچی ئاشنایی مەکە — یا جێگە و ڕێگەی بۆ ئامادە کە

«ئیشارەی گوڵستانە»

٨٦. لەگەڵ گەورەتر لە خۆت بەشەرم و ئیحترام بە، وە لەگەڵ بچووکتر لە خۆت بە ڕەحم و میهرەبان بە. «حەدیسە»

٨٧. لەگەڵ نائەهلا شەڕ و ستیزە — ئابڕووت ئەبات، ئەتخا لە زیزە

«نامی»

٨٨. لەگەڵ نەفاما زۆر فامیدە بە — عێززەت و حورمەت خۆت لەدەس مەدە

موسوڵمان ئەبیٚ وەختیٚ کە نەفام خراپی پیٚی وت، ئەم بڵیٚ سەلام
«ئیشارەی قورئانە»

۸۹. لە گەڵ گورگا گۆشت ئەخوات لەگەڵ شوانا شیوەن ئەکات

۹۰. لە لاوییا فریای خۆت نەکەوی لە پیرییا هیچ ناکریٚ هەر ئەکەوی

۹۱. لەلای ئاسنگەر کەسیٚ دانیشیٚ یا جلی ئەسووتیٚ، یا سەری ئیٚشیٚ

۹۲. لە گیرفان چەپۆ پیٚم ئەدات و لە گیرفان ڕاستو لیٚمی ئەسیٚنیٚتو.

۹۳. لە لای دیزەوە دانیشی، ڕەش ئەبی، لای خیگەوە دانیشی چەور ئەبی، لە لای عەتار دانیشی بۆن خۆش ئەبی.

۹۴. لە مازوودا تیٚ شکاوە، لە سیچکەدا قەرەبۆی ئەکاتو.

دار مازوو برا سەمەری زۆرە بیٚسەمەر تۆ بووی دەرچووی بەم جۆرە

۹۵. لە ماڵ دەرمەچۆ شەو بە شویٚن دزا تووشی خۆت مەکە مەینەت و سزا

۹۶. لە ماڵی ئیٚوە نان بخۆین و بڕۆین بۆ ماڵی ئیٚمە گەمە بکەین. «مناڵیٚ فیٚلاوی وای وتووە بە یەکیٚکیتر».

۹۷. لە ماین دابەزیت و سوار کەر بووی. «دەرەجەت هاتووەتە خوارەوە».

۹۸. لە ماین نەبوو، ئاخوڕ ئەبەسی فیزو دەماریٚ مەکە بە برسی

۹۹. لەم دنیا برا خراوتر نیە خەفەتباری‌یە، هەیە یا نیە

۱۰۰. لە مریشکیان پرسی: بۆچی ئەقیژیٚنی؟ وتی: گویٚم وا لە قرچەی ڕەفیٚقەکەمۆ لە ناو تاوەدا، بۆیە ئەقیژیٚنم.

۱۰۱. لە مەرگ ناخۆشتر ئەو بەڵایەیە کە بە بۆن ئەوەوە داوای مەرگ لە خوا ئەکەی.

۱۰۲. لە مەلای مەزبوورەیان پرسی: خەلکی کویٚی؟ وتی: هیٚشتا ژنم نەهیٚناوە.

۱۰۳. لە ناوکوردا نەبوو پەیمان شکاندن لەکویٚ فیٚر بووی گوڵم پەیمان شکیٚنی

۱۰۴. لە ناو کویٚرانا مژموور سەر باشقەس وەها ئەزانیٚ ویٚنەی نیە کەس

۱۰۵. لەنج مەکە لە دەس دۆس و دوژمنت دۆس ڕاستەقینەت، بیٚ بە دوژمنت

قسە دابڕین لە موسوڵمانان لە سیٚ ڕۆژ زیاتر حەرامە، ئامان

بە قسەی خۆش و بە شەرعی ئیسلام موشکلٚ حەل ئەبیٚ نەك تەرکی کەلام

ئەوەی کە زۆرتر زەرەرییە، لەنجە   دڵ ئێشاندن و مەینەت و ڕەنجە

١٠٦. لەوانە بترسە کە لە خوا ناترسن.

١٠٧. لە نزار نایخاتە خۆرەتاو لە ئەوەڵۆ بۆ بەیانی خێرایی تانجی دانراوە. «ئێستا کەسێ لە کارێکا خێرا بێ، وای پێ ئەڵێن».

١٠٨. لە نۆ کیسە قەرز مەکە، ئەگەر کردت خەرجی مەکە. نەکا داوای بکات و شەرمەساری ببی.

١٠٩. لەوانە بترسە کە چاکەت لەگەڵ کردوون.

١١٠. لەو قوڕە ئەو تۆزە هەڵساوە، ئاسمان ستوونی ئەوێ.

١١١. لەوە بترسە کە بێژێ ناخۆم   نەك بێ بە سەریا بڵێ تۆیش ئەخۆم

١١٢. لەوە بترسە لە خوا ناترسێ   لە پاك و پیس و حەرام ناپرسێ

حەیایشی نیە بەرگیری بکا   بێ حەیا هەرچی مەیلی بێ ئەیکا

١١٣. لە وەختی شەڕا ئاشتیت لە بیر بێ   نەکا لەو بەینا کارێکت گیر بێ

١١٤. لە وەختی خۆیا کۆمەك بکە بە فەقیرو هەژار، خوا خۆی هەزاران دەردو بەڵاو مەینەتت لێ دوور ئەخاتەوە.

١١٥. لەوەو پێش جەردە ئەیدا بە هەردا   خۆی ئەدا بەسەر شەخەڵ و بەردا

١١٦. ئەمجا ئەیتوانی شتێك بڕفێنێ   بەینێ بیبات و بەینێ بیهێنێ

ئێستا جەردەکان وان لە ناو بانگدا   وان لە ناو خەڵك و ئیدارەکاندا

بە تایبەت دوکتۆر نەخۆشخانەکان   خەڵك ڕووت ئەکەنۆ وەك زووی جەردەکان

خەڵك فریو ئەدەن وەکو جنۆکە   پاکی ئەکەنۆ وەکو پیشۆکە

داخ بەیان ئەکەم، بەم نامیلکەمە   هەرچی بنووسم هێشتا هەر کەمە

ڕۆشنتر لە من ئەمە بنووسە   داخ دڵ دەرئەکا ئەم نامە نووسە

١١٧. لە وێرانەدا خەزێنە ئەدۆزرێتەوە، «لە بنەماڵەی خراپا، پیاوچاکی گەورە هەڵئەکەوێ».

١١٨. لە هەر جێێ مەگەس جەم بێ، یەقین شیرینە بێ شك

چ حاجەتیە شەکر هاواری لێ هەڵسێ کە شیرینم

۱۱۹. لە هەر شوێنێکۆ نیعمەتت بۆ بێ   هەر مەیشوێنە با هەر وەها بێ
۱۲۰. لە هەشت دەرگاوە ئەڕۆن بۆ بەهەشت   بۆیە وا ناوی نراوە بەهەشت

۱۲۱. لە هەرکوێ باری کەوێ ساحێو ماڵ لە هەموو کەس زووتر لێی ئەنەوێ.

۱۲۲. لە هەر کوێ پیاوی گەورە دانیشێ، ئەویا لای ژوورووە.

۱۲۳. لە هەر کوێ چێشت و ئاشە، کەچەڵ بۆ خۆی فەڕاشە.

۱۲٤. لە هەموو پرسیارێك ناخۆشتر ئەوەیە کە بپرسیت لە ژن، تەمەنت چەنێکە؟ یا وەلاّم ناداتۆ یا ئەڵێ بە تۆ چی و ئەگەریش زۆر بکا لە خۆی و جواب بداتەوە، پانزدە، بیست ساڵ کەمتر لە عومری خۆی ئەڵێ. «کەوابوو نەپرسین باشترە».

۱۲٥. لە هەموو دوژمنێك، دوژمن‌تر بە تۆ نەفسی خۆتە، کە هەمیشە وا لەگەڵتا. تۆ ئەو مەشغووڵ نەکەی بە ئیحسان و عیبادەت، ئەو تۆ مەشغووڵ ئەکا بە گوناح و مەعسیەت.

۱۲٦. لە هەموو کاسەیەکا کەوچك مەبە. «لە هەر کارێکا خۆت تێ مەگەیەنە».

۱۲۷. لە هەموو کەس بەخیڵ‌تر کەسێکە کە ناوی من لە لایا ببرێت و سەڵەوات نەدا لە دیارم. «حەدیسە»

۱۲۸. لە هەموو کەس خراپتر کەسێکە کە دینی فرۆشت بە دنیا بۆ خۆی و لەویش خراپتر کەسێکە کە دینی فرۆشت بە دنیا بۆ غەیری خۆی. «حەدیسە»

۱۳۰. لە هەموو کەس گەورەتر لای خوا کەسێکە کە پارێزی زۆرتر بێ لە گوناح. «ئیشارەی ئایەتە»

۱۳۱. لە هەموو کەسێ دزتر کەسێکە کە لە نوێژەکەی دزی ئەکات. «حەدیسە. دزی نوێژ ئەوەسە کە بەباشی شەرت و ڕوکنەکانی بەجێ نەهێنێ».

۱۳۲. لە هەموو گوناهێ گەورەتر ئەوەیە کە بەشەر خۆی بەبێ گوناح و مەعسووم بزانێ. «حەدیسە»

۱۳۳. لە هەموو ناخۆشییە ناخۆش‌تر لارە ملی لای دوکتۆرو دەرمانە. «پارێز بکە با نەخۆش نەکەوی و لەبەردەسی دوکتۆرا نەبی».

۱۳٤. لە هەموو هەورێ باران ناباری. «هەموو هەڕەشەیەك زەجرو داخی لێ پەیا نابێ».

١٣٥. لێدان لە دەس دۆس وەکو میـوژە   بیخـۆو وەکـو ئـاو باشـی هەڵمـژە

١٣٦. لێم ئایەنە، جێم کایەنە.

١٣٧. لە «با» باران ئەخێزێت، لە پیرە ژنیش وەی.

١٣٨. لە بەرا خۆت بناسە، کە خۆتت ناسی، خواش ئەناسی. «حەدیسە»

١٣٩. لە بیرتە کاتێ کە لەدایك بـووی؟   تۆ خۆت ئەگریای، خەڵك پێ ئەکەنین؟

وا بژی کـەوا لـە پـاش مردنـت   تۆ خۆت پێکەنی و خەڵکی بۆت بگرین

***

پیتی <م>

پەندی پێشینان

١. ماچێ چیە، بۆ گەورە کچێ.
٢. مار ئاوی کە پیر بوو، قربۆق بە کلکی گەمە ئەکا.
٣. مار ئەکوژێت و بەچکە مار بەخێو ئەکات.
٤. ماران گەز لە گوریسی ڕەش و سپی ئەترسێ.
٥. مار تا سەری پان نەکەیتۆ بترسە لە وزە کردنی. «بەدکاریش هەر وایە».
٦. مار تا سەری نەیەشێ ناچێتە ڕێی کوتەك بە دەس.
٧. مار کە هیچ خۆشی لە سیر نەئەهات، سیر لەبەر کونەکەیا دەرئەهات.
٨. مار لە ئاو ناکوژێ، دوای ئاو خواردنەوە بیکوژە.
٩. مار لە توولە مار باشترە.
١٠. مار لە کونی خۆی دەرنایێ. «واتە: زستانە و خانە تەنگانیە».
١١. مارە تۆپیو ئەخاتە بەرپێم، ئەمترسێنێ.
١٢. مارەکەی پیر عومەرە پێچیا بە قاچما.
١٣. ماس نیە بە دەمتۆ دیار بێ. «واتە: هیچت لە بیر نیە و بێ وەفای».
١٤. ماسی لە ئاوی لێڵا ئەگیرێ، هەتا دنیا نەشێوێ دز شتی دەس ناکەوێ.
١٥. ماسی لە بوارا ئەگیرێ.
١٦. ماسی لەناو ڕوخانەدا ئەفرۆشێ کە ڕەوا نیە.
١٧. ماسی هەر وەختێ بیگری تەڕو تازەیە، «کاری باش هەروەختێ دەستی پێکەی باشە».
١٨. ماش و ئاش بە بەختە. «لەمەو پێش لە چەمی زرێبارا تەیمانێکیان ئەتەند بۆ ماسی گرتن و پێیان ئەوت ماش، ئەگەر خاوەنەکەی بە بەخت بوایێ ماسی زۆری تێ ئەکەوت. کەسێکیش خەلەی بردایێ بۆ ئاش، بەختی بوایێ زوو ئەیهاڕی و ئەهاتۆ».

١٩. ماشەڵڵا لە من مەکە، ماشەڵڵا لە مەلیك مەحموود بکە، کە هەر ڕانێکی بەقەی لاشەی گایەك ئەبێ.

٢٠. ماقوولێ جێگە بە ماقوولێ دانیشتووەکانیەتی.

٢١. ماڵ با بە «با» ئەڕوا   قسەیێ ڕاسە، پێم بکە بڕوا

٢٢. ماڵە با تیایا بێ،

٢٣. ماڵ برای جان و جان برای گور. «ئەمە فارسی‌یە و کورد زۆر بەکاری دێنێ. واتە ماڵ دنیا بۆ ئەوە باشە تا گیانت تیا ماوە و کە گیانت تیا نەما ئاخری هەر گۆڕە».

٢٤. ماڵ بە دەسەنە و سەدەقە کەم نابێتۆ، بە دزی و حیزیش بۆت کۆ نابێتۆ.

٢٥. ماڵ تا تەماشای نەکەی مەیسێنە   ژن تا تەماشای نەکەی مەیهێنە

٢٦. ماڵت ماڵ نەبێ، بازارت بازاڕ بێ.

٢٧. ماڵت بە کای سەرملە بێ، هەر پەلێکی کەوێتە جێیەك.

٢٨. ماڵی پڕە لە ڕازیانە و بە دڵ ئێشە ئەمرێ، «کە ڕازیانە دەوای دڵ ئێشەیە بەکاری نایێنی تا ئەمری. چ خاسێ».

٢٩. ماڵت سەند، بەرلەوە تەماشای هاوسێکانت بکە. ماڵت بۆ عەوەز ئەبێ، هاوسێت بۆ عەوەز نابێت.

٣٠. ماڵ خۆت قایم بکە و سەگ هاوسێ ماڵ بە دز مەکە.

٣١. ماڵ خۆت بگرەو کەس بە دز مەگرە.

٣٢. ماڵ خۆ نەخۆر، بۆ چەکمە بۆر.

٣٣. ماڵ خۆم بۆ خۆم و ماڵی خەڵکیش وەك هەڵوا ئەخۆم.

٣٤. ماڵ دنیا سێ بەشی بۆ ساحێوەکەیە و باقی بۆ میرات خۆر. ئەوەی کە ئەیخوا، ئەوەی کە ئەیدڕێ، ئەوەی کە لە ڕێی خوادا ئەیدات.

٣٥. ماڵ ژنی ئەوێ، ژنیش گسکی ئەوێ، گسکیش بەنی ئەوێ. «زووتر ئەرکی ماڵ بە سەر ژنۆ بووە، بێجگە لە نان و چێشت و فرمان ناو ماڵ ئەبوا بەنی بڕێستایێ بۆ مەوج و بەرماڵ و قاڵی و بەڕو هۆڕو جاجم و ڕانك و چۆخە و درگا هۆڕو گسك بەستن. بۆیە ئەمەیانە وتووە کە ئەبێ ژن

حازرو نازری ئەم کارانە بێ جا شوو بکا. ئێستا شوکر بۆ خوا هەموو ئەرکێکیان لە کۆڵ کەوتووە و هەموو شتێ بە حازری دێتە بەردەسیان، هێشتا هەر منەتباریشن و نارازین و بیانوو گیرن».

٣٦. ماڵ سووتاو بە ماڵ ئەبێ، سکەڕۆ بە ماڵ نابێ.

٣٧. ماڵ قەڵب، سەر بە ساحێبەسی.

٣٨. ماڵ کەس بۆ کەس حەڵاڵ نیە.

٣٩. ماڵ لە ساحێوماڵ نەچێ حەرامە.

٤٠. ماڵ لە مەریوان، دڵ لە دوو جێگە   خۆم ماتڵ ماوم لەم سەرە ڕێگە

«فۆلکلۆری کوردییە»

٤١. ماڵ لەو هەوار نەماوە، چیخ لەو دەوار نەماوە، دنیا تەواو گۆڕاوە. «واتە: ئاڵ وگۆڕ بەسەر دنیادا هاتووە و ڕەسم و یاسای زوو هەموو تیا چووە».

٤٢. ماڵم چوو بە ماڵانۆ، ئیتر چووە بە ناڵانۆ.

٤٣. ماڵم وا لە بێلوو، جووتم وا لە کێلوو. «واتە، ڕەتم بڵاوە بۆم کۆ نابێتۆ. بێلوو و کێلوو بە تەرتیب دوو دێن لە مەریوانی ئێران و عێراق کە پێنج سەعات پیادە ڕەوی بەینیانە».

٤٤. ماڵم وا لەو پەڕۆ چیمە بە سەر سەگە شەڕۆ.

٤٥. ماڵە باوان قیبلەیە، ڕووتی لێ وەرمەگێڕە

جەلبی مەحەبەتیان کە، تۆ شەڕیان پێ مەگێڕە

٤٦. ماڵەکەت گشتی بڕوا بە تاڵان   یا خوا بیکا بە سەر بەش ماڵان

«دۆعای شەڕە»

٤٧. ماڵێ بنەڕەتی مەحکەم نەبێ زوو ئەڕوخێ.

٤٨. ماڵێ بێ حەوشە وەسە ژنی بێ دەرپێ.

٤٩. ماڵێ حەڵاڵ ون نابێ، بۆیە منیش ماڵەکەم دۆزیوەتۆ.

٥٠. ماڵێ خۆشحاڵی هاتیا کە لەگەڵ خەڵکا بیخۆی.

٥١. ماڵێ خۆم ئەدەم مەنێ دوو شایی   خۆیشم ئەگەڕم پرزەی ئاوایی

٥٢.ماڵە و قەسەم خۆر بیبا.

٥٣. ماڵی خەڵکان تا لـچ کەڵکان، ئیتر ئازا بیدەرۆ دەسیان.

٥٤. ماڵی سپی بۆ ڕۆژ ڕەش باشە. «ماڵی سپی: قەرانی زوو بووە».

٥٥. ماڵی فرە کەیبانوو — خاکی ئەگاتە زانوو

«زانوو: ئەژنۆ، واتە: کەس نیە گسکی بدات و هەریەکە بە تەمای ئەوی ترە».

٥٦. مـاڵێـکم ئـەوێ ویـرانـە نـەبێ — باخەوانەکـەی زاو مـەرگی نـەبێ
ڕابەرێکی بێ هیچ پـەروای نـەبێ — دەس‌گیرێکی بێ کەس هاوتای نـەبێ
ئـەو مـاڵ بەهـەشتە وێرانـەی نیە — بـاخـەوان خـوایە، زاو مـەرگی نیە
ڕابەر جوبرەئیل هیچ پەروای نیە — دەسگیر موحەممەد، کەس هاوتای نیە

٥٧. ماڵێ کە بە ئەو مەلوول بێ حاڵـت — ئەوە نەگبـەتە نـەك بـە ئیقبـاڵـت

«نامی»

٥٨. ماڵی کەم، گەمە بە خاوەنی ئەکا، هەرچی بیری لێ ئەکاتۆ نازانێ چی لێ بکـات و بەش هیچ ناکات.

٥٩. مامان فرە بوو، سەر مناڵەکە لار ئەبێ.

٦٠. مامۆستایەك وتوویەتی: بەشەر چوار جۆرە: ساڵحی بەچکە ساڵح، سـاڵحی بەچـکە سەگ، سەگی بەچکە ساڵح، سەگی بەچکە سەگ. «ڕاستی فەرمووە، ئیشارەی ئایەتە».

٦١. مامە خەمە مەبە لـە خۆتۆ، خەم بۆ کەس مەخۆ. «مامە خەمە پیاوێ بوو کە هەمیشە خەمی خەڵکی ئەخوارد. ڕۆژێ ڕۆیشت بو ماڵۆو وتی بـە خێزانـی: ئیمـرۆ بـێ خـەمم، چێشتێك باش لێ بنێ با بیخوێن. قولچماخێ گوێی لێوە بـوو وتـی: مامـە خەمـە خـەمی هاوسێکەتان بخۆ، کەرەکەیان جاشی بێ کلکی بووە. خەم مامە خەمەی داگیر کـرد، کـە چۆن ئەو جاشە کەرە بێ کلکە مێش لـە خۆی دەرکا. ئیتر نان و چێشتی بۆ نەخورا».

٦٢. مامـەڵە لـەگەڵ هـەرکەسێ بکـەی — تەجرەبەی دین و دنیای ئەو ئەکـەی
کەوابێ مامەڵە سەنگی مەحـەکـە — تەسلیمی بە و هـەرای تیا مـەکـە

٦٣. مـامـە مـامـە، دنـیا دەسـەوامـە — تـۆ بـۆ مـن چۆنـی، منیش هەر وامە

٦٤. مانگا ئەبەسرێتەوە نەك کەڵەگا. «هەر ژنێك ئەبێ هۆشی بە حەیای خۆیەوە بێ».

٦٥. مانگا بە دزیۆ کەڵ ئەگرێت و بە ئاشکرا ئەزێ.

٦٦. مانگا مردوو برادۆ — بۆچی واز نایێنی تۆ

٦٧. مانگای گوێرەکەدار ناچێتە بێگار — ئەرکی سووک بکە ژنی منالدار

٦٨. مانگای بێ وڵەت شیر ئەدا وەلێ لە ئاخرا لەقەیەکی لێ ئەداو ئەیرژێنێت. «واتە: پیاوێکی چاکە و خێردارە، وەلێ بە ئەزیەت و ئازاری دڵ خراپی ئەکا».

٦٩. مانگ دیارە هەوەجەی بە ئەنگووس کێشان نیە.

٧٠. مانگەشەو خۆی پاکە، با هەر سەگ بووەڕێ لێی.

٧١. مانگی ڕەمەزان وا هاتۆ بەخێر — ئێمەش ئەیگرین بە گورچکی تێر

٧٢. مایەی ماڵەکەم کوتێ قالیە — لەملا دایئەخەم ئەولا خالیە

٧٣. مایەی ماڵەکەم گێسکێ گەڕ بوایێ — شەو باخەڵەکەم سەولێ تەڕ بوایێ

٧٤. مردم بخەن بەلادا، با زوخاوی ماڵ و منالم لە دەمۆ بێتە دەرۆ.

٧٥. مردن بە جوانی و پیری نیە، تا پیرێ ئەمرێ سەد جوان ئەچن بەلادا.

٧٦. مردن مردنە و لازمە، ئەم لنگە فڕێیەی بۆ چیە!.

٧٧. مردو ڕۆیشت بە ڕێی خۆیەوە، ناوی بە خراپی مەبە.

٧٨. مردوو بەم پاکییە نەشۆراوە — کار بەم پوختەییە نەکراوە

٧٩. مردوو بێ کفن ناچێتە دەرۆ — تۆیش کەست بێ شت مەکەرە دەرۆ

٨٠. مردوو مردو وەسیەت با بردی.

٨١. مردوو شۆر، مردوو شۆرانەی خۆی دەسکەوێ، مردوو گۆڕ بە گۆڕ ئەبوو.

٨٢. مردوو لە قەبرا نایێتە دەرۆ. «واتە: حەرامە بیهێنیتە دەرۆ. یا: لە سەری مەچۆو کار لە کار ترازاوە».

٨٣. مردوو مردن کۆسپێ گەورەیە و پرسە کەر تازە وچانن و بێ ڕەحم، سا بێ جوابی ئەم هەموە بدەرەوە و ڕازییان بکە. ڕەحمتان بێ یا مەڕۆن یا ڕایەك بەسە.

٨٤. مردوو ناشۆرێ، چووە بەربووەتە زیندووەکان.

٨٥. مردوو و زیندو، بە ئاو پاکی دێ.

٨٦. مرۆڤ بۆ ئیش کردن دروست کراوە، وەك باڵدار بۆ فڕین، «بەتاڵ دامەنیشە».

٨٧. مرۆڤـــ خـاوەن بـڕواو تەجرەبـەدارە، لـە کونێکـەوە مـار دوو جـار نایگـەزێ. «حەدیسە»

٨٨. مریشك خۆی بەسەر خۆیا نەکا خۆڵ   ناکرێ بـە سـەریـا بە شـان و بە قۆڵ

٨٩. مریشك کە نەجاتی بوو لە هێلکە کردن، لە خۆشـیـا بـەینێ گراسـك ئەکات، ئەبێ تەحەمولی بکەن. «کەسێکیش کاسبیتان بۆ ئەکا، ڕازی بیبەن بەڕێوە».

٩٠. مریشك هێلکەش ئەکات و ڕێقنەش ئەکات. «بەشەریش خاس ئـەکات و خـراپیش ئەکات».

٩١. مزگەوت بڕوخێ میحرابی ئـەمێنێ   ئاساری چـاکە هــەر جێـی ئـەمێنێ

٩٢. مزگەوت جێگەی کەر بەستنەوە نیە.

٩٣. مسقـاڵە زەڕڕە لـە خێـرو لـە شـەڕ   هیچی ون نابێ، گشت دێتە دەفتـەر

«نامی»

٩٤. مشت بدەی لە دیوار، دەس خۆت ئێشی پێ ئەگا نەك دیوارەکە.

٩٥. مشتەی ناو هەوانەکەی. «باوەژنێك زۆر ڕقی لە هەنە زاکەی بووە. بە هەوانەیـەك لێی داوە و ٩٦. مشتەیەکی خستووەتە ناوی بۆ ئەوە کـە ئەزیـەتی بگـاتێ و کـەس پێـی نەزانێ».

٩٧. مشتێ نموونەی خەروارێکە.

٩٨. مشك زۆر حەز ئەکا لە ئارد. «ئەڵێن جێگەیەك کە بیانەوێ بیکەن بە ئاش، حەوت ساڵ بەرلەوە مشك هێلانەی تیا ئەکاتۆ».

٩٩. مشك وتوویە بە مار: لە تۆ گازو لە من باز. «ماران گاز ئەگەر مـشك بـاز بـبـات بەسەریا حالّی خراپتر ئەبێ، بۆیە کەپریان بۆ ئەبەست».

١٠٠. مشك و مێلوورە لەو حەیوانانەن کە زەخیرە ئەکەن بۆ زستان و ژیرن.

١٠١. مشکێ خۆی کرد بە کونێکا، پـشیلەیەك چـووە سـەر کونەکـەی و وتـی: لــەم کونەوە بچۆ بۆ ئەو کونە نزیکە هەزار لیرەت پێ ئـەدەم. مـشکەکە وتـی: ڕێگـەی بـەم نزیکیە و لیرە بەم زۆریە، بێ مەلامەت نیە.

١٠٢. مفتە خۆر خۆش سەلیقەیە، ژیرو ژۆڵە و حەواسی جەمە.

١٠٣. من ئـەڵێـم سیرو تـۆ ئەڵێی پیـاز قەولمان یەك ناگرێ بە خودای بێ نیاز

١٠٤. من ئەڵێم ماس چەرمووە ئەو ئەڵێ ڕەشە.

١٠٥. من ئەڵێم نێرە ئەو ئەڵێ بی دۆشە. «نێرە بیدۆشە ئەمەیە».

١٠٦. من ئەیکەنم و تۆ بـی‌پێـوە. «واتـە: بـەڵامان بەسـەردا هـاتووە، چارەسـەری پـەیا بکەین».

١٠٧. منالْ ببینـن بـۆ مـردن، مـالْ کەنۆ بۆ وێـران بوون

هەر وا بووە و هەر وایە، گەردشی چەرخی گەردوون

١٠٨. منالْ کەوشی بە پێی باوکی کرد، بـاوك سـەر نەنێتـە سـەری باشـە بـا ئابڕوویـان نەڕوات. «منالْ هەرکام لـە دایك و باوکی خراپتر بێ، تابیع ئەویانـە ئـەبێ. بۆیـە سـەگ گورگ گلاوە، چونکو یەکێ لـە باوك و دایکی سەگە و ئەویان گورگ».

١٠٩. منالْ لە لای چەپی دایکی بخەوێ، ئارامترو خۆش‌خەوتر ئەبێ، لەبـەر ئـەوە دڵ وا لای چەپۆ لـەلای ڕاسیەوە بخەوێ بێ تاقەت و کەم خەو ئەبێ. «تەجروبەی حەکیمە».

١١٠. منالْ نان ناسە و خوا نەناس. هەوڵی نانی حەلاڵیان بۆ بدە.

١١١. من بۆ تۆ مردوو، تۆ من بە گووی سەگ حیساب نەکردوو. «گلەییە»

١١٢. من بەرزت ئەکەمۆ خوا خۆی بتباتۆ لاچـۆ لـە لامـا، شکـڵـت بـخواتۆ

١١٣. من دادمە لە دەس کارەکان گـەردوون شاڵێنـــە لــە کـۆڵ لـێم بـووە بـە

١١٤. مـن خۆم پیرێکم یاخی بە یـاخی خاتوون نیشانەی پیریم ئینا جە شاخی

١١٥. «کەڵەکێوی چەند ساڵ عومری بێ، ئەوەندە گرێ وا بە شاخێ. ئەمە لە ئـەوەڵۆ بە ناو کەڵەکێوییەوە وتراوە و ئێستاش پیران بۆ خۆیانی ئەڵێن».

١١٦. من حەز ئەکەم ڕۆژێ تێر بم و ڕۆژێك برسی بم، لە تێری‌یا شوکری خـوا ئەکـەم مەسروورم، لە برسی‌یا سەبر ئەکەم و مەئجوورم. «حەدیسە»

١١٧. من دانیشتووم لە یانەی وێرم، عالەم تەمـوورەی داوە لـە گـون و کێـرم، نـاییەڵن بسرەوم.

١١٨. من دەرمان ڕەوانی ئەخۆم و خاڵۆم ڕەوان ئەبێ.

١١٩. من ڕازی و تۆ ڕازی، دارێ بە قنگ قازی. «ژن و پیاوی ئیمڕۆ زۆرتر بێ تەڵاقن

و قازی‌و مەلا کە حوکم ئەکا بۆ تەلاقیان دوژمنیانە، بۆیە وا ئەڵێن».

١٢٠. من شەرتە شوان نادەم، ئەوان داوای پالآمزم لێ ئەکەن. «زووتر شوانیان ئەگرت و هەر سەرێ شتێکیان پێ ئەداو ئەیانوت پێی شەرتە شوان و بازێك کەرە و کولکەیان پێ ئەدا کە پێیان ئەوت پالآمز یان پێلآمز».

١٢١. من کلاوەکەم لە پۆپەوە دڕاوە، لە کەس باکم نیە.

١٢٢. من کوڕ خۆمم، ئێوەش کوڕ خۆتان بن. «خوا لێ خۆش بوو باوکم (مامۆستا مەلا باقری بالك)، لە جوابی ئێمەدا ئەمەیە فەرمووە کە گلەییمان لێ ئەکرد کە تۆ پیاوێکی پایە بەرزو هەڵکەوتووی و پیاوە هەڵکەوتووەکانی‌تر ماڵ و موڵکی زۆریان بۆ نەتەوەکانیان جێ هێشتووە و تۆ بۆ خۆت و بۆ ئێمە هیچ شتێکت نیە. فەرمووی: کەسێ لەم وڵاتا باوك و باپیری من ناناسێ و بۆ زۆر کار پەنا دێنن بە من، هەروەها ئەوانەی کە کەسداریشن. ئێوەش لەم دنیا پان و بەرینەدا هەوڵ بدەن بۆ خۆتان و من ئەمەمە ویستووە لە خوا کە پێی داوم».

١٢٣. من کە پارە بدەم مەلا لە مزگەوت دەرئێنم. «زووتر مەلا زۆرتر لە مزگەوتا بوون، بۆیە وایان وتووە».

١٢٤. من‌کە خۆم بیستم ناوی مەرگی تۆ — هیچ فەرقی نیە ڕاس بێ یا درۆ

١٢٥. من بەو خەبەرە خەفەت‌کوژ ئەبم — وێڵ و سەرگەردان هەردو کەژ ئەبم

١٢٦. من لەم بەرۆو تۆ لەو بەرۆ — هەردوکمان سووتاین لەبەر خۆرۆ

خوات لێ هەڵناگرێ، لایێ کەرۆ

١٢٧. من لەم داوە دەرناچم، مەگەر ڕا بکەم بە قاچم.

١٢٨. من مانگم بۆ خۆش بێ هەسێرەم بۆچیە.

١٢٩. من مانوو بووم، تۆ ئای ئای ئەکەی؟ من زەحمەت کێشم، تۆ کایە ئەکەی؟

١٣٠. من مردوو و تۆ زیندو. «ئەبێ ئەو کارە هەر وا بێ. پێشنیار ئەکا».

١٣١. من من و تۆ تۆ مەکە، هەرکامان فریای هەر کارێك ئەکەوین بیکەین.

١٣٢. من نان و ئاوی بێ منەت ئەخۆم — لە ڕەنجی شان و کەسبی خۆم ئەخۆم

١٣٣. من نەمخواردووە لەم کاسە — تا دڵم بیکا وەسواسە

۱۳٤. من وێم مزانوو کام تۆمم کـالآن   خەلکی پەی هیمەت چەنی من نالآن

« مـەولـەوی تـاوەگـۆزی »

۱۳٥. مۆجگاری تێ نەگەیشتوو، وەسە گوێز بخەی بە دیوارا، «کە پێوە ناگرسێتۆ».

۱۳٦. مەحەببەت هەر کەسێکت پێ، لە حەنای عەیبی ئەوا کەڕو کوێری. بە تایبەت ژن و منالێ.

۱۳۷. موریدێ کەر لە شەش دانگ مولّك خاسترە.

۱۳۸. موسولّمان خراپی ناکا تا عوزری بۆ بێنێتۆ. «حەدیسە»

۱۳۹. موسولّمان دەسی نەڕوا بە مووسایی ئەڵێ بە ڕیش مەردانەت قەسەم.

۱٤۰. موشکلێك نیە کە ئاسـان نەبێ   پیاو ئەو کەسەیە هەراسان نەبێ

۱٤۱. موو بە بەینیانا ناچێ، ئەوەندە جووتن.

۱٤۲. موو لە دەم یەك ئەبژێرن ئەوەندە کۆکن.

۱٤۳. مووڕووی دراوسێ بدزی، مەگەر بە شەو بیکەیتە ملت. ئەگەرنا لێتی ئەسێنێتۆ.

۱٤٤. مووی بەدەن کە سپی بوو، خەبەرداره بۆ مردن
بەرەو ڕووی مـردن بڕۆ بە چـاکە و تۆبـە کـردن

۱٤٥. مووی لووت بە مەقەس، مووی بن باڵ بکێش
وا باشـە بـۆ چـاو، مەتـرسە لـە ئێـش

«نامی»

۱٤٦. موویێ لە بەرازێ بکەنیتۆ، هەر باشە.

۱٤۷. مەبە بە کەواسووری بـەر هـوردوو، مەبـە بـە کوتـەك بـە دەس دوای هـوردوو، بەدناوی. «واتە تەرکی کە هەردوو».

۱٤۸. مەتیـلێ لەتـەرە ڕێسە بـۆ، بـە دم و هەرەکـەی ڕێسۆش. «واتـە: میمکـە تەشـی ڕێس بێ بە کێر کەرەکەیش بێ تەشی ئەڕێسێ. وتەی هەورامییەکانە».

۱٤۹. مـەخـۆ شتـێ تـۆ بـتـخـوا   مـەکـە کـارێ لـە پـات خـا
تریاك مەکێشە، لە پێ ئەکـەوی   هـەتاکو مـاوی، ئەکەویـتە زەوی

۱٥۰. مەرگ لەگەڵ هاومالاّ جەژنە.

١٥١. مەڕ بە قاچی خۆی هەڵیئەواسن و بزنیش بە قاچی خۆی. «واتە: هەرکەس تاوان خۆی وا لە پێی خۆیا».

١٥٢. مەردانە بێ پەموو یانەیێ. «بەخت خۆت تاقی کەرۆ بزانە چۆنە».

١٥٣. مەرگ وەسە وشتر، لەبەر ماڵ هەموو کەسێکا ئەخەوێ.

١٥٤. مەرگیش بە نۆرەیە. «ئامادە بە! هاکا نۆرەی تۆش هات. بە ساقی و نەخۆشینیش نیە».

ساقێ لەسەر نەخۆشێ گریا هەتا بەیانی — نەخۆشەکە چاکۆ بوو ئەویان مردبوو بەیانی

«لە گولستان وەرگیراوە»

١٥٥. مەڕمان نەدیوە، پشقەڵمان دیوە. «مەڵێ چاوی بە هیچ نەکەوتووە»

١٥٦. مەڕۆ بۆ ماڵ کەس، مەڕوانە حەوشی — بەبێ ئیجازە، پیاوی بێ خەوشی

بدە لە دەرگا هەروا لەدوورۆ — هەروا لەخۆتۆ مەڕۆرە ژوورۆ

١٥٧. مەرهەمی دڵ موسوڵمان تەنیا زیکری خودایە — لەبۆ هەر موسوڵمانێ، یادی خودا دەوایە

١٥٨. مەشهوورە مەلا سوار هەرکەرێ بێ — لێی دانابەزێ تا گیانی تیا بێ

١٥٩. مەڕێ گەڕۆڵ، ڕانێ گەڕۆڵ ئەکا. «نەخۆشین واگیر پارێزی ئەوێ».

١٦٠. مەزهەب چوارە و کوتەك پێنج. کوتەك کۆمەکی هەرکامیان نەبێ حوکمی ئەویانە ئیجرا نابێ.

١٦١. مێعدەی ئینسان ئیحتیاجی بە سێ شت هەیە: خواردن و خواردنەوە و هەناسە. «مادام کەوایە، بیکە بە سێ بەشۆ».

١٦٢. مەکری ژنان باری خەرێ — ئەینین لە خەر خەر نەبەری

١٦٣. مەکری شەیتان زەعیفە، مەکری ژنان عەزیمە

هیچ سەرت سوورِ نەمێنی، نەسی ئایەت کەریمە

«سوورەی «یوسف» ئایەتی ٢٨»

١٦٤. مەکە نە، مەدینە. «واتە: خۆش نشین بە وەکو حەزرەت».

١٦٥. مەگەر بە کەوچك بەشی بکەن. «ئەونە کەمە و بەشدار زۆرە».

١٦٧. مەلا خۆر بووە. «واتە زۆر حەڵاڵ و پاکە، هەر بۆ مەلا چاکە».

۱٦٨. مەلا لە حورسا، فەقێ لە برسا، مووسایی لە ترسا، دۆم بۆ پەڕۆ، کامیان خۆش ئەڕۆ؟!. «واتە: هەرکەس بە نۆرەی خۆی».

۱٦٩. مەلا و قسە، جێی وەرهەمە، مەیکە بە گەمە. «واتە: نابێ مەلا ئەسلەحە هەڵگرێ بۆ کەس، بەڵکوو مەلا ئەبێ ئاشتیخوازی هەموو کەس بێ».

۱٧٠. مەلاو میرەدێ قەولیان یەکگرێ / لەبەر حەملێیان کەس خۆی ناگرێ
ئەو بە حوکمی شەرع، ئەم بە زۆر بازوو / دنیا گشت ئەکەن بە مێشی مازوو

۱٧۱. مەلای «ضرار» و مزگەوتی «ضرار» / زۆریان زۆرە، لێیان کەمن فێرار
تەماشای ئایەتی ۱۰۹ بکە / لە سوورەی تۆبە و عەمەلی پێ کە
حەزرەتی ڕەسوول شای ساحێب ئیقباڵ / جێی مزگەوتەکەی کرد بەجێی ئەشغاڵ

۱٧٢. مزگەوتێ بینای لەسەر تەقوایە / هەر ئەو مزگەوتە لە بۆ خوایە
تەفسیر مەداریک بەیانی ئەکا / هەرکەس مایلە بڕوا پەیای کا
«ضِرار، مزگەوتی مونافیقەکان»

۱٧٣. مەلای ماوەران بە مێزەرەوە / بە شێخ و مەلای ڕەوانسەرەوە
گشت بێنن بۆ لام گشت بیکەن تکا / نایبەخشم، حەیا کە تکا، تکا

۱٧٤. مەلای مەزبوورە عارف و عالم و قسە خۆش بووە و حەزی کردوە قسەکانی لە ناو خەڵکا بڵاو بێتەوە. وتوویەتی: کێری کەرەکەم بە قنگ ئەو کەسە ناوم ئەبات و حەوت حیکایەتم ناگێڕێتۆ. ناوی مەلا نەسرەدین بووە و من حەوت حیکایەتم زۆرتر لێ گێڕاوەتۆ.

۱٧٥. مەلای مەزبوورە وتویە: ئەچم بۆ بازاڕو کەرێ ئەسێنم. وتیان: بڵێ ئیشەڵڵا. وتی: پوولێ وا لە گیرفانماو کەرەکەش وا لە بازاڕا، ئیشەڵڵای بۆ چیە؟ تا چووە بازاڕ پوولەکەی گوم کردو کەرەکەی بۆ نەسنیا.

۱٧٦. مەلووچك (چۆلەکە) خۆی چیە تا کەلە پاچەکەی بێ بە چی.

۱٧٧. مەل هەیە گۆشتی ئەخورێ، مەلیش هەیە گۆشتی پێ ئەدەن بیخوات. «واتە: دنیا جۆراو جۆرە».

۱٧٨. مەلێ فلانکەس دوورە لە گەڵمان / هەر کارێ ئەکەین نیە لە گەڵمان

خزمی خەزوورەی گووخلێ شێخە هەتا ئەتوانی گۆشتی بۆ تێخە

١٧٩. مەلی گۆشت خۆر دەنووکی چنگە و چنگی تیژە و گۆشتی حەرامە، چونکا خۆی گۆشت خۆرە. «زاڵم و زۆردار هەر وایە»

١٨٠. مەمشۆرە بە گوواوێ، کارچاکی دوامۆ ناوێ. «واتە: لە ئەوەڵەوە تا ئاخر هەر باش بە».

١٨١. مەن تا پڕ نەبێ، نارژێ، دڵ تا کەیل نەبێ گریانی نایێ.

١٨٢. مەنێ بپێوە سەر بگرێ، قسەیەك بکە کەڵك بگرێ.

١٨٣. مەیدارێنەرۆ کێلی مەقبەرە مەیشیخوێنەرۆ بۆ چاو زەرەرە

١٨٤. مەیێڵە عومرت بڕوا بە فیڕۆ فرمانی دوێنێ مەخەرە ئیمڕۆ

١٨٥. میراتی کەران هی کەمتیارە ئەمە وتاری پیاوی هۆشیارە

١٨٦. مێلوورە بێت و هەموو یەك گرن شێر لە بێشەی خۆی پێستی ئەدڕن

١٨٧. مەیموون جوان بوو هاوڵەیشی گرت، «جا بزانە ئەبێ چی لێ هاتبێ».

١٨٨. مێخ سندان با ئەبیات و کوروکە تۆسی ئەدەنە بەری.

١٨٩. مێشوولە لە حەواوۆ بڕوا بە سەرکۆمەڵێکا، ئەزانێ کامیان گرووپی خوێنی بە ئەو ئەخوات، ئەنیشێ بەویانۆو خوێنی ئەمژێ. ئەوەندە مەهارەتی تەبیعەتی هەیە.

١٩٠. مێلوورە لە هەموو گیانداری ژیرترە کە زەخیرە ئەکات و ئەو دانەوێڵە کۆ ئەکات و هەردوو سەرەکانی ئەقرتێنی کە سەوز نەبێ و تەڕیش بوو ئەیداتە بەر خۆر کە خراوتر نەبێ و وشکی ئەکاتەوە.

١٩١. میوان بۆ هەرکوێ بڕوا، بە ڕزقی خۆیۆ ئەڕوا، شتێکە ڕوو سوورییە بۆ خاوەن ماڵ.

١٩٢. میوان بە خوڵکی خانە خوێ بەنە چەن ڕێك و پێك و جووان و پەسەنە

١٩٣. میوان ساتێ جاسووسی سەد ساڵە ئەمە تەجرەبەی ساحێو کەماڵە

١٩٤. میوان فرە خانەخوێ لە برسا ئەمرێ.

١٩٥. میوان خێرۆ دەر بێ باشە، کۆمەك بکا بە ساحێب ماڵ لە ئیش و کارا.

١٩٦. میوان کەر خانەخوییە، ئەبێ بە دەستوور ئەو هەڵس و دانیشتە بکات تا لەو ماڵا

بێ.

١٩٧. میوان لە میوان خۆشی نایێت، ساحێومالّ لە هەردووکیان.

١٩٨. مێوە خۆری مایەی شادی و سەرحالّی و لەش ساقی و خۆشحالّی ئینسانە.

١٩٩. مالّ زیادە سەر ناشکێنێ.

٢٠٠. مشك و عەینەك!.

***

پیتی <ن>

پەندی پێشینان

١. نـــان ئـــەخۆی لەگـــەڵ کـــوێرا — خـــوای خـــۆت بنـــە زەڕ بێـــرا

٢. نـابێ مـەئیووس بـی تـۆ لـەم دنیایـە — سـەری بێ ڕۆزی لـە ژێـر خاکایـە

٣. ناخۆمکەلانەو نارۆم لەگەڵ ئەو ڕانە:

خۆشم لێ نابێ و زەحمەت ناکێـشم — پەڵاس ئـەپۆشم لایـە هـەورێـشم

٤. نـارنج و لیمـۆ خـەتی شەمـامە — دڵەکەی تـۆ چـۆنە منـیش هەروامـە

٥. ناخۆشی جوان، وەسە دڵۆپەی بان.

٦. نابێ فەرمانی مەخلووق بەڕێوە ببەی، مادام نافەرمانی خوای تیا بێ. «حەدیسە»

٧. نازانم بڕوا بە قەسەم حەزرەت عەباس بکەم یـا بـە کلـك کەڵەشـێرەکە. «کابرایـەك کەڵەشێرێکی دزیوە و قەسەمی بە حەزرەت عـەباس خـواردووە کـە نەیـدزیوە. سـاحێب کەڵەشێرەکەش کە چاوی بە کلك کەڵەشێرەکەوە بووە، ئەمەیە وتووە...»

٨. نـازانـم بـە کـام سـازت هەڵپـەڕم — لە حەنای ئەمرت کە کوێرو کـەڕم

٩. نازانم، ڕەحەتی گیانم.

١٠. ناتوانم ڕەحەتی گیانم.

١١. نازانم و ناتوانم و نیمە. کەم کەس بتوانێ بیڵێ.

١٢. نازمان هەیە و زۆرمان نیە، لە تۆ نەبێ لە کەس ئینتیزارمان نیە.

١٣. ناعیلاجی حەرام حەڵاڵ ئەکات. «بۆیە خواردن، مردارۆ بوو لـە تەنگانەدا حەڵاڵە».

١٤. نـافیعـە بـۆ چـاو، ڕافیـعە بۆ ئێش — دیداری دۆستو سیلەی قەوم و خـوێش

١٥. نـالە ئەگەرچی خـاوەن حەیـوانە — کە بۆ خۆی نابێ، مـەعلووم شـوانە

«نامی»

١٦. نان ئەخۆی بینێ سەر سفرەیێ جوان — مـەینێ باوەشـت هـەروەکـو شـوان

١٧. نیعمەت حورمەتی زۆرتر لێ بگری بەهرەی زۆرتری لێ وەرئەگری
خوا واجبە شوکرو سوپاسی نایبڕێ لە کەس بە ناسوپاسی
سفرەی ڕەحمەتی داختسووە بۆ عام زۆرتر ئەینێرێ بۆ گرۆی نەفام
ئیسباتی ئەکا هەر خۆی ڕازقە بە عەقڵ و شعوور نیە ئەم ڕزقە

١٨. نان ئەو نانەیە ئیمڕۆ لە خوانە تازە بیر مەکە لە زووی ئەو خانە

١٩. نان بێنن بۆ خۆم و جۆ بۆ کەرەکەم زۆر نامێنەوە زەحمەت کەم ئەکەم

٢٠. نان بۆ نانەوا و گۆشتیش بۆ قساو خەفەت دەرناچێ لە دڵ ناحەساو

٢١. نان بدە بە سەگ، مەیدە بە سپڵە.

٢٢. نان بە تەنیا ناخورێ. «ئەبێ بەشی فەقیرو هەژارو کرێکارو وەسا کارو میوانی لێ بدەی».

٢٣. نان بە ناو چاوە. «هەرکەس بە بەختی خۆی و ناوچاوی خۆی نان ئەخوا».

٢٤. نانت گیرا ئاو، ئاوت گیرا جاو. «لەوەو پێش جاویان ئەکرد بە کفن».

٢٥. نان خۆم و کووزەڵەی کانی، میوانی هەی میوانی.

٢٦. نان گەنم خواردن سك پۆلاینی ئەوێ.

٢٧. نان مووسایی بخۆو لە ماڵ گاورا بخەوە، ئەمینی زۆرترە.

٢٨. نان کە گەیی بە ناوکی، نۆکەری گرت بۆ باوکی، کەوا ئەکا بۆ دایکی.

٢٩. نان نان گەنمە و دین دین موحەممەدﷺ

٣٠. نان نانی نانەوایە و ڕوو سووری دێ زلێخایە.

٣١. نان و پیازیش بێ و قات و نیازیش بێ.

٣٢. نان و دۆ ئەخۆم نان بێدۆ ئەخۆم ئەو نانە خۆشە لەگەڵ تۆ ئەخۆم

٣٣. نان هەرکەست خوارد سفرەکەی مەدڕە.

٣٤. نان و دۆیش لە وەختی خۆیا خۆشە. «لە گەرمای هاوینا».

٣٥. نان و نیعمەت شوکری کەی، هەر زیاد ئەبێ
کوفری نیعمەت کەی هەمووی بەرباد ئەبێ

٣٦. نانەجیبە سوار بووە، لۆی لفکەکەی لار بووە، نامەرد بیگرە هار بووە.

٣٧. نانە ڕەقەی ناو دۆڵەکەم نادەم بە پلاوو گۆشت ماڵ هاوسێکەم.

٣٨. نانت جۆیین بێ و خولکت گەنمین بێ.

٣٩. نانێ بخۆو چوار بدە لە ڕێگای خوادا، کە لە مولکی خۆیا جێی تۆی کردووەسۆو ئەوەندە بێ کەڵکی.

٤٠. نانێ بخۆو دووان بدە لە سەدەقەی سەر منا. «ئەوەندە بۆ تۆ بە کەڵکم».

٤١. نانی سەرمایەداری ئەخوات و جووتەی کمۆنیستی ئەوەشێنێ.

٤٢. ناوجی‌کەر دڵی گوشادە، شەڕکەر دڵی تەنگە. «بەگوێی ناوجی‌کەر بکەن»

٤٣. ناو خۆت لە کوێ بیسەرۆ، لەویا ناو هاوڕێت ئەبەن

ئیتر بیری لێ‌کەرۆ، وەك ئەو خۆت مەکە بە پەن.

٤٤. ناوێ گەورە و شارێ وێران.

٤٥. ناوی نابەم، ناوی ئەکەم بە کورکورەی ئاشا.

٤٦. ناهومێد مەبە لە ناکامی تۆ دوای شەوی تاریك، هەر ڕۆژ ئەبێتۆ

٤٧. نمەك بە حەرام مەبە نان و نیعمەت ئەتگرێ

نەگبەت هی ئەو کەسەیە نەسێحەت وەرناگرێ

٤٨. نرخێکە و شاعەباس بڕیویەتەوە. «ئیتر کەم و زیادی نیە».

٤٩. نۆ پیچکە نۆ کەسی ئەوێ، کە چاودێری کاتۆو نەکەوێ. «نۆ پیچکە یانێ منالێ کە تازە کەوتبێتە سەر پێ و جوجۆڵ».

٥٠. نۆکەری بێ بەهرە و بەرات، تاجی سەری ئاغایە بێ زەحمەت و بێ مەینەت بێ ئەرك و بێ غەوغایە

٥١. نۆ لەم هۆزو نۆ لەو هۆز، نۆ لە هۆزی برایمە قۆز، ڕەحمەتیەکەی باوکی تۆش، دەسم وا لە هەویرا، هەر ئەمەم وا لە بیرا. «کچێ پرسی لە دایکی کە لە بیرت بێ چەن شووت کردووە؟ ژنەکەیش ئەمەیە وتووە. دوا جار کچەکە وتی: کامیان باشتر بوون؟ دایکەکە وتی: خوا عەفوویان بکات، هەموویان هەر بۆ بەرۆ ئەهاتن».

٥٢. نووشتەی مەلاکان هەر فڕ و فێڵە ئاخۆم چارەنووس لە شوێن کێ وێڵە

٥٣. نوێژ کە هەمیشە، نوێژ مەفەوتێنە وەزیفەی خۆتە، باش بەجێی بێنە

٥٤. نووشتەیەکم نووسی لەلای مەلا بۆ کوڕەکەم تا گمیز نەکا بە خۆیا، ئێستا گوویشی پێوە ناوێسێ.

٥٥. نوێژ کۆڵەکەی دینە. «حەدیسە. کۆڵەکە ڕوخا، دینیش ئەڕوخێ. وەکو قورئان ئەفەرمێ: ئەو پیاو چاك و نوێژکەرانە لە دوای خۆیان ئەولادێکیان جێ هێشت کە حوکمی نوێژیان زایە کرد یا هەر نەیانکرد یا دەسووریان بە جێ نەهانی و کەوتنە شوێن هەوەس بازی، دوای ئەوە ئەکەونە ناو گومڕاهی. سوورەی مریەم، ئایەتی ٦٠».

٥٦. نوێژ کەری نوورینی، فرمان کەری شیرینی.

٥٧. نوێژ کە میعراجی موسوڵمانە / با تۆش چیتە ناو ڕیزی ئەوانە
«إیاكَ نَعبُدُ» ئەڵێ بە پیوە / سەلام لە حەزرەت ئەکەی لە جێوە
وتو وێژ ئەکەی لەگەڵ خوای خۆت / چیرۆك ئەگێڕی لە بۆ میعراج خۆت

٥٨. نوێژ مەنعی ئینسان ئەکا لە گوناح و خراپ‌کاری. هەرکەس زۆرتر لە نوێژ تەئسیری وەرگریێ، گوناحی کەمتر ئەکات.

٥٩. نوێژ میعراجی موسوڵمانە. «حەدیسە. کە ئەچنە حوزووری خواو وت و وێژی لەگەڵ ئەکەن و فاتیحا ئەخوێنن، ماناکەی بە کوردی و کورتی ئەمەیە:

بە ناوی خوای بەخشەندە و میهرەبان ✿ سوپاس بۆ خوای بەخێوکەری هەموو عالەم ✿ بەخشەندە و میهرەبان ✿ خاوەنی ڕۆژی جەزا ✿ هەر بۆ تۆ عیبادەت ئەکەین ✿ هەر لە تۆ داوای یارمەتی ئەکەین ✿ هیدایەتمان بدە بۆ ڕێگەی ڕاس ✿ ڕێگەی ئەوانە کە نیعمەتت پێداون، نەك ڕێگەی ئەوانە غەزەبت لێ گرتوون و نە ڕێگەی ئەوانە کە گومڕا بوون ✿ ئامین، خوا قبوڵی بکەی لێمان.

٦٠. نوێژی مەغریب وەسە فڕۆی سەر ئاور، زوو نەچی بە دەمێو بەسەر ئەچێ.

٦١. نە ئەونە زۆر خۆ لە دەمت بێتۆ / نە ئەونە کەم خۆ دڵت بووریتۆ
ئەمە ئەنازەی خواردن ئەسحاب بوو / بۆیە ئیحتیاجیان بە دوکتۆر نەبوو

«حاکمێك لە زەمانی پێغەمبەرﷺ دوکتۆرێکی زۆر چاکی نارد بۆ لای ئەسحابەکان کە دەوایان بکات. دوو ساڵ لەوێ بوو و کەس لێی نەپرسی. لە خزمەت حەزرەتا گلەیی کرد کە کەسێ لێم

ناپرسێ. فەرمووی: ئەسحابی من تا تەواو برسییان نەبێ خواردن ناخۆن و وەختێ خواردن ئەخۆن تێر ناخۆن و دەس ئەگرنۆ، بۆیە نەخۆش ناکەون و نایێن بۆلای تۆ»:

سەبرو خۆگری و شەکیبایی خۆت | بکە بە دەوای بێ نەوایی خۆت

٦٢. نە بۆ سەیر باشی، نە بۆ زەماوەن | ئەی بۆ چی خاسی، باوەحیز خاوەن

٦٣. نە ئەوەندە شیرین بە، بتخۆن، نە ئەوەندە تاڵ بە تفت بکەنۆ.

٦٤. نەبوونی ڕووی مووسکی ڕەش بێ. «مووسك: دێیێکە لە نزیکی مەریوان، عادەتەن ماس فرۆشن، ڕۆژێ یەکێ لە مەریوانا ماسی نابێ بیخوات و ئەڵێ نەبوونی ڕووی مووسکی ڕەش بێ. ئەمە دەماودەم کەوتوە و زۆرکەس ئەیلێن».

٦٥. نەبوونی دەویق نیە تا ئابڕووی ئینسانی پێ بڕوا.

٦٦. نەبوونی سەر بە ماڵ دوژمنا ئەکا. ئەگەرنا تۆپین باشترە لە کۆپین.

٦٧. نەبوونی هیچی لەگەڵ ناکرێ، ئازای چۆنەرێ لەناو مشتما هەڵکەنە.

٦٨. نە بە سوێندی ژن بڕوا بکە، نە بە پێکەنین حاکم.

٦٩. نە بە بەرخی، تێر شیری خواردووە، نە بە کاوڕی، تێر گیای خواردووە.

٧٠. نەجاتی زوکام وا بە نەباتۆ | بە نەباتداخی، خۆشت ئەکاتۆ

٧١. نەچیر لە کەژو لە کێوی خۆمان | هیچ سەگێ نایگرێ مەر سەگی خۆمان

٧٢. نەجیب خەتا ناکا، نانەجیب وەفا ناکا.

٧٣. نەخشینی بێ پۆشین ساکاری شەدەلاری. «پیاوێك دوو ژنی بوو، یەکێ نەخشین و بێ پۆشین یەکێ ساکار و شەدەلار».

٧٤. نەخۆش حەز لە هەرچی بکا، بۆی پەیا بکەن، ئەوە دەوایەسی.

٧٥. نەخۆشی بۆ پیر، وەسە ڕەشی قیر | لە کۆڵ نابێتۆ تا ئەیخاتە گیر

٧٦. نەخۆش عەقڵ و فکریشی نەخۆشە.

٧٧. نەخۆشی جوانان وەسە دڵۆپەی بانان، زوو ئەگرسێتۆ.

٧٨. نەخۆشی تا سەر بۆ کەسێ نامێنێ، نابێ بەشەر بەدەسیۆ بناڵێت و دامێنێ.

٧٩. نە دوو ماین لە دۆڵێ | نە دوو ژن لەسەر کەمۆڵێ

٨٠. نە دەرزیم بشکێم، نە ئاوم بچم بە عەرزا، نازانم لە تەریقی خۆما چی بکەم.

٨١. نــە دەمــم هــەیــە و نــە دەس نە دەم ئەکەمۆ لە کـەس، نــە دەس

٨٢. هـەرکەس دەمم لـیٚ کاتـۆ یا دەس حەوالـەی ئەکەم بە کەسی بیٚ کەس

٨٣. نەدی و بدی کورِیٚکیان دی، کیٚرو گونیان برِی. وتیان ئەمە مۆجزەیە.

٨٤. نە رِۆژم رِۆژە و نە شـەوم شـەوە نە خـەوم هەیـە بـەم نیوە شـەوە

دایـم ئـەنـالـم بـە دەم دەردەوە دایـم وام بـە رِیٚـی هـەردو بـەردەوە

٨٥. نـەزان چـووزانیٚ زانـا چی ئـەکا لە رِووی زانینۆ هەرچـی کـا ئـەیکا

٨٦. نـەزان ئیٚـمـەین و زانـا خـوایـە هـەموو کاریٚکمـان لـە دەس ئەوایـە

٨٧. نـەزان چـووزانـیٚ بـە بیٚ خەبەری زانـا چـی ئـەکا تـۆ بـیٚ خـەبـەری

٨٨. نـەزان چـووزانیٚ لـە بیـروونـەوە من کویٚم دەرد ئەکا لـە دەروونـەوە

٨٩. نەزان منالـە و هـەر گـەورە نـابیٚ هـەتاکورو عـەقلیٚ وەك منـالٚ وابـیٚ

٩٠. نـەزرم کـردووە لـە سـەر خـۆم کــە ئیتـــر خـــەفەت نـــەخۆم

لــە رِابـــردوو تۆبـــە کـــەم بـــۆ داهاتـــوو سەبـــر کـــەم

٩١. نەقلٚی کوفر، کوفر نیە.

٩٢. نەزەر بۆیـە حـەرامـە، ئینـسان دلٚـداری نـەکا

خۆی تووشی دەردی سەخت و کاری بیٚکاری نەکا

٩٣. نەزەری گەورەکان کیمیایە، خۆت خە بەر نەزەریان، دانیشە لە گوزەریان.

٩٤ نەسیٚحەت هەرکەسیٚکت کرد بەر لە هەموو کەسیٚ هی خۆت بکە با تەئسیر بکات.

٩٥. نە شیٚت ژیر ئەبیٚ و نە حیز پیر ئەبیٚ نـە پیـاوی عاقـلٚ بیٚ تـەگبیـر ئـەبیٚ

٩٦. نە شیٚخ نە مـەلا ئـەلاٚ و ئیٚـوەلاٚ دلٚ ئـازاریـــان ئـەبــیٚ بــە بــەلاٚ

ژن و ژن خـوازی مەکە لەگەلٚیان با خزمەتکار بـی بـۆ هـۆزو گـەلیان

٩٧. نەگبەتی ئەگەر شاخ و گویٚی بوایێ ئەبـوا زۆر بەشەر بـیٚ بـەش نـەبوایێ

٩٨. نەگبەتی باشە، قۆرتی خـراوە.

«مەسەلەن بیٚکاری نەگبەتیە و ئەرك خۆ قورس کردن قۆرتەکەیەسی».

٩٩. نەگبەتی ئەسوورِیٚتۆ وەکوو دالٚ بەســەر ئـەو خیٚـزان و مـالاٚ کـە دوور لـە خـوداو ناراستن.

۱۰۰. نەگبەتی ڕووی کردە ماڵێ و پرسی کرد بە ساحێو ماڵەکە کە ئەمەوێ شتێکتان تووش بکەم تۆ ئەڵێی چی؟ وتی: کە ناچار بم ئەڵێم: هەر ئاژاولەمان تێ نەخەی هەرچی مەیلت هەیە بیکە.

۱۰۱. نەگبەتی وەختێ ڕوو کاتە کەسێ / هەرکەس هەڵئەسێ پیایا ئەتسێ
وەختێ خۆشبەختی ڕووی کردە کەسێ / دەس و دەم هەموو دوژمن ئەبەسێ

۱۰۲. نەگبەتی هەروەکوو داڵ بسەرمائەسووڕێتۆ / دنیا لەلام تاریکە هەموو ساتێ بە بێ تۆ

۱۰۳. نە ماڵی هەس ڕەحمان بییا / نە دینی هەس شەیتان بییا

۱۰٤. نە نووشتەی مەلا نە دۆعای سەیی / هیچیان بە هاوار دڵمان نەگەیی

۱۰۵. نە گوڵی گەنمی دیوە و نە چەقەنەی ئاش. «واتە: فلانە کەس نانی بێ زەحمەتی خواردووە».

۱۰٦. نە نە! وا لە لای چۆڕا. «کەسێك کە هەرچێکی پێ بڵێن و بڵێ نە، پێی ئەڵێن نە وا لەلای چۆڕا. چۆڕ: دێیێکە لە ناوچەی مەریوان».

۱۰۷. نەورۆزو گوڵان، مانگی جۆزەردان / پرووش پەڕ، خەرمانان، گەلاوێژی جوان
ڕەزبەر، گەلاڕێز، سەرماوەز بە نام / بەفرانبار، ڕێبەند، ڕەشەمە ئەنجام

«دوانزدە مانگەی ساڵ بە وتەی مامۆستا نامی. بەڵام برێك لە زانایان ئەفەرموون «گەلاویژ» وا لە دوای «خەرمانان» وە».

۱۰۸. نەوس بیگری مشتێکە / بەری بەیتۆ، دەشتێکە

۱۰۹. نۆکەر لە خوا بترسێ وەك لە ئاغا ئەترسێ، مەلەکی ئاسمان لە گوناحی نەترسێ.

۱۱۰. نیشانەی قبووڵ بوونی حەج ئەوەیە کە حاجی لە جاران باشتر بێ، کە خراوتر بوو مەردوودە.

«دەسەیەك جەردە چوونە ڕێی ڕێبوارێ و ڕووتیان کردۆ. یەکێکیان دەرپێکەی پێ داکەند هەرچی پاڕاوە بۆ دەرپێکەی سوودی نەبوو. ئاخری وتی حاجی تۆ ئەو مەکە زیارەتت کردووە واز لە دەرپێکەم بێنە. وتی: جا تۆ چووزانی من چوومەتە مەکە. وتی: بە بێ ئینسافییەکەتا ئەزانم!».

۱۱۱. نیکاح دانرا بۆ کۆ بوونەوەی... / ژنێك و پیاوێ، بێ دەنگ و بێ وەی
شاهید ئەم بەیتە ئاشکرا ئەکا / حەڵاڵن بە یەك کەس هەرا نەکا

تـەڵاق دانراوە بۆ جیایی و فیراق — کە تـەڵاقت دا مەیکـە بـە مـەراق
هیچ حیلەی شەرعی بۆ مەدۆزەرۆ — بـە داخی زووتر بـیری لـێ کـەرۆ

١١٢. نیوە تێری لە برا مردن خراپترە. «یا تێرم کە یا فێرم کە».

١١٣. نیوە مەلادین لا ئەباو نیوە دوکتۆرگیان.

١١٤. نیـوە مـەلایی و نیوە دوکتـەری — مونکیری ئەوان، سەر مـەنێ سـەری
تەواو مەلایی و تەواو دوکتـەری — بـە سەر عـالـەما هـەسیان بەرتەری

«نـیـوە مـەلایـی»

مـەبـە بـە کـۆلـکـە مـەلا — چـیـتـە دێـیـێ مـەسـەلا
دەس کـەی بـە فـتوای ناحـەق — لادەی تـۆ لـە ڕێـگـای حـەق
نووشتـەی سێ سووچ بنـووسـی — بـۆ دڵـداری و عـەرووسـی
دنـیـا ئـەرزشـی نـیـە — فـرو فـێـڵـی بـۆ چیـە
وەرگـرتـنـی بـەراتـت — خـوا بیـخـا بـە مـیـراتـت
کـەم بـخـۆو کز دانیـشـە — ئـاسـوودە بـە هـەمـیشـە

«نـیـوە دوکـتـۆری»

مـەبـە بـە کـولـکـە دوکتـەر — مـەتـەب دانـێـیـت و دەفـتـەر
کـابـرای نـەخـۆش و فـەقـیـر — بـێ مـاڵ و حـاڵ و زویـر
تـۆ دوکـتـۆری نـازانـی — بـۆ بـەر بـوویـتـەسـە گیـانـی
واز بـێـنـە بـا خـۆی بـمـرێ — نـەك بـە دەوای تـۆ بـمـرێ
قـەتـڵی نـاحـەقـی مـەکـە — خـۆت ڕیسوای لای حەق مەکە

١١٥. نیەتمە ئەکێشم ئاوی گۆشم لە سەرە مەرگا، ناوی خواو پێغەمبەر نەچێ لە هۆشم. «هەورامی لەکاتی دەسنوێژدا کە مەسحی گوێچکە ئەکێشن، وا ئەڵێن».

١١٦. نیەتم هێناو نوێژم نـەکرد، نوێـژم کـردو نیـەتم نـەهێنا. «کەسـێ دوای ڕکـووعی دووهەم نیەت دوو ڕکات جومعە بێێ لە پشت سـەر ئیمـام جومعـەوە و ئیمام سـەلامی داوۆ، مەئموم هەڵئەسێ و چوار ڕکات نیوەڕۆ ئەکات بێ ئەمە نیەتی هێنابێ».

١١٦. نیە لە ماڵیا شێوی شەوێ — گـووارەی ئـاڵتوونی ئەوێ

١١٧. نانش بە گۆشێ ژاوان!

***

پیتی <و>

پەندی پێشینان

١. وا ئەزانیٚ هێلکەی دوو زەردێنەی بۆ کردووین، «ئەوەندە فیز ئەکا بە سەرمانا».

٢. واتە لیٚ ئەکات بە کەر بلێی خالۆ | بە موج و بەرماڵ بتبەنە مالۆ

٣. واران وارۆ پەی خەلەی | گیواو بزیۆ پەی گەلەی

«دۆعای بارانی منالە هەورامییەکانە»

٤. وا ئەزانیٚ ئەملای ناوە بەولاوە. «ئەونە فیز ئەکا بە سەرمانە»

٥. وا سالیٚ گا گووی نەکرد، ئێوە چی ئەکەن. «نەفەریٚ خەلکی ولاتی دارستان دار چووە دێی لەیلاخ بە تایە تەپالەیان هەلچنی بوو. وتی: ئەمەتانە بۆچی‌یە، وتیان تەپالە سووتەمەنی زستانمانە. وتی: دەی وا سالیٚ گا گووی نەکرد، ئێوە چی ئەکەن!؟».

٦. والیٚ مەگێرە بەهانیٚ | هەلوا مەکیش مەبیانیٚ

«واتە: خۆشکە مەگرە بەهانە، هەلوا خوێی ناویٚ. هەورامی وا ئەلیٚ».

٧. وایان داناوە پیاوانی دانا | کۆسە چوو بۆ ریش سمێلیشی دانا

تەماع چی ناورد بەسەر ئینسانا | کۆسە بۆ ریش چوو سمێلیشی دانا

٨. وتن ئەگەر خۆی نوقرەیە، نەوتن تەلایە | چوون وتن باعیس دەردو بەلایە

٩. وتیان بە بالولی دانا: بۆچی لە بەرچاو خەلکا خۆت بە شێت ئەنوێنی؟ وتی: بۆ ئەوە وا ئەکەم کە هەرچی لە دلما هەیە بتوانم بەیانی بکەم و کەس ئیرادم لیٚ نەگریٚ.

١٠. وتیان بە پشیلە: گووت بۆ دەرمان ئەشیٚ، رۆیوو کردی بە ژێر خاکەوە.

١١. وتیان بە پیاویٚ: دەولەمەنی؟ وتی: کورم هەیە. وتیان: نانتان هەیە؟ وتی: کۆلە بەسم هەیە و ئاوەینام هەیە.

١٢. وتیان بە خووگ: بۆچی بە رۆژا دیار نیت؟ وتی: لەترسی خرابی و کردەوەی شەوم ناوێرم بە رۆژا دەرکەوم.

١٣. وتیان بە کەروێشك: بۆچی تۆ لە تانجی زۆرتر را ئەکەی؟ وتی: من بۆ نەجاتی خۆم

ڕا ئەکەم، ئەو بۆ تەمای ساحێوەکەی.

١٤. وتیان بە ڕێوی کێ شاهێدتە؟ وتی: کلکم.

١٥. وتیان بە شەیتان تۆ بەو هەموو سوورەتە جوانۆ، بۆچی باشت نالێن؟ وتی: مەگەر قەلەم بە دەس دوژمنۆ نیە!؟. «کشف‌الّسرار»

١٦. وتیان بە شەیتان تۆ کێت خۆش ئەوێ، وتی دەلالم زۆر زۆر خۆش ئەوێ من درۆ کردنم فێر کردووە، ئەو سوێندیشی لە سەر ئەخوات.

١٧. وتیان بە شەیتان تۆ کێت خۆش ئەوێ ‌ وتی قەتارچیم هەر زۆر خۆش ئەوێ
نە ئەهلی نوێژە، نە پارێز ئەکا ‌ هەرچی پێ بلێم بەڕێوەی ئەبا

١٨. وتیان بە قرژانگ: بۆچی بە لارۆ ئەڕۆی؟ وتی: بۆ جوانان هیچ عەیب نیە.

١٩. وتیان بە کابرایەك: مریشك چەن پەراسووی هەیە؟ وتی: لە ئەمنیەی زەمان ڕەزا شا بپرسن.

٢٠. وتیان فلانی قورئان خوێنێ باشە. وتیان: قورئان خوێن بوایێت بەسەر قەبری باوکیۆ قورئانی ئەخوێند.

٢١. وتیان بە کوێر: چیت ئەوێ. وتی: دوو چاوی ساق.

٢٢. وتیان بە کەچەڵ: شایی خۆشە یا شیوەن؟ وتی: هەرکامیان چێشت و گۆشتی زۆرتر بێ.

٢٣. وتیان بە کەر، کرماج، لە داخا حەوت ڕۆژ جۆی نەخوارد.

٢٤. وتیان بە کەروێشك بۆچی ڕا ئەکەیت و لا ئەکەیتۆ؟ وتی: بۆ دووربینی دوایی وا ئەکەم.

٢٥. وتیان بە کیسەڵ: زەماوەنە، وتی: نە دەس و دەم پلاو خواردنم هەیە و نە پای هەڵپەڕکێ.

٢٦. وتیان بە گورگ: نۆرە ڕانتە. وتی: پام کوتیاوە، لە خۆشیا بڕوای نەئەکرد.

٢٧. وتیان بە لوقمان حەکیم: کەسێ گوێچکەی بخورێت بە چی بیخورێنێ؟ وتی: بە ئەنیشکی.

٢٨. وتیان: ناچیتۆ بۆ گوێی. وتی: دەی نەیخورێنێ.

٢٩. وتیان بە مامۆسایەکی زۆر چاك: بۆ مۆجگاریمان ناکەی؟ وتی: ئەگەر ئەوە بلێم ئێوە پێتان خۆشە، خوام لێ ئەرەنجێ و ئەگەر ئەوە بلێم کە خوا پێی خۆشە، ئێوەم لێ ئەرەنجن، بێدەنگ بم باشە با کەسم لێ نەرەنجێ.

٣٠. وتیان بە منالێ: سەر شووتیە کۆلە، دەسی کردە گریان و وتی: شوتی ئەخۆم.

٣١. وتیان بە مەلای مەزبووره بۆچی؟ مەلا ژن ئەونە ئەگەرێ تۆ چی؟:
وتی: مەلا ژن ئەر زۆر گەرایێ رێی ئەکەوتە لام هەر رۆژێ رایێ

٣٢. وتیان بە مەلای مەزبووره: مەلاژن زۆر ئەگەرێ. وتی: مەلاژن زۆر گەرایێ رۆژێ رایێ ئەهاتۆ بۆ ماڵ خۆمان.

٣٣. وتیان بە مەولەوی کورد «اعوذ باللە» فەرزە یا سوننەتە؟ وتی: فەرزە. وتیان: خۆ سوننەتە بۆچی وات وت؟ وتی: بموتایێ سوننەتە فاتیحاکەیان پێوە ئەخوارد. «جۆرێکی‌تر ئەیگێرنەوە کە جارێك پیاوێك وتی بە مەولەوی کورد: «ئامین» فەرزە یان سوننەتە؟ وتی: فەرزە. کابرا رۆیشت و ئەوانەی وا بە دەوریا بوون وتیان: قوربان ئامین کەی فەرزە، سوننەتە، بۆچ وا وەڵامی ئەو کابرایەت داوە؟ ئەویش وتی: ئێوە عەوام ناناسن، ئەگەر بموتایە سوننەتە «ولاالضّالّین»ەکەیشیان پێوە ئەخوارد».

٣٤. وتیان بە نەرگس بۆچی بۆن خۆشی وتی: کەوتوومە بەهارو خۆشی

٣٥. وتیان بە ورچ: کوێنەریت؟ وتی: ئەوێهەنگیم. «ئەشرافی سنەیی وتیان بە مەلا محەممەد سادقی ئەوێهەنگی: بۆچی ورچ وائەڵێ؟ وتی: ئەوێهەنگی ئازان، وا نەڵێ تەمای تێ ئەکەن. ئەوێهەنگ: دێیێکە لە هەورامانی ژاوەرۆ».

٣٦. وتیان بە وشتر: کورت بووە. وتی: جا بە من چی، خۆ باری من هەر چڵ مەنە.

٣٧. وتیان: فلانە کەس کەرە و بەکار کوێخایی نایێ. وتیان، کەر نەبێ نایکاو کەر نەبێ نایکەن.

٣٨. وتیان: فلانە کەس مرد. یەکێ وتی: گووم بە قەوری. یەکێکتر وتی: من هەر دوێکە وتم. یەکێکیتریش وتی: سەگێ لە سەگەکان کەمتر. «تۆ کارێ مەکە واتە پێ بلێین».

٣٩. ورچ بێکار بێ، تووکی خۆی ئەرنێتۆ. «بێکاری ئەوەندە خراپە».

٤٠. ورچ بێ و کچ بێ. «پیاو ژن بێنێ وا ئەڵێ، ژنیش شوو بکا ئەڵێ: شێت بێ و هار بێ، هەر هەرزەکار بێ».

٤١. ورچ لە هێلانەی خۆیا دەنگ ناکا — لە حەنای میوان ئەونە شەرم ئەکا
«تۆیش وا بە».

٤٢. ورچ و کولنجە!، بینێ بەر چاوت چەنێ سەیرە.

٤٣. وردەڵە وردەڵەی گوێی کوانوو — وردەڵە خۆش بێ بۆ بیانوو
«ژن بە منالی وا ئەڵێ»

٤٤. وەڕەی سەگ ئینسان هۆشیار ئەکاتۆ بە شەوا بۆ هاتنی میوان یا دز.

٤٥. وشتر ئاخر تۆ لە عەلاقەبەنیت چی؟.

٤٦. وشتر لە خەیاڵێ و وشترەوان لە خەیاڵێ.

٤٧. وەسیەت نامەت بێ نەچیتە هەوار — هەتاکوو ئەڕوا سێ شەش و سێ

٤٨. وڵات لە هەی هەیە و کۆسە بەڵمەڕیش
چوار کەی ئەمە کارە و کەی بووە بە ئیش

٤٩. وەختێ بەفر زۆر ئەبارێ خەڵك بە یەکتر ئەڵێن خوا مولکی خۆیەتی با بباری، وەختێ کە عەرزەکە ڕەش ئەبێتۆ، لەسەر بۆسێکی چەن بەزم و هەرا ئەکرێ.

٥٠. وەختێ دەس بڕا لە هەموو لایە — نۆرەی ڕەحمەتی حەق تەعالایە
پیر دەسی بڕا لە هەموو لایێ — خوا نەبێ کەستر بەکاری نایێ

٥١. وەختێ قەسد ئەکەی بچی بۆ سەفەر — ڕەفیق پەیا کە و بڕۆ بێ خەتەر
ڕەفیق سیان بن یا بن بە چوار — زۆر چاکە ئیتر بۆ هاناو هاوار
یەکێکیان ڕۆیی بۆ بردن هاوار — ئەوان دانیشن لای نەخۆشیدار

٥٢. وەختێ قەسد ئەکەی لە ماڵ چیتە دەر — بیکە دوو ڕکات نوێژی سەفەر
لە ڕکات ئەوەڵ سوورەی «فیل» خوێنە — لە ڕکات دووهەم «قورەیش» بخوێنە
ئەڕۆیت و دیتۆ بە شادی و خۆشی — بە بێ زەرەرو دەردو نەخۆشی

٥٣. وەختێ کە بەشێ ئەعزات بێتە ئیش — باقی ئەعزاکان بۆ ئەو دێتە ئیش
تۆ کە لە مەینەت خەڵك بێ خەبەری — کەی وایە ڕەسم و یاسای بەشەری

٥٤. وەختی کەڵك و کار ئەمانکا بە یار
وەختـی جـزو بـۆ ئـەمانکا بـە دز

٥٥. وەخـتێ کە مردن چنگی هـەڵپێکا
هیچ نووشتـە و دەوا عیلاجـی ناکـا

پێش موبتەلا بوون بە چنگی مردن
دۆعـا تەئسیـری هەیـە بـۆ کـردن

٥٦. وەختێ گەیشتی بە کول مـورادت
هیـچکەس نـامێنی لـە بـیرو یـادت

٥٧. وەختێ لاشەکەم کووفتە و کارە بێ
نـووری بینـاییـم لـێ بێـزار ئـەبێ

٥٨. وەسـای قـوتابی چلیان جـۆلایێ
چـل جـۆلا ژنی بێ عـەقڵ و ڕایـێ

هەرچەن ئوستادی خێری تەمامـەن
ئێـمە قـسـەمان لـە عـەقڵ و فامـەن

«نامی»

٥٩. وەختێ کە ماسیت خوارد، شیر مەخۆ بە سەریا با تووشی بەڵەکی نەبی.

٦٠. وەسە بازەکەی ماڵ عەتاخان، بە مریشك ئاوایی فێرە. «عەتاخان خۆیشی لە زووەوە واسە، بۆیە بازەکەشی هەر وەهایە».

٦١. وەسە پشیلە، بەچکەکەی بە چاو نەکراوەیی ئەباتە حەوت ماڵ.

٦٢. وەسە سەگی بێ سووتاو، هەر ناکەوێتە ماڵۆ.

٦٣. وەسە کۆپانەکەی جەجاڵ هەر ئەیدووڕێت و مێلوورە هەڵیئەوەشێنێ.

٦٤. وەسە گاکەی مامە حاجی، لە جووت خۆیانا ئەخەوێ و لە جووت خەڵکا خێرایە.

٦٥. وەسە نان و نۆك بخوا، ئەونە ناخۆشی پێ ئەکەوێ.

٦٦. وەعزیمن بۆ ئـەهلو میللـەت چاوەکەم
پووچ و بێ تەئسیرە وەك تەڵقینی جۆ

«ناری»

٦٧. وەفا بۆخۆی گـوڵێکی بێ نەزیـرە
وەفا ئیسباتی پـاکی نەسـڵی شیـرە

٦٨. وەفـا هەروەکـوو عەنقا وەهـایـە
هەر ناوی هەیـە و بـێ موسەمـمایە

٦٩. وەك چاوی قرژانگ ڕۆشن و پاکە
نەك مـن، عالـەمێ لـەبۆی هیلاکـە

٧٠. وەك دۆخەوای شێت وا مای هاتووەتۆ
کەس ڕێـی پـێ نـابا، نە من و نە تۆ

٧١. وەك سەوەتەی بەن بڕاو داکەوتووە لە ماڵـۆ
هیچ کارێکی لێ نایێ هەر وا ئەڵێ لە پاڵۆ
لەبەر دەرگا تووڕی دەی کەسێ نایباتە ماڵۆ

٧٢. وەکو چێشتی مـجێور وایە، تێکەڵە لە هەموو جۆرێ. «لـەوەو پـێش لـە جێـژنی ڕەمەزان و قوربانندا لـە هەموو ماڵێکۆ نان و چێشتیان ئەهانی بۆ مزگەوت و بە جەماوەری ئەیانخواردو هەرچێکی ئەماوە ئەیاندا بـە مـجێور (خـادمی مزگـەوت) و بەمیانـە ئـەوت چێشتی مـجێور، کە لە هەموو جۆرێ تێکەڵ بوو».

٧٣. وەکو خوم مای یێنمۆ، ئەونە ئەم شارە ئەشلەقێنمۆ بە یەکا. «زووتر لەم وڵاتـا کـە تەونیان ئەکرد، بۆ ڕەنگ کردنی وصلە لە هەموو دێەکا خومگەر ڕەنگی ئەکرد».

٧٤. وەك هەسان چۆنە بۆ تێخ، تیژی ئـەکا ژن بـۆ پیاو وایە، کـرژو تیژی ئـەکا
ژن بـێنن هـەتـا دەوڵەمـەنـد بـن لە ژیـانا خـۆتـان سـەربـەخـۆ بـن
زەحـمەت بکێشە بۆ ڕێکی ماڵـت لـەبـۆ سـەربـەرزی ماڵ و منـاڵـت
بە کـۆمەکی ژن مـاڵداری ئەکرێ ژن کۆی نەکاتۆ هیچت بۆ نـاکـرێ

٧٥. وەك هێسر هەجیجی خۆشەویستە، لە توورەکە ئەخوات و لە ئاخوڕیش.

٧٦. وەنـەوشـە مـلی لارە لە حـەنـات خەجاڵەت ئەیگرێ بۆنی بێ لـەلات
لەبۆ سەر ئـێشـە وشکی دەوایـە بـیکە نـاو ئـاو گـەرم لە زووۆ وایـە

«مامۆستا عبد الکریمی مودەڕڕیس "نامی" بۆ حەزرەتﷺ بەم جۆرەیە نووسیوە:
وەنەوشەی باخان چونکە بە شەرمە لە نـاو گـوڵانـا شـۆرەتی گـەرمـە
بە تـەڕی بەستەی دەستـی دڵبـەرە بـە وشـکی دەوای ئـازاری سـەرە
وەنەوشە و نەرگس عەتری حەزرەتە بۆ زیـارەتـی ئـەو زۆر بە عـەزرەتـە

٧٧. وەها بمرە کە هەرووەخت مردی قەوم و کەست بۆت بگرێن و تۆ پێکەنی. «واتە: بە ڕووسووری بمری. نەك تۆ دوای مردنت لە عەزابا بیت و بگریت، بـەڵام خـەڵکی پـێ بکەنن کە تۆ مردویت و نەجاتیان بووە لە دەستت!».

٧٨. وەها عیبادەت بکە بۆخوا وا بزانە چاوت وا لە خواوە. تۆ چـاوت لـەو نـەبێ ئـەو چاوی وا بە تۆوە. «حەدیسە».

٧٩. وەها کار بکە بۆ دین وا بزانە سۆزی ئەمری. وەها کار بکە بۆ دنیا وا بزانە مـردن هەر نیە. «حەدیسە. واتە: با هەردوو کارەکەت مەحکەم بێت».

٨٠. وەهای فـەرمووە حەزرەتی ڕەئـیس نەزەر تیـرێکە لـە تـیری ئیـبلیـس

چەن کەسی کوشتووە بە دەردی جگەر   چەن کەس وەك مەجنوون دەشتی گرتە بەر

٨١. ویتە ویتی تەواو بوو.

٨٢. وەشلێم پەنەت. «خۆزگەم بەخۆت وا ئەونە بێ خەمی. هەورامییە».

٨٣. وێم و زارۆڵەکەما وەشێ بیمێ، ڕیش و تاتە و ئوممەت و موحەممەدی. «نەفەرێ هەورامی وای وتووە و مانای ئەوەیە کە: خۆم و منالەکانم خۆش بین، بە ڕیش باوك ئوممەتی پێغەمبەر».

***

پیتی ‹ ه ›

پەندی پێشینان

١. هات بخەوە، نەهات بخەوە. «هات بیٚ خەم بخەوە، نەهات بە داخ و خەفەتۆ بخەوە».

٢. هارونە ڕشید بە باڵوڵی برای کە دەروێش مەسلەك بوو، وتی: خەم مەخۆ من جیرەیەکت بۆ ئەبڕمۆ کە تەئمینی ژیانت بکات. باڵوڵ وتی: من جیرەی کەسێکم ئەوێ کە ئەم سیفەتانەی تیا بێ. (١: بزانیٚ کە من نیازم بە چەنیٚ هەیە. (٢: بزانیٚ لە چ وەختێکا من ئیحتیاجم هەیە. (٣: بزانیٚ لە چ شوێنێکا ئیحتیاجم هەیە و بۆمی بنێریٚ. (٤: بە بۆن نافەرمانی منۆ جیرەکەم نەبڕیٚ. ئەو کەسیشە تەنیا خوایە. «مەعنای تەوەککول ئەمەیە کە باڵوڵ بوویەتی».

٣. هاڵاویٚ لە پڵاویٚ خۆشترە. «لە سەرمای زستانا وا ئەڵێن»

٤. هاڵە ڕۆیی هەنگوور ما — سەربەرزی باخەوان ما

٥. هاوار بۆ ئەو کەسە کە فیرعەون پێی بڵیٚ کافر.

٦. هاوڕەنگ و هاودەنگ جەماعەت نەبی — ڕیسوای ناو کۆڕی جەماعەت ئەبی

٧. هاوڕیٚ لە ڕێت نەوێسا، دانیشە با ئەو بڕوا — کە ئەو بە خەم تۆ نیە، تۆیش بە ئەو مەکە بڕوا

٨. هاوینە ئاوێنە.

٩. هاو زاوا بگەن بە یەك قنگیان ئەخوریٚ. «وا دیارە لە سەر خەسوویان کە بە جووتە گا دانراوە شەڕ بکەن».

١٠. هاوسیٚ وەزەنی خراوە مەیکە، «هەرچی ئەزانی خراوە مەیکە».

١١. هەباسە، لە دیوانا چ باسە. «کوڕیٚ ناوی هەباس بوو لە دیوانی حکوومەتیا بوو و هەر ڕۆژ کە ئەهاتۆ دایکی ئەیوت: هەباسە لە دیوانا چ باسە. کوڕەکە پرسی کرد بە پیاویٚ ژیرو وتی جوابی دایکم چۆن بەمۆ؟ وتی: بڵیٚ حکوومەتی وەخت دەستووری داوە

هەر پیرەژنێك پڕ بێژنگێ کا بتوانێ هەڵگرێ ئەبێ شوو بکات. کوڕەیش ئەمەی وت بە دایکی. پیرە ژنەکە تەمای کردە خۆی و وتی: ڕۆڵە بزانە منیش ئەیتوانم. کوڕەکە ڕۆیشت و گاسنێکی خستە ناو بێژنگ و کای کرد بە سەریا و
بۆی هانی. بە کێشەکێشیش هەرجۆری بوو بەرزی کردەوە و وتی: هەباسە کێشە کێشیشی هەر خاسە. وتی: دایە گیان شوکر تۆیش بەرزی ئەکەیتۆ، بەشکو فکرێکت بۆ بکەین».

١٢. هەتا پوولت لە بیر بێ، خوات بیر ناکەوێتۆ
خۆزگەم بەو کەسە هەرگیز پوولی بیر ناکەوێتۆ

١٣. هەتا زۆرترت بێ، خەمت زۆرترە و بارت قورسترە. بۆیە وتوویانە کەر کوڵ و بار سووك.

١٤. هەرچێکمان بێ کات ساحێودەسەڵات — ئەبێ پارێنۆ خراپتر نەکات
١٥. هەر پەلێکم وا بە دەس ئێزرائیلێکۆ — ئەونە نەخۆشم لە بۆ دووری تۆ
١٦. هەر جۆرت کردووە زووتر، وا مەکە — بڕوا بە دنیای بێ وەفا مەکە
وەفای بۆ کەسێ نەبووە و هەر نابێ — بۆ خەڵك چۆن بووە، بۆ تۆش وا ئەبێ
١٧. هەرچێکت خوارد بە خەسی — ئەبێ بیدەیتۆ دەسی
١٨. هەرچەن برا شوانە — خۆشك هەر چاوەڕوانە
١٩. هەرچەن بێ ژنی بۆ خوا خاسە — جوان و بەدین بێ پەسەن خەواسە
عەوام گوێ نادا هەر کونی تیا بێ — ئەڵێ زۆر باشە لە خوا بە زیاد بێ
٢٠. هەرچەن بێ ژنی چاکە وەك خواجە — کە هێنات کچ بێ، ئەو خۆش مەزاجە

«نامی»

٢١. هەرچەن زۆر بکا زاڵم و زۆردار — هەر ڕۆژێ ئەبێ دەوەن بێ بە دار
٢٢. هەرچەن نەخۆش و بە هیوای‌جاوم — لە حەیبەت تیری کاغەز ئەجاوم
٢٣. هەرچەنێ ئەکەم کارم نابێ ڕاس — نازانم نووشتەی کام بەنەی خواس
٢٤. هەرچی ئەخوا بە شەو تاریك — ڕەنگی زەردە و قوڵی باریك

٢٥. هەرچەن گاڵێن زەواد ماڵێن.

٢٦. هەرچی ئەیزانی بەکار وتن نایێ بیری لێ کەرۆ بۆ موناسبەتی جێگە.

٢٧. هەرچی «با» کردی بە دەوار، دەواریش کردی بە «با».

٢٨. هەرچی دڵی من ئەڵێ بەشکەم وابێ، وا نابێ
هەرچی کە خوا مەیلی بێ حەقەن ئەبێ هەروابێ

٢٩. هەرچی عەیبی دین و دنیایە هەمە هەر عەزابێکم بدەی هێشتا کەمە
«"غەریق" لەگەڵ خودای خۆیەسی»

٣٠. هەرچیکت تا ئێسە کردووەسە کاسە، ئیسەولا بیکەرە کەوچك. من بێ نیازم لە تۆ.

٣١. هەرچیکت دۆزیۆ لەم کارا شەریکی منی تیا مەکە. من بێ نیازم لە تۆ.

٣٢. هەرچی‌کە ئەیکەی بە زەبری بازوو بیکە بە شەوا مەچۆ بۆ مازوو
بە شەوا مازووت بۆ چاو ناکرێ دایشی هێشتێ وەك بۆڵە ترێ

٣٣. هەرچی کە چەقە و ناکوڵێ داینێن بۆ پووره گوڵێ

٣٤. هەر دایکی کورە، شواڵی شرە.

٣٥. هەرچی گا بیکێڵێ، گا نایخوا. «کا کەی بۆ گا، دانەکەی بۆ ساحێوەکەی».

٣٦. هەرچی گران بێ، ئەتوانی خۆت هەرزانی کەی بە نەخواردن و تەرك کردنی.

٣٧. هەرچی گڵ وا بە سەر قەبری باوکتۆ، ئەونە عومری درێژی بۆ تۆ بەجێ هێشتیێ.
«بۆ سەرخۆشی وا ئەڵێن».

٣٨. هەرچی گەڕان بێ فاییە ئاخری هاتۆ سەر کونە قاییە
«قاییە: قاعیدە و قانوون»

٣٩. هەرچی لە کاسەدا بێت، بە کەوچك دەردێت.

٤٠. هەرچی لە کانی دڵتۆ دەربێ جێی خۆی ئەکاتۆ.

٤١. هەرچێوێت وانا چێوێ تەر وانە باسی مەزاتی، باسی تەرزانە

٤٢. هەرچی هەوڵم دا بگەم بە پایە مایە و دەسمایەم گشت چوو بە زایە

٤٣. هەر دەوەنە کە ئەبێ بە دار لە سایەیا ئەحەسێتۆ هەژار

٤٤. هەر سەر خۆش بێ، کڵاو فرەس.

٤٥. هەرچی هات بە خێر هات، خۆمان بەینە بەر قەزاو قەدەر کە هات.

٤٦. هەر سکێ بەهارێکە. «واتە: ئەم ژەم بۆ ئەو ژەم خۆشخۆراك بە تا سۆزی خوا خۆی ئەمێنێت و مولکی».

٤٧. هەر سەریٚ سەودایێکی هەس.

٤٨. هەر کاریٚ ئەتەویٚ درووس نەبیٚ — بی سپێرە بە کەسیٚ ئەهلی نەبیٚ

٤٩. هەر کردەی ئێمە و بردەی شەیتانە — مەنعی کەس نەکەی خەتای خۆمانە

٥٠. هەرکەس باوك و دایك مۆجگاری نەکا — زەمانە هەر ڕۆژ مۆجگاری ئەکا

جا دڵی باتیٚ و بڕوانیٚ بۆ خەڵك — لێیان وەرگریٚ نەسیحەت بە کەڵك

٥١. هەرکەس بترسیٚ لە کوشتنی خۆی — مردن لە ژیان زۆر باشترە بۆی

دوژمنی خوێنی ساز مەکە بۆ خۆت — ئاسوودە خاتر دانیشە بۆ خۆت

٥٣.هەرکەس بە تەمای خاڵۆ و مامۆ بیٚ — ئێوارە بتیٚ نان، سبەی بیٚ دۆ بیٚ

«هەرکەس بە تەمای خەڵك بیٚ لە برسا ئەمریٚ. کار بکە و نان خۆت بخۆ».

٥٢. هەرکونیٚ، کونی دەس پیا کودن نیە.

٥٤. هەرکەس بە تەمای سەفەرەلی بیٚ — هەمیشە برسی و دەسیخالی بیٚ

«سەفرەلی:کورت کراوەی سەفەر عەلییە»

٥٥. هەرکەس بە چاو ئەیبینی بە جاسووسی مەزانە

بازیٚ گومان کە ئەیبەی بە گوناحی بزانە

«ئیشارەی ئایەتە»

٥٦. هەرکەس بە شوێن عەیبی خەڵکا بگەڕیٚ، خودا ڕیسواو بیٚ ئابڕووی هەردوو دنیای ئەکات.

٥٧. هەرکەس بە مل بیٚ، بە ملۆ ئەڕوا — تەجرەبەی بکە پێم ناکەی بڕوا

٥٨. هەرکەس بێگانە بکەرۆ بە خویٚش — بدا بە سەریا بە هەردوو دەس وێش

٥٩. هەرکەس تەمەڵە و ناچێتە ژێر کار — بێزارە لە خۆی، بێزارە لە کار

٦٠. هەرکەس ئازایە، ئازاو زوو بە زوو — ئەڕوا بۆ لای کار بۆی ئەبیٚ بە خوو

٦١. هەرکەسحەز ناکا لە بەد ناوی خۆی — لانادا لە ڕێی باوك و باپیر خۆی

٦٢. هەرکەس خوا ئەناسیٚ — دوورە لە هەموو باسیٚ

هەرکەس خوا نەناسیٚ — بە خەم دنیا ئەتاسیٚ

٦٣. هەرکەس خۆی هەڵکێشێ، زەکاتی نەفامی و گەوجی خۆی دەرئەکا.

٦٤. هەرکەس بانی زیاترە، بەفری زۆرترە.

٦٥. هەرکەس ژنی هێنا نیوەی دینی دامەزراوە و هەوڵ بۆ ئەو نیوەکەی تری بدا.

«حەدیسە»

٦٦. هەرکەس عەمەڵ بکا بەوەی ئەیزانێ   خوا فێری ئەکا ئەوەی نازانێ

«حەدیسە»

٦٧. هەرکەس کە تەسلیم شەریعەت نەبێ   شێخ نیە، ئیتر بڕوات پێ نەبێ

٦٨. هەرکەس کە عیلم و عەقڵ و کەماڵی   بۆ جۆر بوو، ئیتر خۆزگەم بە حاڵی

٦٩. هەرکەس کەرێ بباتە سەر بان، ناتوانێ بیهێنێتە خوارۆ بە ئاسان.

٧٠. هەرکەس کە ماڵی زۆرە   حاڵی تەواو ناجۆرە
یا زەکاتی دەرناکا   یا حەجی پێوە ناکا
یا دوورە لە حەلالی   یا مەغرووورە بە ماڵی
دەس گرۆیی خەڵك ناکا   ئەزیەتی زۆریان ئەکا
ئەو ماڵە یاخوا نەبێ   ساحێوەکەیشی نەبێ

٧١. هەرکەس کۆپان بێ من کەرم   هەرکەس کەر بێ من کۆپانم

«بەم دوو جۆرە وتراوە و لە مەعنادا زۆر فەرقیان هەیە».

٧٢. هەرکەس کە وا کۆشا بێ، حەتمەن ئەگا بە ئاوات
کە بڕوا ناکەی بە من بڕوانە بۆ ئەملاولات

٧٣. هەرکەس کیلۆیێ نانی خوارد، ئەبێ چارەکێ عەقڵی بێ.

٧٤. هەرکەس گەرەکیە بەهەشت بنۆشێ   نەوسی کوێر بکاو سیڕی بپۆشێ

٧٥. هەرکەس گەرەکیە ڕیسوا نەبێ، قسە لە قەوارەی خۆیا بکا.

٧٦. هەرکەس لە خوا بترسێ، هەموو کەس لێی ئەترسێ. هەرکەس لە خوا نەترسێ، لە هەموو کەس ئەترسێ.

٧٧. هەرکەس لە خوا غافڵە، بێ شك کول و کافرە.

٧٨. هەرکەس لەڕو لاوازە، ڕەفیقی مەکە، یا نەخۆشی واگیری هەیە یا نەخۆشی دڵ.

٧٩. هەرکەس لەگەڵ تۆ خراپی ئەکات، تۆ لەگەڵ ئەوا باش ببە با تەریقۆ بێت.

٨٠. هەرکەس مرد چاو خۆی پڕ ئەبێ لە خاك، کەس بە بێ ئەو پەکی ناکەوێ.

٨١. هەرکەس مردنی باشە لە ژینی یاخوا زوو بمرێ و تێر بکەین شینی

٨٢. هەرکەس ناوی خەڵك لەلای تۆ ئەبات لەم لا بۆ ئەولا ناوی تۆش ئەبات

٨٣. هەرکەس ناوکە خورمای زۆرتر بێ فرە خۆرترە. «ڕۆژێ حەزرەتی عەلی لەگەڵ حەزرەتی موحەممەدﷺ خورمایان ئەخوارد، حەزرەت ناوکە خورماکەی خۆی لە بەردەم حەزرەتی عەلیدا دائەناو ئەمیە فەرموو. حەزرەتی عەلی کە زۆر حازر جواب بوو فەرمووی: «هەر کەس بە ناوکۆ خواردبێتی، فرە خۆرترە»».

٨٣. هەرکەس نقورچکێ بگرێ لە دۆم، چەقۆ بەدەسیۆ زوو تیژ ئەبێ.

٨٤. هەرکەس نیعمەتی زۆرە حەتمەن حەسوودی زۆرە
لێی ناگەڕێ کە بیخوا هەر بە خەسی بەوجۆرە

«وەك ئەڵێن:

زۆرت خواردووە بە خەسی ئەبێ بیدەیتۆ دەسی»

٨٥. هەرکەس یاسای خاس لە ناو خەڵکا جێ بێڵێ، هەرکەس ڕەفتاری پێ بکات، هەتا هەتایە خێر ئەویشی وا تیداو لە خێری ئەوان هیچ کەمۆ نابێتۆ. هەرکەسیش یاسای خراپ بەجێ بێڵێ هەتا هەتایە هەرکەس ڕێی ئەو بگرێ بەشی گوناحی ئەوی وا تیداو لە گوناحی ئەوان کەم ناکاتۆ. «حەدیسە».

٨٦. هەرکەسێ بۆ خۆی خۆش بێ، قەوم و کەس کەڵکی وایان نیە بە تەمایان بیت.

٨٧. هەرکەس بە تەنیا چێ بۆلای قازی دێتۆ بە خۆشی و بە دڵی ڕازی

٨٨. هەرکەسێ پیرێکی نەبێ، پیرێ پەیا بکا بۆ تەگبیر.

٨٩. هەرکەسێ بەهاو نرخ و قیمەتی ڕەفتارو گوفتار نەفسی خۆیەتی.

٩٠. هەرکەسێ پیرێکی نەبێ، سیرێ ناژی.

بەو شەرتەی دایم بە گوێی پیری کا پیرێ کە ژیر بێ و تەگبیری بۆ کا

٩١. هەموو مەرامی بۆ ڕێك ئەکەوێ پشتوێن بکاتۆو بێ خەم بخەوێ

٩٢. هەرکەسێ تەما بکاتە نامووس خەڵك   تـەمـا ئـەکاتە نـامـووسی بێ کەڵك

٩٣. هەرکەسێ چاودێری ماڵ و حاڵ و مناڵ خەڵك بکات، بە داخی خەڵکۆ ئەمرێ.

٩٤. هەرکەسێ حورمەت لە پیرێ بگرێ، خوا خەڵکی بۆ سەر نەرم ئەکا لـە پـیریـیـاو حورمەتی ئەگرن.

٩٥. هەرکەسـێ بگـرێ حورمـەتی پـیرێ   بـە پـیری ئـەویش حورمـەت ئـەگیرێ

«نامی»

٩٦. هەرکەسێ خاسە، خاسـیەکەت ئـەڵێ   ئـەوەی خـراپـە، خـراپـیـت ئـەڵێ

٩٧. هەرکـەسێ دانـێ درەخـتـی سـەمەر   ئەم ئەبێ بـە مـێخ ئـەو ئـەبێ بـە کـەر

٩٨. هەرکەسێ شۆخە، شـۆخی بێ خۆشە   شـۆخـی دەرمـانی دەردی نـەخـۆشـە

شـۆخـی زۆر خۆشە لە تام دەر نەچێ   لە چوارچێوەی شەرع ئیسلام دەرنەچێ

٩٩. هەر کلکێ شەرع ببڕێ خوێنی نیە.

١٠٠. هەرکەسێ خۆی بناسێ، خوای خۆیشی ئەناسێ. «حەدیسە».

١٠١.   هەرکەس خێزانی زۆرە   ئیـش و کاریـشی زۆرە

بـەگـزادەیـە یـا بـۆرە   خـەم و خـەفـەتی زۆرە

١٠٢. هەرکەسێ دەس بۆ دەم خۆی ئەبا، تۆیش بۆ خۆت شتێ پەیا بکە.

١٠٣. هەرکەس کەس و کار بیکاتە ترۆ   بە هیـچ کەسێکتـر نـایکرێ پـەرۆ

١٠٤. هەر گەمەیە ئەبێ بە ڕاس.

١٠٥. هەرکەسێ لە ئارامی و نەرم ونیانی بێ بەش بێ، لە هەموو خێـرو بەرەکـەتێ بـێ بەشە. «حەدیسە».

١٠٦. هەرکەسێ ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێ بە ئیمان و لە گوناح پارێز بکات، گوناحە پێشووەکانی ئەبەخشرێ.

١٠٧. هەرکە نان گاور بخوات، ئەبێ سەڵاوات لە دیار گاور بدات.

١٠٨. هەرکەسێ ڕیشی سوور بێ هەمزە ئاغا نیە.

١٠٩. هەر گیانداری جەرگی تەڕ بێ خێری پێ ئەشێ. «حەدیسە».

١١٠. هـەر لـە عـەرش هـەتا قـورش   کـەس بـە دۆی خـۆی نـاڵێ تـرش

١١١. هەر مل درێژیێ وشتر نیە.

١١٢. هەرمێ گولاوی، پەنە مەیاوی. «هەورامی بە منالێ زوو کەوتاییتە خۆو قوتە قوت، ئەوەیانە پیێ ئەوت».

١١٣. هەر وەخت قشقەرە هات، گورگ وا بە شوێنیۆ.

١١٤. هەروەکوو ئاوێنە وابە، ڕوو بە ڕوو   عەیبی خۆمم بۆ بەیان کە، دوو بە دوو
نەك وەکو شانە بە تیعدادیێ زوان   موو بە موو لە پشتی سەر بیکەی بەیان

١١٥. هەزار یارم بێ وەك حۆری و پەری   هەر تۆ یارمی هەموو بێ بەری

١١٦. هەر گەمەیە شەڕی لێ بەرپا ئەبێ.

١١٧. هەر هاتنێ حەتمی بێ نزیکە. «بۆیە خوا بە قیامەت ئەفەرمێ: سۆزی».

١١٨. هەزار وەکوو من و تۆ ئەباتە سەر ئاوو بە تینوویی ئەیهێنێتۆ. «ئەونە فرەزانە».

١١٩. هەموو ساڵێ لە سەر عەرزا وەکو یەك ئەبارێ با لە وڵاتانا کەم و زیادییان هەیە. «حەدیسە. ئاوی سەرزەوی بە هەڵمۆ ئەڕواتۆ بەرەو ئاسمان و بە ڕەنگ بەفرو باران و تەرزە و زوقم و سیخوارو شەونم پێتۆ بۆ سەر زەوی. ئەمە ئیشارە بە ئایەتی «والسّماءِ ذاتِ الرّجع» لە سورەی «والسّماءِ وَالطّارِق» ئەکا».

١٢٠. هەموکەس خاسی و خراپی هەیە   دنیا هەر وایە و دنیا نۆرەیە

١٢١. هەوای بەرم داویە لە سەرم   مەگەر هەولێ بەن بۆ چارە سەرم

١٢٢. هاوسێ لە هاوسێ ئەگرێ سەراسێ   ئەیخاتە کەڵەك کول دەنگ و باسێ

١٢٣. هاوسێ وەزەنی مەکە.

١٢٤. هیچکەس لە ئێوە ئیمانی تەواو نابێ تا حەز نەکا بۆ برای دینی خۆی ئەوەی کە بۆ خۆی حەزی لێ ئەکا. «حەدیسە»

١٢٥. هێسر وەختێ زاو، «کێکف» هاتە بەر   ئەوسا ئەبینێ باڵای سنەوبەر
«کوڕێکی بێکارە داوای ژن لە باوکی ئەکاو ئەویش وای پێ ئەڵێ. کێکف: دارێکی کێوسانییە کە هیچ بەرێکی نیە.».

١٢٦. هەزار کۆشکت بێ هەریەك لە ڕەنگێ   ئەی گۆڕێتەوە بە تەختە سەنگێ

***

پیتی <ی>

پەندی پێشینان

١. یاخوا ئەم خشە خشە هەمووی هەر شیر بێ.

٢. یاخوا هەر زستان زستان بێ، لە بەهارو پاییز نەکەوێتە سەری.

٣. یا کاغەز برِیان یا مەڵڵا مەردەن — یا خۆ عارتەن دۆس وە یاد کەردەن

غەمگین مەنیشە غەم بتدەر وە باد — فەڵەك نمازۆ کەس وە خاتر شاد

«شێخی "سراج الدّین" ی ئەوەڵ بێ تاقەت بووە و بۆ مەولەوی ئەو دوو شیعرەی نووسیوە. مەولەویش لە وەڵاما ئەنووسێ:

شێخی دەوڵەمەن بەهرەی سەرمەدی — یاگەی حەقیقەت، جیلوەی ئەحمەدی

جە شەو هەوراگە فەنای ویەردە — پای هەردە بەقا یا تاغە کەردە»

٤. یاخوا بەخێر بی مێوانی ئازیز — یا بە رۆژ بەهار یا بە شەو پاییز

٥. یاخوا ئەم دەس موحتاج ئەو دەس نەبێ.

٦. یا باوە گورگور، بەگورِ هاتم، بۆ کورِ هاتم.

٧. یاخوا ئەگەر ژن دۆسی بێ دۆسەکەی ژیر بێ، با ئابرِوویان نەروا.

٨. یاخوا ئەوە کە ساحێومالْ ئەزانێ، دز نەیزانێ، هیچ لە ماڵا نایەڵێ.

٩. یاخوا بەفرێ بیارێ، حەوشەکەمان داشارێ. «سروودی منالأنە»

١٠. یاخوا بە کورِی کەس نەڵێن ئازاو بە کچی کەس نەڵێن جوان. «با لە خۆ بایی نەبن».

١١. یاخوا بێ کورِی ماڵی وێران بێ، ئەگەرنا ئێوەش هیچ لە کورِ ناچن کە ئەدەب و هونەرتان نیە. «پیاوێکی گەورە بە دوو کورِی بێ کەڵکی خۆی وای وتووە».

١٢. یاخوا تاقانە بێ بەرەکەت بێ. «بە تاقانەیەك وا ئەڵێن کە لێی رازی نەبن»

١٣. یاخوا دووکەڵم نەچێ بە چاو کەسا. «واتە: ئازارم بۆ کەس نەبێ»

١٤. یاخوا ژن قنگ نەکاتە شەق، کەس چاری بۆ ناکریٚ.

١٥. یاخوا ژن نـەداتە لان بـیٚحـەیایی   بێڵەکان هەڵ ئـەگریٚ زەوی مـەگایی

١٦. یـاخوا شـێر لـە بێـشە نـەبڕیٚ   تایفـە پیـاوچاکی لـیٚ نـەبڕیٚ

١٧. یاخـوای گەورە، بیٚ خەم و بیٚ باك   بـمکە بە خـاتر شـاهەکەی لـەولاك

عەلاجـێکـم کـە کە بیٚ عـەلاجـم   لە هەر دوو دنیـا بـە تـۆ موحتـاجم

دەردم دەوا کە تـەواو بـە بـاشـی   مەمـخەرە بـەردەس نـەزان و ناشـی

دەوای فـاسدو عێـوەزیـم بـاتـیٚ   لە دوای خواردنی نەسـرەوم سـاتیٚ

١٨. یاخوا کاڵە لـەپی نەیێتە سەر قـەبرم   لە وەختـی بـەفرو سـەرمادا نـەمرم

١٩. یاخوا کای کۆنە ئاوری تیٚ نەچـیٚ   دڵـدار بـۆ دڵـدار تاقـەتی نەچـیٚ

٢٠. یاخوا شەڕو تڕ درگا بەکەس نەگریٚ

٢٠. یاخوا شەڕو تڕ درگا بەکەس نەگریٚ

٢١. یاخوا فرمان کەرم بمریٚ تەگبیرکەرم نەمریٚ. «بە گەورەی ماڵ ئەڵێن تەگبیرکەر».

٢٢. یاخوا قەزا کە هات لە دەرگای گەورەکە کـەوێت. «واتـە لـە حـەیوان نـەك لـە ئینسان».

٢٣. یاخوا کەم بیٚ و بە کەرەم بیٚ. «بە تاقانەیەك وا ئەڵێن کە لێی ڕازی بن».

٢٤. یاخوا نەگبەتی ڕوو نەکاتە هیچ ماڵیٚ. «واتە: ئاژاولە نەکەوێتـە بـەین خێـزان ئـەو ماڵە».

٢٥. یاخوا هەر ڕزقت سوار بێت و خۆت پیادە بی و هەر نەیگەیتیٚ.

٢٦. یاخوا هیچ ژنیٚ داوێن خۆی لـیٚ نەبیٚ بە دوژمن. «واتە: منالیٚ».

٢٧. یاخودای گەورە یاوێك و تاویٚ. «واتە: یاوێکم بۆ بنێرە و بە تاویٚ گیانم دەرچیٚ».

٢٨. یـا دانا بـە، یا پـرسـا بە. «با بە هەڵەدا نەچی»

٢٩. یار باقی و سوحبەت باقی.

٣٠. یارۆ وەسە گای مارۆ، «لە گاگەلێکا دیارە».

٣١. یاسین بە گوێی کەرا خوێندن هیچ نیە غەیری خۆ مانوو کردن.

٣٢. یا کەڕ بە بۆخۆت یا خۆت بکە بە کەڕ   دوور بە لە دەردو بەڵای سەگە شەڕ

٣٣. یاکەریم ئامان کێ عادەت کەردەن   تۆشە وە دەرگای کەریمان بەردەن

«مەولەوی لەگەڵ خوای خۆیا وای وتووە»

٣٤. یا کەسی بێکەس، یا کەسی بێ دەس   فریامان کەوە تەنگانەمان هەس

٣٥. یا کەسێ ناوی گەورەی دەوایە   یادی بۆ دڵ و دەروون شیفایە

٣٦. یا وەفای بۆخۆی نەبوو لە دنیا   یا کەسی نەبوو بیکا لەم دنیا

٣٧. یەزد دوورە گەز نزیکە. «لە جووابی کەسێکا وتراوە کە وتوویەتی: لە یەزدا چل گەز بازم بردووە».

٣٨. یەکڕوو و یەك خوو بە، دوو ڕوو و دوو خوو مەبە با باوەڕت پێ بکەن.

٣٩. یەك ساڵ بە کەڵەشێری بژی، باشترە لە سەد ساڵ بە مامری.

٤٠. یەکێ بوو یەکێ نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو. کۆسە مرد کفنی نەبوو. نایان بە تاقۆ، چاوی چوو بە زاقۆ. نایان بە سەرمیچۆ، ددانی چوو بە ڕیچۆ.

٤١. یەکێ کەمە، دووان خەمە، سیان خاتر جەمە. بۆیە سێیەمینە سوننەتە.

٤٢. یەکێ ماینی نەبوو، ئەچوو ئاخوڕی ئەبەست.

٤٣. یەکیەتی تاجە، یەکیەتی تەختە   یەکیەتی نەجمە، شانی خۆشبەختە

٤٤. یەکێ نانی نەبوو، ئەچوو پیازی ئەسەند.

٤٥. یەکیەتی گەل زامنی سەرکەوتن و سەربەرزییە

تاکو من ماوم هومێدم هەس بە ئەم سەربەرزییە

٤٦. یاخوا داکاتە باران بۆ فەقیرو هەژاران. «سروودی منالان بووە بۆ باران بارین».

٤٧. یا ڕەب بۆ خاتر کۆمەڵ ئەولیا   بە نووری پاکی هەموو ئەنبیا

لابە لە دڵم خەفەت و قەسوەت   ئاخرم بێنە لە سەر سەعادەت

عەفوم کە لەگشت خەتاو تاوانم   سەبتی دڵم کە نووری ئیمانم

***

بەشی دووهەم

دەوای پیشینانی خۆمان

دەوای پێشینانی خۆمان

کتێبی کەلەپووری کوردی بەشی دووهەم

نەخۆشینی خۆمان بە گژو گیای خۆمان دەرمان ئەکەین. عەواریزی نیە و خەرجی کەمترە و نەفعی زۆرترە، وە کەمتر ئەگەڕین بە شوێنیا.

١. ئیسهالی: نەعنا (یا: پونگە) بە چایی یا بە هەر جۆری‌تر بیخۆی.

٢. نەخۆشی پێستی (وەك: خارشت): (١- قازیاخە (٢- گەزنە، بە هەرجۆر بۆت ئەخورێ بیخۆ.

٣. ئەسپەندەر (قانگ): دەوای ڕۆماتیسم و دیسك کەمەرو دەردی جومگەکانە. شەو بە کەفلەمەیێ بیخۆو ئاو بخۆ بە سەریا.

٤. بۆ زەخم و ئێش مەعیدە و ئاو سێفە زەمینەی کاڵ و بەڕووی دار بەڕوو زۆر چاکن.

٥. بۆ ژنێ تازە منداڵی بووبێ: خواردنی خورما باشترین خۆراك ودەوایە. «حەدیسە»

٦. بۆ زەخمێ تازە کە خوێن ڕێژی ئەکا: ئاردی ترشی سماق کە بیکەی بە سەریا، فەورەن بەربەسی خوێنەکەی ئەکا.

٧. بۆ ڕەوانی میعدەی گەورە و بچووك: خەیار چەمبەر (ڕووەکێکە کە بە زۆری لە وڵاتی هیندوستاندا ئەڕوێت، وەك ترۆزی دریژە بەلاّم ئەم ڕەنگی ڕەشە و باریکترەو ناوکی کەمتری تێدایە. ئەم خەیار چەمەرەش لە کوردەواریدا بۆ چارەسەری نەخۆشی باژێڵەی منالّ بەکار ئەبرێت)، ناوك و تۆمەکەی لابە و لە ئاوا بیتاوێنەرۆ و بیخۆ.

٨. بۆ گمیزە چرکێ ئاوی کووزەڵە باشتر دەوایە، خۆت مەکە هەڵە ئاوی توووریش هەر باشە.

٩. بۆ تەقویەت و تەسفیەی خوێن: تا ئەتوانی تەماتە سوورە بە کاڵی و کوڵاوی و برژاوی بـخۆ.

١٠. بۆ لابردن سەرئێشە و کاسی سەر: بۆنی نەرگس و وەنەوشە زۆر باشە.

١١. بۆ سینۆزیت: هەڵمی گوڵە حاجیانە کە بچێ بە سەر نەخۆشەکەدا، زۆر باشە.

١٢. بۆ خوێن ڕێژی ژنان کە زیاتر بێ لە عادەت: چەن مسقاڵێ زیرە، نیوەی بۆ بدات لەبەر ئاورو هەردوو بەشەکە تێکەڵ بکاو بیکاتە ناو حەلیماوی پلاوێ کە لە ئاوا لینجی بداتۆ و بیخوات.

١٣. بۆ کەسێ کە سەری زەربەی لێ کەوتبێ: ئاردی جۆ بە ئاوی ڕیشەی هەڵمەڵە، بیکە بە هەویرو تێی بگرە.

١٤. بۆ لەبەین چوون کرمی میعدە: خواردن چێشت پەڕشە دەوایە.

١٥. بۆ کەم کردن چەوری خوێن و نەخۆشینی شەکرە (مرض قند): چای گەڵا گوێژ دەوایە.

١٦. بۆ ڕوانی و قووەتی چاو: هەلیلەی سیا دانە قووتی بدەی زۆر چاکە. هەروەها ئاوی گێزەریش (هەویج).

١٧. بۆ قۆزە و سەرما خۆاردن: چایی زوفا یا هەزبێ کێویلە یا گوڵە حاجیانە. هەنگوێنیش هەر باشە.

١٨. بۆ سەرئێشە: هەڵمژینی خوێ ورد بە لووت تا ئاو دێ لە چاوت، چاك ئەبیتۆ.

١٩. بۆ لە بەین چوون کرمی ناوسك: گەڵا ڕێواس زۆر باشە بە تایبەت بە یاپراخ. (دۆڵمە)

٢٠. بۆ تەنگە نەفەسی: گوڵی گۆزروان کە بە چاییۆ بیخۆیت.

٢١. بۆ بەردی گورچەویلە (سنگ کلیه): شووتی، چای گەڵا زوورڕەت یا پێکۆڵ یا قەیتەران یا خواردن چێشتی پەڕشە.

٢٢. بۆ سینە ئێشە: چایی گوڵە باخی، بەی بە پیشاوی یا ناوکەکەی، یا چایی گەزنە و گۆزروان.

٢٣. بۆ هەڵوەرینی موو: گەزنە بخۆ یا وەنەوشە، کەوچکە چاییێ وەنەوشەی وشك بکە ناو پیاڵەیەك و ئاو گەرم بکە بە سەریا، سەری بنێرۆ تا دەم ئەکێشێ، جا بیخۆ.

٢٤. بۆ خارش بەدەن: چایی چەقچەقە یا شاتەرە. وە خاك شیر بە کەفلەمەیی بیخۆو

ئاو بکە بە شوێنیا.

٢٥. بۆ سك ئێشە: چایی ولە زەردە یا زۆفا یا گوڵە حاجیانە یا هەزبێ کێویلە.

٢٦. بۆ چاوێ کە کەم بینا بێ: دووکەڵی خەربەنگ دەوایە.

٢٧. بۆ سەر زەخم: گەڵای گوێ بەرخیلە بـخەرە سەری.

٢٨. بۆ فشار خوێن: گەڵای زەیتوون بکە بە چای کەم ڕەنگ و بیخۆ، یا ڕیشەی ڕێواس.

٢٩. بۆ چاوێ ئێش بکات و ماسییێت: یەکێ لەمانە بـخەرە سەری (١- گەڵای فاتـمە دارو (٢- گوڵی هێرۆ (هەرمەڵە) (٣- گەڵا بی (٤- گەڵا ڕکێشە. ئەمانە بۆ سەر برینیش باشن.

٣٠. بۆ گرفت و بێ ئیشتیهایی میعدە: سێف خواردن.

٣١. بۆ بەردی گورچیلە (سنگ کلیە) و چڵکی کاکۆڵ: گەنـمە شامی و تووی گنۆڕو قەیتەران و پەیکوڵ بە جیا یا بە تێکەڵی بیکە بە چای و هەر ڕۆژێ چوار جارو هەر جارێ یەك لیوان لە بەرو دوای خۆراکا بـخۆ.

٣٢. بۆ چڵکی سینە و دەنگ گیران: تووی گەڵا ڕکیشە بیکە ناو ئاو با تەواو بخووسێ، جا بە جارێ بیخۆ.

بۆ نـموونە ئەمانـمە نووسی، تۆ بۆ دەردەکانت دەوای لەم جۆرانە پەیا بکە. خۆت زەلیلی دەوا و دوکتۆر مەکە. «باشتر وایە بۆ زانیاری زیاتر لە ئەم دەردو دەرمانانە تەماشای کتێبی "گژو گیاو ئاژەڵ" دانراوی "میرزا صدیق ئەحمەد چنگیانی" بکەی».

***

بەشی سێهەم

سرودی نەورۆز

سروودی نەورۆز

کتێبی کەلەپووری کوردی بەشی سێهەم

نەورۆزە، دڵم تازە بووەتۆ   بە فەسڵی بەهار کە شاد بووەتۆ
نەورۆز لە زوو ئینتیزار ئەکەم   بە هەوای خۆشت دەردم چارەکەم
دایە پێم بدە زوو جەژنانەکەم   بە خۆشی با بچم بۆ سەیرانەکەم
بەهاربەخێر بێ، فەسڵێکی خۆشی   دەرمان و دەوای دەردی نەخۆشی
بەهار بەخێر بێ، فەسڵی گوڵانی   فەسڵی وەسڵەتی بەینی دڵانی
دیلی و ئەسیری، فەسڵی زسانە   بەهار ئازادی و فەسڵی گوڵانە
فەسڵی بەهارە، دنیا ڕەنگینە   بە ئەنواعی گوڵ زەوی نەخشینە
بولبول ئەخوێنێ بە سەر چڵانا   داخ ئەنێ بە سەر جەرگ و دڵانا
بەفراوان ئاویان لێ ئەبێ جاری   هەر وەکو باران هەوری بەهاری
هاژەی شەتاوان بۆ عەتری شەوبۆ   ئەدا لە دەماخ چەن وەك من و تۆ
تەبیعەت هەر شت ئەجوولێتەوە   هەر جنسێ هاوجووت ئەدۆزێتەوە
هەریەك بە جۆرێ ئاواز ئەخوێنێ   هەریەك بە ڕەنگێ خۆی ئەنوێنێ
بەهار بە وێنەی بەهەشتی بەرین   خوا نیشانیەدا لەڕووی سەرزەوین
بۆ ئەوە بەشەر شوکری خوا کا   بە تاعەت تەمای بەهەشت پەیا کا
بزانێ خالیق ئەم ڕەنگاو ڕەنگە   ئەم گوڵ و گوڵزار، باخە قەشەنگە
تەنیا ئەڵڵایە پاك و بێ باکە   لە هەموو عەیب و نوقسانێ پاکە
بەهار دووبارە هاتۆ بۆ لامان   تاوێ با خەفەت لاچێ لە لامان
بە بینینسەوزی وگوڵ وگوڵزاری   هاژەی شەتاوان کە ئەبێ جاری
دڵ هەر وەك گوڵ ئەگەشێتەوە   ئەنواعی ئەفکار ئەبەخشێتەوە
بەهارە موحتاج بە دوو نەهارە   ڕۆژگار درێژە و گەرمەیی کارە

***

بەشی چوارەم

چوار وەرزەی ساڵ و

دوازدە مانگە

چوار وەرزی ساڵ و دوانزە مانگە

کتێبی کەلەپووری کوردی بەشی چوارەم

چوار وەرزی ساڵ:

چوار وەرزی ساڵ و دوانزە مانگەی ساڵی کۆچی هەتاوی و مانگی لە یەك ساڵا دەسیان پێ کردووە و ئەویش ساڵی «هیجرەتە». کۆچ کردنی پێغەمبەر حەزرەتی موحەممەدﷺ لە مەککەی موکەڕڕەمەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە کە خوا لێ خۆشبوو حەزرەتی عومەری فارووقؓ کردی بە تاریخی ئیسلامی و لە تاریخی زاینی جیای کردەوە. تاریخی میلادی واتە مێژووی لە دایك بوونی حەزرەتی عیساؑ کە لە هەموو ساڵێکا لە یازدەی زستاندا دەس پێدەکات و ئێستا ٢٠٠٤ی میلادی‌یە و ساڵی میلادی وەکوو هەتاوی و کوردی وەهایە و سەرساڵەکەی ناگۆڕێ.

تاریخی هەتاوی (شمسی) و کوردی هەردوو لە نەورۆزا دەست پێ ئەکەن و لەوەو پێش لە هەموو ساڵێکا دوو جەژنیان گرتووە. جەژنی نەورۆزو جەژنی میهرەجان کە لە ئەوەڵی پاییز بووە و ئێستا لاچووە.

ساڵی شەمسی ٣٦٥ ڕۆژو شەش ساعەتە و چوار وەرزی ساڵی هەیە: بەهار، هاوین، پاییز و زستان. هەر وەرزێ سێ مانگی هەیە. بەهار ٩٣ ڕۆژە و هەر مانگێکی ٣١ ڕۆژە. هاوین ٩٣ ڕۆژە و هەر مانگێکی ٣١ ڕۆژە. پاییز ٩٠ ڕۆژە و هەر مانگێکی ٣٠ ڕۆژە و زستانیش ٨٩ ڕۆژە و هەر مانگێکی ٣٠ ڕۆژە. بەڵام مانگی ئاخری زستان ٢٩ ڕۆژو شەش ساعەتە کە بە چوار ساڵ ئەبێ بە ٣٠ ڕۆژو ئەو ساڵە پێی ئەڵێن ساڵی کەبیسە.

نەفەرێ کە ژیانی زۆر پێ خۆش بووە، ئاواتی خواستووە کە هەتا هەتایە خوا نەیمرێنێ و وتوویەتی خوای گەورە:

بەهار مەمکوژە، وەرزی گوڵانە
هاوین مەمکوژە، گۆشتە گەنانە
پاییز مەمکوژە گەڵاڕێزانە
زستان مەمکوژە بەفرو بۆرانە

	مانگەکانی وەرزی بەهار	مانگەکانی وەرزی هاوین	مانگەکانی وەرزی پاییز	مانگەکانی وەرزی زستان
کوردی	خاکە لێوە (نەورۆز)	پووش پەڕ	ڕەزبەر	بەفرانبار
فارسي	فروردین	تیر	مهر	دي
ڕۆژ	٣١	٣١	٣٠	٢٩
کوردی	گوڵان (بانە مەڕ)	گەلاوێژ	گەڵاڕێزان	ڕێبەندان
فارسي	اردیبهشت	مرداد	آبان	بهمن
ڕۆژ	٣١	٣١	٣٠	٢٩
کوردی	جۆزەردان	خەرمانان	سەرماوەز	ڕەشەمە
فارسي	خرداد	شهریور	آذر	اسفند
ڕۆژ	٣١	٣١	٣٠	٢٩

ساڵ لە نەورۆزۆ ئەوا بۆ نەورۆز، ٣٣ ساڵ و چوار مانگی پێ ئەچێ و ئەوە پێی ئەڵێن قەرن. وە لەوساوە تاریخی هیجری دەسی پێ کردووە. لە موحەرڕەمەوە تا ئێستا ٤٣ دەوری داوەتەوە کە ٤٣ قەرنە و ساڵی شەمسی لە دوای نەورۆز بەرەو بەهار ئەڕوات.

ئێستا ساڵی ١٤٢٥ هیجری قمریە (کۆچی مانگی)و ساڵی ١٣٨٣ هیجری شمسیە (کۆچی هەتاوی). بەوجۆرە قەمەری ٤٢ ساڵی لە شەمسی زیاترە کە ٤٢ دەوری تەواو کردووە. ئەم ساڵی شەمسی و قەمەریە لە پێش ئیسلامدا هەر بوون، وەکوو ئایەتی ٢٤ سوورەی «الكهف» بەیانی ئەکا: ئەسحابی کەهف ٣٠٠ ساڵ بە خەوتوویی لە غارەکەدا مانەوە بە ساڵی شەمسی، کە بە ساڵی قەمەری ٣٠٩ ساڵ بووە. یان ٩ قەرنی ئیسلامی، یان ٩ دەورە.

لە ئەوەڵی بەهارا ١٨ ڕۆژی پێی ئەڵێن سێ شەش و ١٢ ڕۆژی پێی ئەڵێن سێ چوار، کە ئەمە ٣٠ ڕۆژە. جافی وتوویەتی:

لەعنەت نامـەت بێ نەچیتە هـەوار   هەتاکوو نەڕوا سێ‌شەش‌و سێ چوار

وادیارە لە پێش ئەو وەختا چوونەسە هەوارو لە ژێر دەوارا لێیان قەوماوە، بۆیە وایان وتووە.

لە ٤٣ ی بەهارۆ تا ٥ ڕۆژی پێی ئەڵێن تارو باران بڕان و دوای تار کە باری پێی ئەڵێن بەختە باران. لە جێیەکا بەختیان بێ باران ئەبارێ و ئیتر عادەتەن ئەبێ تا نیوەی پاییز باران نەبارێ و لە نیوەی پاییزا ئەڵێن حەقە پەڵە کە عادەتەن ئەبێ باران ببارێ.

لەمەو پێش کەرەی تاریان هەڵنەئەگرت و ئەیانکرد بە ئیحسان و زیافەتی و ئەیانوت «کەرەی تار ناچێتە بار» و هەرکەس لە تارا بە ڕۆژا بخەوێ تا ئەو ساڵە تەواو ئەبێ، خەواڵوو ئەبێ و ئەیانوت فلان کەس وەکوو پێنج ڕۆژی تار وایە لە سەر هیچ حەسابێ نیە بۆیە کەڵکی پێوە نیە.

چل ڕۆژی ئەوەڵی هاوین پێی ئەڵێن «چلەی هاوین» و لە ناوەڕاسی هاوینا هەسێرەی گەلاوێژ دەرئەکەوێ. ئەم هەسێرە کەم کەم لە بەیانیانا دەرئەکەوێ و بازێ مێوەی کێوسانی وەکوو ترێ و تەماتە پێ ئەگاو پێی ئەڵێن مێوە ڕەسان و لەو کاتەدا وەختی «کۆڵە بەسە» یا ئاوەنیایە. لەوە پێش لە ئەوەڵی پاییزدا جێژنێکی باشیان گرتووە بە ناوی جەژنی میهرەجان. لە خۆشی حاسڵ و مێوە پێگەیشتنی ئەو ساڵە.

لە پاییزدا بە تەواوی دەس ئەکرێ بە جووت و توو وەشاندن بۆ ساڵی داهاتوو. لە سەرمای پاییزدا کەم کەم گەڵای دارەکان ئەوەرێت و ئەبێ زۆر لە سەرمای پاییز خۆپارێزی بکرێ تا پاییزە ڕێز نەبین.

وەرزی زستان داستانی زۆرە، لەبەر ئەوە کە زەحمەتی زۆرە و بە تایبەتی بۆ دێهاتیش. لە بازێ جێدا وەك شاری سنە کە وەسیلەگەلێ وەك یەخچاڵ و ماشین نەبووە، بە زەحمەتێکی زۆر شووتییان هەڵئەگرت بۆ شەوی «یەلدا» (ئەوەڵ شەوی زستان) کە لە هەموو شەوێ درێژترە و بە خۆشی دائەنیشتن و ئەیانخوارد.

لە ئەوەڵی زستانۆ تا چل شەو پێیان ئەوت «چلە گەورە» و بیست ڕۆژی تریان دائەنا بە «چلە بچووك» و ئەمە دوو مانگی ئەوەڵی زستان بوو.

بازێ لە کوردان ئەڵێن: لە نیوەی زستاندا کوڕێکی سەیادی کورد ئەچێتە هەردو کۆڵێ ئەنێتە کۆڵ کە بە ئەندازەی نیوەی دنیا قورسە و ئارەقی زۆر ئەکات و دوای ئەوە

هەوا خۆش ئەکات بازێ تریش ئەڵێن: لە نیوەی زستانا پشکۆی گەورە دائەکەوێ و هەوا خۆش ئەکا.

حەقیقەت ئەوەیە کە لە نیوەی زستان بەولاوە بەلای بەهارا ئەچین و ڕۆژگار درێژ ئەبێ و هەوا خۆش ئەکا.

هەورامانی و ئەو پێنج دێیە کە وان بە دەوری پیرشالیارا، شار «هەورامانی تەخت»، «سەرپیر»، «ڕوەوەرێ»، «کەمالا» و «وەیسیا» لە نیوەی زستاندا چیرۆکی زەماوەنی پیرشالیار ئەگێڕن و بە لێنان چێشتێك کە هەر تایفە زووتر لێیان ناوە و بە زکری تایبەتی کە زووتر کردوویانە و بە هەڵپەڕکێی تایبەتی ئەو وەختە و بە حەیوان سەربڕین و ئیحسان بۆ ئەو زەماوەنە و لەو ڕۆژەدا بەفری سەر پیرشالیار ئەماڵن و مەشهوورە دوای ئەوە هەوا خۆش ئەکات و ئەڵێن شوێنێکیان پەرژین کردووە بۆ مەنعی بەفر بە ئەمری خوداو ئیتر بەفری لێ نەباریوە.

دوای نیوەی زستان، پێنج ڕۆژ ناوی «هەمە دیلە» کە هەموو کەسێ لەو ڕۆژانەدا وەسە دیل و پێنج ڕۆژی تری ناوی «بزنە کۆڵە» کە لەو ڕۆژانەدا پیاوێ تەنیا بزنە کۆڵێکی بووە و لەبەر بێ تفاقی سەری بڕیوە.

زستان کە یەك مانگی ئەمێنێ، ١٨ ڕۆژی پێی ئەڵێن «برجی کەو» کە لەو ڕۆژانا کەو لە گەرمیانۆ دینۆ بۆ کێوسان و خەڵك دەس ئەکەن بە ڕاوی کەو. ١٢ ڕۆژی ئاخری مانگی زستان پێی ئەڵێن «برجی ترازو» کە هەسێرەیەك لەو وەختا لە بەیانیانا دەرئەکەوێ و پێی ئەڵێن ترازوو و بە ئارەزوو ئەبارێ.

لە ٢٠ ڕۆژی ئاخری زستان بەولاوە، حەوت ڕۆژی پێی ئەڵێن «سەرما پیرە ژنانە» (برد العجوز) و سێ ڕۆژی ئاخری پێی ئەڵێن «خاتوو زەمهەریر» کە لە لاسەرەکانی ئەچرێت و تەرزە ئەبارێ.

***

بەشی پێنجەم

کات و ساتی نویرێژ

کات و ساتی نوێژ

کتێبی کەلەپووری کوردی بەشی پێنجەم

تا کات و ساتی نوێژ نەزانین ناتوانین نوێژ بکەین

لە ئەوەڵی بەهارا، ڕۆژگار لە خۆر کەوتندا تا مەغریب ١٢ سەعاتە و لە مەغریبا تا خۆر کەوتن ١٢ سەعاتە و ئەم مساواتە، پێی ئەڵێن «ئیعتدالی ڕەبیعی» واتە: ڕێك وێساندنی شەوو ڕۆژی بەهاری. وە لە نەورۆزەوە کەم کەم ڕۆژگار سێ سەعات زیاد ئەکاو تا ئەگاتە هاوین تەقریباً هەر ڕۆژێ ٢ دەقیقە و هەر مانگێ یەك سەعات. لە ئەوەڵی هاوینا ڕۆژگار لە خۆر کەوتنا تا ئێوارە ١٥ سەعاتە و لەوێوە کەم کەم تا پاییز سێ سەعات کەم ئەکات و هەر مانگێ سەعاتێ و هەر ڕۆژی ٢ دەقیقە. لە ئەوەڵی پاییزدا، لە خۆر کەوتنەوە تا مەغریب ١٢ سەعاتە و لە مەغریب تا خۆر کەوتن ١٢ سەعاتە. ئەم ڕێك وێساندنی شەوو ڕۆژە پێی ئەڵێن «ئیعتدالی خەریفی» واتە ڕێك وێساندنی پاییزی.

لە ئەوەڵی پاییزەوە تا ئەوەڵی زستان، ڕۆژگار ٢ سەعات کەم ئەکات و هەر مانگ ٤٠ دەقیقە و هەر سێ ڕۆژ ٤ دەقیقە.

لە ئەوەڵی زستاندا ڕۆژگار ١٠ سەعاتە و شەوەکەی کە شەوی «یەلدا» یە لە هەموو شەوێ درێژترە و ١٤ سەعاتە تا خۆر دەرکەوتن. لەوێوە ڕۆژگار کەم کەم تا ئەگاتە بەهار ٢ سەعات زیاد ئەکات و هەر مانگێ ٤٠ دەقیقە و هەر سێ ڕۆژ ٤ دەقیقە.

فاییدە لەم باسانە ئەوەیە کە یەکێك لە شەرتەکانی نوێژ، زانینی داخڵ بوونی وەختی نوێژەکەیە. بە فەرمایشی خوا لێ‌خۆش بوو ئیمامی غەزالی لە کتێبی «احیا العلوم»دا لە باسی کاتی چاشتە نوێژدا: ئەبێ ڕۆژگار لە خۆر کەوتنەوە تا ئێوارە بیکەی بە چوار بەش و لە ئەوەڵی بەشی دووهەمدا نوێژی چاشتە کەماڵ پەیا ئەکا، لە ئەوەڵی بەشی سێهەمدا نیوەڕۆ ئەبێ و لە ئەوەڵی بەشی چوارەمدا نوێژی عەسرو لە ئەوەڵی تاریکی و کاتێك کە خۆرئاوا ئەبێ، کاتی نوێژی مەغریبە.

لە تاریکی دووهەم کە تەواو دنیا تاریك ئەبیٚ نوێژی عیشا ئەبیٚ و مەغریب نامێنیٚ. بە فەرمایشی ئەو بەڕێزە: عەلامەتی ئەم تاریکی دووهەمە دەرکەوتنی چەرخ و فەلەکە کە پێی ئەڵێن ڕێی «کهکشان» لە ئاسماندا و کەسیٚ لە دەشتا تەجروبەی بکا لە ٥٠ دەقیقە دوای مەغریبدا دەرئەکەویٚ و لەو کاتەوە تا

تلووعی فەجری سادق کە بە کەناری ئاسماندا بڵاو ئەبێتەوە نوێژی عیشا ئەمێنیٚ.

ئەوەڵی نوێژی بەیانی هاوکاتە لەگەڵ تلووعی فەجری سادق تا خۆرکەوتن و ئێستا بە بۆنەی کارەباوە تلووعی فەجرمان بۆ مەعلووم نابیٚ و دونیا ڕۆشنە، ئەوەندە هەیە کە هەروەخت خۆر کەوت یەك سەعات و نیو بەر لەوە تلووعی فەجرە و کاتی نوێژی بەیانی‌یە.

نوێژی بەیانی بوو، پرسم کرد بە مەرحوومی باوکم کە لە دوای خۆر کەوتن ئایا کەی باشە نوێژی چاشتە بکری؟ فەرمووی ١٠ دەقیقە دوای خۆر کەوتن، وەلیٚ دەرەجەی کەماڵی ئەوەتە کە چواریەکیٚ لە ڕۆژ بڕوا، جا بیکەی.

لەبەر ئەوە کە بەرو دوا خستنی نوێژ گوناهی کەبیرەیە و ئینسانی پیٚ فاسق ئەبیٚ و نوێژی لیٚ وەرناگیریٚ، پێویستە کە هەموو موسڵمانان کات و ساتی نوێژەکان بزانن با تووشی گوناهی کەبیرە نەبن و خودا نوێژەکانیان قبووڵ بکات.

حەزرەتﷺ بەیانی ئەو شەوە کە هاتۆ لە میعراج نوێژی بەیانی نەکرد لەبەر ئەوە نەی‌ئەزانی کەی وەختی نوێژی بەیانی‌یەو چۆن ئەکریٚ. بۆ نیوەڕۆ حەزرەتی جوبرەئیل تەشریفی هێناو لە ئەوەڵی وەختەوە نوێژی پێنج فەرزەی بە جەماعەت لەگەڵا کردو بۆ ڕۆژی داهاتوو نوێژی پێنج فەرزەی لە ئاخرین وەختەوە کرد لەگەڵیاو فەرمووی: ئەم بەینە کاتی پێنج فەرزەکەی نوێژی ئێوەیە، بۆ خۆت و بۆ هەموو ئوممەتت.

***

بەشی شەشەم

ڕێ پێوان لە ڕێی خوادا

ڕێ پێوان لە ڕێی خوادا

کتێبی کەلەپووری کوردی بەشی شەشەم

ڕێ پێوان لە ڕێگەی خوادا چەن جۆرێکی هەیە:

یەکەم: ڕێ پێوانی ساڵە و ساڵە کە واجبە لەسەر کەسانێ کە دەسیان ئەڕوات لە سەراسەری عومریاندا یك جار بڕون بۆ حەج و عومرە کە ئەگەر نزیك بێ بە پێ بڕۆن و ئەگەریش دوور بێ بە وەسیلە بڕۆن.

دووەم: ڕێ پێوانی مانگییە، کە ڕۆیشتنە بۆ نوێژی جێژنی ڕەمەزان لە ئەوەڵی مانگی دوای ڕەمەزان کە پێی ئەڵێن شەوال و ڕۆیشتنە بۆ نوێژی جێژنی قوربان لە دەهەمی مانگی قورباندا، کە پێی ئەڵێن «ژی حجە» و لەو مانگەدا حەج بەڕێوە ئەچێ.

سێهەم: ڕێ پێوانە بۆ نوێژی جومعە لە هەر حەوت ڕۆژا یەك جار.

چوارەم: ڕێ پێوانی واجبە بۆ بەجێ هێنانی نوێژی پێنج فەرز کە تا مومکینە ئەبێ لە مزگەوتا بە جەماعەت بکرێ.

پێنجەم: ڕێ پێوانی واجبە بە شوێن فێر بوونی دین و عیلم و سەنعەتدا.

شەشەم: ڕێ پێوانی واجبە بۆ جیهادو جبهە گرتن بەرانبەر بە هێرشی دوژمنی دینی ئیسلام بۆ سەر ماڵ و نامووسی موسڵمانان و بۆ دفاع تێکۆشێ تا ئەو کافرانە بە تەواوی لەبەین بچن.

جیهاد لەگەڵ نەفس و شەیتانا، جیهادی ئەکبەرە. پێویستە هەموو ئینسانێ لەگەڵ نەفس و شەیتانی خۆیا جبهە گیری بکات کە ڕەفیقی شەوو ڕۆژی ئینسانن. لە منالییەوە هەتاکو جوانی و تا پیری و تا مردن، نەفس و شەیتانی بە تەواوی هەوڵ ئەدەن کە لە هەر وەختێکا بۆیان ڕێ بکەوێ، ئینسان لە خەتی ئیسلام دوور بخەنۆو بیخەن بە ڕێگای فەساداو هەرچی مەسڵەحەتی دین و دنیای وا تێدا نەیکاو قاتی و پاتی کەن لەگەڵ دنیاو ئەهلی دنیاو فەسادا. ئەوان حەز ئەکەن ئینسان فاسدو فەساد کار بکەن و بەرەو گوناهی ببەن و لە ئەنجامدا بەرەو جەهەننەمی بنێرن.

ئینسانیٚ کە خوا خاسی بۆ بکا، هەولٚ ئەدات بۆ ئەوە کە هەرچی نەفس و شەیتان پێیان خۆشە، وا نەکات و بەردەوام بیٚ لەسەر موخالەفەیان. ئەگەر ڕایەك خلٚەتاو بە گوێی کردن فەورەن تۆبە بکات.

هەرکەس هیچکام لەم ڕیٚ پیٚوانەیە نەبیٚ، چۆن بە خۆی ئەلٚیٚ موسولٚمان؟!....

***

بەشی حەوتەم

باس و بابەتی جۆر بە جۆر

باس و بابەتی جۆربە جۆر

کتێبی کەلەپووری کوردی بەشی حەوتەم

دەرخستنی دەردو بەڵای تریاك...

ڕۆژوو دەوای نەخۆشی بەدەنە و باعیس ڕەزای خوایە...

سکاڵای دێهاتی...

سکاڵای مناڵە عازەبەکانمان لە کوڕو لە کچ...

سکاڵا بۆ دەربەدەری کوردو ناکۆکی بەینی خۆیان...

نـاسینی هـەورامـی...

موناجاتی مەلا ئەبووبەکری چۆڕی...

دەستووری مردوو بەڕێ کردن بۆ قەبر...

دەرخستنی دەرد و بەڵای تریاك

ئەوەی کە زەلیل کێشان تریاکە — لە من ئەپرسی، ئیعدامی چاکە
چونکە موفسیدی «فی‌الارض»ن ئەوان — خەڵکی ئاسوودەن بە نەبوون ئەوان
ئەوەی کە هیوام بە تۆیە کاکە — کە تۆم خۆش ئەوێ تەرکی تریاك کە
تریاك تەرکت ئەکا لە خەڵکی — تەرکی کە هەتا پیاوی بە کەڵکی
تریاك کە زۆری لێ سەندی و کەوتی — لە هەردوو دنیا نەحس و بەدبەختی
ڕزقی منالّت مەدە بە دووکەڵ — خۆت ڕەقۆ مەکە وەك مەشکەی دووکەڵ
منالّ بە هیوای بەرگ و خۆراکە — مەیدە بە دووکەڵ بۆ ئەوان چاکە
ئەم هەموو پارە بە یەك هەناسە — مەیدە بە تریاك، بۆ ئەوان خاسە
تریاك ئەتکێشێ بۆ لای هیروئین — درت ئەکا تەواو لە دین و ئایین
بۆ بەشەر حەیفە کە وایە لێ بێ — ئاگای لە دین و دنیای خۆی نەبێ
تەرکی ئەو نەکەی، ئەو تەرکت ئەکا — ڕیسوای ناو قەوم و عەشرەتت ئەکا
سیگار کێشانیش، سووکە تریاکە — بایس خەسارو ڕەنج و هیلاکە
دەیسا تووڕی بە هەتا ئەتوانی — جا پیاوی ڕێك و پێك و جوانی
عەقڵ جیاوازی هۆزی ئینسانە — لە دەسی نادا ئەوەی ئینسانە
حەیفە بۆ ئەوەی ئینسان و کوردە — زەلیلی بەردەس تریاك و گەردە
تریاك و حەشیش، گەردو هیروئین — مەرتەبەی بەرزت دێنن بۆ پائین
هەتاکو مردن لە سەر تەرکەکەی — بڕۆی هەر هێشتا زەرەرێ ناکەی
تەرکی کە هەتا بە پێوە ماوی — یا خوا دوژمنیش نەچێتە داوی
هەرکەس بیکوژێ یا تەمای تێ کا — ناتوانێ دیفاع لە نەفسی خۆی کا
شەراب و ئارەق هەر وەك تریاکە — سەبەب نەبوونی و مەرگ و هیلاکە
منالّ ڕەش و ڕووت بێ نان و ئاوە — ئاغەی تریاکی کەی ئەوە پیاوە

ئەوەی کە لە گیان خۆشەویستره تەنیا ئابرووتە، نەك شتیتره

نەخۆشینەکەی واگیرە تریاك نەك تۆ، عالەمێ ئەخاتە هیلاك

حەشیش و گەرد و مەقاش و مەنگەڵ لایبە مەمکوژە بە چەقە دووکەڵ

هەزارو سێسەد کە حەفتاو حەوتە لایبە، تووڕی دە ئەم قوزەڵقۆرتە

ناوم ئەپرسی، میم و عەینێکە ئامادەم کردووە ئەمە بەینێکە

***

ڕۆژوو دەوای نەخۆشی بەدەنەو هۆی ڕەزامەندی خوایە

بسم‌الله ئاغازو ئەوەڵی کارە / دوایی حەمدو سەنای پەروەردگارە
سەڵات و سەلام بۆ «خیرالانام» / بۆ یارو پەیڕەو تا ڕۆژی قیام
ئێمەیش بەرکەوین، ئەهلی ئیمانین / ئوممەتی ڕەسوول ئاخر زەمانین
ئەی قەومو عەشرەت،هۆزی موسوڵمان / ڕۆژووی ڕەمەزان فەرزە لە سەرمان
ڕۆژووی ڕەمەزان فەرزی خودایە / سوننەت و ڕێگای «رسول‌الله» یە
هەڵسن بۆ پارشێو، پارشێو سوننەتە / پارشێو مەخسووسی خێری ئوممەتە
پارشێو کە هێزی دڵە بۆ بەشەر / چاکتر وەهایە بیخەیتە سەحەر
سەحەر شەش یەکی ئاخری شەوە / نوێژو پارشێو کە، تیایا مەخەوە
خەوو ئیسراحەت لە خۆت شێوێنە / ئەم یاسا جوانە بە دەسی بێنە
هەرکەسێ ئاگای برسیەتی زانی / قەدرو حورمەتی نیعمەتی زانی
جا کەوتە تەکبیر فەقیرو هەژار / دەس کا بە بەخشش لەم بارو لەو بار
شوکرو سوپاسی خودا بە باشی / جێ بە جێی ئەکا، نەك وەکو ناشی
ئەوە تەجرەبە ئیسباتی ئەکا / دەرسی مامۆستا ئیسباتی ناکا
تەجرەبە یەکێ لە دەلایلە / بە شك و شوبهەی زۆر کەس زایلە
با ڕۆژوو بگرین گشتمان بە تێکڕا / هات و حەیاتمان ناکاو لێ بڕا
دوا خستنی پارشێو سوننەت و خێرە / دوا خەری پارشێو گورجکی تێرە
تێر بخۆو هەڵسە بۆ نوێژ بەیانی / یاسای ئیسلامت گشت بە جێ هانی
لە تەواو ڕۆژا دەمت ببەسە / لە غەیبەت خەڵك و درۆو دەلەسە
با ئازای گیانت گشت بە ڕۆژوو بێ / تێکەڵاو گوناه و بێ شەرعی نەبێ

زوانت خەریکی زیکری خودا بێ
زاهیرو مەعنات لەگەڵ ئەوا بێ

عیبادەت گەورە، کردنی کارە
سەرشۆڕ دوو دنیاس ئەوەی بێکارە

***

سکاڵای دێهاتی

ئامان ئیدارەی کەشاوەرزیمان
ڕۆژ تا ئێوارە، عارەق ئەڕێژین
خەریکی کشتی گەنم و جۆ ئەبین
خەریکی کشتی نۆکی لووت لارین
خەریکی کشتی وێنجە و شەوەرین
بە ڕۆژ خەریکی جۆگە و جۆ ماڵین
ئێوەش بێ دریغ کومەکمان ئەکەن
جێی کشت و کاڵمان سەمپاشی ئەکەن
حەیفی ئەوەیە کە نیوە کارین
زووتر نیوەکار بەگ و ئەرباب بووین
ئیسە نیوەکار ساحێو تراکتۆر
کە پاییز دەسکەوت لە یەك ئەدەینۆ
دەولەتیش ئەڵێ ئالاتی کشتی
تراکتۆر ڕەفای دەولەمەنانە
ئێوە لوتفێ کەن لەگەڵ فەقیران
ئیعلامی بکەن قیمەت سەعاتی
زیاد نەسێنن لە خەڵکی هەژار
خەڵکی دێهاتی لە داخ تراکتۆر
ئەم تاقە تاقە لە دێدا ماوە
فریا نەکەون ئەمانیش ئەڕۆن
هەر بە تەبلیغات ڕەفای کەشاوەرز

گوێ گرن لە شەرحی ماتی و کزیمان
کە بە سەربەرزی وڵاتمان بژین
دەس بە داوێنی قووەی خۆ ئەبین
لەبەر مانوویی، لەخۆ بیزارین
لە زەحمەت باری خۆ بێ خەوەرین
بە شەو تا بەیان لە دەرد ئەناڵین
بە ڕەهنمایی کوودمان پێ ئەدەن
دیفاعێکی باش لە ئافەت ئەکەن
بۆ پووڵی تراکتۆر دایم قەرزارین
مانوو و بێ بەهرەی چوار فەسڵی ساڵ بووین
فزە کەین، فەورەن لێمان ئەکەن تۆر
بە قەی تراکتۆر بەهرە نابەینۆ
بۆ ڕەفاو خۆشی فەلایە گشتی
خەفەتی سەنگینی دڵ فەقیرانە
قیمەت دیاری کەن بۆ تراکتۆران
تا خەبەردار بن ئەهلی دێهاتی
هەر ساتێ ڕازی نابن بە هەزار
ڕۆین بۆ شارو لە دێ کردیان تۆر
لەبەر کەم دەسی لە دێ جێماوە
لە داخ قەرزاری و بێ برنجی و ڕۆن
هیچ پەیا نابێ قەرزارن هەر وەرز

خەریك دانان و كاری تووتنین
به شادی و خۆشی زۆرو پێكەنین

خەریكی سەوزی كاری و بێسانین
زەحمەتمان زۆره و زۆر هەراسانین

لەگەڵ فەلایی خەریك حەیوانین
خزمەتیان ئەكەین هەتا ئەتوانین

له دوای تراكتۆر چی ئەمێنێتۆ
دوكتۆرو دەرمان ئەویش ئەباتۆ

موشكلاتی دێ بەیان كەم بۆتان
هەتا حەلی كەن به فیكری خۆتان

یەكێ لەوانە خەرج تراكتۆره
گرانه بۆمان نابێ بەم جۆره

دووەم دوكتۆرو دەرمان و دەرزی
دەستمان پێ ناگا به قیمەت بەرزی

بۆمان ئاسان كەن ئەم دوو موشكلە
وەزیفەی ئێوه حەللی موشكلە

سێ، تەعاوەنی دابنێن بۆمان
له هەموو دێیەك شت بێنێ بۆمان

له شارا هەرزان شتمان بۆ بێنێ
به قیمەتی ڕۆژ شتمان لێ سێنێ

هەتاكو شاری، شتمان به گران..
پێ نەفرۆشێ، ئامان سەد ئامان

هەرچیكمان هەیه به هەرزان بیبا
غارەتمان نەكا بێ قیمەت نەیبا

چوارەم موشكلات كارتی «بیمه»یه
كه بەو هەمیشه ئیحتیاجمان هەیه

ئێمەیش كاریگەر ژێری پۆشین
ئارەق ئەرێژین، هەر تێ ئەكۆشین

پێنجەم موشكلات نەبوون ماشینه
كه دەردی گەورەی ڕووی سەرزەمینه

ماشین سەهمیه بۆمان بنێرن
هەریەكی دێیەك بەوان بسپێرن

قیرتاوی بكەن جادەی دێهاتی
له خەم و ماتی بیدەن نەجاتی

ڕەفای دێهاتی خەڵكی بەن ئەكا
له كۆچ كردنی بۆ شار مەنع ئەكا

خۆشی بسەر زەوی تەنیا دێهاته
بەو شەرتە لاچێ ئەم موشكلاته

وا دەردە دڵم بەیان كرد بۆتان
ئێوەش خۆتان و غیرەتی خۆتان

هەزارو سێسەدوحەفتاو حەوت شەمسی
هەژدەی خەزەڵوەر، ئەم شیعرەم نووسی

ئەگەر ئەپرسی ناوو نیشانم
خەڵكی سەر زەوی و ژێر ئاسمانم

***

سکاڵای مناڵە عازەبەکانمان لە کوڕ و لە کچ

بۆ لای باوک و دایک کە زوو هاوسەریان بۆ پەیا بکەن

برای موسوڵمان گوێ بگرە بۆمان   بە دەستووری شەرع عەلاج کەین خۆمان
کوڕمان و کچمان وەختێ پێ گەیین   لە ژن و شوویی نەختێ تێ گەیین
کوڕمان زوو بە زوو ژنی بۆ بێنین   دەستووری شەرعی بۆ بەجێ بێنین
با نەڕوا بە شوێن ژن و خەیاڵا   ئابڕووی نەڕوا لە ماڵەو ماڵا
کچمان هەر وەکو کوڕمان عەزیزە   با بیدەین بە شوو هەتا لەزیزە
بیانوو نەگێڕین بە زاوا بۆ ماڵ   بۆ قەرزو قۆڵە نەچێ ماڵەو ماڵ
تالانی بکەین جا ژنی بەینێ   سەرشۆڕی ئەکەین هەتاکو بەینێ
چۆن تێ ئەکۆشی بۆ کوڕو بۆ بووک   وا نەکەی، بۆ کچ خۆت ئەکەی چرووک
گەزو گیف مەکە مەڵێ هاتمە   کچ من باشترە لە حەزرەت فاتمە
ئەو حەددی چیە وەک فاتمە وابێ   ئەگەر وەک مانگی درەخشان وابێ
ئەگەر گوێ ناگری بۆ من، وەک ئەوسا   گوێ بە بە دەستوور دیوان مامۆسا
هەشت شیعری نووسی بۆ ئەم مەبەسە   تۆ بیگرە لە گوێ، هەر ئەوتە بەسە
ئەولادی خراپ هەر وەکو مارە   زوو بە زوو بیکەین دەرمان و چارە
نەیەڵێن بڕواو بڕوات بە خەتا   عەلاجی ناکەی، کە کەوت بە خەتا
غەریق لە دیوان خۆی وای وتووە   زەماوەن فاتمە بەم جۆرە بووە
وەختێ کە حەزرەت ڕەسوولی ئەکبەر   بە بووکی فاتمەی نارد بۆ ماڵ حەیدەر
فەرمووی: بووبەکرو عومەرو عوسمان   لەگەڵ ئوسامە «علیهم رضوان»
برازاوا بن، بڕۆن لە تەکی   هەڵگرن بۆ ئەو هەموو پێ تەکی
دەسارو گۆزە و گڵێنە و سەرین   ئەمما پڕ لە پووش، ژێرەخەو چەرمین
ئەمە پێتەک بوو، هەڵیان گرت و ڕۆین   هەڵیان گرت بردیان بە گریان و شین

وتیان پێتەکی فاتمە ئەمەیە
کافران هەزاران دیناریان هەیە

حەزرەتیش فەرمووی ئەمە زۆر زۆرە
لەمە زیاتر سەبەب غوورە

سەلات و سەلام لەسەر هەموویان
ئەمە کافییە بۆ ئەهلی ئیمان

***

سکاڵا بۆ دەربەدەری کوردو ناکۆکی بەینی خۆیان

هەر وەکو مەنجەڵ دڵم هاتە کوڵ   بە ئاوی نووسین ئەیکەم کەف و کوڵ
بۆ کوردی هەژار دایم ئاوارە   لە بۆ بێگانە دایم ژێر بارە
ئیختیاری خۆی داوە بە دوژمن   برای خۆی ئەکوژێ هەر وەکو دوژمن
برام، وا نابێ مەبە بە نۆکەر   سینەت بۆ دوژمن مەکە بە سپەر
براو دراوسێو ڕەفیقی چەند ساڵ   مەیکە بە کافر، مەیکوژە وەك داڵ
خۆت موسوڵمانی، دەسگیری خەڵکی   هەڵگری باری گرانی خەڵکی
کافر بە نەسسی سەریحی قورئان   دوژمنە لە بۆ هۆزی موسوڵمان
تۆیش ئەگەر کوردی و ئەر موسڵمانی   دوژمنی سەرسەخت هۆزی ئەوانی
قانوونی ئەوان مەگرە بە دەسۆ   مەبە بە پەڕۆو مەبە بە بۆسۆ
قورئان قانوون و یاسای ئیسلامە   ئیمامی هۆزو بەرەی ئیسلامە
ئەگەر دەس‌گیری شەرقی یا غەربی   هەمیشە خەریك بەدبەختی و حەربی
ئەگەر دەس‌گیری حوکمی قورئانی   سەربەرزی دنیاو ئاخر زەمانی
ئەڵێن هەڵگرتن چەك و ئەسڵەحە   من کە دۆسی تۆم بۆ تۆ ئەسڵەحە
کوردو دراوسێ خۆتی پێ کوژی   کافر بە شادی و بە خۆشی ئەژی
هەر موسوڵمانێ کە کوژیا بۆیان   سەربەرزی تەواو دنیایە بۆیان
مزگەوتی ئیسلام جێگەی تەقدیسە   جێی عیبادەت و فتواو تەدریسە
مەیکە بە جێگەی فتوای ناحەقی   ئەگەر پەیڕەوی ڕێگەکەی حەقی
مەیکە بە جێگەی ئەسڵەحە و ئەنبار   تیا هەڵمەچنە تایە بە خەروار
بڵەندگۆ ڕۆشن مەکە بۆ وتار   مەگەر بۆ ئەمری خودای کردگار
یا بۆ بانگ کردن خەڵکی بۆ نوێژان   لە بۆ پێنج فەرزە لە شەوو ڕۆژان
بەخوا هەتاکو ماوم لە دنیا   دڵسۆزی کوردم بۆ هەر دوو دنیا

هەتا بە هۆش و بە ئیختیارم
دژی دوژمنی کوردی هەژارم

بگرن لە گوێتان ئەم نەسیحەتە
وەزیفەی ئیسلام سەمع و تاعەتە

کافرانی زوو، دوژمنانی دوون
«فَرّق تَسُد»یان کردووە بە قانوون

واتە یەکیەتی لابەن لە بەینا
خۆت کە بە ئاغە، بێ‌خەم لەو بەینا

با ئێمەیش لە داخ ئەوان بە ڕاسی
دەسگرین بە یەك بۆ ڕێگە ڕاسی

باپیرمان لە پشت تەفسیری قورئان
نووسیویە باسی بەدبەختی کوردان

چۆن ئاوارە بوون، چۆن بوو گرانی
چۆن بێ تفاقی و چۆن بوو بێ نانی

نووسیویە: کوردان زوویش هەر وەها بوون
بۆ نان و تفاق هەروا داما بوون

دووسەد ساڵ ئەبێ ئەمە نووسراوە
بێ تفاقی و نان هەر وەها ماوە

ڕیشەی ئەم کارە ئەبێ دوزینۆ
تا عەلاجێکی لەبۆ دۆزینۆ

کوردی بێچارە زۆر خۆش باوەڕە
بۆیە بێگانە بۆ ئەوان دڕە

بە درۆی زۆرو بە زووان بازی
بە مەیلی خۆیان ئەیخەنە بازی

تا مەرام خۆیان بەوان جۆر ئەکەن
هەتا ئەتوانن درۆی زۆر ئەکەن

بۆ سەربەخۆیی و حوکمی ئازادی
دڵیان پڕ ئەکەن لە خۆشی و شادی

کەچی مەرامیان بەجێ هات بۆیان
کورد وەکو جاران ئەشێوێ لێیان

ئەیان ساونۆ بە لەقە و بە پا
تا یەکێ تریان بۆ ئەکەن بەرپا

ئەویش تا بەینێ بۆ مەرامی خۆی
درۆی زۆر ئەکا بە قازانجی خۆی

کوردیش دوبارە بۆی دێتە سەما
داگیر ناکرێ لە ئەرزو سەما

ئەویش تا مەرام خۆی دەس بکەوێ
هیچ خەمی نیە کورد سەر ناکەوێ

ئەم دەساودەسە بە کوردی ئەکەن
یاخوا دوژمنیش وایە پێ نەکەن

هەزارو چوارسەد چواردەی قەمەری
بیست و هەشت ڕەجەب، نووسی نووسەری

ڕیشەی ئەم کارە زۆرتر خیلافە
نیفاق و جەهل و درۆو گەزافە

***

ناسینی هەورامی

بۆت بەیان ئەکەم هەورامی ناسی
باش گوێم بۆ بگرە بۆ دەنگ و باسی

ئەگەر ئەزانی هەورامیش کوردن
زۆر بە سەلیقە و بە دەس و بردن

بڕوانە کڵاش هەورامی چۆنە
نەیانگۆڕیوە ئەو ڕەسمی کۆنە

کڵاش هەورامی باشتر پێڵاوە
ئەو دەقی زووبە هەر نەشێواوە

شاڵی هەورامی لە فاسۆن لەندەن
باشترە لەبۆ سیحەتی بەدەن

بۆ سووك و سۆڵی و بۆ بەردەوامی
کەسیێ نەیدیوە وەك شاڵ هەورامی

بە قەناعەت و دەسکردی خۆیان
تەواو دنیایان بردووە بۆ خۆیان

دووکانی پەرداخ یا ماڵی بەرزە
هی هەورامییە لەسەر ئەم عەرزە

نەوەدو نۆیە پیری هەورامان
چاوتان لێمان بێ، ئامان سەد ئامان

هەر مەقامێك و پۆسێ حەساسە
لایەق ئەوانە و بۆ ئەوان خاسە

خاکی هەورامان گشتی هەر گەنجە
خەڵکی خەریکی زەحمەت و ڕەنجە

خۆزگەم بەو ڕۆژە کەسێ پەیا بێ
گەنجی هەورامان بۆی بەرمەلا بێ

ژنیان لە ماڵۆ قەناعەت ئەکا
پیاویان لە دەرۆ کەسابەت ئەکا

***

بۆ بەرەکەت، موناجات و پاڕانەوەی

مەلا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕی

ئەنووسم

یا شا سپردم، یا شا سپردم   یا شا ئیمان وەتۆ سپردم
ئامام ئاسانەت بە ڕەنگی زەردم   تۆبەی نەسووحی بە ئیخلاس کەردم
بکەری قەبووڵ تۆبەی نەسووحیم   بەخشی گونام، یا ڕەب، یا ڕەحیم
ئەوەڵ گیان کێشان وەنەم ئاسان کەی   دووەم دەرەجەم چەنی خاسان کەی
سێیەم کە منیان منوە قەبری تەنگ   مازە فشارۆم قەبری سیا سەنگ
چوارەم تەڵقینم وزەوە جە بیر   پێم دەرۆ جواب مونکەرو نەکیر
پێنجەم کەرەم کەر، قەبرم نەفشارۆ   قەترەیێ ڕەحمەت بە قەبرم وارۆ
شەشەم ئا ڕوە هورمێزۆ مەحشەر   بابە جە فەرزەند نەدارۆ خەبەر
هوشت پیمۆ بێ نەکەوم لەوێ   هەتا هەتایە پەکم نەکەوێ
حەوتەم کە منیان ترازوو میزان   تا تا، موو بە موو، داستان بە داستان
هەشتەم حیساب کەی حەسابەن یەسیر   بەخشە گونام، یا شای بێ نەزیر
نۆهەم بسپاری من وە جبرەئیل   جە پردی سیرات پەیم بۆوە دەلیل
دەهەم دەلیل بۆ بگێرە دەستم   مەبادا دۆزەخ بکەرۆ قەستم
یازدە وە ڕوتبەی «اعلي علّيين»   چەنی خاسانت کەرەم هام نشین
گەر بە لوتفی وێت ببەخشی حەسەن   حەسانات مەبۆ حەسەن هەی حەسەن

***

دەستووری بەڕێ کردنی مردوو بۆ قەبر

ئەم دەسە شیعرە لێرا نووسراوە — عینوانە لە بۆ ئەوە نووسراوە
یاسینی زینوو، تەڵقینی مردوو — قەت تەرکی نەکەن سونەتن هەردوو
چوار شت کە فەرزە بۆ مردوو بیکەن — ئەبێ بە تەرتیب بەم جۆرە بیکەن
شۆردن و کفن و نوێژ کردنی — بە خاکی پاکی تەسلیم کردنی
کفن، داپۆشینی لاشەی مردووە — تەماشای نەکا ئەوەی زیندووە
بەکراسێ کفن فەرزە ئیتر بەس — ئیسراف حەرامە بۆ هەواو هەوەس
حەوت شت کە فەرزی نوێژی مردووە — بە تەرتیبی شەرع بەم جۆرە بووە
نیەت و سەلام، وەکو نوێژەکان — بە پاوە وێستان لە بۆ ڕوکنەکان
چوارەم، چوار کەڕەت «الله اکبر» — فاتیحا خوێندن دوای ئەوڵێ یەکسەر
دوای دووهەم، سەڵوات لەسەر پێغەمبەر — دوای سێهەم، دۆعا بۆ مردووەکە بەر
دۆعا بۆ مردوو شەفاعەتیەسی — خوا قەبووڵی کا ئیتر بەسیەسی
دۆعا بۆ مردوو قەت تەرکی نەکەی — خوا قەبووڵی ئەکا هەرجۆر کە بیکەی
«اَللّٰهُمَّ اغفِر لَه وَ ارحَمهُ» — کەفایەت ئەکا بۆ نوێژی مردوو
سێ سەف جەماعەت ئەم نوێژە بکات — زۆرتر نزیکە خوا قەبووڵی کات

***

پرسەیش بەم جۆرە شەرعییە

سەرخۆشی بکە لە پاشماوەکان — تا سێ ڕۆژ ڕێکەوت «بِأَیِّ مَکان»
لە پاش سێ ڕۆژە ئیتر بیدعەتە — واتە موخالیف یاساو سونەتە
وەك مەجلیس گرتن بۆ هاتن خەڵکی — ڕیایە بۆ دین هیچ نیە کەڵکی

خۆراکیان بەنێ خۆراکیان مەخۆن   داخیان پێ مەدەن، خەمیان بۆ بخۆن

دادە لەگەڵ تۆمە

بێ ئیزنی شووەکەت مەڕۆ بۆ پرسە   لە قەمەرو غەزەب خودا بترسە
کەسێ نایناسی مەڕۆ بۆ پرسە   کە ناچاری بێ، یەك کەڕەت بەسە

***

سکاڵا

بۆ بەدحاڵی ‹ مەلا ›

لە ساڵی ١٣٤٤هەتاوی

بـرا بیـن و بـە گشـتـمان تـەگبـیـرێ کـەین بۆ مەلا
دەری بێنـین لـــە ژێـر مـنـەتـی ئـاغـا و فـەلا
بـڕوا ئـیـشـێ کـا بـۆ خـۆی، بـژی بـە بێ مەمنوونی
تاکو دەس بەردار نـەبێ لە شێتی و لە مەفتوونی
فـەلا ئـەڵـێ ئـەم مـەلا ڕزدەسـەکی ئـاغـایـە
دایـم مەیـلی دڵی ئـەو لـە جـەنـجـاڵ و غـەوغایە
ئـاغـا ئـەڵـێ ئـەم مـەلا قـازانـجـی خـۆیی ئـەوێ
خەفەت بۆ هیچکەس‌ناخوات سەرکەوێ یا ژێر کـەوێ
دەروێش ئـەڵێ ئـەم مـەلا مـۆنـکـیر مـەشـایـخـانە
بـڕوای نـیـە بـە مـارو بـەرد خـواردنی دێوانـە
سـۆفی ئـەڵـێ ئـەو کـەشـف و کـەڕامـەتـە ئـەیزانـم
مـەلا نـاچـێ بـە لایـا بـۆیـە مـۆنـکـیر ئـەوانـم
شـێـخـان ئـەڵـێـن ئـەم مـەلا کـە نـابـێ بە خەلیفە
با لـە شـەرعـا زانـا بـێ لـە دەروونـۆ کـەسـیـفـە
مـەئمـوور ئـەڵێ ئـەم مـەلا عیـلـمی جـەدیـد نازانێ
بابـەتـی ئـێـمـە نـیـە ئـەو عـیـلـمـە ئـەو ئـەیـزانێ
خـوای گـەورە لـە مـەلا تـەبـلـیـغی دیـنـی ئـەوێ
چش نان و بەرگی نـیە و تاوێ بێ خـەم نـاسرەوێ
ژن و مـنـاڵ و مـیـوان سـەربـاری خـەم مـەلایـە

بۆیە پەرێشان حاڵ و داماوو کەلەلایە
مەلاژن و مناڵی زەردو سووریان لێ ئەوێ
قاڵی و دۆشەکە و لێفە و خۆراکی خۆشیان ئەوێ
دەیسا مەلای بێچارە چۆن خەوی لێ ئەکەوێ
بێ کەسب و بێ دەسمایە ئەمیانە لە تۆ ئەوێ
لە دنیای «أَيْنَ الْمَفَرُّ» وا کراوە لە مەلا
هیچی لە بیر نەماوە، ناوی خۆیشی مەسەلا
من دەردو خەمم زۆرە، سکالام کرد بەم جۆرە
من دەورەم تەواو بووە، کەوتە لای ئێوە نۆرە
مەلا پێویستی خەڵکە، زۆر باش و زۆر بە کەڵکە
فەوتان ئەوان بە حەتمی، فەوتان تەواوی خەڵکە
خزمەتیان کەن تا ماون، زۆر هەژارو داماون
ژینتان بێ مەلا شینە، سەرشۆڕو لێ قەوماون

***

لە دێی «نەچێ» دا لە ساڵی ١٣٤٤ی شەمسی بۆ سپا دانشێ فەقێکانیان لە حوجرە دەر کردو منیش دەردە دڵم بەم جۆرە دەربڕی.

سپا دانش لە حوجرە دەرس ئەڵێتۆ خەریکی فیکەیە تا لێ ئەبێتۆ
هەموو لایەك وەهایە نەك ولاتێ دەسا خۆزگە لە بۆ مەرگ و وەفاتێ
فەقێ و حوجرە و مەلا باوی نەماوە مەحەببەتیان لە دڵ خەڵکا نەماوە

***